# کۆمەڵە دەقێکی پێویست

# بۆ

# قوتابی زانستی شەرعی

نـــاوی کـتێب: کۆمەڵە دەقێکی پێویست بۆ قوتابی زانستی شەرعی
کۆکردنەوەی: د. هەیسەم سەرحان
وەرگێڕانی: عبدالمجيد عبدالحميد - كفري
نەخشەسازی ناوەوەو بەرگ: زەردەشت کاوانی
بــابــەت: ئـــایینی
چـاپی: چاپی یەکەم / ١٤٤٣ك ـ ٢٠٢٢ز
تیـــــراژ: ١٠٠٠
پێوانــە : ( ١٧ x ٢٤ ) سم
لاپـــــەڕە : ٢٦٦

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان / هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردن: (١١٧) ساڵی (٢٠٢٢) ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە

# کۆمەڵە دەقێکی پێویست

# بۆ

# قوتابی زانستی شەرعی

کۆکردنەوەی

**د. هەیسەم سەرحان**

وەرگێڕان و لێکدانەوەی

**عبدالمجید عبدالحمید - کفري**

بسم الله الرحمن الرحيم

| قائمة المتون: | ليستى دەقەكان : |
|---|---|
| [١] تفسير سورة الفاتحة وآية الكرسي وقصار السُّور من الضُّحى إلى النَّاس - للشَّيخ عبد الرَّحمن السِّعديِّ ﵁ | [١] تەفسيرى سورەتى فاتيحە و ئايەتە لكورسى و سورەتە كورتەكان لە (الضحى بۆ الناس – تەفسيرى شێخ عبدالرحمن السعدي) |
| [٢] الأربعون النَّوويَّة - للعلَّامة النَّوويِّ ﵁ | [٢] (الاربعون النووية) – زاناى پايەدار النووي |
| [٣] الدُّروس المهمَّة لعامَّة الأمَّة - للشَّيخ ابن بازٍ ﵁ | [٣] وانە گرنگەكان بۆ تێكڕاى ئوممەت – شێخ ئيبن باز |
| [٤] الأصول الثَّلاثة - للإمام المجدِّد ﵁ | [٤] سێ بنچينەكە - شيخ محمد بن عبدالوهاب |
| [٥] القواعد الأربعة - للإمام المجدِّد ﵁ | [٥] چوار بنەماكە - شيخ محمد بن عبدالوهاب |
| [٦] نواقض الإسلام - للإمام المجدِّد ﵁ | [٦] هەڵوەشێنەرەوەكانى ئيسلام – شيخ محمد بن عبدالوهاب |
| [٧] الاصول الستة – للامام المجدد | [٧] شەش بنچينەكە - شيخ محمد عبدالوهاب |

# کتێبی یەکەم : تەفسیری سورەتە کورتەکان

# الكتاب الأوَّل: تفسير سورة الفاتحة وآية الكرسيِّ
# وقصار السُّور من الزلزلة إلى النَّاس

(مُستلَّةٌ من: «تيسير الكريم الرَّحمن في تفسير كلام المنَّان»)

للشَّيخ العلَّامة: عبد الرَّحمن بن ناصرٍ السِّعديِّ

## [تفسير سورة الفاتحة وهي سورةٌ مكِّيَّةٌ]
## تەفسیری سورەتی (الفـــاتحـــة)
## ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ
ٱلرَّحِيمِ ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ٱهۡدِنَا
ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ
وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾

(١) أي: أبتدئ بكل اسم لله تعالى؛ لأنَّ لفظ «اسم» مفردٌ مضافٌ، فيعمُّ جميع الأسماء الحسنى، ﴿ٱللَّهِ﴾:

هو المألوه المعبود المستحقُّ لإفراده بالعبادة، لما اتَّصف به من صفات الألوهيَّة وهي: صفات الكمال،

١/ واتە : بە هەموو ناوێکی بەرز و باڵای خوای گەورە دەست پێ دەکەم، چونکە وشەی (اسم) ناوێکی تاکی (مضاف)ـە ، بۆیە هەموو ناوە بەرز و باڵاکان دەگرێتەوە ، (ٱللَّهِ) : ئەو کەسەیە کە پەرستراوە و شایەنی ئەوەیە بە تاک دابنرێت لە پەرستندا ، لەبەر ئەوەی بە هەموو صیفاتێکی خوداوەندییەوە وەصف کراوە ، ئەویش هەموو صیفاتی تەواو و کەماڵن .

﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾: اسمان دالَّان على أنَّه تعالى ذو الرَّحمة الواسعة العظيمة الَّتي وسعت كلَّ شيءٍ، وعمَّت كلَّ حيٍّ، وكتبها للمتَّقين المتَّبعين لأنبيائه ورسله؛ فهؤلاء لهم الرَّحمة المطلقة، ومنْ عداهم فله نصيبٌ منها.

(ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ) : دوو ناون دەلالەت دەکەن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە خاوەنی رەحمەتێکی فراوانی مەزنە کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە، وە هەموو زیندوویەکی گرتوەتەوە، وە خوای گەورە بۆ خۆپارێزەکانی نوسیویەتی ئەوانەی شوێنی پێغەمبەران و نێردراوانی کەوتوون ، جا ئەوانە رەحمەتێکی رەهایان بۆ هەیە ، وە جگە لەوانیش لەو رەحمەتە پشکێکیان بۆ هەیە .

واعلم أنَّ من القواعد المتَّفق عليها بين سلف الأمَّة وأئمَّتها: الإيمان بأسماء الله وصفاته وأحكام الصِّفات، فيؤمنون مثلًا بأنَّه رحمـنٌ رحيمٌ ذو الرَّحمة الَّتي اتَّصف بها المتعلِّقة بالمرحوم، فالنِّعم كلُّها أثرٌ من آثار رحمته، وهكذا في سائر الأسماء.

ئەوەش بزانە کەوا لە بنەماکانی پێشینی ئەم ئوممەتە و پێشەواکانی کە یەکدەنگن لەسەری : باوەڕبوونە بە ناوەکانی خوای گەورە و صیفاتەکانی و ئەحکامەکانی صیفاتەکان ، بۆ نمونە : باوەڕیان وایە کەوا ئەو (رحمن رحيم) ـە خاوەنی رەحمەتێکە کە پێی وەصفکراوە و پەیوەستە بە رەحم پێکراوەکەوە، جا هەموو نیعمەتەکان شوێنەوارن لە شوێنەواری رەحمەتەکەی ، ئا بەم شێوە لە هەموو ناوەکانی تردا .

يُقال في العليم: إنَّه عليمٌ ذو علمٍ يعلم كلَّ شيءٍ، قديرٌ ذو قدرةٍ يقدر على كلِّ شيءٍ.

دەربارەی (العليم) دەگوترێت : ئەو خودایە زانایە و عەلیمە خاوەنی زانست زانیارییەو هەموو شتێک دەزانێت ، (قدير)ـە خاوەنی توانایەکە کە توانای هەموو شتێکی هەیە .

(٢) ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ﴾ هو: الثَّناء على الله بصفات الكمال، وبأفعاله الدَّائرة بين الفضل والعدل، فله الحمد الكامل بجميع الوجوه.

(ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ) : بریتییە لە ستایش كردنی خوای گەورە بە هەموو صیفاتێكی كەماڵەوە، وە بە هەموو كردارەكانی كە لە نێوان فەزڵ و دادپەروەریدا دەخولێتەوە، جا هەموو سوپاس و ستایشێكی كامل بۆ ئەوە لە هەموو روویەكەوە.

﴿رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ الرَّبُّ: هو المربِّي جميع العالمين -وهم من سوى الله- بخلقه لهم، وإعداده لهم الآلات، وإنعامه عليهم بالنِّعم العظيمة الَّتي لو فقدوها لم يمكن لهم البقاء، فما بهم من نعمةٍ فمنه تعالى.

(رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ) الرَّبُّ: ئەو پەروەردەكاری هەموو جیهانیانە- ئەوانەش بریتین لە هەموو شتێك جگە لە خوای گەورە- بە دروست كردنیان و ئامادەكردنی هەموو ئامرازەكان بۆیان ، وە چەندین نیعمەتی مەزنی بەسەریاندا رژاندووە ، كەوا ئەگەر لە دەستیان بچێت نامێنن و لە ناودەچن ، جا هەر نیعمەتێكیان هەیە ئەوا تەنها لە خوداوەیە.

وتربيته تعالى لخلقه نوعان، عامَّةٌ وخاصَّةٌ:

- فالعامَّة هي خلقه للمخلوقين ورزقهم وهدايتهم لما فيه مصالحهم الَّتي فيها بقاؤهم في الدُّنيا.

- وە پەروەردەكردنی خوای گەورە بۆ دروستكراوەكانی دوو جۆرە ، گشتی و تایبەتی :

- جا ئەوەی كە گشتییە بریتییە لە دروستكردنی دروستكراوەكان و رۆزی دانیان و رێنمویی كردنیان بۆ ئەوەی بەرژەوەندی ئەوانی تێدایە لە مانەوەیان لە دونیادا .

– والخاصَّة تربيته لأوليائه، فيربِّيهم بالإيمان، ويوفِّقهم له، ويكمِّلهم، ويدفع عنهم الصَّوارف والعوائق الحائلة بينهم وبينه، وحقيقتها: تربية التَّوفيق لكلِّ خيرٍ والعصمة من كلِّ شرٍّ، ولعلَّ هذا المعنى هو السِّرُّ في كون أكثر أدعية الأنبياء بلفظ الرَّبِّ، فإنَّ مطالبهم كلَّها داخلةٌ تحت ربوبيَّته الخاصَّة؛ فدلَّ قوله: ﴿رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ على انفراده بالخلق والتَّدبير والنِّعم وكمال غناه وتمام فقر العالمين إليه بكلِّ وجهٍ واعتبارٍ.

وە تایبەتەکە بریتییە لە پەروەردەکردنی خۆشەویستانی خۆی ، جا لەسەر ئیمان پەروەردەیان دەکات ، وە تەوفیقیان دەدات بۆی و کاملی دەکات ، وە هەموو کۆسپ و ڕێگرییەکان لە نێوان ئەوان و خۆی و هەر هۆکارێک ببێتە هۆی دوورخستنەوەیان ئەوا لێیان دوور دەخاتەوە ، وە حەقیقەتەکەشی بریتییە لە : پەروەردکردنی تەوفیق بۆ هەموو خەیرێک و پاراستنی لە هەموو خراپەیەک ، وە ڕەنگە ئەم مانایە نهێنی و هۆکاری ئەوە بێت کەوا زۆربەی نزا و پارانەوەی پێغەمبەران بە (الرب) پەروەردگارا.. بێت ، چونکە هەموو داواکانیان لە ژێر پەروەردگارێتی تایبەتدا جێی دەبێتەوە ، جا ئەو ئایەتە (رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ) دەلالەت دەکات لەسەر بە تاکدانانی خوای گەورە بە دروستکردن و بەڕێوەبردن و نیعمەتەکان و کەمالی بێ نیازی و تەواوی هەژاری و پێویستی هەموو جیهانیان بۆ لای ئەو بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو ڕوویەکەوە .

(٤) ﴿مَـٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ﴾ المالك: هو من اتَّصف بصفة الملك الَّتي من آثارها أنَّه يأمر وينهى، ويثيب ويعاقب، ويتصرَّف بمماليكه بجميع أنواع التَّصرُّفات، وأضاف الملك ليوم الدِّين وهو يوم القيامة، يوم يُدان النَّاس فيه بأعمالهم خيرها وشرِّها؛ لأنَّ في ذلك اليوم يظهر للخلق تمام الظُّهور كمال ملكه وعدله وحكمته وانقطاع أملاك الخلائق، حتَّى أنَّه يستوي في ذلك اليوم الملوك والرَّعايا والعبيد والأحرار، كلُّهم مذعنون لعظمته خاضعون لعزَّته منتظرون لمجازاته، راجون ثوابه، خائفون من عقابه، فلذلك خصَّه بالذِّكر، وإلَّا فهو المالك ليوم الدِّين وغيره من الأيَّام.

٤/ ( مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ) المالك : ئەو كەسەیە كە بە صیفەتی (مَلك) پادشا وەصف دەكرێت كە لە شوێنەوارەكانی ئەوەیە : فەرمان دەكاتَ و نەهی دەكات ، وە پاداشت و سزا دەدات ، وە لە دەسەڵاتەكەیدا بە هەموو جۆرەكانی تەصەروف تەصەروف دەكات ، وە وشەی ( مَـٰلِكِ ) ی داوەتە پاڵ (يَوۡمِ ٱلدِّينِ ) كە ئەویش رۆژی قیامەتە ، چونكە لەو رۆژەدا خەڵكی پاداشتی كردەوەكانی خۆیان وەردەگرنەوە چاكی بە چاكی و خارپە بە خراپی ، چونكە لەو رۆژەدا كەمالی موڵكی خوای گەورە و دادپەروەری و حیكمەتی و بچران و نەمانی موڵكی دروستكراوەكان بۆ خەڵكی روون دەبێتەوە بە روونییەكی تەواو ، تەنانەت لەو رۆژەدا پادشاكان و ژێردەستەكان و بەندە و ئازادەكان تیایدا یەكسان دەبنەوە ، هەموان ملكەچی مەزنی و عیززەتی ئەون و چاوەروانی ئەوەن جەزایان بداتەوە و تكای پاداشتەكەی دەكەن و لە سزاكەی دەترسن ، بۆیە بە تایبەت باسی كردووەو ناوی هێناوە ، ئەگەر نا ئەو خاوەنی رۆژی قیامەت و رۆژەكانی تریشە .

**(٥) وقوله: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾؛ أي: نخصُّك وحدك بالعبادة والاستعانة؛ لأنَّ تقديم المعمول يفيد الحصر وهو إثبات الحكم للمذكور ونفيه عمَّا عداه؛ فكأنَّه يقول: نعبدك ولا نعبد غيرك، ونستعين بك ولا نستعين بغيرك، وتقديم العبادة على الاستعانة من باب تقديم العامِّ على الخاصِّ، واهتمامًا بتقديم حقِّه تعالى على حقِّ عبده.**

٥/ مەبەست لە : (إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ) واتە : تەنها تۆ تایبەت دەكەین بە پەرستن و پەناگرتن ، چونكە پێش خستنی (معمول)ەكە[١] سوودی حەصر دەگەیەنێت ئەویش بریتییە لە سەلماندنی حوكمە باسكراوەكەیە و نەفیكردنە لە جگە لە ئەو ، هەروەكو ئەوەیە بڵێت : ئێمە تەنها تۆ دەپەرستین و جگە لە تۆ ناپەرستین ، وە پەنا بە تۆ دەگرین و پەنا بە جگە لە تۆ ناگرین ، وە پێشخستنی پەرستن بەسەر پەناگرتندا لە باس و بابەتی پێشخستنی گشتییە

---

(١) / واتە : پێشخستنی (مفعول به) (ایاک) ودواخستنی (فعل و فاعل)ەكە كە (نعبدُ) ە.

بەسەر تایبەتیدا ، وە ئەویش لەبەر بایەخدان بە حەقی خوای گەورە بەسەر حەقی بەندەکانیدا .

والعبادة: (اسمٌ جامعٌ لما يحبُّه الله ويرضاه من الأعمال والأقوال الظَّاهرة والباطنة)،

وە پەرستن : (ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەوەی خوای گەورە خۆشی دەوێت و پێی رازییە لە کردەوە و گفتارەکان ، ئاشکرا و پەنهانەکان ) .

والاستعانة هي: (الاعتماد على الله تعالى في جلب المنافع ودفع المضارِّ، مع الثِّقة به في تحصيل ذلك).

پەناگرتن: (پشت بەستنە بەخوای گەورە لە بەدەست هێنانی سوودبەخشەکان و دوورخستەوەی زیانبەخشەکان، لە گەڵ بوونی متمانەیەکی تەواو پێی لە بەدەستهێنانیدا ) .

والقيام بعبادة الله والاستعانة به هو الوسيلة للسَّعادة الأبديَّة والنَّجاة من جميع الشُّرور، فلا سبيل إلى النَّجاة إلَّا بالقيام بهما، وإنَّما تكون العبادة عبادةً إذا كانت مأخوذةً عن رسول الله ﷺ مقصودًا بها وجه الله، فبهذين الأمرين تكون عبادةً، وذكر الاستعانة بعد العبادة مع دخولها فيها لاحتياج العبد في جميع عباداته إلى الاستعانة بالله تعالى، فإنَّه إن لم يعنه الله لم يحصل له ما يريده من فعل الأوامر واجتناب النَّواهي. ثمَّ قال تعالى:

وە هەستان بە ئەنجامدانی خواپەرستی و پەناگرتن پێی بریتییە لە هۆکاری بەدەستهێنانی بەختەوەری هەتاهەتایی و رزگاربوون لە هەموو خراپەکان ، جا هیچ رێگایەک نییە بۆ دەربازبوون ئیللا بە هەستان بەو دوو کارە نەبێت ، وە بەو پەرستنە دەگوترێت پەرستن ئەگەر هاتوو لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) وەرگیرابێت و مەبەست لێی تەنها خوا بێت ، جا بە ئەم دوو کارە دەبێتە پەرستن ، وە باسکردنی پەناگرتن لە پاش پەرستن هەرچەندە بەشێکە لەو چونکە بەندە لە هەموو پەرستنەکانیدا پێویستی بە پەناگرتن بە خوای گەورە هەیە ، چونکە ئەگەر خوای گەورە یارمەتی نەدات ئەوا ناتوانێت ئەو کارانە

ئەنجام بدات ، لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکان و دوورکەوتنەوە لە نەهی کراوەکان ، ئەمجار خوای گەورە فەرموویەتی :

(٦) ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾؛ أي: دُلَّنا وأرشدنا ووفِّقنا إلى الصِّراط المستقيم، وهو الطَّريق الواضح الموصل إلى الله وإلى جنَّته، وهو معرفة الحقِّ والعمل به، فاهدنا إلى الصِّراط، واهدنا في الصِّراط، فالهداية إلى الصِّراط لزوم دين الإسلام وترك ما سواه من الأديان، والهداية في الصِّراط تشمل الهداية لجميع التفاصيل الدينية علماً وعملًا؛ فهذا الدعاء من أجمع الأدعية وأنفعها للعبد؛ ولهذا وجب على الإنسان أن يدعو الله به في كلِّ ركعةٍ من صلاته لضرورته إلى ذلك؛ وهذا الصراط المستقيم هو:

٦/ ( ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ) : واتە : ڕێگامان نیشان بدە و ڕێنموییمان بکە و تەوفیقمان بدە بۆ ڕێگای ڕاست ، کە ڕێگایەکی ڕوون و ئاشکرایە ، ئەو کەسەی لەسەری بڕوات دەیگەیەنێتە خوا و بەهەشتەکەی ، ئەویش ناسینی حەق و کارکردنە پێی ، بۆیە ڕێنموییمان بکە بۆ سەر ڕێگاکە ، وە ڕێنموییمان بکە لەسەر ڕێگاکە ، جا ڕێنمویی بۆ ڕێگاکە دەستگرتنە بە دینی ئیسلامەوە و وازهێنانە لە دینەکانی تر ، وە رینمویی لەسەر ڕێگاکە ڕێنمویی هەموو وردەکارییەکانی دینەکە دەگرێتەوە لە زانست و کردارەکان ، جا ئەم پاڕانەوەیە لە کۆکەرەوەترین و سوودبەخشترین پاڕانەوەیە بۆ بەندە ، بۆیە واجیب کراوە لەسەر مرۆڤ کەوا لە هەموو ڕکاتەکانی نوێژەکانیدا ئەم دوعایە بکات لەبەر پێویست بوونی پێی ، وە ئەم ڕێگا ڕاستە ئەو ڕێگایەیە کە :

(٧) ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ من النَّبيِّين والصِّدِّيقين والشُّهداء والصَّالحين، ﴿غَيۡرِ﴾ صراط ﴿ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ﴾ الَّذين عرفوا الحقَّ وتركوه كاليهود ونحوهم، وغير صراط ﴿ٱلضَّآلِّينَ﴾ الَّذين تركوا الحقَّ على جهلٍ وضلالٍ كالنَّصارى ونحوهم.

٧/ ( صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ) لە پێغەمبەران و صدیقەکان و شەهیدەکان و پیاوچاکان ، (غَيۡرِ) نەک ڕێگای (ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ ) ئەوانەی کە حەقیان ناسی

و وازیان لێ هێنا وەكو جولەكە و نمونەی ئەوانە ، وە نەک رێگای (ٱلضَّآلِّينَ) ئەوانەی وازیان لە حەق هێنا لەسەر نەفامی وەكو گاورەكان و نمونەی ئەوان.

**فهذه السُّورة على إيجازها قد احتوت على ما لم تحتو عليه سورةٌ من سور القرآن، فتضمَّنت أنواع التَّوحيد الثَّلاثة: توحيد الرُّبوبيَّة يُؤخذ من قوله: ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ ، وتوحيد الإلـهيَّة -وهو إفراد الله بالعبادة- يُؤخذ من لفظ ﴿ٱللَّهِ﴾ ومن قوله: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾، وتوحيد الأسماء والصِّفات وهو إثبات صفات الكمال لله تعالى الَّتي أثبتها لنفسه وأثبتها له رسوله ﷺ من غير تعطيلٍ ولا تمثيلٍ ولا تشبيهٍ، وقد دلَّ على ذلك لفظ ﴿ٱلۡحَمۡدُ﴾ كما تقدَّم.**

جا ئەم سورەتە لە گەڵ ئەوەی سورەتێكی كورتە هێندەی بابەتی گرنگی تێدایە كە هیچ سورەتێک لە سورەتەكانی تری قورئان ئەوەی تیادا نییە، ئەوەتا هەرسێ جۆرەكەی تەوحیدی تیادایە : تەوحیدی پەروەردگارییەتی (الربوبية) لەو ئایەتەوە وەردەگیرێت كە دەفەرموێت : (رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ) وە تەوحیدی خوداوەندێتی (الالوهية) – ئەویش بریتییە لە بە تاكدانانی خوای گەورە لە پەرستندا- لەو وشەیەوە وەردەگیرێت كە دەفەرموێت (ٱللَّهِ) و لەو ئایەتەی كە دەفەرموێت : (إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ) هەروەها تەوحیدی ناو و صیفاتەكانی تێدایە (الاسماء والصفات) – ئەویش بریتییە لە سەلماندنی صیفاتی كەمال و تەواو بۆ خوای گەورە ئەوانەی بۆ خۆی سەلماندوویەتی و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) سەلماندوویەتی بە بێ هیچ لەكارخستنێک و لیكچوونێک و شوبهاندنێک – وە ئەوەی دەلالەتی بۆ دەكات ئەو وشەیەیە كە دەفەرموێت : (ٱلۡحَمۡدُ ) هەروەكو لە پێشدا باسكرا .

**وتضمَّنت إثبات النُّبوَّة في قوله: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾؛ لأنَّ ذلك ممتنعٌ بدون الرِّسالة.**

هەروەها بەڵگەی پێغەمبەرایەتی لە خۆ گرتووە لەو ئایەتەی كە دەفەرموێت: ( ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ) چونكە ئەوە هەرگیز بە بێ پەیام نابێت .

**وإثبات الجزاء على الأعمال في قوله: ﴿مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾، وأنَّ الجزاء يكون بالعدل؛ لأنَّ الدِّين معناه الجزاء بالعدل.**

هەروەها سەلماندنی سزای كردەوەكانی تێدایە لەو ئایەتەی كە دەفەرموێت: ( مَـٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ) وە سزا بە دادپەروەری دەبێت ، چونكە (ٱلدِّينِ ) مانای سزایە بە دادپەروەری .

**وتضمَّنت إثبات القدر وأنَّ العبد فاعلٌ حقيقةً خلافًا للقدريَّة والجبريَّة.**

هەروەها سەلماندنی قەدەری لە خۆگرتووە ، وە بەندە بكەری راستەقینەیە بە جیاواز لە گەڵ گرووی قەدەری و جەبرییەكاندا .

**بل تضمَّنت الرَّدَّ على جميع أهل البدع والضَّلال في قوله: ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾؛ لأنَّه معرفة الحقِّ والعمل به، وكلُّ مبتدعٍ وضالٍّ فهو مخالفٌ لذلك.**

بەڵكو وەڵامی هەموو ئەهلی بیدعە و گومڕایی تیادایە لەو ئایەتەی كە دەفەرموێت : ( ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ) چونكە ئەوە ناسینی حەقە و كاركردنە پێی ، وە هەموو بیدعەكارێک و گومڕایەک جیاوازە لەوەدا .

**وتضمَّنت إخلاص الدِّين لله تعالى عبادةً واستعانةً في قوله: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾.**

**فالحمد لله ربِّ العالمين.**

هەروەها ئیخلاصی دینی بۆ خوای گەورەی تیادایە بە پەرستن و پەناگرتن لەو ئایەتەی كە دەفەرموێت : (إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ) . بۆیە سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان .

## [تفسير آية الكرسيِّ]
## تەفسیری (آية الكرسي)

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ٢٥٥﴾

(٢٥٥) أخبر ﷺ أنَّ هذه الآية أعظم آيات القرآن؛ لما احتوت عليه من معاني التَّوحيد والعظمة وسعة الصِّفات للباري تعالى، فأخبر أنَّه ﴿ٱللَّهُ﴾ الَّذي له جميع معاني الألوهيَّة، وأنَّه لا يستحقُّ الألوهيَّة والعبوديَّة إلَّا هو، فألوهيَّة غيره وعبادة غيره باطلةٌ، وأنَّه ﴿ٱلۡحَيُّ﴾ الَّذي له جميع معاني الحياة الكاملة من السَّمع والبصر والقدرة والإرادة وغيرها من الصِّفات الذَّاتيَّة، كما أنَّ ﴿ٱلۡقَيُّومُ﴾ تدخل فيه جميع صفات الأفعال لأنَّه القيُّوم الَّذي قام بنفسه واستغنى عن جميع مخلوقاته، وقام بجميع الموجودات فأوجدها وأبقاها وأمدَّها بجميع ما تحتاج إليه في وجودها وبقائها، ومن كمال حياته وقيُّوميَّته أنَّه ﴿لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ﴾ أي: نعاسٌ، ﴿وَلَا نَوۡمٞ﴾: لأنَّ السِّنة والنَّوم إنَّما يعرضان للمخلوق الَّذي يعتريه الضَّعف والعجز والانحلال، ولا يعرضان لذي العظمة والكبرياء والجلال.

/٢٥٥ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێداوین کەوا ئەم ئایەتە مەزنترین ئایەتەکانی قورئانە ، لەبەر بوونی ئەو هەموو مانای تەوحید و مەزنی و فراوانی صیفاتەکانی خوای گەورەی تێدایە ، جا هەواڵی پێداوین کە ئەو ( ٱللَّهُ )یە کە هەموو ماناکانی خوداوەندێتی هەیە ، وە هیچ کەسێک شایەنی

خوداوەندێتی و پەرستن نییە ئیللا ئەو نەبێت ، وە خوداوەندێتی جگە لە ئەو و پەرستنی جگە لە ئەو پوچەڵە ، هەروەها ئەو (ٱلۡحَیُّ )یە کە هەموو ماناکانی زیندوویی کاملی هەیە لە بیستن و بینین و توانا و ئیرادە و جگە لەوانە لە صیفاتە زاتییەکان ، هەروەها ئەو (ٱلۡقَیُّومُ )ـە هەموو صیفاتە کردارییەکان لە خۆ دەگرێت چونکە ئەو (القيُّوم) واتە خۆی بە هەموو کارەکان هەڵدەستێ و بێ نیازە لە هەموو دروستکراوەکان ، وە هەستاوە بە هێنانە دی هەموو بوونەوەرەکان و مانەوەیان و کۆمەکی کردوون بە هەموو پێداویستیەک کە پێیوستیان پێیەتی بۆ بوون و مانەوەیان، وە لە بەر کەماڵی زیندوییەتی و قەییومیەتی ئەو خوایە (لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةࣱ ) واتە : خەوەنوچکە (نایگرێت و تووشی نابێت) (وَلَا نَوۡمࣱ ) چونکە خەوەنوچکە و خەولێکەوتن توشی دروستکراوەکان دەبێت کە توشی لاوازی و بێ توانایی و هەڵوەشان دەبن ، وە توشی کەسێک نابێت کە خاوەنی مەزنی و دەسەڵات و شکۆمەندی بێت.

**وأخبر أنَّه مالك جميع ما في السَّماوات والأرض، فكلُّهم عبيدٌ لله مماليك لا يخرج أحدٌ منهم عن هذا الطَّور ﴿إِن كُلُّ مَن فِی ٱلسَّمَـٰوَ ٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّاۤ ءَاتِی ٱلرَّحۡمَـٰنِ عَبۡدࣰا ۝٩٣﴾؛**

وە هەواڵی داوە کەوا ئەو خاوەنی هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدان، هەمویان بەندەی خوان و کۆیلەی ئەون هیچ کەسێک لەوان لەم سنوورە دەرناچن﴿ إِن كُلُّ مَن فِی ٱلسَّمَـٰوَ ٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّاۤ ءَاتِی ٱلرَّحۡمَـٰنِ عَبۡدࣰا ۝٩٣ ﴾)[١]

**فهو المالك لجميع الممالك وهو الَّذي له صفات الملك والتَّصرُّف والسُّلطان والكبرياء، ومن تمام ملكه أنَّه لا ﴿یَشۡفَعُ عِندَهُۥۤ﴾ أحدٌ ﴿إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ﴾،**

جا ئەو خاوەنی هەموو موڵکەکانە و هەر ئەو خاوەنی صیفاتی موڵک و تەصەروف و سوڵتان و دەسەڵاتە ، وە لە بەر تەواوی موڵکەکەی هیچ کەسێک (یَشۡفَعُ عِندَهُۥۤ ) هیچ کەسێک (إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ )

---

(١) بەراستی هەرچی لەناو ئاسمانەکان و زەویدایە سەرجەم هەموو بە بەندێتی و خوڵامەتی دێنە لای پەروەردگاری بەخشەرو و ملکەچی دەبن.(تەفسیری رامان)

**فكلُّ الوجهاء والشُّفعاء عبيدٌ له مماليكٌ لا يَقْدِمُون على شفاعةٍ حتَّى يأذن لهم ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾؛ والله لا يأذن لأحدٍ أن يشفع إلَّا فيمن ارتضى ولا يرتضي إلَّا توحيده واتِّباع رسله، فمن لم يتَّصف بهذا فليس له في الشَّفاعة نصيبٌ.**

جا هەموو خاوەن پایەکان و شەفاعەتکارەکان بەندەی ئەون و موڵکی ئەون ناتوانن هیچ شەفاعەتێک بکەن تاوەکو ئەو مۆڵەتیان پێ نەدات ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ٤٤﴾ الزمر)[1] وە خوای گەورە ئیزن بە هیچ کەسێک نادات شەفاعەت بکات ئیللا بە کەسێک رازی بووبێت وە لە هیچ شتێک رازی نابێت ئیللا یەکتاپەرستی و شوێنکەوتنی پێغەمبەرانی نەبێت ، جا هەرکەسێک ئەم صیفاتانەی تێدا نەبێت ئەوا هیچ پشکێکی لە شەفاعەتدا نییە.

**ثمَّ أخبر عن علمه الواسع المحيط وأنَّه يعلم ما بين أيدي الخلائق من الأمور المستقبلة الَّتي لا نهاية لها ﴿وَمَا خَلۡفَهُمۡ﴾؛ من الأمور الماضية الَّتي لا حدَّ لها، وأنَّه لا تخفى عليه خافيةٌ ﴿يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ﴾؛**

ئەمجار هەواڵی داوە دەربارەی زانستە فراوانەکەی کە هەموو شتێکی گرتوەتەوە ، هەموو ئەوەی لە بەر دەستی دروستکراوەکاندایە دەیزانێت لە کاروباری ئایندەیان کە کۆتایی نییە (وَمَا خَلۡفَهُمۡ ) لە کاروباری رابوردویان کە سنوری نییە ، وە هیچ شتێکی لێ ناشاردرێتەوە ﴿يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ ١٩﴾ غافر)[2]

---

(١) بلێ: لێبوردن و بەخشین و تکاو شەفاعەت سەرلەبەر تەنها بۆ خوایە، هیچ کەسێکی دیکە شتێکی بە دەست نیە خاوەنێتی ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ ئەوە. (تەفسیری رامان)

(٢) ئەو خوایە هەمیشە بەچاوە خیانەتکارەکان بەرامبەر بە نافەرمانی خۆی دەزانێت و بەوەش سینەکان حەشاری دەدەن(تەفسیری رامان)

**وأنَّ الخلق لا يحيط أحدٌ بشيءٍ من علم الله ومعلوماته ﴿إِلَّا بِمَا شَآءَ﴾ منها وهو ما أطلعهم عليه من الأمور الشَّرعيَّة والقدريَّة، وهو جزءٌ يسيرٌ جدًّا مضمحلٌّ في علوم الباري ومعلوماته كما قال أعلم الخلق به وهم الرُّسل والملائكة: ﴿سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآ﴾.**

وە هیچ یەکێک لە دروستکراوەکان دەورەی زاست و زانیاری خوای گەورە نادەن (إِلَّا بِمَا شَآءَ ) لەوانە ، ئەویش ئەو زانیارییە شەرعی و قەدەرییانەیە ، ئەویش بەشێکی زۆر کەمە کە لە زانست و زانیارییەکانی خوادا بزر دەبن ، هەروەکو شارەزاترین کەس دەربارەی فەرموویانە کە ئەوانیش پێغەمەران و فریشتەکانن : ﴿ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآ ﴾ البقرة)[1] .

**ثمَّ أخبر عن عظمته وجلاله وأنَّ كرسيَّه وسع السَّماوات والأرض، وأنَّه قد حفظهما ومن فيهما من العوالم بالأسباب والنِّظامات الَّتي جعلها الله في المخلوقات، ومع ذلك فلا يؤوده أي يثقله حفظهما لكمال عظمته واقتداره وسعة حكمته في أحكامه.**

ئەمجار دەربارەی مەزنی و شکۆمەندی خۆی هەواڵی پێداوین کەوا کورسیەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوییە ، وە خوای گەورە هەمووی پاراستووە و هەموو ئەوانەی تێیدایە لە جیهانییەکان لە ڕێگای ئەو هۆکار و سیستەمانەی کە خوای گەورە بۆ دروستکراوەکان دایناوە ، لە گەڵ ئەوەشدا پاراستنی هەردوو (واتە : ئاسمانەکان و زەوی) لای ئەو قورس نین لەبەر کەماڵی مەزنی و توانا و فراوانی دانایی لە ئەحکامەکاندا .

**﴿وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ﴾ بذاته على جميع مخلوقاته، وهو العليُّ بعظمة صفاته، وهو العليُّ الَّذي قهر المخلوقات، ودانت له الموجودات، وخضعت له الصِّعاب، وذلَّت له الرِّقاب**

(وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ) -بەرزە- بە زاتی خۆی بە سەر هەموو دروستکراوەکانیدا ، هەر ئەویش بەرزە بە مەزنی صیفاتەکانی ، هەر ئەویش بەرزەو زاڵ بووە

---

(١) ئەوانیش گوتیان: تۆ پاك و بێخەوشی، ئێمە هیچ زانیارییەکمان نیە، مەگەر ئەوەی خۆت فێرت کردبین. (تەفسیری رامان)

بەسەر دروستکراوەکاندا ، وە هەموو بوونەروەکان ملکەچی ئەون و شتە ئەستەم و گرانەکان بۆی هاتنە چۆک و گەردن کەشەکان زەلیلی بەردەستی ئەو بوون .

﴿ٱلۡعَظِيمُ﴾: الجامع لجميع صفات العظمة والكبرياء والمجد والبهاء، الَّذي تحبُّه القلوب، وتعظِّمه الأرواح، ويعرف العارفون أنَّ عظمة كلِّ شيءٍ وإن جلت عن الصِّفة فإنَّها مضمحلَّةٌ في جانب عظمة العليِّ العظيم.

(ٱلۡعَظِيمُ ) کۆکەرەوەی هەموو صیفاتی مەزنی و دەسەڵات و شکۆمەندی و گەورەیی ، ئەوەی کە خۆشەویستی دڵانە و ڕۆحەکان بە مەزنی دەزانن ، وە هەموو عاریفان دەزانن کەوا مەزنی هەموو شتێک هەرچەندە مەزن بێت ئەوا لەبەر یەک هەڵدەوەشێنەوە و نامێنن بەرانبەر بە مەزنێتی خوای بەرز و مەزن .

فآيةٌ احتوت على هذه المعاني الَّتي هي أجلُّ المعاني يحقُّ أن تكون أعظم آيات القرآن، ويحقُّ لمن قرأها متدبِّرًا متفهِّمًا أن يمتلئ قلبه من اليقين والعرفان والإيمان، وأن يكون محفوظًا بذلك من شرور الشَّيطان.

جا ئایەتێک کە ئەم هەموو مانایانە لە خۆ بگرێت کە لە شکۆمەندترین ماناکانە بەراستی شایەنی ئەوەیە ببێتە مەزنترین ئایەتەکانی قورئان ، وە شایەنی ئەوەیە هەرکەسێک خوێندیەوە بە تێڕامان و تێگەیشتنەوە کەوا دڵی پڕ بێت لە دڵنیایی و یەقین و عیرفان و ئیمان ، وە بەو کارەی پارێزراو بێت لە خراپەی شەیتان .

# [تفسير سورة إذا زلزلت وهي مدنيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (إذا زُلزلتْ) ئەوەیش سورەتێکی (مەدەنی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إِذَا زُلۡزِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ زِلۡزَالَهَا ١ وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا ٢ وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَا لَهَا ٣ يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ أَخۡبَارَهَا ٤ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا ٥ يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ أَشۡتَاتٗا لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ ٦ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ٧ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ٨﴾.

(١) يخبر تعالى عمَّا يكون يوم القيامة، وأنَّ الأرض تتزلزل وترجف وترتجُّ حتَّى يسقطَ ما عليها من بناءٍ ومَعْلَمٍ، فتندكُّ جبالها، وتُسوَّى تلالُها، وتكون قاعًا صفصفًا لا عوج فيه ولا أمتًا،

(١) خوای گەورە هەواڵی ئەو رووداوانە دەدات کە لە رۆژی قیامەتدا روو دەدەن، وە زەوی دێتە لەرزە و بە توندی دەهەژێت و دەلەرێتەوە تاوەکو هەموو نیشانە و هێما و خانوویەکی لەسەر دەکەوێت ، چیاکان خاپوور دەبن ، گرد و تەپۆڵکەکان یەکسان و راست دەبنەوە لە گەڵ زەوییەکەدا ، شوێنەکەشیان دەکاتە دەشتێکی ساف و پان و کاکی بە کاکی، وەك هەر هیچی تیا نەبووبێ، هیچ خواریی و نارێکی و بەرزی و نزمی تیا نابینی، هەمووی یەك پارچە ئەبێتەوە .

(٢) ﴿وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا﴾؛ أي: ما في بطنها من الأموات والكنوز.

(٢) (وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا ) واتە: ئەوەی لە ناو سکیدایە لە کانزا و مردووەکان – دەریدەهێنێ و فرێی دەداتە دەرەوە-.

(٣) ﴿وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ﴾: إذا رأى ما عراها من الأمر العظيم [مستعظمًا لذلك]: ﴿مَا لَهَا﴾؛ أي: أيُّ شيءٍ عرض لها؟!.

٣/ (وَقَالَ ٱلۡإِنسَٰنُ) : کاتێ مرۆڤ ئەوەی توش دەبێت لەو کاروبارە مەزنە (چونکە ئەو کارە بە مەزن دەزانێت) (مَا لَهَا) واتە : دەڵێت: چی شتێک توشی بووە ؟!

(٤) ﴿يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ﴾ الأرض ﴿أَخۡبَارَهَا﴾ أي: تشهد على العاملين بما عملوا على ظهرها من خيرٍ وشرٍّ؛ فإنَّ الأرض من جملة الشُّهود الَّذين يشهدون على العباد بأعمالهم، ذلك

(٤) (يَوۡمَئِذٖ تُحَدِّثُ ) زەوی (أَخۡبَارَهَا ) واتە : شایەتی دەدات لە سەر ئەوانەی لە سەر پشتی چاکە و خراپەیان کردووە ، چونکە زەویش یەکێکە لەو شایەتانەی کە شایەتی لەسەر کرداری بەندەکان دەدەن ، چونکە :

(٥) ﴿بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا﴾ أي: أمرها أن تخبر بما عمل عليها؛ فلا تعصي لأمره.

(٥) (بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا ) واتە : ئەو فەرمانی پێکردووە بۆ ئەوەی هەواڵ بدات دەربارەی ئەو کردارانەی لەسەری ئەنجام دراون ، بۆیە ئەویش سەرپێچی فەرمانەکەی ناکات .

(٦) ﴿يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ﴾ من موقف القيامة [حين يقضي اللّٰه بينهم] ﴿أَشۡتَاتٗا﴾ أي: فرقًا متفاوتين، ﴿لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ﴾؛ أي: ليريهم الله ما عملوا من السَّيِّئات والحسنات، ويريهم جزاءه موفرًا.

(٦) (يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ ) لە مەوقیفی قیامەت (کاتێ خوای گەورە داوەری دەکات لە نێوانیاندا) (أَشۡتَاتٗا ) چەند کۆمەڵێکی جیا جیا (جیاواز) (لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ ) واتە : بۆ ئەوەی ئەو کارانەی ئەوان کردوویانە خوای گەورە پیشانیان بدات لە چاک و خراپە ، وە پاداشت و سزا پاشەکەوت کراوەکەیان ببینن .

(٧-٨) ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ﴾، وهذا شاملٌ عامٌّ للخير والشَّرِّ كلِّه؛ لأنَّه إذا رأى مثقال الذَّرَّة الَّتي هي أحقر الأشياء وجوزي عليها فما فوق ذلك من باب أولى وأحرى؛ كما قال تعالى: ﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا﴾، ﴿وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا﴾، وهذا فيه التَّرغيب في فعل الخير ولو قليلًا، والتَّرهيب من فعل الشَّرِّ ولو حقيراً.

(٧-٨) (فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ۝٨) ئەمەش گشتگیرە هەموو چاکە و خراپەیەک دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر هاتوو بە ئەندازەی دەنکە وردیلەیەکی بینی ، کە کەمترین شتەو پاداشتی لەسەر دەدرێتەوە جا ئەوەی لەسەرەوەی ئەوە بێت ئەوا لە پێشتر و شایستەترە ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَّا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُّحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِن سُوٓءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُۥٓ أَمَدًۢا بَعِيدًا ۝٣٠﴾ آل عمران)[1] ، ﴿وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ۝٤٩﴾ الكهف)[2] ئەمەش هاندانی تێدایە بۆ ئەنجامدانی چاکە هەرچەندە کەمیش بێت ، وە ترساندنی تێدایە لە ئەنجامدانی خراپە هەرچەندە کەمیش بێت .

---

(١) بترسن لەو ڕۆژەی کە هەمووکەسێك هەر چاکەیەکی کردبێت! دۆسیەو پەروەندەی بۆکراوەو دەیبینێ و) پێی دڵخۆش ئەبێت ( هەرکارێکی خراپیشی کردبێت (دیسان دەیبینێ و ئاوات خوازە کە لەنێوان خۆیی و کارە خراپەکانیدا مەوداو ماوەیەکی زۆر دوور ببوایەو هەرچاوی پێ نەکەوتبا. (تەفسیری ڕامان) .

(٢) ئەوسا پاداشتی کارو کردەوەکانی خۆیان بە حازری دەبینن و وەری دەگرن (تەفسیری ڕامان)

## [تفسير سورة العاديات وهي مكِّيَّةٌ]
## تەفسیری سورەتی (العادیات)
## ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ضَبۡحٗا ١ فَٱلۡمُورِيَٰتِ قَدۡحٗا ٢ فَٱلۡمُغِيرَٰتِ صُبۡحٗا ٣ فَأَثَرۡنَ بِهِۦ نَقۡعٗا
٤ فَوَسَطۡنَ بِهِۦ جَمۡعًا ٥ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٞ ٦ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٞ
٧ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلۡخَيۡرِ لَشَدِيدٌ ٨ ۞ أَفَلَا يَعۡلَمُ إِذَا بُعۡثِرَ مَا فِي ٱلۡقُبُورِ ٩
وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ ١٠ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّخَبِيرُۢ ١١﴾.

(١) أقسم الله تبارك وتعالى بالخيل لما فيها من آياتِه الباهرة ونعَمِه الظَّاهرة ما هو معلومٌ للخلق، وأقسم تعالى بها في الحال الَّتي لا يشاركُها فيه غيرها من أنواع الحيوانات، فقال: ﴿وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ضَبۡحٗا﴾ أي: العاديات عدوًا بليغًا قويًّا يصدر عنه الضَّبحُ، وهو صوت نَفَسها في صدرها عند اشتداد عَدْوها.

(١) خوای گەورە سوێندی خواردووە بە ئەسپ لەبەر بوونی چەندین نیشانەو ئایەتی ئاشکراو رۆشن و نیعمەتە روونەکانی کەوا ئاشکرایە لای هەموو خەڵکی ، هەروەها سوێندی خواردووە پێی لە حاڵەتێکیدا کە هیچ گیاندارێکی تر تیایدا بەشدار نییە ، دەفەرموێت : (وَٱلۡعَٰدِيَٰتِ ضَبۡحٗا) واتە : ئەو ئەسپانەی کە بە تاو غاردەدەن بە غاردانێکی توند و بە هێز کە دەنگێکی لێوە دەردەچێت، دەنگی هەناسەیەتی کە لە سنگییەوە دەدەچێت لە کاتی توندی تاودان و غاردانیدا .

(٢) ﴿فَٱلۡمُورِيَٰتِ﴾ بحوافرهنَّ ما يطأنَ عليه من الأحجار ﴿قَدۡحٗا﴾ أي: تنقدح النَّار من صلابة حوافرهنَّ وقوَّتهنَّ إذا عَدَوْنَ.

(٢) (فَٱلۡمُورِيَٰتِ ) بە سمەکانی کاتێ بەسەر بەردەکاندا دەدەن (قَدۡحٗا) ڕەقی و هێزی سمەکانیان بریسکەی ئاگر دەکاتەوە کاتێ غاردەدەن .

(٣) ﴿فَٱلۡمُغِيرَٰتِ﴾ على الأعداء ﴿صُبۡحٗا﴾، وهذا أمرٌ أغلبيٌّ أنَّ الغارة تكون صباحًا.

(٣) (فَٱلۡمُغِيرَٰتِ ) بەسەر دوژمندا (صُبۡحٗا ) ئەمەش زۆر جار وا دەبێت ، کەوا هێرش و پەلامار بە بەیانیان دەبێت .

(٤) ﴿فَأَثَرۡنَ بِهِۦ﴾ أي: بعدوهنَّ وغارتهنَّ، ﴿نَقۡعٗا﴾ أي: غبارًا.

(٤) (فَأَثَرۡنَ بِهِۦ ) واتە : بە هۆی غاردان و هێرشیانەوە (نَقۡعٗا) واتە : تەپ و تۆز .

(٥) ﴿فَوَسَطۡنَ بِهِۦ﴾ أي: براكبهنَّ ﴿جَمۡعًا﴾ أي: توسَّطن به جموع الأعداء الَّذين أغار عليهم.

(٥) (فَوَسَطۡنَ بِهِۦ) واتە : بە سوارەکەیانەوە (جَمۡعًا ) واتە : دەچنە ناوراستی ئەو دوژمنانەی کە هێرشیانە کردووەتە سەر .

(٦) والمُقسَم عليه قوله: ﴿إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٞ﴾ أي: مَنوعٌ للخير الَّذي لله عليه، فطبيعة الإنسان وجِبِلَّته أنَّ نفسه لا تسمح بما عليه من الحقوق فتؤدِّيها كاملةً موفرةً، بل طبيعتها الكسل والمنع لما عليها من الحقوق الماليَّة والبدنيَّة؛ إلَّا مَن هداه الله وخرج عن هذا الوصف إلى وصف السَّماح بأداء الحقوق.

٦/ ئەوەی سوێندی لەسەر دەخوات ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : (إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٞ) واتە : ڕێگرە لە چاکەکردن کە هی خوایە بە سەریەوە ، جا سروشتی مرۆڤ وایە کە نەفسەکەی ڕێگەی پێ نادات بە ئەنجامدانی ئەو مافانەی لەسەریەتی و بە تەواوی جێ بە جێی بکات ، بەڵکو سروشتی ئەو

تەمبەڵی و ڕێگری کردنە لە ئەنجامدانی ئەوەی لە سەریەتی لە مافە دارایی و جەستەیەکان ، ئیللا ئەو کەسەی نەبێت کە خوای گەورە هیدایەتی داوە و لەم وەصفە دەرچووە بۆ وەصفی ڕێگەدان بە ئەنجامدانی مافەکان .

(٧) ﴿وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ﴾ أي: إنَّ الإنسانَ على ما يعرفُ من نفسه من المنع والكَنَد لشاهدٌ بذلك لا يجحده ولا ينكره؛ لأنَّ ذلك أمرٌ بيِّنٌ واضحٌ، ويحتمل أنَّ الضمير عائدٌ إلى الله تعالى، أي: إنَّ العبد لربِّه لكنودٌ، والله شهيدٌ على ذلك؛ ففيه الوعيد والتَّهديد الشَّديد لـمَن هو لربِّه كنودٌ بأنَّ الله عليه شهيدٌ.

٧/ (وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ) واتە : مرۆڤ خۆی شایەتە و باش دەزانێت دەربارەی نەفسی خۆی لە ڕێگری کردن و ناشکوری کردن کەچی نکۆڵی و ئینکاری لێ ناکات ، چونکە ئەوە کارێکی ڕوون و ئاشکرایە ، وە ڕەنگە ڕاناوەکە[١] بگەڕێتەوە بۆ خوای گەورە ، واتە : بەندە ڕێگرە بۆ ئەنجامدانی چاکەکردن بۆ خواکەی ، وە خوای گەورەش شایەتە لەسەر ئەوە ، جا لەمەدا هەڕەشەیەکی توندی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕێگرن لە ئەنجامدانی چاکە بۆ خوایەکەیان بەوەی خوای گەورە شایەتە بە سەریەوە .

(٨) ﴿وَإِنَّهُۥ﴾ أي: الإنسان ﴿لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ﴾ أي: المال ﴿لَشَدِيدٌ﴾ أي: كثير الحبِّ للمال، وحبُّه لذلك هو الَّذي أوجب له ترك الحقوق الواجبة عليه، قَدَّمَ شهوة نفسه على رضا ربِّه، وكلُّ هذا لأنَّه قصر نظره على هذه الدَّار، وغفل عن الآخرة.

٨/ (وَإِنَّهُۥ ) واتە : مرۆڤ (لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ ) واتە : سەروەت و سامان (لَشَدِيدٌ ) واتە : زۆر سامانەکەی خۆش دەوێت ، وە ئەو خۆشویستنەی بۆ سامانەکەی وای لێکردووە واز لەو مافانە بهێنێ کە واجیبە بە سەریەوە ، حەزو ئارەزووی نەفسی خۆی پێش ڕازی بوونی خوای خستووە ، هەموو ئەو کارانە چونکە بیر لەم دونیایە دەکاتەوە و بێ ئاگا بووە دەربارەی دوارۆژ .

---

(١) مەبەستی ڕاناوی (هاء)ەکەی لە وشەی (وإنهُ) .

**(٩) ولهذا قال حاثًّا له على خوف يوم الوعيد: ﴿أَفَلَا يَعۡلَمُ﴾ أي: هلَّا يعلم هذا المُغترُّ ﴿إِذَا بُعۡثِرَ مَا فِي ٱلۡقُبُورِ﴾ أي: أخرج الله الأموات من قبورهم لحشرهم ونشورهم.**

(٩) بۆیە خوای گەورە هانمان دەدات بۆ ترسان لە ڕۆژی قیامەت و دەفەرموێت: ( أَفَلَا يَعۡلَمُ ) واتە : ئایە ئەم کەسە لە خۆباییە نازانێت (إِذَا بُعۡثِرَ مَا فِي ٱلۡقُبُورِ) واتە : خوای گەورە مردووەکان لە گۆڕەکانیان دەردەهێنێت بۆ زیندووبونەوە و حەشر کردنیان .

**(١٠) ﴿وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ﴾ أي: ظهر وبان ما فيها وما استتر في الصُّدور من كمائن الخير والشَّرِّ، فصار السِّرُّ علانيةً والباطن ظاهرًا، وبان على وجوه الخلق نتيجة أعمالهم.**

(١٠) (وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ) ئەوەی لە سینگەکاندا شاراوە بوو لە چاکە و خراپە هەموو ئاشکراو روون بوویەوە ، جا چیتر ئەوەی نهێنی بوو ئاشکرا بوو ، ئەوەی پەنهان بوو دەرکەوت ، وە بە بەرچاوی دروستکراوەکانەوە ئەنجامی کارەکانیان دەرکەوت و ئاشکرا بوو .

**(١١) ﴿إِنَّ رَبَّهُم بِهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّخَبِيرُۢ﴾ أي: مطَّلعٌ على أعمالهم الظَّاهرة والباطنة، الخفيَّة والجليَّة، ومجازيهم عليها، وخصَّ خبرهم بذلك اليوم مع أنَّه خبيرٌ بهم كلَّ وقتٍ؛ لأنَّ المراد بهذا الجزاء على الأعمال النَّاشئ عن علم الله واطِّلاعه.**

١١/ (إِنَّ رَبَّهُم بِهِمۡ يَوۡمَئِذٖ لَّخَبِيرُۢ ) واتە : ئاگای لە کارە ئاشکراو پەنهانەکانیان هەیە ، شاراوە و دیارەکان ، وە پاداشتیان دەداتەوە لە سەری ، وە ئاگابوونی بەوان لەو ڕۆژەدا تایبەت کردووە هەرچەندە ئەو ئاگاداری ئەوانە لە هەموو کاتێکدا ، چونکە مەبەست لەم پاداشتە لەسەر کردەوەکان ، سەرچاوەی لە زانست و ئاگای خواوە گرتووە .

## [تفسير سورة القارعة وهي مكِّيَّةٌ]
## تەفسیری سورەتی (القارعة)
## ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ٱلۡقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴿٣﴾ يَوۡمَ يَكُونُ
ٱلنَّاسُ كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ ﴿٤﴾ وَتَكُونُ ٱلۡجِبَالُ كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ
﴿٥﴾ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٦﴾ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۡ خَفَّتۡ
مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٨﴾ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٞ ﴿٩﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا هِيَهۡ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةُۢ ﴿١١﴾﴾.

(١-٣) ﴿ٱلۡقَارِعَةُ﴾ من أسماء يوم القيامة، سُمِّيت بذلك لأنَّها تقرع النَّاس وتزعِجُهم بأهوالها، ولهذا عظَّم أمرها وفخَّمه بقوله: ﴿ٱلۡقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡقَارِعَةُ﴾.

١-٣/ (ٱلۡقَارِعَةُ ) یەکێکە لە ناوەکانی ڕۆژی قیامەت ، بەو ناوەوە ناونراوە چونکە خەڵکی ڕادەچەڵەکێنێ و ئیزعاجیان دەکات بە هۆی ترسناکییەکەیەوە، جا کارەکەی زۆر مەزن و گەورەیە ، (ٱلۡقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلۡقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡقَارِعَةُ )

(٤) ﴿يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ﴾ من شدَّة الفزع والهول ﴿كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ﴾ أي: كالجراد المنتشر الَّذي يموج بعضه في بعضٍ، والفراش هي الحيوانات الَّتي تكون في اللَّيل يموج بعضها ببعضٍ لا تدري أين توجَّه، فإذا أوقد لها نارٌ تهافتت إليها لضعف إدراكها، فهذه حال النَّاس أهل العقول.

٤/ ( يَوۡمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ ) لەبەر توندی ترس و بیمەكەی (كَٱلۡفَرَاشِ ٱلۡمَبۡثُوثِ ) واتە : هەروەكو كوللەی بڵاو كە دەچن بە یەكدا ، وە (الفراش) برتییە لەو گیاندارانەی كە بە شەو دێن و دەچن بە یەكدا و نازانن بۆ كوێ برۆن ، ئەگەر لەو كاتەدا ئاگرێكیان بۆ بكرێتەوە بەرەو لای دەرۆن لەبەر كەمی تێگەیشتنیان ، جا ئەمە حاڵی خەڵكی خاوەن عەقڵە .

(٥) وأمَّا الجبال الصُّمُّ الصِّلابُ فتكون ﴿كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ﴾ أي: كالصُّوف المنفوش الَّذي بقي ضعيفًا جدًّا تطير بـه أدنـى ريحٍ، قال تعالى: ﴿وَتَرَى ٱلۡجِبَالَ تَحۡسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ ٱلسَّحَابِۚ﴾، ثمَّ بعد ذلك تكون هباءً منثورًا، فتضمحلُّ ولا يبقى منها شيءٌ يشاهَد، فحينئذٍ تُنْصَبُ الموازينُ وينقسم النَّاس قسمين: سعداء وأشقياء.

٥/ بەڵام شاخە رەق و بێ ئاگاكان ئەوا (كَٱلۡعِهۡنِ ٱلۡمَنفُوشِ ) واتە : وەكو خوری شیكراوە كە بە لاوازی ماونەتەوە بە هۆی كەمترین (با)وە بە ئاسماندا دێن و دەچن ، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَتَرَى ٱلۡجِبَالَ تَحۡسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ ٱلسَّحَابِۚ ﴾النمل)[1] ئەمجار لە پاش ئەوە بە بادا دەچن و هیچی لێ نامێنێت تاكو ببینرێت ، جا ئەو كاتە تەرازووەكان دادەنرێن و خەڵكی دەبنە دوو بەشەوە : بەختیارەكان و بەدبەختەكان .

(٦) ﴿ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾ أي: رجحت حسناتُه على سيِّئاتِه.

(٦) ( فَأَمَّا مَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ ) واتە : چاكەكانی زاڵ بوو بەسەر خراپەكانیدا.

(٧) ﴿ فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ ﴾ في جنَّات النَّعيم.

(٧) ( فَهُوَ فِي عِيشَةٖ رَّاضِيَةٖ ) لە بەهەشتی بەریندا (خۆشگوزەران دەبێت).

---

(١) لەكاتی نەفخەی یەكەمدا تۆ كێوەكان ئەبینی وا دەزانیت وەستاون و ناجوڵێن و تەكان نادەن و (وەك جاران تابتن) كەچی وەك هەور بەتوندی دێن و ئەڕۆن ولە جووڵەدان و لەجێی خۆیان ترازاون . (تەفسیری رامان) .

(٨) ﴿وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ﴾ بأن لم تكنْ له حسناتٌ تقاوم سيِّئاتِه.

(٨) ( وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ) بەوەی كە هێندە چاكەی نەبێت بەرگەی خراپەكانی بگرێت

(٩) ﴿فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ﴾ أي: مأواهُ ومسكنُه النَّارُ الَّتي من أسمائها الهاوية، تكون له بمنزلة الأمِّ الملازمة؛ كما قال تعالى: ﴿إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا﴾، وقيل: إنَّ معنى ذلك: فأمُّ دماغه هاويةٌ في النَّار، أي: يُلقى في النَّار على رأسه.

(٩) ( فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ) واتە : دەرئەنجام و داڵدەی ئاگر دەبێت كە یەكێك لە ناوەكانی (الهاوية)یە ، هێندە پەیوەست دەبن بە یەكەوە هەروەكو دایكی دەبێت بۆی ، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ﴿٦٥﴾ الفرقان)[١]
وە دەڵێن : ماناكەی ئەوەیە : مێشكی دەكەوێتە ناو ئاگرەوە ، واتە : بە سەردا فرێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە .

(١٠) ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ﴾ وهذا تعظيمٌ لأمرها، ثمَّ فسَّرها بقوله:

(١٠) ( وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ) ئەمەش بە مەزن راگرتنی كاروبارەكەیەتی ، ئەمجار تەفسیری كردووە و فەرموویەتی :

(١١) ﴿نَارٌ حَامِيَةٌۢ﴾ أي: شديدةُ الحرارة، قد زادت حرارتها على حرارة نار الدُّنيا بسبعين ضعفًا، نستجير بالله منها.

(١١) ( نَارٌ حَامِيَةٌۢ ) واتە : گەرمایەكەی توند و زۆرە ، گەرمی ئەو ئاگرە لە گەرمی ئاگری دونیا بە حەفتا جار زیاترە ، داوا لە خوا دەكەین لەو ئاگرە بمانپارێزێ .

---

(١) چونكە سزای دۆزەخ سزایەكی جیا نەبووەو لە كۆڵ نەكەوتووە.(تەفسيري رامان).

# [تفسير سورة ألهاكم التَّكاثر وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (ألهاكم التكاثر) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ۝١ حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ۝٢ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ۝٣ ثُمَّ كَلَّا
سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ۝٤ كَلَّا لَوۡ تَعۡلَمُونَ عِلۡمَ ٱلۡيَقِينِ ۝٥ لَتَرَوُنَّ ٱلۡجَحِيمَ ۝٦
ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيۡنَ ٱلۡيَقِينِ ۝٧ ثُمَّ لَتُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ۝٨﴾.

(١) يقول تعالى موبِّخًا عباده عن اشتغالهم عمَّا خُلِقوا له من عبادته وحده لا شريك له ومعرفته والإنابة إليه وتقديم محبَّته على كلِّ شيءٍ: ﴿أَلۡهَىٰكُمُ﴾ عن ذلك المذكور ﴿ٱلتَّكَاثُرُ﴾ ولم يذكر الـمُتكاثَر به؛ ليشمل ذلك كلَّ ما يَتكاثَرُ به المتكاثرون ويفتخر به المفتخرون من التَّكاثر في الأموال والأولاد والأنصار والجُنود والخدم والجاه وغير ذلك ممَّا يُقصد منه مكاثرة كلِّ واحدٍ للآخر، وليس المقصود منه وجه الله.

١/ خوای گەورە سەرزەنشتی بەندەکانی خۆی دەکات لەبەر سەرقاڵ بوونیان لەوەی بۆی دروست کراون کە ئەویش پەرستنی خوای تاک و تەنها و بێ هاوەڵە و ناسینی و گەڕانەوە بۆ لای و پێشخستنی خۆشەویستی ئەو بەسەر هەموو شتێکدا و دەفەرموێت : (أَلۡهَىٰكُمُ) لەوەی باسکرا (ٱلتَّكَاثُرُ) باسی ئەو زیادکراوەی نەکردووە ، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە خەڵکی زیادی دەکەن و شانازی پێوە دەکەن لە سەروەت و سامان و منداڵ و پشتیوانان و سەرباز و خزمەتکار و رووی کۆمەڵایەتی و جگە لەوانە کە مەبەستی هەریەکە لەوانە زیاد کردنیەتی بە سەر ئەوانی تردا ، وە مەبەست لێی خوای گەورە نییە .

(٢) فاستمرَّت غفلتكم ولهوتكم وتشاغلكم ﴿حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ﴾ فانكشف حينئذٍ لكم الغطاءُ، ولكنْ بعدَما تعذَّر عليكم استئنافه، ودلَّ قولُه: ﴿حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ﴾ أنَّ البرزخ دارٌ المقصود منها النُّفوذ إلى الدَّار الآخرة؛ لأنَّ الله سمَّاهم زائرين ولم يسمِّهم مقيمين، فدلَّ ذلك على البعث والجزاء على الأعمال في دارٍ باقيةٍ غير فانيةٍ.

٢/ بێئاگایی وسەرقاڵی و رابواردنتان بەردەوام بوو ( حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ) جا ئەو کاتە ئەوەی داتانی پۆشی بوو ئاشکرا بوو ، بەڵام ئەو کات نەتانتوانی بگەڕێنەوە ، وە ئەو ئایەتە ( حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا (بەرزەخ) ئەو ماڵەیە کە مەبەست لێی تێپەڕبوونە پێیدا بەرەو دوارۆژ ، چونکە خوای گەورە ناوی ئەوانی ناوە میوان (زائرين) و ناوی لێ نەناون نیشتەجێبوان (مقيمين) ، ئەمەش بەڵگەیە کەوا زیندوو بوونەوە و سزا لەسەر کردەوەکان لە ماڵێکدایە کە بەردەوامە و لە ناوناچێت .

(٣-٥) ولهذا توعَّدهم: ﴿كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ۝٣ ثُمَّ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ۝٤ كَلَّا لَوۡ تَعۡلَمُونَ عِلۡمَ ٱلۡيَقِينِ﴾ أي: لو تعلمون ما أمامكم علمًا يصلُ إلى القلوب لما ألهاكم التَّكاثر، ولبادرتم إلى الأعمال الصَّالحة، ولكن عدم العلم الحقيقيِّ صيَّركم إلى ما ترون.

٣-٥/ بۆیە هەڕەشەیان لێ دەدات و دەفەرموێت : ( كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ۝٣ ثُمَّ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ۝٤ كَلَّا لَوۡ تَعۡلَمُونَ عِلۡمَ ٱلۡيَقِينِ ) واتە : ئەگەر بزانن بەوەی لە پێشتانە بە زانینێک بگاتە دڵەکانتان ئەوا ئەو (زۆربوونە) بێ ئاگای نەدەکردن، وە هەڵدەستان بە ئەنجامدانی کاری چاکە ، بەڵام نەبوونی زانستێکی حەقیقی بەرەو ئەو ئاقارە بردنی .

(٦) ﴿لَتَرَوُنَّ ٱلۡجَحِيمَ﴾ أي: لَتَرَوُنَّ القيامة، فلَتَرَوُنَّ الجحيم الَّتي أعدَّها الله للكافرين.

(٦) ( لَتَرَوُنَّ ٱلۡجَحِيمَ ) واتە : قیامەت بە چاوی خۆتان دەبینن، جا بە دڵنیاییەوە ئەو دۆزەخە دەبینن کە خوای گەورە بۆ بێباوەڕان ئامادەی کردووە .

(٧) ﴿ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ﴾ أي: رؤيةً بصريَّةً؛ كما قال تعالى: ﴿وَرَءَا الْمُجْرِمُونَ النَّارَ فَظَنُّوا أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمْ يَجِدُوا عَنْهَا مَصْرِفًا ﴿٥٣﴾﴾.

٧/ ( ﴿ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ الْيَقِينِ﴾ ) واتە : بە بینینی چاوەكانتان ، هەروەكو خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿وَرَءَا الْمُجْرِمُونَ النَّارَ فَظَنُّوا أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمْ يَجِدُوا عَنْهَا مَصْرِفًا ﴿٥٣﴾﴾ الكهف)[١]

(٨) ﴿ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ﴾ الَّذي تنعَّمتم به في دار الدُّنيا؛ هل قمتم بشكره، وأدَّيتم حقَّ الله فيه، ولم تستعينوا به على معاصيه؛ فينعِّمكم نعيمًا أعلى منه وأفضل؟ أم اغتررتُم به، ولم تقوموا بشكره، بل ربَّما استعنتم به على المعاصي؛ فيعاقبكم على ذلك؟ قال تعالى: ﴿وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَالْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ...﴾ الآية.

٨/ ( ﴿ثُمَّ لَتُسْأَلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ النَّعِيمِ﴾ ) ئەو نیعمەتەی كە لە دونیادا لەسایەیدا بوون، ئایە هەستان بە شوكركردنی و حەقی خوای گەورەتان تێیدا دا ؟ وە پەناتان پێ نە گرت بۆ ئەنجامدانی سەرپێچییەكان ، بۆ ئەوەی ئێستا نیعمەتێكی بەرزتر و چاكترتان پێ ببەخشێ ؟ یان پێی مەغرور بوون، وە هەڵنەستان بە شوكركردنی، بەڵكو رەنگە پەناتان پێ گردبێت لەسەر ئەنجامدانی سەرپێچییەكان ؟ خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَاتِكُمْ فِي حَيَاتِكُمُ الدُّنْيَا وَاسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَالْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ﴾ الأحقاف)[٢]

---

(١) جا لەو رۆژەدا تاوانباران بەچاوی خۆ ئاگری دۆزەخ دەبینن دڵنیادەبن و تێدەگەن كە هەر دەخرێنە ناویەوە و ئیدی پەناگاو خۆلادانێكیشیان دەست ناكەوێ، تا خۆیان لێ بشارنەوە( تەفسیری رامان).

(٢) وە رۆژێك ئەوانەی كە بێ باوەڕن بەرامبەر ئاگر رائەنوێنرێن و نیشانیان ئەدرێ پێیان ئەوترێ: ئێوە لە ژیانی دونیادا، هەرچی خۆشی و، ڕابواردنێكتان هەبوو ئەنجامتاندا، ئیتر بەشی ئێرەتان نەهێڵایەوە وە بەهرەوەر بوون پێیان ئینجا ئەمرۆش پاداشت دەدرێتەوە بە سزای سەركز كەر بەهۆی ئەوە كە بەناهەق خۆتان بە زل دادەنا لەسەر زەوی وە بەهۆی ئەو

# [تفسير سورة والعصر وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (والعصر) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣﴾.

**(١-٣) أقسم تعالى بالعصر الَّذي هو اللَّيل والنَّهار، محلُّ أفعال العباد وأعمالهم؛ أنَّ كلَّ إنسانٍ خاسرٌ، والخاسر ضدُّ الرَّابح، والخسار مراتبُ متعدِّدةٌ متفاوتةٌ: قد يكون خسارًا مطلقًا كحال من خسر الدُّنيا والآخرة وفاته النعيم واستحقَّ الجحيم، وقد يكون خاسرًا من بعض الوجوه دون بعضٍ، ولهذا عمَّم اللهُ الخسار لكلِّ إنسانٍ إلاَّ مَن اتَّصف بأربع صفاتٍ:**

(١-٣) خوای گەورە سوێندی بە عەصر خواردووە کە ئەویش بریتییە لە شەو و رۆژ، کاتێ کردار و کردەوەی مرۆڤەکانە، کەوا مرۆڤەکان هەموویان لە خەسارەتمەندان، خەسارەتمەندیش دژی سوود و قازانجە، خەسار و زەرەریش چەند پلەیەکی جیاوازی هەیە، رەنگە زەرەرێکی رەها بێت وەکو حاڵی ئەو کەسانەی دونیا و دوارۆژیان زەرەرکردووە، وە خۆشگوزرانی لە دەست دەرچووە و شایەنی دۆزەخ بووە ، وە رەنگە لە هەندێ رووەوە زەرەری کردبێت و لە هەندێکی نەیکردبێت ، بۆیە خوای گەورە خەسار و زەرەری گشتگیر کردووە بۆ هەموو مرۆڤەکان ئیللا ئەو کەسانە نەبێت کە ئەم چوار صیفاتانەیان تیادایە :

---

گوناهو تاوانەوە دەتانکرد.(تەفسیری رامان).

**– الإيمان بما أمر اللَّه بالإيمان به، ولا يكون الإيمان بدون العلم؛ فهو فرعٌ عنه لا يتمُّ إلَّا به.**

– باوەڕ بەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە باوەڕی پێ بهێنین، وە باوەڕیش دروست نابێت ئیللا بە زانست و زانیاری نەبێت ، چونکە ئەوە لقێکە لە ئەو و تەواو نابێت ئیللا بەووەوە نەبێت .

**– والعمل الصَّالح، وهذا شاملٌ لأفعال الخير كلِّها الظَّاهرة والباطنة، المتعلِّقة بحقوق الله وحقوق عباده، الواجبة والمستحبَّة.**

– کار و کرداری چاک ، ئەمەش گشتگیرە بۆ هەموو کارێکی چاک ، ئاشکرا و پەنهانەکان ، ئەوەی پەیوەستە بە مافەکانی خوا و بەندەکانییەوە ، ئەوەی کە واجیبە و ئەوەی موستەحەبە .

**– والتَّواصي بالحقِّ الَّذي هو الإيمان والعمل الصَّالح؛ أي: يوصي بعضُهم بعضًا بذلك ويحثُّه عليه ويرغِّبه فيه.**

– وەسێت و ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بە دەستگرتن بە حەقەوە ، کە ئەویش باوەڕبوون بە خوا و کرداری چاکەیە ، واتە : هەندێکیان ئامۆژگاری ئەوانی تر دەکەن بەو کارە و هانی یەکتر دەدەن لەسەری .

**– والتَّواصي بالصَّبر على طاعة الله، وعن معصية الله، وعلى أقدار الله المؤلمة، فبالأمرين الأوَّلين يكمِّل العبد نفسه، وبالأمرين الأخيرين يكمِّل غيره، وبتكميل الأمور الأربعة يكون العبد قد سلم من الخسار وفاز بالرِّبح العظيم.**

– وەسێت و ئامۆژگاری یەکتر دەکەن لەسەر ئارامگرتن لەسەر ئەنجامدانی گوێڕایەڵی خوا و دوور کەوتنەوە لە سەرپێچی خوای گەورە ، وە لەسەر قەدەرە بە ئازارەکان ، بە دوو کارە یەکەمەکە بەندە خۆی پێ کامل دەکات و بە دوو کارە دواییینەکە جگە لە خۆی کامل دەکات ، وە کامل بوونی ئەم چوار کارە ئەوا ئەو کاتە بەندە سەلامەت و پارێزراو دەبێت لە خەسارەتمەندی و قازانجە مەزنەکە دەباتەوە .

# [تفسير سورة الهمزة وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (الهُمَزة)
# ئەویش سورەتێكی (مەككی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ١ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ ٢ يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ٣
كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ٤ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ٥ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ٦ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى
ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ٧ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ٨ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَةِۭ ٩﴾.

**(١) ﴿وَيۡلٞ﴾ أي: وعيدٌ ووبالٌ وشدَّة عذابٍ، ﴿لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ﴾ أي: الَّذي يهمز النَّاس بفعله ويلمزهم بقوله؛ فالهمَّاز: الَّذي يَعيبُ النَّاس ويطعَنُ عليهم بالإشارة والفعل، واللَّمَّاز: الَّذي يعيبهم بقوله.**

١/ (وَيۡلٞ) واتە : هەڕەشە و خراپە و ئازار و توندی عەزاب ، (لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ) واتە : ئەوەی كە توانج دەدات لە خەڵكی بە كردەوەی و زمانی و عەیبداریان دەكات ، جا كەسی (الهمَّاز) ئەو كەسەیە كە خەڵكی عەیبدار دەكات و تانەیان لێ دەدات بە ئاماژە و كردەوەكەی ، وە كەسی (اللمَّاز) ئەو كەسەیە كەوا بە قسەكانی عەیبداریان دەكات .

**(٢) ومن صفة هذا الهمَّازِ اللَّمَّاز أنَّه لا همَّ له سوى جمع المال وتعديده والغبطة به، وليس له رغبةٌ في إنفاقه في طرق الخيرات وصلة الأرحام ونحو ذلك.**

٢/ وە لەصیفەتەكانی ئەم كەسە (الهمَّاز و اللمَّاز)ـە كەوا هیچ خەمێكی نییە تەنها كۆكردنەوەی سەروەت و سامان و ژماردنی و كەیف خۆشی پێی ، وە

نیازی نییە کە لە ڕێگای خەیر و چاکە و گەیاندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جگە لەوانە سەرفی بکات .

(٣) ﴿يَحۡسَبُ﴾ بجهله ﴿أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ﴾ في الدُّنيا، فلذلك كان كدُّه وسعيه كلُّه في تنمية ماله، الَّذي يظنُّ أنَّه ينمِّي عمره، ولم يدر أنَّ البخل يقصف الأعمار ويخرِّب الدِّيار، وأنَّ البرَّ يزيد في العمر.

٣/ (يَحۡسَبُ ) لەبەر نەزانینی خۆی (أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ) لە دونیادا ، بۆیە هەموو هەوڵ و کۆششی لە دونیادا زیادکردنی سامانەکەیەتی ، کەوا گومان دەبات تەمەنی لە گەڵیدا زیاد دەکات ، کەچی نازانی چروکی تەمەن لەناو دەبات و ماڵ وێران دەکات ، وە چاکە لە تەمەن زیاد دەکات .

(٤-٥) ﴿كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ﴾ أي: ليطرحنَّ ﴿فِي ٱلۡحُطَمَةِ ٤ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ﴾: تعظيمٌ لها وتهويلٌ لشأنها، ثمَّ فسَّرها بقوله:

(٤-٥) ( كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ ) واتە: فڕێ دەدرێتە، (فِي ٱلۡحُطَمَةِ ٤ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ) لەبەر مەزنی و ترسناکی بارودۆخەکە ، ئەمجار تەفسیری کردووە و دەفەرموێت:

(٦) ﴿نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ﴾ الَّتي وقودها النَّاس والحجارة،

(٦) ( نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ) کە سوتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە ،

(٧) ﴿ٱلَّتِي﴾ من شدَّتها ﴿تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ﴾ أي: تنفذ من الأجسام إلى القلوب.

(٧) (ٱلَّتِي ) لە بەر توندی (تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ) واتە : لە جەستەکان دەچێتە ژوورەوە بۆ دڵەکان .

(٨) ومع هذه الحرارة البليغة، هم محبوسون فيها، قد أيسوا من الخروج منها، ولهذا قال: ﴿إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٌ﴾ أي: مغلقةٌ،

(٨) لە گەڵ ئەم هەموو گەرما سەختەدا ، ئەوان لە ناویدا بەند کراون ، بێ ئومێد بوونە لە دەرچوون لێی ، بۆیە دەفەرموێت : (إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٌ ) واتە : داخراوە ،

(٩) ﴿فِي عَمَدٖ﴾ من خلف الأبواب، ﴿مُّمَدَّدَةِۭ﴾ لئلَّا يخرجوا منها؛ ﴿ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا مِنۡ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا ﴾، نعوذ بالله من ذلك، ونسأله العفو والعافية.

(٩) (فِي عَمَدٖ) لە پشتی دەرگاکانەوە ، (مُّمَدَّدَةِۭ) بۆ ئەوەی لێی دەرنەچن ، ( كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا مِنۡ غَمٍّ أُعِيدُواْ فِيهَا )(السجدة -٢٠)[1] پەنا بە خوا دە گرین لەو ئاگرە و داوای لێ دەکەین بمانپارێزێ و سەلامەتمان بکات .

---

(١) هەر کات بخوازن لەو ئاگرە دەرچن و برۆنە دەرەوە بەهەر شێوەیەك کە عەقڵیان ببڕێ ئەیانگێڕنەوە ناو ئاگرەکە (تەفسیری رامان)

# [تفسير سورة الفيل وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (الفيل) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ١ أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ فِي تَضۡلِيلٖ ٢
وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ ٣ تَرۡمِيهِم بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ ٤ فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ
مَّأۡكُولِۭ ٥﴾.

(١-٥) أي: أما رأيتَ من قدرة الله وعظيم شأنه ورحمته بعباده وأدلَّة توحيده وصدق رسوله محمَّدٍ ﷺ ما فعله اللهُ بأصحاب الفيل، الَّذين كادوا بيتَه الحرام، وأرادوا إخرابه؛ فتجهَّزوا لأجل ذلك، واستصحبوا معهم الفِيَلَةَ لهدمه، وجاؤوا بجمعٍ لا قِبَلَ للعرب به من الحبشة واليمن، فلمَّا انتهَوْا إلى قربِ مكَّةَ -ولم يكن بالعرب مدافعةٌ، وخرج أهل مكَّة من مكَّة خوفًا على أنفسهم منهم- أرسل الله عليهم طيرًا أبابيلَ أي: متفرِّقةً، تحمل أحجارًا محمَّاةً من سِجِّيلٍ، فرمتْهم بها، وتتبَّعَتْ قاصِيَهم ودانِيَهم، فخمدوا وهمدوا، وصاروا كعصفٍ مأكولٍ، وكفى الله شرَّهم، وردَّ كيدهم في نحورهم، وقصَّتُهم معروفةٌ مشهورةٌ، وكانت تلك السَّنة الَّتي وُلِدَ فيها رسول الله ﷺ، فصارت من جملة إرهاصات دعوته وأدلَّة رسالته، فلله الحمد والشُّكر.

١-٥/ واتە : ئایە لە توانا و دەسەڵات و مەزنی کار و بەزەیی خوای گەورە بەبەندەکانی و بەڵگەکانی یەکتاپەرستی و راستی پێغەمبەرەکەی (محمد)ت (ﷺ) نەبینیوە چی بە خاوەن فیلەکان کرد ؟ ئەوانەی نزیکی (بيت الحرام)

بوونەوە و ویستیان ویرانی بکەن ، بۆیە خۆیان بۆ ئەو کارە ئامادە کرد و لە گەڵ خۆیاندا چەندین فیلیان هێنا بە مەبەستی روخاندنی ، وە لەشکرێکیان لە گەڵ خۆیاندا هێنا عەرەب توانای رووبەڕووبونەوەی نەبوو لە حەبەشە و یەمەنەوە ، کاتێ کە نزیکی مەککە بوونەوە – وە لەو کاتەدا عەرەب توانای بەرگری نەبوو ، وە خەڵکی مەککە لە مەککە دەرچوون لە ترسی ئەوەی نەوەک خۆیان تووشی شتێک ببن – لەو کاتەدا خوای گەورە باڵندەی (ئەبابیل)ی بۆ ناردن ، واتە : جیاجیا ، لە گەڵ خۆیاندا بەردیان هەڵگرتبوو کە لە بەردی گڵمتی رەق و گەرم بوو ، بۆیە بەو بەردە بەردەبارانیان کرد ، دوور و نزیکیانی گرتەوە ، جا ئەوان دامرکانەوە و هێمن و کپ بوون ، وەکو کای خوراویان لێهات ، خوای گەورە خراپەیانی لە کۆڵ کردەوە ، وە فێڵ و پلانی خۆیانی گەڕانەوە بۆ خۆیان ، وە چیرۆکەکەیان بەناوبانگ و روونە ، جا لەو ساڵەدا بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیایدا لە دایک بوو ، بۆیە بووە یەکێک لە سەلماندنی بانگەوازەکەی و بەڵگەی پەیامەکەی ، جا سوپاس و ستایش بۆ خوای باڵادەست .

# [تفسير سورة لإيلاف قريشٍ وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (لإيلاف قريش) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيۡشٍ ١ إِۦلَٰفِهِمۡ رِحۡلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيۡفِ ٢ فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ ٣ ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ ٤﴾.

(١-٢) قال كثيرٌ من المفسِّرين: إنَّ الجارَّ والمجرور متعلِّقٌ بالسُّورة الَّتي قبلها؛ أي: فعلنا ما فعلنا بأصحاب الفيل لأجل قريشٍ وأمنهم واستقامة مصالحهم وانتظام رحلتهم في الشِّتاء لليمن وفي الصَّيف للشَّام لأجل التِّجارة والمكاسب، فأهلك الله من أرادهم بسوءٍ، وعظَّم أمر الحرم وأهله في قلوب العرب، حتَّى احترموهم، ولم يعترضوا لهم في أيِّ سفرٍ أرادوا، ولهذا أمرهم الله بالشُّكر، فقال:

(١-٢) زۆرێک لە موفەسیرەکان فەرموویانە: ئەم (جار و مجرور)ە پەیوەستن بە سورەتەکەی پێش خۆیەوە، واتە: ئەوەی کردمان بە خاوەنی فیلەکان لە پێناوی قورەیش و ئاسایش و سەقامگیری بەرژەوەندیان و ڕێکخستنی کۆچکردنەکانیان بوو، بۆ یەمەن لە زستاندا و بۆ شام لە هاویندا بۆ بازرگانی و کەسابەتیان، جا خوای گەورە ئەوەی ویستی لە ناوی بردن و بە هەلاکەتدا بردنی، وە هەیبەتی حەرەم و دانیشتوانەکەی لای عەرەب مەزن و گەورە بوو، تاوەکو لە ناو خەڵکیدا ڕێزدار بوون، وە بۆ هەر لایەک سەفەریان بکردایە ئەوا کەس دەستی نەدەهێنایە ڕێگایان، بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێکردن کەوا سوپاسگوزاری ئەو بن، فەرموویەتی:

(٣) ﴿فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ﴾ أي: ليوحِّدوه ويُخْلِصوا له العبادة،

(٣) (فَلۡيَعۡبُدُواْ رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ) واتە : با خوای گەورە بە تاک دابنێن و پەرستن تەنها بۆ ئەو ئەنجام بدەن ،

(٤) ﴿ ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ﴾ فرغدُ الرِّزق والأمن من الخوف من أكبر النِّعم الدُّنيويَّة الموجبة لشكر الله تعالى، فلك اللَّهمَّ الحمد والشُّكر على نعمك الظَّاهرة والباطنة، وخصَّ الله الرُّبوبيَّة بالبيت لفضله وشرفه، وإلاَّ فهو ربُّ كلِّ شيءٍ.

(٤) ( ٱلَّذِيٓ أَطۡعَمَهُم مِّن جُوعٖ وَءَامَنَهُم مِّنۡ خَوۡفِۭ ) بەرفراوانی رزق و رۆزی و بەرقەراربوونی ئاسایش و نەمانی ترس لە گەورەترین نیعمەتەکانە کە شوکری خوای گەورە لەسەر بەندەکان واجیب دەکات ، بۆیە سوپاس و ستایش و شوکر بۆ تۆ ئەی خودایە لەسەر ئەو هەموو نیعمەتە ئاشکرا و پەنهانانە ، وە خوای گەورە پەروەردگاریێتی خۆی تایبەت کردووە بە (بیت)ەوە لەبەر فەزڵ و شەرەفی بەیتە ، ئەگەر نا ئەو پەروەردگاری هەموو شتێکە .

# [تفسير سورة الماعون وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری ســـورەتی (المــاعــون) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ ٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ٣ فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ٥ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ٦ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ٧﴾.

(١) يقول تعالى ذامًّا لمن ترك حقوقه وحقوق عباده: ﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ﴾ أي: بالبعث والجزاء، فلا يؤمن بما جاءت به الرُّسل.

١/ خوای گەورە لە زەمی ئەو کەسانەدا کە مافەکانی خوا و مافەکانی بەندەکانیان فەرامۆش کردووە دەفەرموێت: (أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ) واتە: بە زیندووبوونەوە و پاداشت، جا باوەڕی نییە بەوەی پێغەمبەران هێناویانە.

(٢) ﴿فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ﴾ أي: يدفعه بعنفٍ وشدَّةٍ ولا يرحمه؛ لقساوة قلبه، ولأنَّه لا يرجو ثوابًا ولا يخاف عقابًا.

٢/ (فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ) واتە: بە توندی و بە بێ بەزەیی پاڵی پێوە دەنێت، لەبەر دڵڕەقی، هەروەها چونکە چاوەڕوانی پاداشت ناکات و لە سزا ناترسێت.

(٣) ﴿ وَلَا يَحُضُّ ﴾ غيره ﴿عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ﴾، ومن باب أولى أنَّه بنفسه لا يطعم المسكين.

٣/ ( وَلَا يَحُضُّ ) هانی جگه له خۆی نادات (عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ) جا خۆی له پێشتره بۆ ئەوەی خواردنی هەژاران نەدات .

(٤-٥) ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ﴾ أي: الملتزمين لإقامة الصَّلاة ولكنَّهم ﴿عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ﴾ أي: مضيِّعون لها، تاركون لوقتها، مُخِلُّون بأركانها، وهذا لعدم اهتمامهم بأمر الله، حيث ضيَّعوا الصَّلاة الَّتي هي أهمُّ الطَّاعات، والسَّهو عن الصَّلاة هو الَّذي يستحقُّ صاحبه الذَّمَّ واللَّوم، وأمَّا السَّهو في الصَّلاة فهذا يقع من كلِّ أحدٍ، حتَّى من النَّبيِّ ﷺ.

٤-٥/ (فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ) واته : ئەوانەی دەستیان گرتووە بە ئەنجامدانی نوێژەکانیانەوە بەڵام (عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ) واته : بزری دەکەن ، وازیان هێناوە لە ئەنجامدانی لە کاتی خۆیدا ، پایەکانی وەکو خۆی ئەنجام نادەن ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بایەخ بە فەرمانەکانی خوا نادەن ، چونکە ئەوەتا نوێژیان بزر کردووە کە گرنگترین گوێڕایەڵییەکانە ، سەهوکردن لە نوێژەکاندا ئەوا وا لە خاوەنەکەی دەکات شایەنی زەم و لۆمە بێت ، بەڵام سەهوکردن لە ناو نوێژەکاندا ئەمە لە هەموو کەسێک دەوەشێتەوە تەنانەت لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) .

(٦) ولهذا وصف الله هؤلاء بالرِّياء والقسوة وعدم الرَّحمة، فقال: ﴿ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ﴾ أي: يعملون الأعمال لأجل رئاء النَّاس،

(٦) بۆیە خوای گەورە وەصفی ئەوانەی کردووە بە ریا و دڵڕەقی و بێ بەزەیی، دەفەرموێت: ( ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ) واتە: کارەکانیان لەبەر رووپامایی خەڵکی دەکەن،

(٧) ﴿ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ﴾ أي: يمنعون إعطاء الشَّيء الَّذي لا يضرُّ إعطاؤه على وجه العارية أو الهبة؛ كالإناء والدَّلو والفأس ونحو ذلك ممَّا جرت العادة ببذله والسَّماح به، فهؤلاء لشدَّة حرصهم يمنعون الماعون، فكيف بما هو أكثر منه؟!

(٧) ( وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ) واتە : ڕێگرن لە پێدانی هەر شتێک کە لە بەخشینیدا هیچ زیانێک ناکات لە ڕووی ئەمانەتەوە بێت یان بەخشینەوە، وەکو دەفر و سەتڵ و پاچ و جگە لەوانە کە لە ناو خەڵکیدا عادەت وا بووە بە بەخشین و ڕێگەدان پێی ، جا ئەوانە لەبەر سوور بوونیان –لەسەر خۆشەویستی دونیا- ڕێگری دەکەن لە پێدانی دەفر ، ئەی لەوە زیاتر ئاخۆ چۆن بێت ؟

وفي هذه السُّورة الحثُّ على إطعام اليتيم والمساكين، والتَّحضيض على ذلك، ومراعاة الصَّلاة، والمحافظة عليها، وعلى الإخلاص فيها، وفي سائر الأعمال، والحثُّ على فعل المعروف، وبذل الأمور الخفيفة كعارية الإناء والدَّلو والكتاب ونحو ذلك؛ لأنَّ الله ذمَّ من لم يفعل ذلك، والله سبحانه أعلم.

لەم سورەتەدا هاندانی تێدایە لەسەر ناندانی هەتیو و هەژاران و هاندان بۆ ئەو کارە ، وە دەستگرتن بە ئەنجامدانی نوێژەکان و پارێزگاری کردن لێیان و دڵسۆزی و ئیخلاص تیایدا و لە هەموو کردەوەکاندا ، وە هاندان بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە و پێدانی کەرەستە سووکەکان وەکو پێدانی دەفر و سوتڵ و کیتاب و نمونەی ئەوانە بە ئەمانەت ، چونکە خوای گەورە زەمی ئەو کەسانەی کردووە کە نایدەن و لە خەڵکی دەگرنەوە ، وە خوای گەورەش زاناترە .

# [تفسير سورة الكوثر وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (الكوثر) ئەوەیش سورەتێکی (مەککی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ١ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ٢ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلۡأَبۡتَرُ ٣﴾.

**(١) يقول الله تعالى لنبيِّه محمَّدٍ ﷺ ممتنًّا عليه: ﴿إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ﴾ أي: الخير الكثير والفضل الغزير، الَّذي من جملته ما يعطيه اللهُ لنبيِّه ﷺ يوم القيامة من النَّهر الَّذي يُقال له: الكوثر، ومن الحوض طولُه شهرٌ وعرضُه شهرٌ، ماؤه أشدُّ بياضًا من اللَّبن، وأحلى من العسل، آنيته عدد نجوم السَّماء في كثرتها واستنارتها، من شرب منه شربةً لم يظمأ بعدها أبدًا.**

١/ وەکو باسکردنی منەتی خۆی بە سەر پێغەمبەرەکەیەوە(ﷺ) خوای گەورە پێی دەفەرموێت : (إِنَّآ أَعۡطَيۡنَٰكَ ٱلۡكَوۡثَرَ ) واتە : خەیرێکی زۆر و فەزڵێکی فراوان ، کە یەکێک لەوانە ئەوەیە خوای گەورە دەیبەخشێتە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە رۆژی قیامەتدا روبارێکە کە پێی دەڵێن : (الكوثر) وە ئەو حەوزە درێژییەکەی مانگێکە و پانییەکەی مانگێکە ، ئاوەکەی لە شیر سپی ترە و لە هەنگوین شیرینترە ، پەرداخەکانی وەکو ئەستێرەکانی ئاسمانە لە ژمارە و درەوشانەوەدا ، هەرکەسێک جارێک لێی بخواتەوە ئەوا هەرگیز تینووی نابێت .

**(٢) ولـمَّا ذكر مِنَّته عليه أمَرَهُ بشكرها، فقال: ﴿فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ﴾ خصَّ هاتين العبادتين بالذِّكر لأنَّهما أفضل العبادات وأجلُّ القربات، ولأنَّ الصلاة تتضمَّن الخضوع في القلب والجوارح لله، وتنقله في أنواع العبوديَّة، وفي النَّحر تقرُّبٌ إلى الله بأفضل ما عند العبد من النَّحائر، وإخراجٌ للمال الَّذي جُبِلَت النُّفوس على محبَّته والشُّحِّ به.**

٢/ کاتێ باسی نیعمەتەکانی خۆی کرد بە سەریەوە ئەمجار فەرمانی پێکرد بە شوکرکردنی ، دەفەرموێت : ( فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ) ئەم دوو پەرستشەی تایبەتمەند کردووە چونکە باشترین پەرستشەکانن و پیرۆزترین ئەو کارانەن لە خوای گەورە نزیکی بکاتەوە ، هەروەها چونکە نوێژ ملکەچبوونی دڵ و ئەندامەکان لە خۆ دەگرێت بۆ خوای گەورە و دەیگوازێتەوە بۆ جۆرەکانی تری پەرستشەکان ، وە لە ئاژەڵ سەربڕین نزیک بوونەوە لە خوای گەورەی تێدایە بە باشترین شت کە لای عەرەب هەیە لە سەربڕینەکان ، وە دەرکردنی سامانە کە سروشتی مرۆڤەکانی پێوە بەندە لە سەر خۆشەویستی و چروکی بۆی .

**(٣) ﴿إِنَّ شَانِئَكَ﴾ أي: مبغضك وذامَّك ومتنقِّصك ﴿هُوَ ٱلْأَبْتَرُ﴾ أي: المقطوع من كلِّ خيرٍ، مقطوعُ العمل مقطوعُ الذِّكر، وأمَّا محمَّدٌ ﷺ فهو الكامل حقًّا، الَّذي له الكمال الممكن للمخلوق من رفع الذِّكر وكثرة الأنصار والأتباع ﷺ.**

٣/ (إِنَّ شَانِئَكَ ) واتە : ئەوەی رقی لێت دەبێتەوە و زەمت دەکات و بە کەمت دەزانێت ، (هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ) واتە : لە هەموو خەیر و چاکەیەک بچڕاوە ، کار و کرداری بچڕاوە و ناو و باسی بچڕاوە ، بەڵام (محمد) (ﷺ) ئەو بە راستی کەسێکی کاملە ، ئەو کەمالەی کە دەکرێت لە دروستکراوەکاندا بێتە دی لە بەرزراگرتنی ناوی و زۆری پشتیوان و شوێنکەوتوانی.

# [تفسير سورة قل يا أيُّها الكافرون وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (قل يا أيها الكافرون) ئەوەیش سورەتێکی (مەككی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ٢ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ
مَآ أَعۡبُدُ ٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ٤ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٥ لَكُمۡ دِينُكُمۡ
وَلِيَ دِينِ ٦﴾.

(١-٢) أي: قلْ للكافرين معلنًا ومصرِّحًا: ﴿لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ﴾ أي: تبرَّأ ممَّا كانوا يعبدون من دون الله ظاهرًا وباطنًا،

(١-٢) واتە : بە ڕوونی و ڕاشکاوی بە بێباوەڕان بڵێ و پێیان ڕابگەیەنە : (لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ) بەرائەتی خۆت لەوەی ئەوان دەیپەرستن لە جگە لە خوا ڕابگەیەنە بە ئاشکرا و بە پەنهانی

(٣-٥) ﴿وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ﴾ لعدم إخلاصكم في عبادتكم لله، فعبادتُكم له المقترنةُ بالشِّرك لا تُسمَّى عبادةً، وكرَّر ذلك ليدلَّ الأوَّل على عدم وجود الفعل والثَّاني على أنَّ ذلك قد صار وصفًا لازمًا، ولهذا ميَّز بين الفريقين، وفصل بين الطَّائفتين، فقال:

(٣-٥) (وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ) لەبەر نەبونی دڵسۆزی و ئیخلاص لە پەرستنتاندا بۆ خوای گەورە ، جا ئەو پەرستنەی ئێوە کە تێکەڵ بە شیرک و هاوەڵ بریاردانە پێی ناگوترێت پەرستن ، وە ئەوەی دووبارە کردووەوە بۆ

ئەوەی یەکەم بەڵگە بێت لەسەر بوونی کردارەکەو دووەم بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کەوا ئەوە بووەتە وەصفێکی لازم بۆی ، بۆیە ئەو دوو گرووپ و تاقمەی جیاکردەوە و فەرمووی :

**(٦) ﴿لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ﴾ كما قال تعالى: ﴿قُلۡ كُلّٞ يَعۡمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ﴾، أنتم بريئون مـمَّا أعمل وأنا بريءٌ مـمَّا تعملون.**

(٦) (لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ) هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت :﴿قُلۡ كُلّٞ يَعۡمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ ٨٤﴾الاسراء)[1] ئێوە بەرین لەوەی من دەیکەم و منیش بەریم لەوەی ئێوە دەیکەن .

---

(١) بڵێ: با هەردوولا (کافرو بڕوادار) لەسەر بیرو بۆچوونی خۆی چۆنی بۆ دەکرێ کار بکات؛ ئەگەر دڵ و دەروون پاك بێت، ئەوا کارو کرداری پاکی لێ دەوەشێتەوە، ئەگینا بەپێچەوانەوە. (تەفسیری رامان)

# [تفسير سورة النَّصر وهي مدنيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (النصر) ئەویش سورەتێکی (مەدەنی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ
ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ٣﴾.

(١-٣) في هذه السُّورة الكريمة بشارةٌ، وأمرٌ لرسوله عند حصولها، وإشارةٌ وتنبيهٌ على ما يترتَّب على ذلك، فالبشارةُ هي البشارة بنصر الله لرسوله، وفتحه مكَّة، ودخول النَّاس ﴿فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا﴾ بحيث يكون كثيرٌ منهم من أهله وأنصاره بعد أن كانوا من أعدائه، وقد وقع هذا المبشَّر به.

١/ لەم سورەتە پیرۆزەدا موژدەیەکی تێدایە ، وە فەرمانێکی تێدایە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەگەر روویدا ، وە ئاماژەیەک و ورياکردنەوەیەکی تێدایە لەسەر ئەوەی لەسەری بنیات دەنرێت ، جا موژدەکەی موژدەی سەرخستنی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) لە لایەن خوای گەورەوە ، وە رزگارکردنی مەککەیە ، وەخەڵکی دێنە ناو دینی خواوە (فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ) بە شێوەیەک زۆربەی دانیشتوانەکەی دەبنە ئەهل و پشتیوانی لە پاش ئەوەی لە دوژمنانی بوون ، وە ئەوەی کە موژدەی پێدرا هاتە دی .

وأمَّا الأمر بعد حصول النَّصر والفتح؛ فأمر اللَّهُ رسولَه أن يشكره على ذلك ويسبِّح بحمده ويستغفره.

بەڵام ئەو کارەی کە لە پاش ڕوودانی سەرکەوتن و ڕزگارکردنە کە ڕوودەدەن ، ئەویش فەرمان کردنە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کەوا سوپاسگوزاری بێت و تەسبیحاتی بکات و ستایشی بکات و داوای لێخۆشبوونی لێ بکات .

وأمَّا الإشارة فإنَّ في ذلك إشارتين: إشارة أنَّ النَّصر يستمرُّ للدِّين ويزداد عند حصول التَّسبيح بحمد الله واستغفاره من رسوله، فإنَّ هذا من الشُّكر، والله يقول: ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾،

بەڵام ئاماژەکە دوو ئاماژەیە : ئاماژەیەک کەوا سەرکەوتن بەردەوام دەبێت بۆ دینی خوا و زیاد دەکات لە کاتی ئەنجامدانی تەسبیح و ستایشی خوای گەورەو داوای لێخۆشبوون لە لایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، جا ئەمە بەشێکە لە شوکر ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ﴾ إبراهيم)[١]

وقد وُجِدَ ذلك في زمن الخلفاء الرَّاشدين وبعدهم في هذه الأمَّة، لم يزل نصر الله مستمرًّا حتَّى وصل الإسلام إلى ما لم يصل إليه دينٌ من الأديان، ودخل فيه من لم يدخل في غيره، حتَّى حدث من الأمَّة من مخالفة أمر الله ما حدث، فابتُلوا بتفرُّق الكلمة وتشتُّت الأمر، فحصل ما حصل، ومع هذا فلهذه الأمَّة وهذا الدِّين من رحمة الله ولطفه ما لا يخطر بالبال أو يدور في الخيال.

وە ئەمەش لە سەردەمی خەلیفە ڕاشدییەکاندا بە دی کرا و لە پاش ئەوانیش لەم ئوممەتە ، سەرکەوتنی دینی خوا بەردەوام دەبێت تاوەکو ئیسلام گەیشتە ئەو جێگەیەی کە هیچ دینێک لە دینەکان پێی نەگەیشتووە ، وە هێندە خەڵکی هاتنە ناو دینەکەوە کە هەرگیز ئەوەندە نەچوونەتە ناو هیچ دینێکەوە ، تاوەکو ئەو کاتەی لەم ئوممەتەدا جیاوازییان کرد لە گەڵ فەرمانەکانی خوادا بۆیە ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا ، ئەوانیش تووشی دووبەرەکی وناکۆکی

---

(١) ئەگەر لەبەرامبەر نیعمەتەکانمەوە سوپاسگوزاریی بکەن، ئەوا منیش نیعمەت و بەخششی خۆمتان بۆ زیاد دەکەم(تەفسیري رامان)

بوون ، ئەوەی روویدا روویدا ، لە گەڵ ئەوەشدا بۆ ئەم ئوممەتە و بۆ ئەم دینە هێندە میهرەبانی و بەزەیی خوای گەورەی رژاوەتە سەر کە بە بیر و خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەهاتووە .

وأمَّا الإشارة الثّانية فهي الإشارة إلى أنَّ أجلَ رسول الله ﷺ قد قرب ودنا، ووجه ذلك أنَّ عمره عمرٌ فاضلٌ، أقسم الله به، وقد عُهِدَ أنَّ الأمور الفاضلة تُـخْتَم بالاستغفار كالصَّلاة والحجِّ وغير ذلك، فأمر الله لرسوله بالحمد والاستغفار في هذه الحال إشارةٌ إلى أنَّ أجله قد انتهى، فلْيستعدَّ ويتهيَّأ للقاء ربِّه ويختم عمره بأفضل ما يجده صلوات الله وسلامه عليه، فكان ﷺ يتأوَّل القرآن ويقول ذلك في صلاته، يكثر أن يقول في ركوعه وسجوده: «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي».

وە ئاماژەی دووەم ئەویش ئەو ئاماژەیە کەوا ئەجەلی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزیک بووەتەوە ، وە ئەویش لەو رووەوە دەبێت کەوا تەمەنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەمەنێکی پڕ نیعمەت و بەخششە ، خوای گەورە سوێندی پێی خواردووە، وە پەیمان وا دراوە کەوا کارە چاک و پڕ نیعمەتەکان بە ئیستغفار کۆتایی پێ بێت وەکو نوێژ و حەج و نمونەی ئەوانە ، بۆیە خوای گەورە فەرمانی کردە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە حەمد و سەنای خوای گەورە و ئیستغفار لەم حاڵەتەدا وەکو ئاماژەیەک کەوا ئەجەلی ئەو کۆتایی پێ هات ، بۆیە با خۆی ئامادە بکات بۆ دیدەنی و چاوپێکەوتنی خواکەی خۆی و با تەمەنەکەی بە باشترین شت کۆتایی پێ بهێنێت ، بۆیە ئەویش ئەو قورئانەی بە کردار راقەدەکرد و هەردەم ئەوەی لە نوێژەکانیدا دووبارە دەکردەوە ، وە زۆر جار لە سوژدە و کرنۆشەکانیدا دەیفەرموو : (سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي) .

# [تفسير سورة تبَّت وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (تبَّت) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١ مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ٢
سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ ٣ وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ٤ فِي جِيدِهَا حَبۡلٞ
مِّن مَّسَدِۭ ٥﴾.

**أبو لهبٍ هو عمُّ النَّبيِّ ﷺ، وكان شديد العداوة والأذيَّة له، فلا فيه دينٌ له، ولا حميَّةٌ للقرابة، قبَّحه الله، فذمَّه الله بهذا الذَّمِّ العظيم الَّذي هو خزيٌ عليه إلى يوم القيامة، فقال:**

(ئەبو لەهەب) مامی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ، وە یەکێک بوو لەوانەی زۆر دژایەتی دەکرد و ئازاری دەدا ، خاوەنی هیچ دینێک نەبوو ، وە هیچ دەمارگیرییەکی نەبوو لەبەر خزمایەتی ڕێگری لێ بکات -خوای گەورە لە هەموو خەیرێک بی بەشی بکات- بۆیە خوای گەورە بەم زەمە گەورە زەمی کردووە کە ئەویش شەرمەزارییە تا ڕۆژی قیامەت ، دەفەرموێت :

**(١) ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ﴾ أي: خسرت يداه وشقي، ﴿وَتَبَّ﴾ فلم يربح.**

١/ (تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ) واتە : هەردوو دەستی تیابچێت و بەدبەخت بێت (وَتَبَّ) وە هیچ قازانجێکی نەکرد .

(٢) ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ﴾ الَّذي كان عنده فأطغاه، ولا (وَمَا كَسَبَ ) فلم يردَّ عنه شيئًا من عذاب الله إذ نزل به.

٢/ ( مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ ) ئەو سامانەی کە هەیبوو و بە هۆیەوە لە خۆبایی بوو، (وَمَا كَسَبَ ) وە نەیتوانی هیچ شتێک لە عەزابی خوا لە خۆی دوور بخاتەوە ئەگەر تووشی ببێت .

(٣) ﴿ سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ﴾ أي: ستحيط به النَّار من كلِّ جانبٍ، هو

(٣) ( سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ) واتە : لە هەموو لایەکەوە ئاگر دەوری دەدات ، خۆی و

(٤-٥) ﴿وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ﴾ وكانت أيضًا شديدة الأذيَّة لرسول الله ﷺ، تتعاون هي وزوجها على الإثم والعدوان، وتلقي الشَّرَّ، وتسعى غاية ما تقدر عليه في أذيَّة الرَّسول ﷺ، وتجمع على ظهرها الأوزار بمنزلة من يجمع حطبًا، قد أعدَّ له في عنقه حبلًا

﴿مِّن مَّسَدِۭ ﴾ أي: من ليفٍ، أو أنَّها تحمل في النَّار الحطب على زوجها متقلِّدةً في عنقها حبلًا من مسدٍ.

(٤-٥) (وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ) ئەویش زۆر ئازاری پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەدا ، خۆی و پیاوەکەی یارمەتی یەکتریان دەدا لەسەر خراپە و دوژمنایەتی ، وە خراپەی بڵاو دەکردەوە ، وە لەوپەڕی هەوڵ و کۆشش دا بوو بۆ ئازاردانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە تاوان و خراپەی لەسەر شانی خۆی هەڵدەگرت وەکو ئەوەی کۆڵەداری لەسەر شانی خۆی کۆ بکاتەوە ، جا ئەو گوریسێکی لە گەردندا بۆ ئامادە کراوە (مِّن مَّسَدِۭ ) واتە : لە ریشاڵی دارە خورما ، یان ئەو لە ئاگردا کۆڵەدار هەڵدەگرێت بۆ سەر پیاوەکەی و گوریسێکی لە پوشی دارەخورما لە گەردنی خۆییشیدا هەیە .

**وعلى كلٍّ؛ ففي هذه السُّورة آيةٌ باهرةٌ من آيات الله، فإنَّ الله أنزل هذه السُّورة وأبو لهبٍ وامرأته لم يهلكا، وأخبر أنَّهما سيعذَّبان في النَّار ولا بدَّ، ومن لازم ذلك أنَّهما لا يُسلمان، فوقع كما أخبر عالم الغيب والشَّهادة.**

به هەر حاڵ ، لەم سورەتەدا نیشانەیەکی روون و ئاشکرای تێدایە لە ئایەتەکانی خوای گەورە ، کاتێ خوای گەورە ئەم سورەتەی دابەزاند هێشتا ئەبو لەهەب و خێزانەکەی نەمردبوون ، وە هەواڵی دا کەوا ئەوان دەبێت لە ئاگردا سزا بدرێن ، وە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئەوان موسڵمان نابن ، جا هەروەکو خوای زانا بە گشت دیار و نادیارەکان هەواڵی دا ئاوا روویدا .

# [تفسير سورة الإخلاص وهي مكِّيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (الإخلاص) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾.

(١) أي: ﴿قُلْ﴾ قولًا جازمًا به معتقدًا له عارفًا بمعناه: ﴿هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ أي: قد انحصرت فيه الأحديَّة، فهو الأحد المنفرد بالكمال، الَّذي له الأسماء الحسنى والصِّفات الكاملة العليا والأفعال المقدَّسة، الَّذي لا نظير له ولا مثيل.

١/ واتە: (قُلْ) وتنێکی یەکلایی بێت و باوەڕت پێی هەبێت و ماناکەی بزانیت: (هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ) واتە: تاک و تەنهایی لە ئەودا حەصر بووە، جا ئەو تاک و تەنهایە لە کەمالدا، کە خاوەنی ناوە جوانەکان و صیفاتە بەرزەکان و کارە پیرۆزەکانە، کە بە هیچ شێوەیەک هاوتا و هاوشێوەی نییە.

(٢) ﴿ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ﴾ أي: المقصود في جميع الحوائج، فأهل العالم العلويِّ والسُّفليِّ مفتقرون إليه غاية الافتقار، يسألونَه حوائجَهم، ويرغَبون إليه في مهمَّاتهم؛ لأنَّه الكامل في أوصافه، العليم الَّذي قد كمل في علمه، الحليم الَّذي قد كمل في حلمه، الرَّحيم الَّذي كمل في رحمته، الَّذي وسعت رحمتُه كلَّ شيءٍ... وهكذا سائر أوصافه.

٢/ (ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ) واتە: لە هەموو پێداویستیەکاندا روو لە ئەو دەکرێت، جا جیهانی سەرەوە و خوارەوە پێویستیان بە ئەوە بە ئەوپەڕی پێویستی،

داوای پێداویستیەکانیان لێ دەکەن ، وە لە کارە گرنگەکانیاندا بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ، چونکە ئەو کاملە لە هەموو صیفاتەکانیدا ، زانایە کە زانست و زانیارییەکەی کامل بووە ، لەسەرخۆ و میهرەبانە کە میهرەبانییەکەی کامل بووە ، بەخشندە و بە بەزەییە کە ڕەحمەت و بەزەییەکەی کامل بووە، ڕەحمەتەکەی هەموو شتێکی گرتووەتەوە .... ئا بەم شێوەیە بۆ هەموو صیفاتەکانی تر دەگوترێت .

**(٣) ومن كماله أنَّه ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ﴾ لكمال غناه.**

٣/ وە هەر لە کەماڵی ئەو (لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ) لە بەر کەماڵی بێنیازی خۆی لە جگە لە خۆی .

**(٤) ﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ﴾ لا في أسمائه، ولا في صفاته، ولا في أفعاله، تبارك وتعالى.**

٤/ ( وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ) نە لە ناوەکانیدا ، نە لە صیفاتەکانیدا ، نە لە کردارەکانیدا ، بەرزی پیرۆزی بۆ خوای گەورە .

**فهذه السُّورة مشتملةٌ على توحيد الأسماء والصِّفات.**

جا ئەم سورەتە تەوحیدی ناو و صیفاتەکانی لە خۆ گرتووە .

## [تفسير سورة الفلق وهي مكِّيَّةٌ]
## تەفسیری سورەتی (الفلق)
## ئەویش سورەتێكی (مەككی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ
٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ٥﴾.

(١) أي: ﴿قُلۡ﴾ متعوِّذًا: ﴿أَعُوذُ﴾ أي: ألجأ وألوذُ وأعتصمُ، ﴿بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ﴾ أي: فالق الحبِّ والنَّوى، وفالق الإصباح.

١/ واتە : (قُلۡ) وەكو خۆدانە پاڵ (أَعُوذُ) واتە : خۆم داڵدە دەدەم و پەنا دەگرم و خۆم دەسپێرمە (بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ) واتە : ئەو كەسەی تۆ و ناوكی لەت كردووە و سپیایی بەیانیانی هێنایە بوون .

(٢) ﴿مِن شَرِّ مَا خَلَقَ﴾ وهذا يشمل جميع ما خلق الله من إنسٍ وجنٍّ وحيواناتٍ؛ فيُستعاذ بخالقها من الشَّرِّ الَّذي فيها.

٢/ (مِن شَرِّ مَا خَلَقَ) ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە كەوا خوای گەورە دروستی كردوون لە مرۆڤ و جنۆكە و گیانلەبەران ، جا پەنا دەگیرێت بە دروستكارەكەی لەو خراپەی تیایدایە .

(٣) ثمَّ خصَّ بعدما عمَّ فقال: ﴿وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ﴾ أي: من شرِّ مايكون في اللَّيل حين يغشى النَّاسَ، وتنتشر فيه كثيرٌ من الأرواح الشِّرِّيرة والحيوانات المؤذية.

٣/ لە پاش ئەوەی بە گشتی باسی کرد ئەمجار تایبەتی کرد و فەرمووی : ( وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ) واتە : لە خراپەی ئەوەی لە شەوگاردا روو دەدەن لە پاش ئەوەی خەڵکی دەخەون ، وە زۆرێک لە رۆحە خراپەکان و گیاندارە درندە و زیانبەخشەکان بڵاو دەبنەوە .

(٤) ﴿ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ﴾ أي: ومن شرِّ السَّواحر اللَّاتي يَسْتَعِنَّ على سحرهنَّ بالنَّفْثِ في العقد الَّتي يَعْقِدْنها على السِّحر.

٤/ ( وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ ) واتە : لە خراپەی ئەو جادووبازانە کە بە فووکردن بە گرێدا پەنا دەبەنە بەر سیحرەکەیان و لە کاتی سیحرکردندا گرێی دەدەن .

(٥) ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾ والحاسدُ هو الَّذي يحبُّ زوال النِّعمة عن المحسود، فيسعى في زوالها بما يقدر عليه من الأسباب، فاحتيج إلى الاستعاذة بالله من شرِّه وإبطال كيده، ويدخل في الحاسد العائنُ؛ لأنَّه لا تصدر العين إلَّا من حاسدٍ شرِّيرِ الطَّبع خبيث النَّفس.

٥/ ( وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ) کەسی حەسود ئەو کەسەیە کە پێی خۆشە نیعمەتەکانی سەر ئەو کەسە نەمێنێ کە ئەم حەسودی پێ دەبات ، بۆیە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات بۆ نەمان و لەناوبردنی ، جا پێویست دەکات بە پەناگرتن بە خوای گەورە لە خراپەی و پوچەڵ کردنەوەی فێڵ و تەڵەکەبازیەکەی ، هەروەها چاوپیسیش دەگرێتەوە ، چونکە چاوپیسی لە کەسێکی حەسودی تەبیعەت خراپ و نەفس پیسەوە دەردەچێت و روودەدات.

فهذه السُّورة تضمَّنت الاستعاذة من جميع أنواع الشُّرور عمومًا وخصوصًا، ودلَّت على أنَّ السِّحر له حقيقةٌ يُخشى من ضرره ويُستعاذ بالله منه ومن أهله.

ئەم سورەتە پەناگرتن لە خۆ دەگرێت لە هەموو جۆرەکانی خراپەکاری گشتی و تایبەتی ، بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کەوا سیحر حەقیقەتی هەیە و ترس لە زەرەر و زیانەکەی دەکرێت و پەنا دەگیرێت بە خوا لێی و لە کەسە زیانبەخشەکان .

# [تفسير سورة النَّاس وهي مدنيَّةٌ]
# تەفسیری سورەتی (الناس) سورەتێکی (مەدەنی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴿١﴾ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ﴿٢﴾ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ﴿٣﴾ مِن شَرِّ ٱلْوَسْوَاسِ ٱلْخَنَّاسِ ﴿٤﴾ ٱلَّذِى يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴿٥﴾ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ﴿٦﴾﴾.

(١-٦) وهذه السُّورة مشتملةٌ على الاستعاذة بربِّ النَّاس ومالكهم وإلههم من الشَّيطان، الَّذي هو أصل الشُّرور كلِّها ومادَّتها، الَّذي من فتنته وشرِّه أنَّه ﴿يُوَسْوِسُ فِى صُدُورِ ٱلنَّاسِ﴾؛ فيحسِّن لهم الشَّرَّ، ويريهم إيَّاه في صورةٍ حسنةٍ، وينشِّط إرادتهم لفعله، ويثبِّطهم عن الخير، ويريهم إيَّاه في صورةٍ غير صورتِه، وهو دائمًا بهذه الحال، يوسوس ثمَّ يخنِسُ، أي: يتأخَّر عن الوسوسة إذا ذكر العبد ربَّه واستعان به على دفعه، فينبغي له أن يستعين ويستعيذ ويعتصم بربوبيَّة الله للنَّاس كلِّهم، وأنَّ الخلق كلَّهم داخلون تحت الرُّبوبيَّة والملك، فكلُّ دابَّةٍ هو آخذٌ بناصيتها، وبألوهيَّته الَّتي خلقهم لأجلها، فلا تتمُّ لهم إلَّا بدفع شرِّ عدوِّهم الَّذي يريد أن يقتَطِعَهم عنها ويحول بينهم وبينها، ويريد أن يجعلهم من حزبِه؛ لِيكونوا من أصحاب السَّعير، والوسواس كما يكون من الجنِّ يكون من الإنس، ولهذا قال: ﴿مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ﴾.

١-٦/ ئەم سورەتە پەناگرتنی تیادایە بە پەروەردگار و خاوەن و خودای خەڵکی لە شەیتان ، کە بنەمای هەموو خراپەیەکە ، ئەوەی کە هەر لە فیتنە و خراپەی

ئەوەیە (﴿يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ﴾ ) کاری خراپەیان لا جوان دەکاتەوە ، بە شێوەیەکی جوان دەیهێنێتە پێش چاویان ، وە چست و چالاکیان دەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی ، وە ساردیان دەکاتەوە لە کاری چاکە ، وە بە شێوەیەکی تر لە شێوەکەی خۆی دەیهێنێتە پێش چاویان ، ئەویش هەموو کاتێک وایە ، وەسوەسە دەکات ئەمجار (یُخنِّس) واتە : وەسوەسەکەی دوا دەخات ئەگەر بەندە یادی خوای کرد و پەنای بە خوای گەورە گرت بۆ پاڵنان و لە ناوبردنی ، بۆیە پێویستە پەنای پێ بگرێت و خۆی بداتە پاڵ پەروەردگارێتی خوای گەورە بەسەر هەموو خەڵکیەوە ، وە هەموو دروستکراوەکان داخلی پەروەردگارێتی و خاوەندارێتی ئەون ، هەموو ئەوەی لەسەر زەوی رێ دەکات ئەوا نێوچاوانی بە دەستی خوداوەیە ، وە بە خوداوەندێتی کە لەو پێناوەدا دروستی کردوون ، ئەمەش بۆیان تەواو نابێت تاوەکو بە پاڵنان و لە ناوبردنی خراپەی دوژمنەکەیان کە دەیەوێ لە یەکیان ببچڕێنی و دووریان بخاتەوە لەو کارەو بیانکاتە حیزب و تاقمی خۆی ، بۆ ئەوەی بچنە دۆزەخەوە، جا وەسوەسە هەروەکو چۆن لە جنۆکەوە دەبێت لە مرۆڤیشەوە دەبێت ، بۆیە دەفەرموێت : (﴿مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ﴾ ) .

والحمد لله ربِّ العالمين أوَّلًا وآخرًا وظاهرًا وباطنًا، ونسأله تعالى أن يتمَّ نعمته، وأن يعفو عنَّا ذنوبنا الَّتي حالت بيننا وبين كثيرٍ من بركاته، وخطايا وشهواتٍ ذهبت بقلوبنا عن تدبُّر آياته، ونرجوه ونأمل منه أن لا يحرمنا خير ما عنده بشرِّ ما عندنا؛ فإنَّه لا ييأس من روح الله إلَّا القوم الكافرون، ولا يقنط من رحمته إلَّا الضَّالُّون، وصلَّى الله وسلَّم على رسوله محمَّدٍ وعلى آله وصحبه أجمعين، صلاةً وسلامًا دائمين متواصلين أبد الأوقات، والحمد لله الَّذي بنعمته تتمُّ الصَّالحات.

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان لە سەرەتا و کۆتاییدا و بە ئاشکرا و بە پەنهانی ، وە داوا لە خوای گەورە دەکەین نیعمەتەکانی خۆی بە سەرماندا تەواو بکات ، وە لە تاوانەکانمان خۆش بێت کە بوونەتە هۆی رێگر لە نێوان ئێمە و زۆرێک لە بەرەکەتەکانیدا ، وە تاوان و شەهەوات کە دڵی

داگرتووین و بوونەتە ڕێگر لە نێوان ئێمە و تێگەیشتن لە ئایەتەکانی ، وە تکای لا دەکەین و ئومێدمان هەیە کە مەحروممان نەکات لەو خەیرەی لای خۆی هەیە بە هۆی ئەو خراپانەوە کە لای ئێمە هەیە ، وە هیچ کەس بێ ئومێد نابێت لە ڕەحمەتی خۆی ئیللا بێباوەڕان نەبێت ، وە هیچ کەسێک بێ هیوا نابێت لە ڕەحمەتی خۆی ئیللا گومڕاکان نەبێت ، وە صەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا (محمد) (ﷺ) و لەسەر هەموو کەس و کار و هاوەڵانی ، بە صەڵات و سەلامێکی بەردەوام تاوەکو ڕۆژی قیامەت ، وە سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بە نیعمەتەکانی بە چاکەکان کۆتایی پێ دێت .

# کتێبی دووەم : چل فەرموودەکەی نەوەوی

# الكتاب الثَّاني: «الأربعون في مباني الإسلام وقواعد الأحكام» المشهور بـ: «الأربعون النَّوويَّة»

للعلَّامة: أبي زكريَّا يحي بن شرفٍ الحزاميِّ النَّوويِّ $

# المقدِّمـــــة
# پێشـــــەکی

الْحَمْدُ لله رَبِّ الْعَالَمِينَ، قَيُّومِ السَّموَاتِ وَالْأَرَضِينَ، مَدَبِّرِ الْـخَلَائِقِ أَجْمَعِينَ، بَاعِثِ الرُّسُلِ -صَلَوَاتُهُ وَسَلَامُهُ عَلَيْهِمْ- إِلَى الْـمُكَلَّفِينَ؛ لِهِدَايَتِهِمْ وَبَيَانِ شَرَائِعِ الدِّينِ، بِالدَّلَائِلِ الْقَطْعِيَّةِ وَوَاضِحَاتِ الْبَرَاهِينِ، أَحْمَدُهُ عَلَى جَمِيعِ نِعَمِهِ، وَأَسْأَلُهُ الْـمَزِيدَ مِنْ فَضْلِهِ وَكَرَمِهِ.

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، راگری ئاسمانەکان و زەوییەکان، بەڕێوەبەری کاروباری هەموو دروستکراوەکان، نێردەری پێغەمبەران بۆ لای تەکلیف لێکراوەکان، بۆ هیدایەت دان و روونکردنەوەی شەریعەتەکانی دینەکە، بە بەڵگە روون و ئاشکراکان ، سوپاسی دەکەم لەسەر هەموو نیعمەتەکانی ، وە داوای فەزڵ و کەرەمی زیاتری لێ دەکەم .

وَأَشْهَدُ أَلَّا إِلَـهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ الْوَاحِدُ القَهَّارُ، الْكَرِيمُ الْغَفَّارُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ وَحَبِيبُهُ وَخَلِيلُهُ، أَفْضَلُ الْـمَخْلُوقِينَ، الْـمُكَرَّمُ بِالْقُرْآنِ الْعَزِيزِ، الْمُعْجِزَةِ الْمُسْتَمِرَّةِ عَلَى تَعَاقُبِ السِّنِينَ، وَبِالسُّنَنِ الْمُسْتَنِيرَةِ لِلْمُسْتَرْشِدِينَ، الْمَخْصُوصِ بِجَوَامِعِ الْكَلِمِ وَسَمَاحَةِ الدِّينِ، صَلَوَاتُ اللهِ وَسَلَامُهُ عَلَيْهِ وَعَلَى سَائِرِ النَّبِـيِّينَ وَالْـمُرْسَلِينَ، وَآلِ كُلٍّ وَسَائِرِ الصَّالِحِينَ.

وە شایەتی دەدەم کەوا هیچ خودایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت، تەنها و بێ شەریکە، تاک و زاڵە بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا، بەڕێز و لێبوردەیە ، وە شایەتی دەدەم کەوا موحەممەد بەندە و نێردراو و خۆشەویست و خەلیلی ئەوە، باشترین و چاکترین دروستکراوەکانی خوایە ، رێزدار کراوە بە قورئانی پیرۆز ، موعجیزەی بەردەوام بە تێپەڕبوونی ساڵەکان

و تا هەتایە ، وە بە سوننەتە روونا ک کەرەوە کان بۆ ئەوانەی ڕێنموییان دەوێت، تایبەتمەند کراوە بە کۆکەرەوەی وشەکان و نەرمونیانی لە دیندا ، صەڵات و سەلامی خوای گەورە لەسەر خۆی و هەموو پێغەمبەران و نێردراوان بێت ، وە هەموو کەسوکاریان و هەموو پیاوچاکان .

أَمَّا بَعْدُ؛ فَقَدْ رُوِّينَا عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ، وَعَبْدِ الله بْنِ مَسْعُودٍ، وَمُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ، وَأَبِي الدَّرْدَاءِ، وَابْنِ عُمَرَ، وَابْنِ عَبَّاسٍ، وَأَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، وَأَبِي هُرَيْرَةَ، وَأَبِي سَعِيدٍ الْـخُدْرِيِّ ڤ أَجْمَعِينَ= مِنْ طُرُقٍ كَثِيرَاتٍ بِـرِوَايَاتٍ مُتَنَوِّعَاتٍ؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: «مَنْ حَفِظَ عَلَى أُمَّتِي أَرْبَعِينَ حَدِيثًا مِنْ أَمْرِ دِينِهَا بَعَثَهُ اللهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِي زُمْرَةِ الْفُقَهَاءِ وَالْعُلَمَاءِ».

أما بعد : لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب و عەبدوڵای کوڕی مەسعود و موعازی کوڕی جەبەل و ئەبولدەرداء و ئیبن عومەر و ئیبن عەبباس و ئەنەسی کوڕی مالیک و ئەبو هورەیرە و ئەبو سەعیدی ئەلخودرییەوە ریوایەت کراوە بە چەندین ڕێگا و ریوایەتی جۆراوجۆر ، کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (هەر کەسێک چل فەرموودە بۆ ئوممەتەکەم بپارێزێت و پێیان بگەیەنێت لە کاروباری دینەکەیاندا ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لە گەڵ گرووپ و تاقمی فەقیهەکان و زاناکاندا زیندووی دەکاتەوە)

وَفِي رِوَايَةٍ: «بَعَثَهُ اللهُ فَقِيهًا عَالِمًا».

وە لەریوایەتێکی تردا هاتووە : (ئەوا خوای گەورە وەکو فەقیە و زانا زیندووی دەکاتەوە)

وَفِي رِوَايَةِ أَبِي الدَّرْدَاءِ: «وَكُنْتُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَافِعًا وَشَهِيدًا».

وە لە ریوایەتەکەی ئەبولدەردائەوە هاتووە : (لە ڕۆژی قیامەتدا دەبمە تکاکار و شاهید بۆی)

وَفِي رِوَايَةِ ابْنِ مَسْعُودٍ: «قِيلَ لَهُ: ادْخُلْ مِنْ أَيِّ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ شِئْتَ».

وە لە ریوایەتەکەی ئیبن مەسعوددا هاتووە : (پێی دەگوترێت : لە هەر دەرگایەک لە دەرگاکانی بەهەشتەوە دەتەوێت بچۆرە ژوورەوە)

وَفِي رِوَايَةِ ابْنِ عُمَرَ: «كُتِبَ فِي زُمْرَةِ الْعُلَمَاءِ، وَحُشِرَ فِي زُمْرَةِ الشُّهَدَاءِ».

وە لە ریوایەتەکەی ئیبن عومەردا هاتووە : (لەگەڵ گرووپی زاناکاندا ناوی تۆمار دەکرێت و لەگەڵ گرووپی شەهیدەکاندا زیندوو دەکرێتەوە) .

وَاتَّفَقَ الْحُفَّاظُ عَلَى أَنَّهُ حَدِيثٌ ضَعِيفٌ؛ وَإِنْ كَثُرَتْ طُرُقُهُ.

وە زاناکان یەک دەنگن لەسەر ئەوەی کە فەرموودەکە (ضعيف)ـە هەرچەندە لە چەند رێگایەکەوە ریوایەت کراوە.

وَقَدْ صَنَّفَ الْعُلَمَاءُ ڤ فِي هَـٰذَا الْبَابِ مَا لَا يُحْصَى مِنَ الْمُصَنَّفَاتِ، فَأَوَّلُ مَنْ عَلِمْتُهُ صَنَّفَ فِيهِ عَبْدُ اللهِ بْنُ الْمُبَارِكِ.

وە زانایان لەم بابەتەدا چەندین کتێبیان نوسیوەتەوە کە لە ژماردن نایەت، ئەوەی من بزانم یەکەم کەس عەبدوڵای کوڕی ئەلموبارەک لەم بابەتەدا کتێبی نوسیوەتەوە .

ثُمَّ مُحَمَّدُ بْنُ أَسْلَمَ الطُّوسِيُّ الْعَالِمُ الرَّبَّانِيُّ، ثُمَّ الْحَسَنُ بْنُ سُفْيَانَ النَّسَوِيُّ، وَأَبُو بَكْرٍ الآجُرِّيُّ، وَأَبُو بَكْرٍ مُحَمَّدُ بْن إِبْرَاهِيمَ الْأَصْفَهَانِيُّ، وَالدَّارَقُطْنِيُّ، وَالْحَاكِمُ، وَأَبُو نُعَيْمٍ، وَأَبُو عَبْدِ الرَّحْمَـٰنِ السُّلَمِيُّ، وَأَبُو سَعْدٍ المَالِينِيُّ، وَأَبُو عُثْمَانَ الصَّابُونِيُّ، وَعَبْدُ اللهِ بْنِ مُحَمَّدٍ الْأَنْصَارِيُّ، وَأَبُو بَكْرٍ الْبَيْهَقِيُّ.. وَخَلَائِقُ لَا يُحْصَوْنَ مِنَ الْمُتَقَدِّمِينَ وَالْمُتَأَخِّرِينَ.

ئەمجار زانای خواناس موحەممەدی کوڕی ئەسلەمی ئەلتووسی ، ئەمجار ئەلحەسەنی کوڕی سوفیانی ئەلنەسەوی و ئەبوبەکری ئەلئاجوری و ئەبو بەکر موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی ئەلئەصفەهانی و ئەلدارە قوتنی و ئەلحاکیم و ئەبونوعەیم و ئەبو عەبدولرەحمانی ئەلسولەمی و ئەبو سەعدی ئەلمالینی و ئەبو عوسمان ئەلسابونی و عەبدوڵای کوڕی موحەممەدی ئەلئەنصاری و

ئەبو بەکری ئەلبەیهەقی ... وە چەندین کەسی تر لە زانا پێشین و پاشینەکان کە لە ژماردن نایەن .

وَقَدْ اسْتَخَرْتُ اللهَ تَعالَى فِي جَمْعِ أَرْبَعِينَ حَدِيثًا اقْتِداءً بِهَؤُلَاءِ الْأَئِمَّةِ الْأَعْلَامِ وَحُفَّاظِ الْإِسْلَامِ.

وە ئیستیخارەی خوای گەورەم کرد بۆ کۆکردنەوەی چل فەرموودە وەکو شوێنکەوتنی ئەو زانا پێشەوا و پارێزەرانەی ئیسلام.

وَقَدْ اتَّفَقَ الْعُلَمَاءُ عَلَى جَوَازِ الْعَمَلِ بِالْحَدِيثِ الضَّعِيفِ فِي فَضَائِلِ الْأَعْمَالِ، وَمَعَ هَـٰذَا فَلَيْسَ اعْتِمَادِي عَلَى هَـٰذَا الْحَدِيثِ؛ بَلْ عَلَى قَوْلِهِ ﷺ فِي الْأَحَادِيثِ الصَّحِيحَةِ: «لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ مِنْكُمُ الْغَائِبَ»، وَقَوْلُهُ ﷺ: «نَضَّرَ اللهُ امْرَأً سَمِعَ مَقَالَتِي فَوَعَاهَا فَأَدَّاهَا كَمَا سَمِعَهَا».

وە زانایان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کەوا دروستە کار بە فەرموودەی (ضعیف) بکەن لە (فضائل الاعمال)دا ، وە لە گەڵ ئەوەیشدا پشتم بە ئەو فەرموودەیە نەبەستووە بەڵکو بە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە فەرموودە (صحیح)ەکاندا هاتووە و فەرموویەتی : (دەبا ئەوەی لێرەیە و ئامادەیە ئاگاداری ئەوانەتان بکاتەوە کە لێرە نین) وە ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (خوای گەورە ڕووی ئەو کەسە جوان و گەش بکاتەوە کە فەرموودەیەکی لە ئێمەوە بیستووە و لێی تێگەیشتووە ، پاشان گەیاندویەتی وەکو چۆن بیستویەتی) .

ثُمَّ مِنَ الْعُلَمَاءِ مَنْ جَمَعَ الْأَرْبَعِينَ فِي أُصُولِ الدِّينِ، وَبَعْضُهُمْ فِي الْفُرُوعِ، وَبَعْضُهُمْ فِي الْجِهَادِ، وَبَعْضُهُمْ فِي الزُّهْدِ، وَبَعْضُهُمْ فِي الْآدَابِ، وَبَعْضُهُمْ فِي الْـخُطَبِ، وَكُلُّهَا مَقَاصِدُ صَالِحَةٌ رَضِيَ اللهُ عَنْ قَاصِدِيهَا.

پاشان هەندێ لە زانایان چل فەرموودەیان کۆکردووەتەوە لە بنەماو ئوصولەکاندا و هەندێکیان لە لق و فروعەکاندا ، وە هەندێکیان لە جیهاددا، وە هەندێکیان لە زوهددا و هەندێکیان لە ئادابەکاندا، وە هەندێکیان لە وتارەکاندا، وە هەمووی مەبەستی چاکن خوای گەورە ڕازی بێت لە خاوەنەکانیان .

وَقَدْ رَأَيْتُ جَمْعَ أَرْبَعِينَ أَهَمَّ مِنْ هَـٰذَا كُلِّهِ، وَهِيَ أَرْبَعُونَ حَدِيثًا مُشْتَمِلَةٌ عَلَى جَمِيعِ ذَلِكَ، وَكُلُّ حَدِيثٍ مِنْهَا قَاعِدَةٌ عَظِيمَةٌ مِنْ قَوَاعِدِ الدِّينِ، قَدْ وَصَفَهُ الْعُلَمَاءُ بِأَنَّ مَدَارَ الْإِسْلَامِ عَلَيْهِ، أَوْ هُوَ نِصْفُ الْإِسْلَامِ أَوْ ثُلُثُهُ أَوْ نَحْوِ ذَلِكَ.

وام بە باش زانی کە چل فەرموودە کۆبکەمەوە لە هەمووی گرنگتر بێت، ئەویش چل فەرموودە بێت کەوا هەموو ئەوانەی سەرەوە بگرێتەوە ، وە هەر یەکێک لەو فەرموودانە بنەمایەکی مەزنە لە بنەماکانی ئەم دینە ، کەوا زانایان وەصفیان کردووە کە ئیسلام لە دەوری ئەو فەرموودانە دەخولێتەوە ، یان ئەوە نیوەی ئیسلامە یان سێ یەکییەتی یان نمونەی ئەوانە.

ثُمَّ أَلْتَزِمُ فِي هَـٰذِهِ «الْأَرْبَعِينَ» أَنْ تَكُونَ صَحِيحَةً، وَمُعْظَمُهَا فِي صَحِيحَي الْبُخَارِيِّ وَمُسْلِمٍ، وَأَذْكُرُهَا مَحْذُوفَةَ الْأَسَانِيدِ؛ لِيَسْهُلَ حِفْظُهَا وَيَعُمَّ الِانْتِفَاعُ بِهَا إِنْ شَاءَ اللهُ تَعَالَى، ثُمَّ أُتْبِعُهَا بِبَابٍ فِي ضَبْطِ خَفِيِّ أَلْفَاظِهَا.

ئەمجار خۆم پەیوەست کردووە لەم (چل فەرموودەدا) بەوەی کە (صحيح) بن، وە زۆربەی لە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە، وە فەرمودەکەم هێناوەتەوە بە لادان و سڕینەوەی سەنەدەکەی ، بۆ ئەوەی لەبەر کردنی سووک و ئاسان بێت و قازانجەکەی گشتگیر بێت (إن شاء الله) ئەمجار لەپاش ئەوە بەشێکم هێناوەتەوە کە وشە نادیارەکان روون بکاتەوە .

وَيَنْبَغِي لِكُلِّ رَاغِبٍ فِي الْآخِرَةِ أَنْ يَعْرِفَ هَـٰذِهِ الْأَحَادِيثَ؛ لِـمَا اشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ مِنَ الْـمُهِمَّاتِ، وَاحْتَوَتْ عَلَيْهِ مِنَ التَّنْبِيهِ عَلَى جَمِيعِ الطَّاعَاتِ، وَذَلِكَ ظَاهِرٌ لِمَنْ تَدَبَّرَهُ.

وە پێویستە لەسەر هەر کەسێک دوارۆژی دەوێت ئەم فەرموودانە بزانێت، لەبەر ئەو هەموو بابەتە گرنگانەی تێیدایە ، وە ئاگادار کردنەوەی هەموو گوێڕایەڵییەکانی تێدایە ، ئەوەش ئاشکرا و دیارە بۆ کەسێک لێی وردبێتەوە .

وَعَلَى اللهِ الْكَرِيمِ اعْتِمَادِي، وَإِلَيْهِ تَفْوِيضِي وَاسْتِنَادِي، وَلَهُ الْـحَمْدُ وَالنِّعْمَةُ، وَبِهِ التَّوْفِيقُ وَالْعِصْمَةُ.

خوای میهرەبان پشت و پەنامە، وە گەڕانەوە و پشت بەستنم تەنها بۆ لای ئەوە، سوپاس و ستایش بۆ نیعمەتەکانی، وە هەر ئەو تەوفیقدەر و پارێزەرمانە.

# الحديث الأوَّل
# فەرموودەی یەكەم

**عَنْ أَمِيرِ الْـمُؤْمِنِينَ أَبِي حَفْصٍ عُمَرَ بْنِ الْـخَطَّابِ ﵁؛ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ؛ فَهِجرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى دُنْيَا يُصِيبُهَا أَوِ امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا؛ فَهِجْرَتُهُ إِلى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ».**

لە ئەمیری ئیماندارانەوە ئەبو حەفص عومەری کوڕی خەتتابەوە هاتووە و فەرموویەتی : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((کردەوە و پەرستشەکان تەنها بە نیەتەوە دەبن ، وە هەموو کەسێکیش تەنها ئەوەی بۆ هەیە کە نیەتی لێ هێناوە ، وە هەر کەسێ مەبەستی لە کۆچکردنەکەی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بوو ئەوا کۆچکردنەکەی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) ، وە هەر کەسێ مەبەستی لە کۆچکردنەکەی بۆ شتێکی دونیایی بوو بە دەستی بهێنێ یان ئافرەتێک کە مارەی بکات ئەوا کۆچکردنەکەی بۆ ئەوەیە کە کۆچی بۆی کردووە)) .

**رَوَاهُ إِمَامَا الْـمُحَدِّثِينَ أَبُو عَبْدِ اللهِ مُحَمَّدُ بْنِ إِسْمَاعِيل بْن إِبْرَاهِيم بِن الْـمُغِيرَةِ بْن بَرْدِزْبَهْ الْبُخَارِيُّ الْـجُعْفِيُّ، وَأَبُو الْـحُسَيْنِ مُسْلِمُ بْنُ الْـحَجَّاجِ بْنِ مُسْلِمٍ الْقُشَيْرِيُّ النَّيْسَابُورِيُّ فِي «صَحِيحَيْهِمَا» اللَّذَيْنِ هُمَا أَصَحّ الْكُتُبِ الْـمُصَنَّفَةِ.**

ئەم فەرموودەیە هەردوو پێشەوای فەرموودەناسان ریوایەتیان کردووە ئەبوعەبدوڵا موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل ی کوڕی ئیبراهیم ی کوڕی ئەلموغیرەی کوڕی بەردەزیبە ئەلبوخاری ئەلجوعفی ، وە ئەبولحوسین موسلیم ی کوڕی ئەلحەججاج ی کوڕی موسلیم ی ئەلقوشەیری ئەلنەیسابوری لە (صحیح)ەکەیاندا کە ئەو دوو کتێبە راستترین کتێبن نوسراون.

# الحديث الثَّاني
# فەرموودەی دووەم

**عَنْ عُمَرَ ﷺ أَيْضًا؛ قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ جُلوسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ﷺ ذَاتَ يَوْمٍ؛ إِذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيَابِ، شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعْرِ، لَا يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفرِ، وَلَا يَعْرِفُهُ مِنّا أَحَدٌ، حَتَّى جَلَسَ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ؛ فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى رُكْبَتَيْهِ، وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ.**

هەروەها لە عومەرەوە هاتووە و فەرموویەتی : لە کاتێکدا ئێمە رۆژێک لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووین لە پرێکدا کابرایەک هاتە ژوورەوە ، جلوبەرگێکی زۆر سپی لە بەردابوو وە قژێکی زۆر رەشی هەبوو ، شوێنەواری سەفەری پێوە دیار نەبوو ، وە هیچ کەس لە ئێمە ئەوی نەدەناسی ، تاکو نزیک پیغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشت هەردوو ئەژنۆی توند کرد لە هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە هەردوو لەپی خستە سەر هەردوو رانی .

**وَقَالَ: يا مُحَمَّدُ؛ أَخْبِرْنِي عَنِ الْإِسْلَامِ؛ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «الْإِسْلَامُ: أَنْ تَشْهَدَ أَلَّا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَدًا رَسُولُ اللهِ، وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ، وتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلًا»، قَالَ: صَدَقْتَ؛ فَعَجِبْنَا لَهُ: يَسْأَلُهُ ويُصَدِّقُهُ!**

و فەرمووی : ئەی (محمد) دەربارەی ئیسلام هەواڵم پێ بدە و ئیسلام چییە؟ ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : (( ئیسلام ئەوەیە کە شایەتی بدەیت کەوا جگە لە (الله) هیچ خودایەکی تر نییە شایەنی پەرستن بێت و (محمد) یش نێردراوی خوایە و نوێژەکانت بە رێک و پێکی ئەنجام بدەیت و زەکاتی ماڵەکەت بدەیت و رۆژووی مانگی رەمەزان بگریت و حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانات هەبوو )) کابرا فەرمووی : راست دەکەیت . عومەر

فەرمووی : ئێمەیش سەیرمان پێهات پرسیاری لێ دەکات و هەر خۆیشی بە راستی دەخاتەوە .

قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِيمَانِ، قَالَ: «أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ»، قَالَ: صَدَقْتَ.

فەرمووی : هەواڵم پێ بدە دەربارەی ئیمان و ئیمان چییە ؟ ئەویش فەرمووی : ((ئەوەیە باوەڕی تەواو بهێنیت بە خوای گەورە و فریشتەکانی و کتێبە ئاسمانییەکان و هەموو پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و باوەڕیش بە قەزاو قەدەر بهێنیت چ چاک بێت یان خراپ )) فەرمووی : ڕاست دەکەیت .

قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِحْسَانِ، قَالَ: «أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ».

فەرمووی : ئەی دەربارەی (ئیحسان) هەواڵم پێ بدە و (ئیحسان) چییە ؟ ئەویش فەرمووی : ((ئەوەیە بە شێوەیەک خودا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە دەیبینی ، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینی ئەوا باش بزانە ئەو تۆ دەبینێ )).

قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ السَّاعَةِ. قَالَ: «مَا الْمَسْؤُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ».

فەرمووی : دەربارەی قیامەت هەواڵم پێ بدە و قیامەت کەی دێت ؟ فەرمووی : (( ئەو کەسەی کە پرسیاری لێ دەکرێت لە پرسیارکەر زاناتر نییە)) .

قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَارَتِهَا، قَالَ: «أَنْ تَلِدَ الْأَمَةُ رَبَّتَهَا، وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الْعَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ فِي الْبُنْيَانِ».

فەرمووی : کەوایە نیشانەکانم پێ بڵێ ، فەرمووی : (( لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە : کەنیزەک گەورەو خاوەنی خۆی لێوە لە دایک ببێت ، وە خەڵکانێکی پێ پەتی ڕووت و هەژار و شوانی مەڕ پێشبڕکێ بکەن لە بەرز کردنەوەی کۆشک و خانووەکانیاندا )) .

ثُمّ انْطَلَق. فَلَبِثتُ مَلِيًّا، ثُمَّ قَالَ: «يَا عُمَرُ، أَتَدْرِي مَنِ السَّائِلُ؟» قُلْتُ: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: «فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ، أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ. (عومەر) دەڵێت : پاش ئەوە کابرا هەڵسا و ڕۆیشت و منیش ماوەیەک رامام ، ئەمجار پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( ئەی (عومەر) ئایا دەزانی ئەو پرسیارکەرە کێ بوو ؟ )) گوتم : خوا و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن ، فەرمووی : (( ئەوە (جبریل) بوو ، هاتبوو بۆ ئەوەی لە دینەکەتان شارەزاتان بکات)).

موسلیم ریوایەتی کردووە

# الحديث الثَّالث

# فەرموودەی سێیەم

**وَعَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَـٰنِ عَبْدِ اللهِ بْنِ عُمَرَ [بْنِ الخَطَّابِ] ﵄؛ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله ﷺ يَقُولُ: «بُنِيَ الإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَلَّا إِلَهَ إِلَّا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُه ورسُوله، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَحَجِّ الْبَيْتِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ».**

**رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ.**

لە ئەبو عەبدولرەحمان عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی ئەلخەتتابەوە هاتووە و فەرموویەتی : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((ئیسلام بنیات نراوە لەسەر پێنج پایە :- شایەتیدان کە هیچ خوایەک نییە شایەنی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت و محمد یش نێردراوی (الله) یە وە نوێژ کردن و زەکات دان و حەجی ماڵی خواو ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان)) .

بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە

# الحديث الرَّابع
# فەرموودەی چوارەم

عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَـنِ عَبْدِ الله بْنِ مَسْعُودٍ ﵁؛ قَالَ: حَدَّثَنَا رَسُولُ الله ﷺ وَهُوَ الصَّادِقُ الْـمَـصْدُوق: «إِنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا، ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يُرْسَلُ الْـمَلَكُ، فَيَنْفُخُ فِيهِ الرُّوحَ، وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ: بِكَتْبِ رِزْقِهِ، وَأَجَلِهِ، وَعَمَلِهِ، وَشَقِيٌّ أَمْ سَعِيدٌ، فَو الَّذِي لَا إِلَهَ غَيْرُهُ؛ إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْـجَنَّةِ، حَتَّى مَا يَكُونَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلَّا ذِرَاعٌ، فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا، وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلَّا ذِرَاعٌ، فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْـجَنَّةِ، فَيَدْخُلُهَا».

رَوَاهُ الْبُخَارِيِّ وَمُسْلِمٌ.

لە ئەبو عەبدولرەحمان عەبدوڵای کوڕی مەسعودەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی گێڕاینەوە لە کاتێکدا ئەو راستگۆی باوەڕ پێکراوە و فەرمووی : (( هەر یەکێک لە ئێوە خیلقەتی لە سکی دایکیدا کۆدەکرێتەوە چل رۆژ نوتفە دەبێت (واتە : ئاوێکی روون) ئەمجار بە ئەندازەی ئەوە دەبێتە عەلەقە (واتە خوێنێکی مەییو) ئەمجار بە ئەندازەی ئەوە دەبێتە پارچەیەکی گۆشت ، ئەمجار خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت ، جا رۆحی پیادا دەکات وە فەرمانی بە چوار وشە پێ دەکات : بە نوسینی ریزقەکەی و ئەجەلەکەی و کردارەکەی و بەدبەختە یان بەختیارە ، سوێند بە ئەو کەسەی کە هیچ خودایەک جگە لە ئەو نییە ، کەسێک لە ئێوە کار دەکات بە کرداری ئەهلی بەهەشت تاوەکو هیچ لە نێوانیاندا نامێنی تەنها باڵێک نەبێ ئەمجار

کتێبەکەی پێشی دەکەوێت و بە کردەوەی ئەهلی ئاگر کار دەکات و دەچێتە ئاگرەوە ، هەروەها کەسێک لە ئێوە کار دەکات بە کرداری ئەهلی ئاگر تاوەکو هیچ لە نێوانیاندا نامێنی تەنها باڵێک نەبێ ئەمجار کتێبەکەی پێشی دەکەوێت و بە کردەوەی ئەهلی بەهەشت کار دەکات و دەچێتە بەهەشتەوە ) .

بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە

## الحديث الخامس

## فەرموودەی پێنجەم

عَنْ أمِّ الْمُؤْمِنِينَ أُمِّ عَبْدِ اللهِ عَائِشَةَ ف؛ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هـٰذا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ».

رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ.

لە دایکی ئیمانداران ئوم عەبدوڵا عائیشەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( هەرکەسێک لەم کارەی ئێمەدا شتێکی نوێ دابهێنێت و تێیدا نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە)) .

بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە.

وَفِي رِوَايَةٍ لِمُسْلِمٍ: «مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ»، وَقَدْ عَلَّقَهَا الْبُخَارِيُّ.

وە لە ریوایەتێکی تردا لای موسلیم هاتووە، فەرموویەتی(ﷺ):((هەرکەسێک کارێک بکات فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێت ئەوا ڕەد دەکرێتەوە)) . ئیمامی بوخاری بە موعەلەقی هیناویەتیەوە.

# الحديث السَّادس

# فەرموودەی شەشەم

**عَنْ أَبِي عَبْدِ اللهِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ ﵄ؓ؛ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ الْـحَلَالَ بَيِّنٌ، وإِنَّ الْـحَرَامَ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا أُمُورٌ مُشْتَبِهَاتٌ، لَا يَعْلَمُهُنَّ كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ فَقَدِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْـحَرَامِ؛ كَالرَّاعِي يَرْعَى حَوْلَ الحِمَى، يُوشِكُ أَنْ يَرْتَعَ فِيهِ، أَلَا وَإِنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى، أَلَا وَإِنَّ حِمَى اللهِ مَحَارِمُهُ، أَلَا وَإِنَّ فِي الْـجَسَدِ مُضْغَةً، إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْـجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْـجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ». رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ.**

لە باوکی عەبدوڵا نوعمانی کوڕی بەشیرەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) هاتووە و فەرموویەتی : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو : (( بێگومان حەڵاڵ ڕوون و ئاشکرایە و حەرامیش ڕوون و ئاشکرایە ، وە لە نێوانیاندا چەند شتێکی گوماناوی هەن زۆر لە خەڵکی نایانزانن ، جا هەر کەسێک خۆی لە گوماناویەکان بپارێزێت ئەوا شەرەف و ئاینەکەی خۆی پاراستووە ، هەر کەسیش بکەوێتە ناو شتە گوماناویەکانەوە ئەوە کەوتۆتە ناو حەرامەوە ، وەکو شوانێک ئاژەڵەکانی لە دەوری قەدەغەکراوێک دەلەوەڕێنێت نزیکە کە تێی بکەون ، ئاگاداربن هەموو پادشایەک سنوورێکی قەدەغەکراوی هەیە ، ئاگاداربن سنوورە قەدەغەکراوەکانی خودا حەرام کراوەکانێتی ، وە ئاگاداربن لە جەستەدا پارچە گۆشتێک هەیە ئەگەر چاک بێت ئەوا جەستە هەمووی چاک دەبێت ، وە ئەگەر خراپ بێت ئەوا جەستە هەمووی خراپ دەبێت ، بزانن کە ئەوەش بریتیە لە دڵ )) .

بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە

# الحديث السَّابع

# فەرموودەی حەوتەم

عَنْ أَبِي رُقَيَّةَ تَمِيمِ بْنِ أَوْسٍ الدَّارِي رضي الله عنه؛ قَالَ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «الدِّينُ النَّصِيحَةُ»، قُلْنَا: لِمَنْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: «لله، وَلِكِتَابِهِ، وَلِرَسولِهِ، وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ، وَعَامَّتِهِمْ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

لە ئەبو روقییە تەمیم ی کوڕی ئەوسی ئەلدارییەوە هاتووە و فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((دین ئامۆژگارییە )) وتمان : بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی : (( بۆ خوا و بۆ کتێبەکەی و بۆ پێغەمبەرەکەی و بۆ پێشەوای موسڵمانان و بۆ تێکڕایان)) .

موسلیم ریوایەتی کردووە

# الحديث الثَّامن

# فەرموودەی هەشتەم

**عَن ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه؛ أَنَّ رَسُولَ الله ﷺ قَالَ: «أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَلَّا إِلَهَ إِلَّا الله، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَـهُمْ إِلَّا بِحَقِّ الْإِسْلَامِ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ تَعَالَى».**

**رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ.**

لە ئیبن عومەرەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((فەرمانم پێکراوە لە بەرانبەر خەڵکیدا بجەنگم تاکو دەڵێن: (لا اله الا الله محمداً رسول الله) وە نوێژەکانیان بکەن و زەکاتی ماڵەکەیان بدەن ، جا ئەگەر ئەوەیان کرد ئەوا خوێن و سامانیان پارێزراو دەبێت (لێم حەرام دەبێت) ئیللا بەحەقی ئیسلام نەبێ و لێپرسینەوەو حیسابیان لەسەر خوایە)) .

بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە

## الحديث التَّاسع
## فەرمووودەی نۆیەم

عَنْ أَبِي هُرَيرَةَ عَبْدِ الرَّحمٰنِ بْنِ صَخْرٍ الدَّوْسِيِّ ﵁؛ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله ﷺ يَقُولُ: «مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ، وَما أَمَرْتُكُمْ بِهِ [فَأْتُوا] مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ، وَاخْتِلَافُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ».

رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ.

له ئەبو هورەیرە عەبدولڕەحمانی کوڕی صەخری ئەلدەوسییەوە هاتووە فەرموویەتی : گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : (( ئەوەی نەهیتان لێدەکەم و قەدەغەی دەکەم لێتان ئێوەیش وازی لێ بهێنن ، وە ئەوەی بە فەرمانێک فرمانم پێتان کرد ئەوا بە پێی توانای خۆتان ئەنجامی بدەن ، باش بزانن ئەوانەی پێش خۆتان بە هۆی زۆری پرسیارەکانیان و جیاوازیان لە گەڵ پێغەمبەرەکانیاندا بە هەلاکەتدا چوون ))

بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە

# الحديث العاشر
# فەرموودەی دەیەم

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِنَّ اللهَ تَعَالَى طَيِّبٌ لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا، وَإِنَّ اللهَ أَمَرَ الْـمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْـمُرْسَلِينَ، فَقَالَ تَعَالَى: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَـٰتِ وَٱعْمَلُواْ صَـٰلِحًا﴾ [المؤمنون:٥١].

له ئەبو هورەیرەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( خوای گەورە چاک و باشە ، بۆیە ئەوەی چاک و باش نەبێت وەری ناگرێت ، وە خوای گەورە فەرمانی کردووەتە ئیماندارال بەوەی فەرمانی کردووەتە پێغەمبەران ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَـٰتِ وَٱعْمَلُواْ صَـٰلِحًا﴾ [المؤمنون:٥١] واتە : وتمان : ئەی پەیامبەران ! هەر لە خۆراکی پاک و حەڵاڵ بخۆن و بەردەوام کاری چاک ئەنجام بدەن ))

وَقَالَ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا رَزَقْنَـٰكُمْ﴾ [البقرة:١٧٢].

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَـٰتِ مَا رَزَقْنَـٰكُمْ﴾ [البقرة:١٧٢]. واتە : ئەی گەلی خاوەن باوەڕان ! لەو نیعمەتە پێماندان و کردمانە ڕۆزیتان کامی پاکە ئەوە بخۆن))

ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ: يَا رَبِّ؛ يَا رَبِّ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ، وَغُذِيَ بِالْـحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ؟».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

ئەمجار باسی کابرایەکی کرد کە سەفەرەکەی درێژ دەکاتەوە و قژگڤ و تۆزاوی یە ، دەستی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان پەوەردگارا... پەروەردگارا .... لە کاتێکدا خواردنەکەی حەرامە و خواردنەوەکەیشی حەرامە و پۆشاکەکەی حەرامە و حەرامی دەرخوارد دراوە ئیتر چۆن وەڵام بدرێتەوە ؟ )) .

موسلیم ریوایەتی کردووە

## الحديث الحادي عشر
## فەرموودەی یازدەیەم

**عَنْ أَبِي مُحمَّدٍ الْـحَسَنِ بْنِ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ سِبْطِ رَسُولِ اللهِ ﷺ وَرَيْحَانَتِهِ رضي الله عنه؛ قَالَ: حَفِظْتُ مِنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ: «دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لَا يَرِيبُكَ».**

**رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَالنَّسَائِيُّ، وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ: حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ.**

لە باوکی موحەممەد (ئەلحەسەن ی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب)ەوە هاتووە ، کچەزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ڕەیحانەکەی ، فەرموویەتی: لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ئەم فەرموودەیەم لەبەر کردووە – پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی- : (( واز بهێنە لەوەی کە گومانت لێیە بۆ ئەوەی کە گومانت لێی نییە)) .

ئەلتیرمیزی و ئەلنەسائی ریوایەتیان کردووە ، ئەلتیرمیزی فەرموویەتی : فەرموودەیەکی (حسن صحيح)ـە.

# الحديث الثَّاني عشر
# فەرموودەی دوازدەیەم

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁؛ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «مِنْ حُسْنِ إِسلَامِ الْـمَرْءِ: تَرْكُهُ مَا لَا يَعْنِيهِ».

حَدِيثٌ حَسَنٌ رَوَاهُ التِّرْمِذِي وَغَيْرُهُ هَكَذَا.

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (لە چاکی موسڵمان بوونی مرۆڤ واز هێنانیەتی لەو شتەی کە پەیوەندی بە ئەوەوە نییە).

فەرموودەیەکی (حسن)ـە، ئەلتیرمیزی و جگە لە ئەو بەم شێوەیە ریوایەتیان کردووە.

# الحديث الثَّالث عشر
# فەرموودەی سیازدەیەم

عَنْ أَبِي حَمْزَةَ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ -خَادِمِ رَسُولِ اللهِ ﷺ - عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا يُؤْمِنُ أَحدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ».

رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ.

لە ئەبو حەمزە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هاتووە – خزمەتکاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) – ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا فەرموویەتی : ( هیچ کەسێک لە ئێوە ئیمانی کامل نابێت تاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش بێت )).

بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە

## الحديث الرَّابع عشر
## فەرموودەی چواردەیەم

وَعَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ ﵁؛ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله ﷺ: «لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: الثَّيِّبِ الزَّانِي، وَالنَّفْسِ بِالنَّفْسِ، وَالتَّارِكِ لِدِينِهِ الْـمُفَارِقِ لِلْجَمَاعَةِ».

رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ.

لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (( حەڵاڵ نییە خوێنی هیچ کەسێکی موسوڵمان تەنها بە یەکێک لەم سیانە نەبێت : پیاوێک یاخود ئافرەتێک زینا بکات ، وە کەسێک کەسێکی موسوڵمان (بەستەم و بێ حەق) بکوژێت ، وە کەسێکیش پاشگەز بێتەوە لە ئاینی خۆی و جیا بێتەوە لە کۆمەڵی موسوڵمانان )) .

بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە

# الحديث الخامس عشر
# فەرموودەی پازدەیەم

**عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁، عَنْ رَسُولِ الله ﷺ قَالَ: «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ: فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِالله وَالْيَوْمِ الآخِرِ: فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ: فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ».**

**رَوَاهُ الْبُخَارِيّ وَمُسْلِمٌ.**

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) و فەرموویەتی : (( هەرکەسێ لە ئێوە باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با قسەی خەیر بکات وە یان بێ دەنگ بێت ، وە هەرکەسێ لە ئێوە باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با ڕێز لە دەرهاوسێکەی بگرێت ، وە هەرکەسێ لە ئێوە باوەڕی بە خودا و ڕۆژی دوایی هەیە ئەوا با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت)).

بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە

## الحديث السَّادس عشر
## فەرموودەی شازدەیەم

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ ﷺ: أَوْصِنِي، قَالَ: «لَا تَغْضَبْ»، فَرَدَّدَ مِرَارًا، قَالَ: «لَا تَغْضَبْ».

رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ.

له ئەبو هورەیرەوە هاتووە کەوا کابرایەک بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرمووی : ( ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاریم بکە . ئەویش فەرمووی: (تووڕە مەبە) چەند جارێک دووبارەی کردەوە کەچی دەیفەرموو : ((تووڕە مەبە)).

بوخاری ریوایەتی کردووە

# الحديث السَّابع عشر
# فەرموودەی حەڤدەیەم

عَنْ أَبِي يَعْلَى شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ ﵁؛ عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ اللهَ كَتَبَ الإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذِّبْحَةَ؛ وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ؛ فَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

له ئەبو یەعلا شەدادی كوڕی ئەوسەوە هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) ، فەرموویەتی : (( خوای گەورە چاكەی نوسیوە لە هەموو شتێكدا، جا ئەگەر شتێكتان كوشت بە چاكترین شێوە بیكوژن، وە ئەگەر سەرتان بڕی بە چاكترین شێوە سەری ببڕن، با یەكێكتان چەقۆكەی تیژ بكات ، وە ئاوی پێ بدات و بە زوویی و بە هێزەوە سەری ببڕێت (واتە زوو بیحەسێنێتەوەو سەری ببڕێت) .

# الحديث الثَّامن عشر
# فەرموودەی هەژدەیەم

**عَنْ أَبِي ذَرٍّ جُنْدُبِ بْنِ جُنَادَةَ وَأَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ ﭫ، عَنْ رَسُولِ الله ﷺ؛ قَالَ: «اتَّقِ اللهَ حَيْثُمَا كُنْتَ، وَأَتْبِعِ السَّيِّئَةَ الْـحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ».**

**رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ، وَقَالَ: (حَدِيثٌ حَسَنٌ)، وَفِي بَعْضِ النُّسَخِ: (حَسَنٌ صَحِيحٌ).**

لە ئەبو زەڕەوە جوندوب ی کوڕی جونادە و ئەبو عەبدلرەحمان موعازی کوڕی جەبەلەوە هاتووە ئەوانیش لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، فەرموویەتی: (( لەخوا بترسە لە هەر شوێن و کاتێکدا بویت ، وە لە کاتی ئەنجامدانی خراپەدا چاکەی بە دوادا بهێنەو بیکە ، دەیسڕێتەوە ، وە بە ڕەوشتی جوانەوە لە گەڵ خەڵکیدا بجوڵێرەوە ))

ئەلتیرمیزی ریوایەتی کردووە و فەرموویەتی : فەرموودەیەکی (حسن)ـە، وە لە هەندێ لە نوسخەکاندا هاتووە : (حسن صحيح)ـە.

# الحديث التَّاسع عشر
# فەرموودەی نۆزدەیەم

عَنْ أَبِي الْعَبَّاس عَبْدِ الله بْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه، قَالَ: كُنْتُ خَلْفَ النَّبِيِّ ﷺ يَوْمًا، فَقَالَ: «يَا غُلَامُ؛ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ: احْفَظِ اللهَ يَحْفَظْكَ، احْفَظِ الله تَجِدْهُ تُجَاهَكَ، إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللهَ، وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللهِ، وَاعْلَمْ أَنَّ الْأُمَّةَ لَو اجْتَمَعَتْ عَلى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلَّا بِشَيءٍ قَدْ كَتَبَهُ الله لَكَ، وَإِنِ اجْتَمَعُوا عَلى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ الله عَلَيْكَ، رُفِعَتِ الْأَقْلَامُ، وَجَفَّتِ الصُّحُفُ».

رَوَاهُ التِّرْمِذِي، وَقَالَ: ‹حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ›.

لە ئەبو لعەبباس عەبدوڵای کوڕی عەبباسەوە هاتووە و فەرموویەتی : رۆژێک لەسەر وڵاخێک لە پشتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) سوار بووبووم ، پێی فەرمووم : (( ئەی غولامەکە ، من چەند وشەیەکت فێر دەکەم ، سنوورەکانی خوای گەورە بپارێزە ئەوا خوای گەورەش تۆ دەپارێزێت ، سنوورەکانی خوای گەورە بپارێزە دەبینی خوای گەورە دێتە دەمتەوەو لە گەڵدا دەبێت ، وە ئەگەر داوای هەر شتێکت کرد ئەوا تەنها لە خوا داوا بکە ، وە ئەگەر پەنات گرت ئەوا تەنها پەنا بە خوا بگرە ، ئەوەش باش بزانە کەوا ئەگەر هەموو ئەم ئوممەتە کۆ ببێتەوە بۆ ئەوەی سوودێکت پێ بگەیەنن ئەوا سوودت پێ ناگەیەنن ئیللا بەوە نەبێت خوای گەورە بۆی نوسیبێتی ، وە ئەگەر کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی زیانێکت پێ بگەیەنن بە شتێک ئەوا زیانت پێ ناگەیەنن ئیللا بە شتێک نەبێت خوای گەورە بۆی نوسیبێتی ، پێنووسەکان بەرزکرانەوە و هەڵگیران و –حیبری – کاغەزکان وشک بوویەوە) .

ئەلتیرمیزی ریوایەتی کردووە و فەرموویەتی : فەرموودەیەکی : (حسن صحيح)ـە

وَفِي رِوَايَةِ غَيْرِ التِّرْمِذِي: «احْفَظِ الله تَجِدْهُ أَمَامَكَ، تَعَرَّفْ إِلَى اللهِ فِي الرَّخَاء يَعْرِفْكَ فِي الشِّدَّةِ، وَاعْلَمْ أَنَّ مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ، وَمَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، وَاعْلَمْ أَنَّ النَّصْرَ مَعَ الصَّبْرِ، وَأَنَّ الفَرَجَ مَعَ الْكَرْبِ، وَأَنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا».

وە لە ریوایەتێکی تردا کە لای جگە لە ئەلتیرمیزی هاتووە : (( سنوورەکانی خوا بپارێزە دەیبینی بە رووتەوە دێت ، خوای گەورە لە فەرحانیدا بناسە ئەویش لە تەنگانەدا دەتناسێت ، وە باش بزانە کە ئەوەی تووشت نەبوو نەئەبوایە تووشت ببێت ، وە ئەوەی تووشت بووە نەئەبوایە لێت لایبدایەو تووشت نەبێت ، وە باش بزانە کەوا سەرکەوتن لە گەڵ ئارامگرتندایە ، وە رزگاربوون و دەروو لە پاش ناخۆشی دێت و لە گەڵ هەموو ناخۆشی و تەنگانەیەک خۆشی و دەرووی خەیر هەیە)).

# الحديث العشرون

# فەرموودەی بیستەم

وَعَنْ أَبِي مَسْعُودٍ عُقْبَةَ بْنِ عَمْرٍو الأَنْصَارِيِّ البَدْرِيِّ ﵁، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلَامِ النُّبُوَّةِ الأُولَى: إِذَا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ».

رَوَاهُ الْبَخَارِيُّ.

له ئیبن مەسعود عوقبەی کوڕی عەمری ئەلئەنصاری ئەلبەدرییەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( لە – وشە و پەیام - قسەی پێغەمبەرانی پێشوو کە گەیشتووەتە خەڵکی: ئەگەر شەرم ناکەیت ئەوا چی دەکەیت بیکە)).

بوخاری ریوایەتی کردووە٠

# الحديث الحادي والعشرون
# فەرموودەی بیست و یەکەم

عَنْ أَبِي عَمْرٍو -وَقِيلَ: أَبِي عَمْرَةَ - سُفْيَانَ بْنِ عَبْدِ اللهِ ﷺ؛ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ الله، قُلْ لِي فِي الإِسْلَامِ قَوْلًا، لَا أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَدًا غَيْرَكَ. قَالَ: «قُلْ آمَنْتُ بِالله ثُمَّ اسْتَقِمْ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

لە ئەبو عەمر – وە دەڵێن : ئەبو عەمرە- سوفیانی کوڕی عەبدوڵڵاوە هاتووە و فەرموویەتی : وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، لە ئیسلامدا وتەیەکم پێ بڵێ لە دوای تۆ پرسیار لە هیچ کەسێکی تر نەکەم ، فەمووی: (( بڵێ بڕوام بەخوا هێنا پاشان سەقامگیر و بەردەوامبە)).

موسلیم ریوایەتی کردووە

# الحديث الثَّاني والعشرون

# فەرموودەی بیست و دووەم

عَنْ أَبِي عَبْدِ اللهِ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ الْأَنْصَارِي ﷺ: أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللهِ ﷺ فَقَالَ: أَرَأَيْتَ إِذَا صَلَّيْتُ الصَّلَوَاتِ الْـمَكْتُوبَاتِ، وَصُمْتُ رَمَضَانَ، وَأَحْلَلْتُ الْـحَلَالَ، وَحَرَّمْتُ الْـحَرَامَ، وَلَـمْ أَزِدْ عَلَى ذَلِكَ شَيْئًا: أَأَدْخُلُ الجنَّةَ؟ قَالَ: «نَعَمْ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

له ئەبو عەبدوڵا جابیری کوڕی عەبدوڵای ئولئەنصاریەوە هاتووە و فەرموویەتی : کابرایەک پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و فەرمووی : ئایە ئەگەر نوێژە فەرزەکانم ئەنجامدا و مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بووم و حەڵاڵەکانم بە حەڵاڵ زانی و حەرامکراوەکانم بە حەرام زانی و لێی دوور کەوتمەوە و هیچ شتێکی تر لەوە زیاتر ناکەم ، ئایە دەچمە بەهەشتەوە ؟ فەرمووی : (( بەڵێ )).

موسلیم ریوایەتی کردووە.

وَمَعْنَى (حرَّمْتُ الْـحَرَامَ) اجْتَنَبْتُهُ.

وه مانای (حرمتُ الحرام) لێ دوور کەوتمەوە.

وَمَعْنَى (أَحْلَلْتُ الْـحَلَالَ) فَعَلْتُهُ مُعْتَقِدًا حِلَّهُ.

وه مانای (أحللت الحلال) ئەنجامی دەدەم و بە حەڵاڵی دەزانم.

# الحديث الثَّالث والعشرون

## فەرموودەی بیست و سێیەم

عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْـحَارِثِ بْنِ عَاصِمٍ الأَشْعَرِيِّ رضي الله عنه؛ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: «الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ، وَالْـحَمْدُ للهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ، وَسُبْحَانَ اللهِ وَالْـحَمْدُ للهِ تَمْلَآنِ - أَوْ: تَمْلَأُ - مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، وَالصَّلَاةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرهَانٌ، وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ. كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو؛ فَبَائِعٌ نَفْسَهُ، فَمُعْتِقُهَا، أَوْ مُوبِقُهَا».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

لە ئەبو مالیک ئەلحاریسی کوڕی عاصیمی ئەلئەشعەرییەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( پاکی و تەهارەت نیوەی ئیمانە ، وە (الحمد لله) تەرازوو پڕ دەکات ، وە (سبحان الله ) و (الحمد لله) نێوان ئاسمان و زەوی پڕ دەکەن ، وە نوێژ روناکییە و صەدەقە بەڵگەیە و ئارامگرتن رۆشنایی و روناکییە و قورئان بەڵگەیە بۆ تۆ یان لەسەر تۆ ، هەموو کەسێک بەیانی بە سەردا دێت (دێت و دەچێ ، هەوڵ دەدات) جا تیایاندا هەیە نەفسەکەی دەفرۆشێتە خوای گەورە (بە گوێڕایەڵی ، جا لە سزای خوا رزگاری دەکات) وە تیایاندا هەیە بە هەلاکەتیا دەبات ( واتە: دەیفرۆشێتە شەیتان و ئارەزوو بە شوێنکەوتنیان ).

موسلیم ریوایەتی کردووە

# الحديث الرَّابع والعشرون
# فەرموودەی بیست و چوارەم

وَعَنْ أَبِي ذَرٍّ الغِفَارِيِّ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ فِيمَا رَوَى عَنْ رَبِّهِ ؛ أَنَّهُ قَالَ: «يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا؛ فَلَا تَظَالَـمُوا.

لە ئەبو زەڕی ئەلغەفارییەوە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە ئەویش لە خواکەیەوە دەیگێڕێتەوە ، فەرموویەتی : (( ئەی بەندەکانم .. من ستەمم لەسەر خۆم حەرام کردووەو لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردوە بۆیە ستەم لەیەکتر مەکەن.

يَا عِبَادِي؛ كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلَّا مَنْ هَدَيْتُهُ؛ فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ.

ئەی بەندەکانم ، هەمووتان گومڕان تەنها ئەوانە نەبن کە من ڕێنموویم کردوون، کەوابوو داوای ڕێنموویم لێ بکەن تاکو ڕێنموویتان بکەم.

يَا عِبَادِي؛ كُلُّكُمْ جَائِعٌ إِلَّا مَنْ أَطْعَمْتُهُ؛ فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ.

ئەی بەندەکانم ، هەمووتان برسین ئیللا ئەوانە نەبێت کە من خواردنم پێ داون ، بۆیە داوای خواردنم لێ بکەن و منیش پێتان دەدەم .

يَا عِبَادِي؛ كُلُّكُمْ عَارٍ إِلَّا مَنْ كَسَوْتُهُ؛ فَاسْتَكْسُونِي أَكْسُكُمْ.

ئەی بەندەکانم ، هەمووتان ڕووتن ئیللا ئەوانە نەبێت من پۆشتەیانم کردووە ، بۆیە داوای پۆشاکم لێ بکەن منیش دەتانپۆشم.

يَا عِبَادِي؛ إِنَّكُمْ تُخْطِئُونَ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ، وَأَنَا أَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا؛ فَاسْتَغْفِرُونِي أَغْفِرْ لَكُمْ.

ئەی بەندەکانم ، ئێوە بە شەو و رۆژ هەڵە دەکەن ، وە منیش لە هەموو گوناهەکان خۆش دەبم ، بۆیە داوای لێخۆشبوونم لێ بکەن منیش لێتان خۆش دەبم .

يَا عِبَادِي؛ إِنَّكُمْ لَنْ تَبْلُغُوا ضُرِّي فَتَضُرُّونِي، وَلَنْ تَبْلُغُوا نَفْعِي فَتَنْفَعُونِي.

ئەی بەندەکانم ، ئێوە ناگەنە ئەو ئاستەی کە زیانم پێ بگەیەنن تاکو زیانم پێ بگەیەن و ناگەنە ئەو ئاستەی قازانجم پێ بگەیەنن تاکو قازانجم پێ بگەیەنن .

يَا عِبَادِي؛ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ، وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَتْقَى قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مِنْكُمْ؛ مَا زَادَ ذَلِكَ فِي مُلْكِي شَيْئًا.

ئەی بەندەکانم ، ئەگەر یەکەمینەکانتان و دوایینەکانتان و مرۆڤەکانتان و جنۆکەکانتان هەموو لەسەر دڵی لە خواترسترین پیاوتان بن ، ئەوە هیچ شتێک لە موڵکی من زیاد ناکات .

يَا عِبَادِي؛ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ، وَآخِرَكُمْ وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ كَانُوا عَلَى أَفْجَرِ قَلْبِ رَجُلٍ وَاحِدٍ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِنْ مُلْكِي شَيْئًا.

ئەی بەندەکانم ، ئەگەر یەکەمینەکانتان و دوایینەکانتان و مرۆڤەکانتان و جنۆکەکانتان هەموو لەسەر دڵی خراپترین پیاوتان بن ، ئەوە هیچ شتێک لە موڵکی من کەم ناکات .

يَا عِبَادِي؛ لَوْ أَنَّ أَوَّلَكُمْ، وَآخِرَكُمْ، وَإِنْسَكُمْ وَجِنَّكُمْ قَامُوا فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، فَسَأَلُونِي، فَأَعْطَيْتُ كُلَّ إِنْسَانٍ مَسْأَلَتَهُ؛ مَا نَقَصَ ذَلِكَ مِمَّا عِنْدِي، إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ إِذَا أُدْخِلَ الْبَحْرَ.

ئەی بەندەکانم ... ئەگەر یەکەمینەکانتان و دوایینەکانتان و مرۆڤەکان و جنۆکەکانتان لە یەک جێگادا ئامادەبوون و داوایان لێم کرد ئەوا وەڵامی داوای هەمووتان دەدەمەوە و بە هیچ شێوەیەک –موڵکم- کەم ناکات لەوەی

لای من هەیە ئیللا وەکو ئەو کەمکردنە نەبێت کاتێ دەرزییەک دەکرێتە ناو دەریایەکەوە.

يَا عِبَادِي؛ إِنَّمَا هِيَ أَعْمَالُكُمْ أُحْصِيهَا لَكُمْ، ثُمَّ أُوَفِّيكُمْ إِيَّاهَا؛ فَمَنْ وَجَدَ خَيْرًا؛ فَلْيَحْمَدِ اللهَ، وَمَنْ وَجَدَ غَيْرَ ذَلِكَ؛ فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

ئەی بەندەکانم ! تەنها ئەوە کردەوەکانی خۆتانە و بۆتان دەژمێرم ، ئەمجار حەقەکەیتان دەدەمەوە ، جا هەرکەسێ چاکەی بینی ئەوا با سوپاسی خوا بکات و هەرکەسێ جگە لەوەی بینی ئەوا با لۆمەی هیچ کەسێک نەکات تەنها لۆمەی خۆی بکات)) .

موسلیم ریوایەتی کردووە .

# الحديث الخامس والعشرون

## فەرموودەی بیست و پێنجەم

عَنْ أَبِي ذَرٍّ رضي الله عنه -أَيْضًا -: أَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللهِ ﷺ قَالُوا لِلنَّبِيِّ ﷺ: يَا رَسُولَ اللهِ؛ ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالْأُجُورِ، يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي، وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ، وَيَتَصَدَّقُونَ بِفُضُولِ أَمْوَالِـهِم! قَالَ: «أَوَلَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُونَ؟! إِنَّ لَكُمْ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةً، وَأَمْرٌ بِالمعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ صَدَقَةٌ، وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ».

– هەروەها- لە ئەبو زەڕەوە هاتووە و دەیگێڕێتەوە : خەڵکانێک لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پێغەمبەری خوایان (ﷺ) فەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەوڵەمەندەکان بە پاداشتەوە پێشکەوتن ، نوێژ دەکەن وەکو چۆن ئێمە نوێژ دەکەین ، وە ڕۆژوو دەگرن وەکو چۆن ئێمە ڕۆژوو دەگرین ، وە لە زیادەی ماڵ و سامانەکانیان دەبەخشن، فەرمووی : (( ئەوە نییە خوا شتانێکی بۆتان داناوە خێرو چاکەی پێ بکەن؟ وتنی هەر (سبحان الله)یەک صەدەقەیەو وتنی هەر (الله أکبر)ێک صەدەقەیەو وتنی هەر (الحمد لله)یەک صەدەقەیەو وتنی هەر (لا اله الا الله) یەک صەدەقەیە ، وە فەرمان کردن بەچاکە صەدەقەیە و ڕێگری کردن لە خراپە صەدەقەیە ، وە جووت بوونی هەر یەکێکتان لە گەڵ خێزانەکەیدا صەدەقەیە).

قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ؛ أَيَأْتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ، وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟! قَالَ: «أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ؛ أَكَانَ عَلَيْهِ فِيهَا وِزْرٌ؟ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعهَا فِي الْـحَلَالِ كَانَ لَهُ أَجْرٌ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئایە یەکێکمان دەچێتە لای خێزانەکەیەوە (شەهوەتی دادەمرکێنێتەوە) و پاداشتی لەسەر وەردەگرێت؟ فەرمووی : (( ئایە ئەگەر لە حەرامدا ئەنجامی بدایە ، تاوانی لەسەر نەدەبوو ؟ ئا بەو شێوەیە ئەگەر لە حەڵاڵدا ئەنجامی بدات ئەوا پاداشتی لەسەر وەردەگرێت)).

## الحديث السَّادس والعشرون
## فەرموودەی بیست و شەشەم

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «كُلُّ سُلَامَى مِنَ النَّاسِ عَلَيْهِ صَدَقَةٌ، كُلَّ يَومٍ تَطْلُعُ فِيهِ الشَّمْسُ؛ تَعْدِلُ بَيْنَ اثْنَيْنِ صَدَقَةٌ، وَتُعِينُ الرَّجُلَ فِي دَابَّتِهِ فَتَحْمِلُهُ عَلَيْهَا أَوْ تَرْفَعُ لَهُ عَلَيْهَا مَتَاعَهُ صَدَقَةٌ، وَالْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ، وَبِكُلِّ خُطْوَةٍ تَمْشِيهَا إِلَى الصَّلَاةِ صَدَقَةٌ، وَتُمِيطُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ».

رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ.

لە ئەبو هورەیرەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( هەموو جومگەیەک لە -جەستەی- خەڵکیدا صەدەقەیەکی لەسەرە ، لە هەموو رۆژێکدا خۆری بەسەردا هەڵدێت ، نێوان دوو کەس چاک دەکەیتەوە صەدەقەیە ، یارمەتی کەسێک دەدەیت سواری وڵاخەکەی ببێت یان کەرەستەکەی بۆ بار بکەیت صەدەقەیە ، وە وتنی وشەیەکی چاک صەدەقەیە ، وە بە هەموو هەنگاوێک دەینات و دەچێت بۆ نوێژەکان صەدەقەیە ، وە ئازار لەسەر رێگا لادەدەیت صەدەقەیە)).

بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە

# الحديث السَّابع والعشرون
# فەرموودەی بیست و حەوتەم

عَنِ النَّوَاسِ بنِ سَمْعَانَ ﷺ، عَنِ النَّبيِّ ﷺ؛ قَالَ: «البِرُّ: حُسْنُ الْـخُلُقِ، وَالْإِثْمُ: مَا حَاكَ فِي نَفْسِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

له ئەلنەواسی کوڕی سەمعانەوە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) و فەرموویەتی : ( چاکە (البر) بریتییە لە ڕەوشتی جوان و تاوان (الاِثم) ئەوەیە کە ختوکەی نەفست دەدات و ئازارت دەدا و پێت ناخۆشە خەڵکی پێی بزانن)).

موسلیم ریوایەتی کردووە

وَعَنْ وَابِصَةَ بْنِ مَعْبَدٍ ﷺ؛ قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ الله ﷺ فَقَالَ: «جِئْتَ تَسْأَلُ عَنِ الْبِرِّ وَالْإِثْمِ؟» قُلْتُ: نَعَمْ.

وە لە وابیصەی کوڕی مەعبەدەوە هاتووە و فەرموویەتی : هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەویش پێی وتم : (( هاتووی پرسیار دەکەیت دەربارەی چاکە و تاوان ؟ )) وتم : بەڵێ .

فَقَالَ: «اسْتَفْتِ قَلْبَكَ؛ الْبِرُّ: مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ، وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ، وَالْإِثْمُ: مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ، وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ».

حَدِيثٌ حَسَنٌ، رُوِّينَاهُ فِي مُسْنَدَيْ الإِمَامَيْنِ أَحْمَدَ ابنِ حَنْبَلٍ وَالدَّارِمِي، بِإِسْنَادٍ حَسَنٍ.

فەرمووی : (( پرس بە دڵی خۆت بکە (داوای فەتوا لە ئەو بکە) ، چاکە : ئەوەیە کە نەفسەکان پێی ئارام دەبنەوە و دڵەکان پێی ئارام دەبنەوە ، وە خراپە

و تاوانیش ئەوەیە کە ختۆکەی نەفسەکان دەدات و لە سینگەکاندا دەخولێتەوە و ختۆکەی دەدات ، هەرچەندە خەڵکی فەتوایان بۆ دای و فەتوایان بۆ دای ))

فەرموودەیەکی (حسن)ـە لە هەردوو موسنەدی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئەلدارەمیدا ریوایەتمان کردووە بە سەنەدێکی (حسن) .

# الحديث الثَّامن والعشرون
# فەرمووده‌ی بیست و هەشتەم

وَعَنْ أَبِي نَجِيحٍ العِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ ﵁؛ قَالَ: وَعَظَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ مَوْعِظَةً، وَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ، وَذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولُ اللهِ؛ كَأَنَّهَا مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ، فَأَوْصِنَا، فَقَالَ:

وە لە ئەبو نەجیح ئەلعیربازی کوڕی ساریەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئامۆژگارییەک ئامۆژگاری کردین ، دڵەکانی پێ راچڵەکین و چاوەکانی پێ فرمێسکاوی بوون ، وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێی ئەمە ئامۆژگاری ماڵئاواییە (دوائامۆژگارییە)؟ بۆیە ئامۆژگاریمان بکە . ئەویش فەرمووی:

«أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللهِ ، وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ، وَإِنْ تَأَمَّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ، فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلافًا كَثِيرًا، فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْـخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْـمَهْدِيِّينَ، عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ، فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ».

رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ، وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ: (حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ).

((ئامۆژگاریتان دەکەم بەوەی لە خوا بترسن و تەقوای خواتان هەبێت و گوێبیست و گوێڕایەڵ بن ، هەرچەندە ئەگەر کۆیلەیەک بوو بە ئەمیرتان، چونکە هەرکەس لە ئێوە _لەپاش من_ بژێت ئەوا جیاوازی و دووبەرەکی زۆر دەبینێ ، جا ئامۆژگاریتان دەکەم دەست بە سوننەت ڕێگاکەی منەوە بگرن و دەست بە سوننەت و ڕێگای جێنشینە ڕێنموییکراوەکانەوە بگرن ، توند دەستی پێوە بگرن ، بە ددانەکانتان توند بیگرن ، ئاگاداری کارە نوێیەکان بن ، چونکە هەموو داهێنراوێک گومڕاییە)) .

ئەبو داود و ئەلتیرمیزی ریوایەتیان كردووە و ئەلتیرمیزی فەرمویەتی : فەرموودەیەكی (حسن صحیح)ـە.

## الحديث التَّاسع والعشرون
## فەرموودەی بیست و نۆیەم

عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ ﵁؛ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ؛ أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ يُدْخِلُنِي الجَنَّةَ وَيُبَاعِدُنِي عَنِ النَّارِ.

لە موعازی كوڕی جەبەلەوە هاتووە و فەرموویەتی: وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) كارێكم پێ بڵێ، ئەو كارە بمخاتە بەهەشتەوە و لە ئاگر دوورم بخاتەوە.

قَالَ: «لَقَدْ سَأَلْتَ عَنْ عَظِيمٍ، وَإِنَّهُ لَيَسِيرٌ عَلَى مَنْ يَسَّرَهُ اللهُ تَعَالَى عَلَيْهِ: تَعْبُدُ اللهَ وَلَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِي الزَّكَاةِ، وَتَصُومُ رَمَضَانَ، وَتَحُجُّ الْبَيْتَ».

فەرمووی : (( دەربارەی شتێكی مەزن پرسیارت كرد ، وە ئەوەشە سووك و ئاسانە بۆ كەسێك خوای گەورە سووك و ئاسانی كردبێت لەسەری ، خوای گەورە بپەرستە و هاوبەشی بۆ دامەنێ ، وە نوێژەكانیشت بكە و زەكاتەكەت دەر بكە و مانگی رەمەزان بە رۆژوو ببە و حەجی ماڵی خوای گەورە بكە)) .

ثُمَّ قَالَ: «أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى أَبْوَابِ الْـخيرِ؟ الصَّوْمُ جُنَّةٌ، وَالصَّدَقَةُ تُطْفِئُ الْـخَطِيئَةَ كَمَا يُطْفِئُ الْـمَاءُ النَّارَ، وَصَلَاةُ الرَّجُلِ فِي جَوْفِ اللَّيْلِ».

ئەمجار فەرمووی : ((ئایە دەرگاكانی خەیر و چاكەت پێ بڵێم ؟ رۆژووگرتن قەڵغانە ، وە صەدەقە و بەخشین گوناه و هەڵە دەسڕێتەوە وەكو چۆن ئاو ئاگر دەكوژێنێتەوە ، وە نوێژ كردنی كەسێك لە نیوەشەودا ))

ثُمَّ تَلَا: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ ﴾ حَتَّى بَلَغَ ﴿يَعْمَلُونَ ﴾ [السَّجدة:١٦-١٧].

ئەمجار ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ( تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ ٱلْمَضَاجِعِ ) تاوەكو گەیشتە (يَعْمَلُونَ ) (السجدە : ١٦-١٧)

ثُمَّ قَالَ: «أَلَا أُخْبِرُكَ بِرَأْسِ الأَمْرِ، وَعَمُودِهِ، وَذِرْوَةِ سَنَامِهِ؟» قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ.

ئەمجار فەرمووی : (( ئایە هەواڵت پێ بدەم دەربارەی سەری كار و مەسەلەكە و كۆڵەكەكەی و لوتكەی هەرە بەرزەكەی ؟ )) وتم : بەڵێ ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

قَالَ: «رَأْسُ الأَمْرِ الْإِسْلَامُ، وَعَمُودُهُ الصَّلَاةُ، وَذِرْوَةُ سَنَامِهِ الْجِهَادُ».

فەرمووی : (( ئیسلام سەری كارەكەیە (دینەكەیە) ، كۆڵەكەكەیشی نوێژە، لوتكەی هەرەبەرزەكەی جیهادە )) .

ثُمَّ قَالَ: «أَلَا أُخْبِرُكَ بِمِلَاكِ ذَلِكَ كُلِّهِ؟» قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ.

ئەمجار فەرمووی : (( ئایە هەواڵت پێ بدەم دەربارەی شتێك هەموو ئەوانە مەحكەم بكات و بە هێزی بكات ؟ )) وتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

فَأَخَذَ بِلِسَانِهِ، وَقَالَ: «كُفَّ عَلَيْكَ هَذَا».

ئەویش زمانی خۆی گرت و فەرمووی : ((زمانی خۆت بگرە و لە شتێكدا قسە مەكە پەیوەندی بە تۆوە نەبێت )).

قُلْتُ: يَا نَبِيَّ اللهِ؛ وَإِنَّا لَـمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ؟ فَقَالَ: «ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ، وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ -أَوْ قَالَ: عَلَى مَنَاخِرِهِمْ- إِلَّا حَصَائِدُ أَلْسِنَتِهِمْ».

رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَقَالَ: (حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ).

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بۆ ئێمە لێپرسینەوەمان لە گەڵدا دەكرێت لەسەر ئەو قسانەی كە دەیكەین ؟ فەرمووی : (( لەبار دایكت بچوایەیت ،

ئەی نازانی خەڵکی بە ڕوویاندا – یان وتی : بە لووتیاندا – فڕێ نادرێنە ناو ئاگرەوە ئیللا بە هۆی بەروبومی زمانیانەوە نەبێت )) .

ئەلتیرمیزی ریوایەتی کردووە و فەرموویەتی : فەرموودەیەکی (حسن صحیح)ـە

## الحديث الثَّلاثون
## فەرموودەی سییەم

وَعَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ الخُشَنِيِّ جُرْثُومِ بْنِ نَاشِرٍ ﵁ عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ؛ قَالَ: «إِنَّ اللهَ فَرَضَ فَرَائِضَ، فَلَا تُضَيِّعُوهَا، وَحَدَّ حُدُودًا فَلَا تَعْتَدُوهَا، وَحَرَّمَ أَشْيَاءَ، فَلَا تَنْتَهِكُوهَا، وَسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ رَحْمَةً لَكُمْ مِنْ غَيْرِ نِسْيَانٍ، فَلَا تَبْحَثُوا عَنْهَا».

حَدِيثٌ حَسَنٌ، رَوَاهُ الدَّارَقُطْنِيُّ وَغَيْرُهُ.

وە لە ئەبو سەعلەبەی ئەلخوشەنی جورسومی کوڕی ناشیرەوە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، فەرموویەتی : (( خوای گەورە چەند فەرزێکی فەرز کردووە ئێوەیش بزری مەکەن ، وە چەند سنوورێکی داناوە ئێوەیش مەیبەزێنن ، وە چەند شتێکی حەرام کردووە و ئێوەیش پێشیلی مەکەن و ئەنجامی مەدەن ، وە دەربارەی چەند شتێک بێ دەنگ بووە وەکو ڕەحمەت و بەزەییەک بۆ ئێوە نەک وەکو لە بیرچوون ، بۆیە ئێوەیش بە دوایدا مەگەڕێن))

فەرموودەیەکی (حسن)ـە ، ئەلدارەقوتنی و جگە لە ئەو ریوایەتیان کردووە .

# الحديث الحادي والثّلاثون
# فەرموودەی سی و یەکەم

وعَنْ أَبِي العَبَّاس سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السّاعِدِيّ ﵁ قال: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ؛ دُلَّنِي عَلَى عَمَلٍ إِذَا أَنَا عَمِلْتُهُ، أَحَبَّنِيَ اللهُ، وَأَحَبَّنِي النَّاسُ، فَقَالَ «ازْهَدْ فِي الدُّنْيَا، يُحِبَّكَ اللهُ. وَازْهَدْ فِيمَا عِنْد النَّاسِ، يُحِبَّكَ النّاسُ».

حَدِيثٌ حَسَنٌ، رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ، وَغَيْرُهُ بِأَسَانِيد حَسَنَةٍ.

لە ئەبولعەبباس سەهلی کوڕی سەعدی ئەلساعیدیەوە هاتووە و فەرمویەتی: کابرایەک هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، کارێکم پێ نیشان بدە ئەگەر ئەنجامم دا ئەوا خوای گەورە خۆشمی دەوێت و خەڵکیش خۆشمی دەوێت، ئەویش فەرمووی: (( دونیا نەویست بە خوای گەورە خۆشتی دەوێت و بێ نیازبە لەوەی لە لای خەڵکی هەیە ئەوا خەڵکی خۆشتی دەوێت))

فەرموودەیەکی (حسن)ـە، ئیبن ماجە و جگە لە ئەو ریوایەتیان کردووە بە چەند سەنەدێکی (حسن).

# الحديث الثَّاني والثَّلاثون
# فەرموودەی سی و دووەم

وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ سَعْدِ بْنِ مَالِكٍ بْنِ سِنَانٍ الخُدْرِيِّ ﵁ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ؛ قَالَ: «لَا ضَرَرَ وَلَا ضِرَارَ».

حَدِيثٌ حَسَنٌ رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ، وَالدَّارَقُطْنِيُّ وَغَيْرُهُمَا مُسْنَدًا.

لە ئەبو سەعید سەعدی کوڕی مالیکی کوڕی سینانی ئەلخودرییەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( - کەسی موسڵمان – نە ئازار دەگەیێنێتە خەڵکی و نە وەڵامی ئازاری خەڵکی بە ئازاردان دەداتەوە ))

فەرموودەیەکی (حسن)ـە ، ئیبن ماجە و ئەلدارەقوتنی و جگە لەوان ریوایەتیان کردووە بە موسنەدی .

وَرَوَاهُ مَالِكٌ فِي «الْـمُوَطَّأ» مُرْسَلًا، عَنْ عَمْرِو بْنِ يَحْيَى عَنْ أَبِيهِ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، فَأَسْقَطَ أَبَا سَعِيدٍ، وَلَهُ طُرُقٌ يُقَوِّي بَعْضُهَا بَعْضًا.

وە ئیمامی مالیک ریوایەتی کردووە لە (الموطأ) دا بە (مرسل)ی ، لە عەمری کوڕی یەحیاوە لە باوکییەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، جا لەسەنەدەکەیدا (ئەبو سەعید) کەوتووە و چەندین ڕێگای تری هەیە کە یەکتر بە هێز دەکەنەوە.

# الثَّالث والثَّلاثون
# فەرموودەی سی و سێیەم

وَعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «لَوْ يُعْطَى النّاسُ بِدَعْوَاهُمْ، لَادَّعَى رِجَالٌ أَمْوَالَ قَوْمٍ وَدِمَاءَهُم؛ لَكِنِ البَيِّنَةُ عَلَى المُدَّعِي وَالْيَمِينُ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ».

حَدِيثٌ حَسَنٌ رَوَاهُ الْبَيْهَقِيُّ وَغيْرُهُ هَكَذَا، وَأَصْلُهُ فِي «الصَّحِيحَيْنِ».

له ئیبن عەبباسەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( ئەگەر خەڵکی بە گوێرەی داوای خۆیان پێیان بدرێت، ئەوا خەڵکانێک داوای خوێن و ماڵی کەسانێکی تریان دەکرد ، بەڵام ڕوونکردنەوەو بەڵگە هێنانەوە لەسەر کەسی موددەعییەو سوێند خواردن لەسەر ئەو کەسەیە نکۆڵی دەکات)) .

فەرموودەیەکی (حسن)ـە ، ئەلبەیهەقی و جگە لە ئەو ڕیوایەتیان کردووە و ئەصڵ و بنامەی فەرموودەکە لە هەردوو کتێبی (صحیح)دا هاتووە .

# الحديث الرَّابع والثَّلاثون
# فەرموودەی سی و چوارەم

وَعَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِي ﷺ؛ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله ﷺ يَقُولُ: «مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ. فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ. فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

لە (أبو سعيد الخدری)یەوە هاتووە و فەرموویەتی : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : (( هەر کەسێ لە ئێوە خراپەیەکی بینی ئەوا با بە دەستەکانی بیگۆڕێت، جا ئەگەر نەیتوانی ئەوا با بە زمانی بیگۆڕێت، وە ئەگەر نەیتوانی ئەوا با بەدڵی بیگۆڕێت ئەویش لاوازترینی ئیمانە)) .

موسلیم ریوایەتی کردووە

## الحديث الخامس والثّلاثون
## فەرموودەی سی و پێنجەم

وعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «لَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَنَاجَشُوا، وَلَا تَبَاغَضُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَلَا يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ. وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا؛ الْـمُسْلِمُ أَخُو الْـمُسْلِمِ، لَا يَظْلِمُهُ، وَلَا يَخْذُلُهُ، وَلَا يَكْذِبُهُ، وَلَا يَحْقِرُهُ. التَّقْوَى هَاهُنَا - وَيُشِيرُ إِلَى صَدْرِهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ -بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّـرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْـمُسْلِمَ، كُلُّ الْـمُسْلِمِ عَلَى الْـمُسْلِمِ حَرَامٌ؛ دَمُهُ وَمَالُهُ وَعِرْضُهُ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

وەلەئەبوهورەیرەوەهاتووەوفەرموویەتی:پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی : (( ئێرەیی بە یەکتر مەبەن ، وە زەمکاری مەکەن ( واتە کەسێکی تر بەبێ ئەوەی نیازی کڕینی هەبێت نرخی ماڵەکە بەرز بکاتەوە) ، وە ڕقتان لەیەکتر نەبێتەوەو پشت لەیەکتر مەکەن ، وە با هەندێکتان مامەڵە لەسەر مامەڵەی هەندێکتان نەکات ، وە هەمووتان بەندەی خوا و برای یەکتر بن ، موسڵمان برای موسڵمانە ، ستەمی لێ ناکات و پشتی یەکتر بەر بەرنادەن و بە درۆی ناخاتەوە و بە سووک و بێ ڕێز تەماشای ناکات ، ئەوش بزانن کەوا تەقوا لێرەدایە – سێ جار ئاماژەی بۆ سینگی خۆی کرد – بەسییەتی کەسێک لە خراپەکاریدا بێت کەوا ڕقی لە برا موسڵمانەکەی بێت و بە سووک تەماشای بکات ، هەموو موسڵمانێک خوێن و سامان و ناموسەکەی حەرامە لەسەر موسڵمانان)).

موسلیم ریوایەتی کردووە

# الحديث السَّادس والثَّلاثون
# فەرمووده‌ی سی و شه‌شه‌م

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ؛ قَالَ: «مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا، نَفَّسَ اللهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ. وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ، يَسَّرَ اللهُ عَلَيْهِ فِي الدّنْيَا وَالآخِرَةِ. وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا، سَتَرَهُ اللهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ. وَاللهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ. وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا، سَهّلَ اللهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ. وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللهِ، يَتْلُونَ كِتَابَ اللهِ، وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ، إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السّكِينَةُ، وَغَشِيَتْهُمُ الرّحْمَةُ وَحَفّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ، وَذَكَرَهُمُ اللهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ. وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ، لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ».

رَوَاهُ مُسْلِمٌ بِهَـٰذَا اللَّفْظِ.

له ئه‌بو هوره‌یره‌وه هاتووه له پێغه‌مبه‌ری خواوه (ﷺ) و فه‌رموویه‌تی : (( هه‌ركه‌سێک ناسۆری و ده‌رده‌سه‌رییه‌ک له ده‌رده‌سه‌رییه‌كانی دونیا له‌سه‌ر موسڵمانێک لابدات ، ئه‌وا خوای گه‌وره ده‌رده‌سه‌رییه‌ک له ده‌رده‌سه‌رییه‌كانی قیامه‌تی له‌سه‌ر لاده‌دات ، وه هه‌ركه‌سێک ئاسانكاری بكات بۆ كه‌سێكی نه‌دار و هه‌ژار ئه‌وا خوای گه‌وره ناڕه‌حه‌تی و كێشه‌كانی دونیا و قیامه‌تی بۆ ئاسان ده‌كات ، وه هه‌ركه‌سێک هه‌ڵه‌ی موسڵمانێک بشارێته‌وه‌و ستری بكات ئه‌وا خوای گه‌وره له دونیا و قیامه‌تدا ستری ده‌كات ، وه خوای گه‌وره به‌رده‌وام له هاوكاری و یارمه‌تی به‌نده‌دا ده‌بێت تاوه‌كو به‌نده‌كه له هاوكاری و یارمه‌تی براكه‌یدا بێت ، وه هه‌ركه‌سێک ڕێگایه‌ک بگرێته‌به‌ر به دوای زانستدا بگه‌ڕێت ، ئه‌وا خوای گه‌وره ڕێگای به‌هه‌شتی بۆ سووک و ئاسان ده‌كات ، وه هه‌ر كاتێک كۆمه‌ڵێک له ماڵێک له ماڵه‌كانی خوادا كۆببنه‌وه و

کتێبەکەی خوا بخوێننەوە و راڤەی بکەن ئیللا ئارامی و دڵنیاییان بە سەردا دادەبەزێت و بە رەحمەتی خوا دادەپۆشرێن و فریشتەکان بە دەورو بەریاندا دادەبەزن و خوای گەورە لای فریشتەکانی لای خۆی باسی ئەوان دەکات ، وە هەرکەسێ کردارەکەی لە سەرخۆ و هێواشی بکاتەوە ئەوا رەچەڵەکەکەی پەلەی پێناکات )) .

موسلیم ریوایەتی کردووە بەم شێوەیە.

# الحديث السَّابع والثَّلاثون
# فەرموودەی سی و حەوتەم

وَعَنِ ابْنِ عَبَّاس ﷺ عَنْ رَسُولِ الله ﷺ فِيمَا يَرْوِيه عَنْ رَبِّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، قَالَ: «إِنَّ اللهَ كَتَبَ الْـحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ. ثُمّ بَيّنَ ذَلِكَ، فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللهُ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ. وَإِنْ هَمَّ بِسَيّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا الله عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا، كَتَبَهَا اللهُ سَيّئَةً وَاحِدَةً».

رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ فِي «صَحِيحَيْهِمَا» بِهٰذِهِ الْـحُرُوف.

وە لە ئیبن عەبباسەوە هاتووە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) ئەویش لە خواکەیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە ، فەرموویەتی : (( خوای گەورە چاکەکان و خراپەکانی نوسیوەتەوە ، ئەمجار هەموو ئەوانەی روون کردووەتەوە ، جا هەرکەسێک ویستی چاکەیەک ئەنجام بدات و ئەنجامی نەدا ئەوا خوای گەورە بە چاکەیەکی بێ کەم و کوڕی بۆی دەنووسێت و هەرکەسێک ویستی کارێک ئەنجام بدات و ئەنجامی دا ئەوا خوای گەورە دە ئەوەندەی بۆ دەنوسێت تا حەوت سەد ئەوەندە تا چەندەها جاری زۆر ، وە هەرکەسێک ویستی خراپەیەک ئەنجام بدات و ئەنجامی نەدا ئەوا خوای گەورە بە چاکەیەکی بێ کەم و کوڕی دەینوسێ و هەرکەسێک ویستی خراپەیەک ئەنجام بدا و ئەنجامیدا ئەوا خوای گەورە تەنها یەک خراپەی بۆ دەنوسێ ))

بوخاری و موسلیم لە (صحیح)ەکەیاندا بەم پیتانەوە ریوایەتیان کردووە.

فَانْظُرْ يَا أَخِي وَفَّقَنِي اللهُ وَإِيَّاكَ إِلَى عَظِيمِ لُطْفِ اللهِ تَعَالَى، وَتَأَمَّلْ هٰذِهِ الْأَلْفَاظَ.

بۆیە برای بەڕێزم خوای گەورە من و تۆ تەوفیق بدات بۆ میهرەبانییە مەزنەکەی خۆی ، تەماشا بکە و تێفکرە لەم وشانە .

وَقَوْلُهُ: «عِنْدَهُ» إِشَارَةٌ إِلَى الِاعْتِنَاءِ بِهَا.

وە مەبەست لە (عِنْدَهُ) ئاماژەیە بۆ بایەخدان پێی .

وَقَوْلُهُ: «كَامِلَةً» للتَّأْكِيدِ وَشِدَّةِ الاعْتِنَاءِ بِهَا. وَقَالَ فِي السَّيِّئَةِ الَّتِي هَمَّ بِهَا ثُمَّ تَرَكَهَا «كَتَبَهَا اللهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً» فَأَكَّدَهَا بِـ«كَامِلَةً» وَإِنْ عَمِلَهَا، كَتَبَهَا اللهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً، فَأَكَّدَ تَقْلِيلَهَا بِـ«وَاحِدَةً» وَلَمْ يُؤَكِّدْهَا بِـ(كَامِلَةً)، فَلِلَّهِ الْحَمْدُ وَالْمِنَّةُ، سُبْحَانَهُ لَا نُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْهِ، وَبِاللهِ التَّوْفِيقِ.

وە مەبەست لە (كَامِلَةً) بۆ دووپاتکردنەوەو بایەخدانە پێی .

وە دەربارەی ئەو خراپەیەی کە ویستی بیکات و ئەمجار وازی لێی هێنا و فەرموویەتی (كَتَبَهَا اللهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً) ئەمجار بە وشەی (كَامِلَةً) دووپاتی کردەوە هەرچەندە ئەنجامی بدات ، ئەوا خوای گەورە بە یەک خراپە دەینوسێت ، ئەمجار بە وشەی (وَاحِدَةً) کەمییەکەی دووپاتکردەوە و بە وشەی (كَامِلَةً) دووپاتی نەکردەوە ، بۆیە سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە ، پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو کە ناتوانین سوپاس و ستایشی بکەین لەبەرانبەر ئەو هەموو نیعمەتانەی بەسەرماندا رژاندوویەتی و شایستەی ناو و صیفاتەکانی بێت ، خوای گەورە تەوفیقی هەموو لایەک بدات .

# الحديث الثَّامن والثَّلاثون
# فەرموودەی سی و هەشتەم

وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِنَّ اللهَ تَعَالَى قَالَ: مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ. وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُهُ عَلَيْهِ. وَلَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ، فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ، وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا، وَلَئِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ، وَلَئِنْ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ».

رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ.

لە ئەبو هورەیرەوە – ڕەزای خوای لێ بێت – هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (( خوای گەورە فەرموویەتی : هەرکەسێ دژایەتی خۆشەویستێکی من (وەلییەکی من) بکات ئەوا بڕیاری جەنگی لە گەڵدا دەدەم ، وە هیچ بەندەیەک لێم نزیک نەبووەتەوە بە شتێک پێم خۆش بێت وەکو ئەوەی فەرزم کردووە لە سەری ، وە بەردەوام بەندەکەم بە ئەنجامدانی سوننەتەکان لێم نزیک دەبێتەوە تاوەکو خۆشم دەوێت ، جا ئەگەر خۆشم ویست ئەوا دەبمە ئەو بیستنەی پێی دەبیسێ و ئەو بینینەی پێی دەبینێ و ئەو دەستەی کە کاری پێ دەکات ، وە ئەو پێیەی ڕێی پێ دەکات ، ئەو کات ئەگەر داوام لێ بکات پێی دەبەخشم و ئەگەر پەنام پێ بگرێت پەنای دەدەم)) .

(بوخاری) ڕیوایەتی کردووە.

# الحديث التَّاسع والثَّلاثون
# فەرمووودەی سی و نۆیەم

عَنِ ابْنِ عَبَّاس رضي الله عنه، أَنَّ رَسُولَ الله ﷺ؛ قَالَ: «إِنَّ اللهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي الْـخَطَأَ وَالنِّسْيَانَ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ».

حَدِيثٌ حَسَنٌ، رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ وَالْبَيْهَقِيُّ وَغَيْرُهُمَا.

لە ئیبن عەبباسەوە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی : (( خوای گەورە لە سێ باسدا ئوممەتەکەمی عاف کردووە و لێیان ناگرێت : لە هەڵە و لە لەبیرچوون و لە ئەوەی ناچار دەکرێن لەسەری))

فەرموودەیەکی (حسن)ـە ، ئیبن ماجە و ئەلبەیهەقی و جگە لە ئەوان ریوایەتی کردووە .

# الحديث الأربعون
# فەرموودەی چلەم

وَعَنْ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: أَخَذَ رَسُولُ الله ﷺ بِمَنْكِبِي فَقَالَ: «كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ، أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ».

له ئیبن عومەرەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) شانی گرتم و فەرمووی : (( لە دنیادا وەكو غەریب و ئاوارە، یان وەكو ڕێبوار بژی)) .

وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ ﵄ يَقُولُ: إِذَا أَمْسَيْتَ فَلَا تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ، وَإِذَا أَصْبَحْتَ فَلَا تَنْتَظِرِ الْـمَسَاءَ، وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِـمَرَضِكَ، وَمِنْ حَيَاتِكَ لِـمَوْتِكَ.

رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ.

جا ئیبن عومەریش دەیفەرموو : كاتێ ئیوارەت بەسەدا هات چاوەڕێی بەیانی مەكە ، وە كاتێ بەیانیت بەسەدا هات چاوەڕێی ئیوارە مەكە، وە ، لەكاتی لەشساغیتدا خەمی كاتی نەخۆشیت بخۆ، وە لە ژیانتدا خەمی مردن بخۆ.

بوخاری ریوایەتی كردووە

# الحديث الحادي والأربعون
# فەرموودەی چل و یەکەم

عَنْ أَبِي مُحَمَّد عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرو بْنِ الْعَاصِ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله ﷺ: «لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبَعًا لِـمَا جِئْتُ بِهِ».

حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، رُوِّينَاهُ فِي كِتَابِ الْـحُجَّةِ بِإِسْنَادٍ صَحِيحٍ.

لە ئەبو موحەممەد عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی ئەلعاصەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((هیچ یەکێک لە ئێوە ئیمانەکەی تەواو و کامل نابێت تاوەکو حەز و ئارەزووی شوێنکەوتەی ئەوە نەبێت کە من هێناومە))

فەرموودەیەکی (حسن صحیح)ـە ، لە کتێبی (الحجة) دا بە سەنەدێکی (صحیح) ریوایەتمان کردووە

# الحديث الثَّاني والأربعون
# فەرموودەی چل و دووەم

عَنْ أَنَس بْنِ مَالِكٍ ﷺ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ الله ﷺ، يَقُولُ:

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هاتووە و فەرموویەتی : گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو :

«قَالَ اللهُ تَعَالَى: يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ مَا دَعَوْتَنِي وَرَجَوْتَنِي غَفَرْتُ لَكَ عَلَى مَا كَانَ مِنْكَ وَلَا أُبَالِي.

(( خوای گەورە فەرموویەتی : ئەی نەوەی ئادەم ! تۆ هەر کاتێک هاوارم پێ بکەیت و داوام لێ بکەیت و تکام لێ بکەیت ئەوا لێت خۆش دەبم هەرچی شتێکت کردبێ هیچ باکم نییە .

يَا ابْنَ آدَمَ لَوْ بَلَغَتْ ذُنُوبُكَ عَنَانَ السَّمَاءِ ثُمّ اسْتَغْفَرْتَنِي غَفَرْتُ لَكَ.

ئەی نەوەی ئادەم ! ئەگەر تاوانەکانت گەیشتنە ئاسمانەکان ئەمجار داوای لێخۆشبوونت لێ کردم ئەوا لێت خۆش دەبم و هیچ باکم نییە .

يَا ابْنَ آدَمَ إِنَّكَ لَوْ أَتَيْتَنِي بِقُرَابِ الْأَرْضِ خَطَايَا ثُمَّ لَقِيتَنِي لَا تُشْرِكُ بِي شَيْئًا لَأَتَيْتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً». رَوَاهُ التِّرمِذِي، وَقَالَ: حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ.

ئەی نەوەی ئادەم ! ئەگەر بە ئەندازەی هەموو زەوی بە تاوانەوە پێم بگەی و کاتێ بە من گەیشتی هاوەڵت بۆ من بڕیار نەدابوو ئەوا بە ئەندازەی هەموو زەوی بە لێ خۆش بوونەوەوە پێت دەگەم ))

ئەلتیرمیزی ریوایەتی کردووە و فەرموویەتی : فەرموودەیەکی (حسن صحيح)ـە

# الخـــاتمـــة
# کــۆتـــایی

فَهٰذَا آخِرُ مَا قَصَدْتُهُ مِنْ بَيَانِ الْأَحَادِيثِ الَّتِي جَمَعَتْ قَوَاعِدَ الْإِسْلَامِ، وَتَضَمَّنَتْ مَا لَا يُحْصَى مِنْ أَنْوَاعِ الْعُلُومِ؛ فِي الْأُصُولِ وَالْفُرُوعِ وَالْآدَابِ، وَسَائِرِ وُجُوهِ الْأَحْكَامِ.

ئەمە کۆتایی ئەوەیە کە مەبەستم بوو لە باسی روونکردنەوەی فەرموودەکان کە بنەماکانی ئیسلامی لە خۆ گرتووە ، وە جۆرەها زانستی لە خۆگرتووە کە لە ژماردن نایەت لە بنەما و لقەکان و ئادابەکان و هەموو لایەنی ئەحکامەکان.

وَهَا أَنَا أَذْكُرُ بَابًا مُخْتَصَرًا جِدًّا فِي ضَبْطِ خَفِيِّ أَلْفَاظِهَا مُرَتَّبَةً؛ لِئَلَّا يُغْلَطَ فِي شَيْءٍ مِنْهَا، وَلِيَسْتَغْنِيَ بِهَا حَافِظُهَا عَنْ مُرَاجَعَةِ غَيْرِهِ فِي ضَبْطِهَا.

ئا ئەوەتا من لێرەدا باسی بەشێکی زۆر کورت دەکەم دەربارەی ئەو وشانەی نادیار و شاراوەتەوە ، بۆ ئەوەی لە هیچ یەکێک لەوانەدا هەڵەی تێدا نەکرێت ، وە ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە لەبەر کردنی بێ نیاز بێت لە گەڕانەوەی بۆ سەرچاوەکانی تر بە مەبەستی زەبت کردنی.

ثُمَّ أَشْرَعُ فِي شَرْحِهَا -إِنْ شَاءَ اللهُ تَعَالَى- فِي كِتَابٍ مُسْتَقِلٍّ، وَأَرْجُو مِنْ فَضْلِ اللهِ تَعَالَى أَنْ يُوَفِّقَنِي فِيهِ لِبَيَانِ مُهِمَّاتٍ مِنَ اللَّطَائِفِ، وَجُمَلٍ مِنَ الْفَوَائِدِ وَالْمَعَارِفِ، لَا يَسْتَغْنِي مُسْلِمٌ عَنْ مَعْرِفَةِ مِثْلِهَا، وَيَظْهَرُ لِمُطَالِعِهَا جَزَالَةُ هٰذِهِ الْأَحَادِيثِ وَعِظَمُ فَضْلِهَا، وَمَا اشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ مِنَ النَّفَائِسِ الَّتِي ذَكَرْتُهَا، وَالمُهِمَّاتِ الَّتِي وَصَفْتُهَا، وَيَعْلَمُ بِهَا الْحِكْمَةَ فِي اخْتِيَارِ هٰذِهِ الْأَحَادِيثِ الْأَرْبَعِينَ، وَأَنَّهَا حَقِيقَةٌ بِذٰلِكَ عِنْدَ النَّاظِرِينَ.

ئەمجار هەڵدەستم بە راڤەکردنی – إن شاء الله – لە کتێبێکی سەربەخۆدا ، وە تکام دەکەم لی خوای گەورە تەوفیقم بدات بۆ روونکردنەوەی گرنکەکان

و قسە ماناداره‌کان ، وه‌ کۆمەڵێک لە سوودەکان و زانیارییەکان ، کەوا کەسی موسڵمان لە زانینی بێ نیاز نییە ، وە ئەو کەسەی ئەم فەرموودانە بخوێنێتەوە گەورەیی و فراوانی مانای بۆ دەردەکەوێت ، وە ئەو مانا بە نرخانە لە خۆ دەگرێت کە باسم کردووە ، وە ئەو مانا گرنگانەی کە باسم کردووە ، کە ئەو کات دەزانرێت حیکمەت لە هەڵبژاردنی ئەو چل فەرموودەیە چی بووە ، ئەوەیشە بۆ کەسی خوێنەر بە جوانی دەردەکەوێت .

وَإِنَّمَا أَفْرَدْتُهَا عَنْ هٰذَا الْـجُزْءِ؛ لِيَسْهُلَ حِفْظُ الْـجُزْءِ بِانْفِرَادِهِ، ثُمَّ مَنْ أَرَادَ ضَمَّ الشَّـرْحِ إِلَيْهِ فَلْيَفْعَلْ وَلله عَلَيْهِ الْـمِنَّةُ بِذَلِكَ، إِذْ يَقِفُ عَلَى نَفَائِسِ اللَّطَائِفِ الْمُسْتَنْبَطَةِ مِنْ كَلَامِ مَنْ قَالَ اللهُ فِي حَقِّهِ: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾﴾ [النجم]، وَلله الْـحَمْدُ أَوَّلًا وَآخِرًا، وَبَاطِنًا وَظَاهِرًا.

وە کردوومەتە کتێبێکی سەربەخۆ ، بۆ ئەوەی ئەم بەشە بە تەنها و بە ئاسانی لەبەر بکرێت ، وە هەرکەسێک دەیەوێت راڤەکەی لە گەڵیدا بکات و بیکاتە یەک ئەوا بۆی هەیە ، وە خوای گەورە خۆی منەت رێژە بەسەرمانەوە ، کاتێک کەسێک رادەوەستی لەبەردەم دەرهێنانی ئەو هەموو ئەحکام و وشە نازدارانە لە قسە و فەرموودەی کەسێک کە خوای گەورە لە حەقی ئەودا فەرموویەتی : ( ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ﴿٤﴾﴾ [النجم] ) سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە لە سەرەتا و کۆتاییدا و لە پەنهان و ئاشکرادا.

## بَابُ الإِشَارَاتِ إِلَىَ ضَبْطِ الأَلْفَاظِ الـمُشْكِلاَتِ
## بەشی ئاماژەکان بۆ لێکدانەوەی وشە نادیارەکان

فَهٰذَا الْبَابُ وَإِنْ تَرْجَمْتُهُ بِالْـمُشْكِلَاتِ؛ فَقَدْ أُنَبِّهُ فِيهِ عَلَى أَلْفَاظٍ مِنَ الْوَاضِحَاتِ.

ئەم بەشە هەرچەندە ناونیشانم بە وشە نادیارەکان بۆ داناوە ، ئەوا بە وشەی روون و رەوان روونی دەکەمەوە .

فِي الخُطْبَةِ «نَضَّرَ اللهُ امْرَأً»؛ رُوِيَ بِتَشْدِيدِ الضَّادِ وَتَخْفِيفِها، وَالتَّشْدِيدُ أَكْثَرُ، وَمَعْنَاهُ: حَسَّنَهُ وَجَمَّلَهُ.

لە پێشەکی کتێبەکەدا هاتووە : (نَضَّرَ اللهُ امْرَأً) بە دانانی شەددە لە سەر پیتی (ضاد)ەکە ریوایەت کراوە و بە بێ شەددە ، وە بە شەددە زۆرتر هاتووە ، وە ماناکەی بریتییە لە : جوانی دەکاتەوە و دەیگەشێنێتەوە.

الْحَدِيثُ الأَوَّلُ: فەرموودەی یەکەم :

«أَمِيرِ الـمُؤْمِنِينَ عُمَرَ بْنَ الْـخَطَّابِ ﷺ»؛ هُوَ أَوَّلُ مَنْ سُمِّيَ أَمِيرَ الـمُؤْمِنِينَ.

(أَمِيرِ الـمُؤْمِنِينَ عُمَرَ بْنَ الْـخَطَّابِ) ئەو یەکەم کەس بووە نازناوی ئەمیری ئیماندراری لێنراوە .

قَوْلُهُ ﷺ: «إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بالنِّيّاتِ»؛ الْـمُرَادُ لَا تُحْسَبُ الأَعْمَالُ الشَّرْعِيَّةُ إِلَّا بِالنِّيَّةِ.

مەبەست لە : (إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بالنِّيّاتِ) مەبەست لێی ئەوەیە کردارە شەرعییەکان ناژمێردرێت ئیللا بە نییەتەوە نەبێت .

قَوْلُهُ ﷺ: «فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ»؛ مَعْنَاهُ: مَقْبُولَةٌ.

مەبەست لە : (فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللهِ وَرَسُولِهِ) ماناکەی : وەرگیراوە

الْحَدِيثُ الثَّانِي: فەرموودەی دووەم:

«لَا يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفَرِ»؛ هُوَ بِضَمِّ الْيَاءِ مِنْ «يُرَى».

مەبەست لە (لَا يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفَرِ) بە دانانی پیتی زەممە لەسەر یائەکە لە وشەی (يُرَى)وە هاتووە

قَوْلُهُ: «تُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ»؛ مَعْنَاهُ: تَعْتَقِدُ أَنَّ اللهَ قَدَّرَ الْـخَيْرَ وَالشَّرَّ قَبْلَ خَلْقِ الْـخَلْقِ، وَأَنَّ جَمِيعَ الْكَائِنَاتِ بِقَضَاءِ اللهِ تَعَالَى وَقَدَرِهِ، وَهُوَ مُرِيدٌ لَـهَا.

مەبەست لە (تُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ) مانای : باوەڕت وا بێت کەوا خوای گەورە تەقدیری خەیر و شەڕی کردووە پێش دروستکردنی دروستکراوەکان ، وە هەموو بەدیهێنراوەکان بە قەزاو قەدەری خوای گەورەیە و هەر ئەویش ئەوەی ویستووە .

قَوْلُهُ: «فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَارَتِهَا»؛ هُوَ بِفَتْحِ الْـهَمْزَةِ؛ أَيْ عَلَامَتِهَا؛ وَيُقَالُ: أَمَارُ بِلَا هَاءٍ؛ لغتان؛ لَـكِنَّ الرِّوَايَةَ بِالْـهَاءِ.

مەبەست لە (فَأَخْبِرْنِي عَنْ أَمَارَتِهَا) ئەوەیش بریتییە لە دانانی فەتحە لەسەر هەمزەکە ، واتە لە نیشانەکانی ، وە دەڵێن (أمار) بە بێ پیتی هائەکە ، بە دوو زمانی جیاواز هاتووە ، بەڵام ریوایەتەکە بە بوونی هائەکە هاتووە.

قَوْلُهُ: «تَلِدَ الْأَمَةُ رَبَّتَهَا»؛ أَيْ: سَيِّدَتَهَا، وَمَعْنَاهُ: أَنْ تَكْثُرَ السَّـرَارِيُّ حَتَّى تَلِدَ الْأَمَةُ السُّـرِّيَّةُ بِنْتًا لِسَيِّدِهَا، وَبِنْتُ السَّيِّدِ فِي مَعْنَى السَّيِّدِ.

وَقِيلَ: يَكْثُرُ بَيْعُ السَّرَارِي، حَتَّى تَشْتَرِيَ الْـمَرْأَةُ أُمَّهَا وَتَسْتَعْبِدَهَا جَاهِلَةً بِأَنَّهَا أُمُّهَا.

وَقِيلَ غَيْرُ ذَلِكَ، وَقَدْ أَوْضَحْتُهُ فِي «شَرْحِ صَحِيحِ مُسْلِمٍ» بِدَلَائِلِهِ وَجَمِيعِ طُرُقِهِ.

مەبەست لە : (تَلِدَ الْأَمَةُ رَبَّتَهَا) واتە : گەورەکەی ، وە ماناکەی ئەوەیە : کەنیزەکەکان زۆر دەبن تاوەکو کەنیزەکێک کچێکی دەبێت بۆ گەورەکەی ، وە کچی گەورەکەی بە مانای (السيد) گەورە دێت .

وە دەڵێن : فرۆشتنی کەنیزەک زۆر دەبێت ، تاوەکو وای لێ دێت ئافرەتێک دایکی خۆی دەکڕێت و دەیکاتە کۆیلەی خۆی و نازانێت ئەوە دایکێتی .

وە جگە لەو بۆچوونانە وتراوە ، وە لە (شرح صحيح مسلم)دا روونم کردووەتەوە ، بە بەڵگەکانی و هەموو ریوایەتەکانییەوە .

قَوْلُهُ: «الْعَالَةَ»؛ أَيْ: الْفُقَرَاءَ، وَمَعْنَاهُ: أَنَّ أَسَافِلَ النَّاسِ يَصِيرُونَ أَصْحَابَ ثَرْوَةٍ ظَاهِرَةٍ.

مەبەست لە (العَالَة) واتە : هەژارەکان ، وماناکەی : خەڵکە نزم و هیچ و پووچەکان دەبنە خاوەنی سەروەت و سامانی زۆر .

قَوْلُهُ: «لَبِثْتُ مَلِيًّا» هُوَ بِتَشْدِيدِ الْيَاءِ، أَيْ: زَمَانًا كَثِيرًا، وَكَانَ ذَلِكَ ثَلَاثًا، هَكَذَا جَاءَ مُبَيَّنًا فِي رِوَايَةِ أَبِي دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيِّ وَغَيْرِهِمَا.

مەبەست لە (لَبِثْتُ مَلِيًّا) : ئەوەش بە دانانی شەددە لەسەر پیتی یائەکە ، واتە : ماوەیەکی زۆر ، ئەوەیش سێ رۆژ بوو ، ئا بەم شێوەیە لە ریوایەتەکەی ئەبو داوود و ئەلتیرمیزی و جگە لە ئەوان هاتووە .

## الْحَدِيثُ الخامس: فەرموودەی پێنجەم:

قَوْلُهُ: «مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَـذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ»؛ أَيْ: مَرْدُودٌ، كَالْـخَلْقِ بِمَعْنَى الْـمَخْلُوقِ.

مەبەست لە : (مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَـذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ) واتە : (مردود) رد دەکرێتەوە ، وەکو وشەی (الخلق) بە مانای (مخلوق) دروستکراو دێت .

الْحَدِيثُ السَّادس: فەرموودەی شەشەم :

قَوْلُهُ: «فَقَدِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ»؛ أَيْ: صَانَ دِينَهُ، وَحَمَى عِرْضَهُ مِنْ وُقُوعِ النَّاسِ فِيهِ.

مەبەست لە (فَقَدِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ) : واتە : پارێزگاری لە دینەکەی خۆی کردووە ، وە شەرەفی خۆی پاراستووە لەوەی خەڵکی تانەی لێ بدات .

قَوْلُهُ: «يُوشِكُ»؛ هُوَ بِضَمِّ الْيَاءِ وَكَسْرِ الشِّينِ؛ أَيْ: يُسْرِعُ وَيَقْرُبُ.

مەبەست لە (يُوشِكُ) ئەوەیش بە دانانی زەممە لەسەر یائەکە و کەسرە لە ژێر پیتی شینەکە ، واتە : پەلەی لێ دەکات و نزیکە لێیەوە .

قَوْلُهُ: «حِمَى اللهِ مَحَارِمُهُ»؛ مَعْنَاهُ: الَّذِي حَمَاهُ اللهُ تَعَالَى وَمَنَعَ دُخُولَهُ؛ هُوَ الْأَشْيَاءُ الَّتِي حَرَّمَهَا.

مەبەست لە (حِمَى اللهِ مَحَارِمُهُ) : ماناکەی : ئەوەی خوای گەورە بە قەدەغە دایناوە و رێگری کردووە لەوەی هیچ کەسێک بچێتە ژوورەوە ، ئەوەیش ئەو شتانەیە کە حەرامی کردووە.

الْحَدِيثُ السَّابع: فەرموودەی حەوتەم :

قَوْلُهُ: (عَنْ أَبِي رُقَيَّةَ)؛ هُوَ بِضَمِّ الرَّاءِ وَفَتْحِ الْقَافِ وَتَشْدِيدِ الْيَاءِ.

مەبەست لە : (عَنْ أَبِي رُقَيَّةَ) : ئەوەیش بە دانانی زەممەیە لەسەر پیتی رائەکە و فەتحە لەسەر قافەکە و شەددە لەسەر یائەکە .

قَوْلُهُ: (الدَّارِيِّ) مَنْسُوبٌ إِلَى جَدٍّ لَهُ اسْمُهُ الدَّارُ، وَقِيلَ: إِلَى مَوْضِعٍ يُقَالُ لَهُ: دَارِينَ، وَيُقَالُ فِيهِ أَيْضًا: الدَّيْرِيُّ، نِسْبَةً إِلَى دَيْرٍ كَانَ يَتَعَبَّدُ فِيهِ، وَقَدْ بَسَطْتُ الْقَوْلَ فِي إِيضَاحِهِ فِي أَوَائِلِ «شَرْحِ صَحِيحِ مُسْلِمٍ».

مەبەست لە (الدَّارِيِّ) : دراوەتە پاڵ باپیری کە ناوی (الدار) بووە ، وە دەڵێن: دراوەتە پاڵ جێگایەک پێی دەڵێن : (دارين) ، وە هەروەها دەربارەی وتراوە:

(الديرى) وەكو دانە پاڵی دیرێک (پەرستگایەک) کە خواپەرستی تێدا دەکرد، وە بە ورد و درشتی باسم کردووە و روونم کردووەتەوە لەسەرەتای (شرح صحيح مسلم) .

الْحَدِيثُ التَّاسع: فەرموودەی نۆیەم :

قَوْلُهُ: «وَاخْتِلَافُهُمْ»؛ هُوَ بِضَمِّ الْفَاءِ لَا بِكَسْرِهَا.

مەبەست لە : (وَاخْتِلَافُهُمْ) : ئەوەیش بە دانانی زەممەیە لەسەر پیتی فائەکە نەوەک کەسرە .

قَوْلُهُ: «غُذِيَ بِالْـحَرَامِ» هُوَ بِضَمِّ الْغَينِ وَكَسْرِ الذَّالِ الْـمُعْجَمَةِ الْـمُخَفَّفَةِ.

مەبەست لە : (غُذِيَ بِالْـحَرَامِ) ئەوەیش بە دانانی زەممەیە لە سەر پیتی غەینەکە و کەسرە لەژێر پیتی (ذال)ـەکە .

الْحَدِيثُ الحادي عشر: فەرموودەی یازدەیەم :

قَوْلُهُ: «دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لَا يَرِيبُكَ» بِفَتْحِ الْيَاءِ وَضَمِّهَا لُغَتَانِ، وَالْفَتْحُ أَفْصَحُ وَأَشْهَرُ، وَمَعْنَاهُ: اتْرُكْ مَا شَكَكْتَ فِيهِ، وَاعْدِلْ إِلَى مَا لَا تَشُكُّ فِيهِ.

مەبەست لە : (دَعْ مَا يَرِيبُكَ إِلَى مَا لَا يَرِيبُكَ) بە دانانی فەتحە لەسەر پیتی یائەکە یان زەممە لەسەری دوو زمانی جیاوازن ، بەڵام بە فەتحە پاراوترو بەناوبانگترە ، وە مانای : ئەوەی گومانت لێی هەیە وازی لێ بهێنە و بچۆ بۆ لای ئەوەی گومانت لێی نییە .

الْحَدِيثُ الثَّاني عشر: فەرموودەی دوازدەیەم:

قَوْلُهُ: «يَعْنِيهِ» بِفَتْحِ أَوَّلِهِ.

مەبەست لە (يَعْنِيهِ) بە دانانی فەتحە لەسەر پیتە یەکەمەکەی.

**الْحَدِيثُ الرَّابع عشر: فەرموودەی چواردەیەم:**

قَوْلُهُ: «الثَّيِّبِ الزَّانِي»؛ مَعْنَاهُ: الْـمُحْصَنُ إِذَا زَنَى، وَلِلْإِحْصَانِ شُرُوطٌ مَعْرُوفَةٌ فِي كُتُبِ الْفِقْهِ.

مەبەست لە : (الثَّيِّبِ الزَّانِي) ، ماناکەی : ئەوەی ژنی هێناوە یان شووی کردووە و ئەمجار زینا دەکات ، وە بۆ (إحصان) چەند مەرجێک هەیە لە کتێبەکانی فیقهدا زانراوە .

**الْحَدِيثُ الخامس عشر: فەرموودەی پازدەیەم:**

قَوْلُهُ: «أَوْ لِيَصْمُتْ» بِضَمِّ الْـمِيمِ.

مەبەست لە : (أَوْ لِيَصْمُتْ) بە دانانی زەمە لەسەر پیتی میمەکە .

**الْحَدِيثُ السَّابع عشر: فەرموودەی حەڤدەیەم:**

«الْقِتْلَةُ» وَ«الذِّبْحَةُ» بِكَسْرِ أَوَّلِهِمَا.

وشەی : (الْقِتْلَةُ) و (الذِّبْحَةُ) بە دانانی کەسرە لە ژێر یەکەمەکەیان.

قَوْلُهُ: «وَلْيُحِدَّ»؛ وَهُوَ بِضَمِّ الْيَاءِ وَكَسْرِ الْحَاءِ وَتَشْدِيدِ الدَّالِ، يُقَالُ: أَحَدَّ السِّكِّينَ وَحَدَّهَا وَاسْتَحَدَّهَا بِمَعْنًى.

مەبەست لە : (وَلْيُحِدَّ) : ئەویش بە دانانی زەممەیە لەسەر یائەکە و کەسرە لە ژێر حائەکە و شەددە لەسەر دالەکە ، دەڵێن : (أَحَدَّ السِّكِّينَ وَحَدَّهَا وَاسْتَحَدَّهَا) یەک مانای هەیە واتە : تیژی کرد.

**الْحَدِيثُ الثَّامن عشر: فەرموودەی هەژدەیەم :**

(جُنْدُبٌ) بِضَمِّ الْجِيمِ، وَبِضَمِّ الدَّالِ وَفَتْحِهَا.

(جُنْدُبٌ) بە دانانی زەممە لەسەر پیتی جیمەکە ، وە زەممە لەسەر دالەکە یان فەتحە .

وَ(جُنَادَةُ) بِضَمِّ الجِيمِ.

(جُنَادَةُ) بە دانانی زەممە لەسەر پیتی جیمەکە.

الْحَدِيثُ التَّاسع عشر: فەرموودەی نۆزدەیەم :

«تُجَاهَكَ»: بِضَمِّ التَّاءِ، وَفَتْحِ الْهَاءِ؛ أَيْ: أَمَامَكَ؛ كَمَا فِي الرِّوَايَةِ الْأُخْرَى.

(تُجَاهَكَ) بە دانانی زەممە لەسەر تائەکە و فەتحە لەسەر هائەکە ، واتە : بەرانبەرت هەروەکو لە ریوایەتەکەی تردا هاتووە.

«تَعَرَّفْ إِلَى اللهِ فِي الرَّخَاءِ»؛ أَيْ: تَحَبَّبْ إِلَيْهِ بِلُزُومِ طاعَتِهِ، وَاجْتِنَابِ مُخَالَفَتِهِ.

(تَعَرَّفْ إِلَى اللهِ فِي الرَّخَاءِ) : واتە : خۆشەویستی بە بە دەستگرتن بە گوێڕایەڵی ئەووە و دوور کەوتنەوە لە جیاوازیکردن لە گەڵیدا .

الْحَدِيثُ العشرون: فەرموودەی بیستەم:

قَوْلُهُ: «إِذَا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ»؛ مَعْنَاهُ: إِذَا أَرَدْتَ فِعْلَ شَيْءٍ؛ فَإِنْ كَانَ مِمَّا لَا تَسْتَحِي مِنَ اللهِ وَمِنَ النَّاسِ فِي فِعْلِهِ فَافْعَلْهُ؛ وَإِلَّا فَلَا، وَعَلَى هٰذَا مَدَارُ الْإِسْلَامِ.

مەبەست لە : (إِذَا لَمْ تَسْتَحِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ) : ماناکەی : ئەگەر ویستت شتێک بکەیت ، ئەگەر لەو کارە بوو لەوەی بە ئەنجامدانی شەرم لە خوا و خەڵکی ناکەیت ئەوا ئەنجامی بدە ، ئەگەر نا نەخێر ، وە ئیسلام لەسەر ئەمە دەخولێتەوە .

الْحَدِيثُ الحادي والعشرون: فەرموودەی بیست و یەكەم:

«قُلْ: آمَنْتُ بِالله، ثُمَّ اسْتَقِمْ»؛ أَيْ: اسْتَقِمْ؛ كَمَا أُمِرتَ مُمْتَثِلًا أَمْرَ اللهِ تَعَالَى، مُجْتَنِبًا نَهْيَهُ.

(قُلْ: آمَنْتُ بِالله، ثُمَّ اسْتَقِمْ) : واتە : سەقامگیربە و لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆ ، هەروەكو خوای گەورە فەرمانی پێت كردووە بە ئەنجامدانی و دوور كەوتنەوە لە قەدەغەكراوەكانی .

الْحَدِيثُ الثَّالث والعشرون: فەرموودەی بیست و سێیەم :

قَوْلُهُ ﷺ: «الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ»؛ الْـمُرَادُ بِالطُّهُورِ: الْوُضُوءُ:

(الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ) مەبەست لە (الطُّهُورُ) : دەستنوێژە .

قِيلَ: مَعْنَاهُ يَنْتَهِي تَضْعِيفُ ثَوَابِهِ إِلَى نِصْفِ أَجْرِ الْإِيمَانِ.

دەڵێن : مانای چەندجاركردنەوەی پاداشتەكەی دەگاتە نیوەی پاداشتی ئیمان.

وَقِيلَ: الْإِيمَانُ يَجُبُّ مَا قَبْلَهُ مِنَ الْخَطَايَا، وَكَذَلِكَ الْوُضُوءُ؛ وَلَكِنَّ الْوُضُوءَ تَتَوَقَّفُ صِحَّتُهُ عَلَى الْإِيمَانِ؛ فَصَارَ نِصْفًا.

وە دەڵێن : ئیمان هەموو تاوانەكانی پێش خۆی دەسڕێتەوە ، هەروەها دەستنوێژیش ، بەڵام دروستی دەستنوێژ لەسەر ئیمان ڕاوەستاوە ، بۆیە بووەتە نیوە .

وَقِيلَ: الْـمُرَادُ بِالْإِيمَانِ الصَّلَاةُ، وَالطُّهُورُ شَرْطٌ لِصِحَّتِهَا؛ فَصَارَ كَالشَّطْرِ، وَقِيلَ: غَيْرُ ذَلِكَ.

وە دەڵێن : مەبەست لە ئیمان نوێژە ، وە دەستوێژیش مەرجە بۆ ڕاست و دروستی نوێژ ، بۆیە وەكو نیوەی لێ هاتووە ، وە دەڵێن : جگە لەو بۆچوونانە هاتووە .

قَوْلُهُ ﷺ: «الْـحَمْدُ للهِ تَمْلَأُ المِيزَانَ» أَيْ: ثَوَابَهَا.

مەبەست لە : (الْـحَمْدُ للهِ تَمْلَأُ المِيزَانَ) واتە : پاداشتەكەی .

«وَسُبْحَانَ اللهِ وَالْـحَمْدُ للهِ تَمْلَآنِ»؛ أَيْ: لَوْ قُدِّرَ ثَوَابُهُمَا جِسْمًا لَـمَلَأَ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ، وَسَبَبُهُ مَا اشْتَمَلَتَا عَلَيْهِ مِنَ التَّنْزِيهِ وَالتَّفْوِيضِ إِلَى اللهِ تَعَالَى.

مەبەست لە : (وَسُبْحَانَ اللهِ وَالْـحَمْدُ للهِ تَمْلَآنِ) واتە : ئەگەر پاداشتەكەی بەرجەستە بكرێت ئەوا نێوان ئاسمان و زەوی پڕ دەكاتەوە ، وە هۆكارەكەیشی ئەوەیە هەردوو پاكراگرتن و گەڕاندنەوە و سپاردنی بۆ لای خوای تێدایە .

«وَالصَّلَاةُ نُورٌ»؛ أَيْ: تَمْنَعُ مِنَ الْـمَعَاصِي، وَتَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ، وَتَهْدِي إِلَى الصَّوَابِ، وَقِيلَ: يَكُونُ ثَوَابُهَا نُورًا لِصَاحِبِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَقِيلَ: لِأَنَّهَا سَبَبٌ لاسْتِنَارَةِ الْقَلْبِ.

(وَالصَّلَاةُ نُورٌ) واتە : رێگر دەبێت لە سەرپێچی ، وە نەهی دەكات لە خراپەكاری، وە رێنموییی دەكات بۆ راستی و دروستی ، وە دەڵێن : پاداشتەكەی دەبێتە روناكییەک بۆ خاوەنەكەی لە رۆژی قیامەتدا ، وە دەڵێن : چونكە ئەوە هۆكاری روونا كردنەوەی دڵەكانە .

«وَالصَّدَقَةُ بُرهَانٌ»؛ أَيْ: حُجَّةٌ لِصَاحِبِهَا فِي أَدَاءِ حَقِّ الْـمَالِ، وَقِيلَ: حُجَّةٌ فِي إِيمَانِ صَاحِبِهَا؛ لِأَنَّ الْـمُنَافِقَ لَا يَفْعَلُهَا غَالِبًا.

(وَالصَّدَقَةُ بُرهَانٌ) : واتە حوججە و بەڵگەیە بۆ خاوەنەكەی لە بەجێگەیاندنی حەقی ماڵەكەیدا ، وە دەڵێن : حوججە و بەڵگەیە بۆ ئیمانی خاوەنەكەی ، چونكە كەسی دووڕوو زۆر جار صەدەقە نادات .

«وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ»؛ أَيْ: الصَّبْرُ الْـمَحْبُوبُ، وَهُوَ الصَّبْرُ عَلَى طَاعَةِ اللهِ تَعَالَى، وَالْبَلَاءِ وَمَكَارِهِ الدُّنْيَا، وَعَنِ الْـمَعَاصِي، وَمَعْنَاهُ: لَا يَزَالُ صَاحِبَهُ مُسْتَضِيئًا مُسْتَمِرًّا عَلَى الصَّوَابِ.

(وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ) : واتە : ئارامگرتن خۆشەویست و ویستراوە ، ئەویش بریتییە لە ئارامگرتن لەسەر ئەنجامدانی گوێڕایەڵی خوا و بەڵا و ناخۆشییەكانی ژیان

و دووركەوتنەوە لە سەرپێچییەکان ، وە ماناكەی : بەردەوام خاوەنەكەی لە ڕووناكیدا دەبێت لەسەر ڕاست و دروستی .

«كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو؛ فَبَائِعٌ نَفْسَهُ» مَعْنَاهُ: كُلُّ إِنْسَانٍ يَسْعَى بِنَفْسِهِ فَمِنْهُمْ مَنْ يَبِيعُهَا للهِ تَعَالَى بِطَاعَتِهِ؛ فَيُعْتِقُهَا مِنَ الْعَذَابِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يَبِيعُهَا لِلشَّيْطَانِ وَالْهَوَى باتِّبَاعِهِمَا.

(كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو؛ فَبَائِعٌ نَفْسَهُ) ماناكەی : هەموو كەسێک بۆ خۆی هەوڵ دەدات ، جا تیایاندا هەیە بە گوێڕایەڵی دەیفرۆشێتە خوای گەورە ، وە لە عەزاب و سزا ڕزگاری دەكات ، وە تیایاندا هەیە دەیفرۆشێتە شەیتان و ئارەزووكانی ، ئەویش بە شوێنكەوتنی .

«فَيُوبِقُهَا» أَيْ: يُهْلِكُهَا.

(فَيُوبِقُهَا) : واتە : بە هەلاكەتدا دەیبات .

وَقَدْ بَسَطْتُ شَرْحَ هَٰذَا الحَدِيثِ فِي أَوَّلِ «شَرْحِ صَحِيحِ مُسْلِمٍ» فَمَنْ أَرَادَ زِيَادَةً فَلْيُرَاجِعْهُ، وَبِاللهِ التَّوْفِيقُ.

وە بە درێژی باسی ئەم فەرموودەیەم كردووە لە سەرەتای (شرح صحيح مسلم) هەركەسێک دەیەوێت زیاتر شارەزای فەرموودەكە ببێت ، ئەوا با بگەڕێتەوە بۆ ئەوێ ، خوای گەورە تەوفیقی هەموو لایەک بدات .

الْحَدِيثُ الرَّابِع والعشرون: فەرموودەی بیست و چوارەم :

قَوْلُهُ تَعَالَى: «حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي»؛ أَيْ: تَقَدَّسْتُ عَنْهُ، فَالظُّلْمُ مُسْتَحِيلٌ فِي حَقِّ اللهِ تَعَالَى؛ لِأَنَّهُ مُجَاوَزَةُ الْحَدِّ أَوْ التَّصَرُّفُ فِي غَيْرِ مُلْكٍ، وَهُمَا جَمِيعًا مُحَالٌ فِي حَقِّ اللهِ تَعَالَى.

مەبەست لە : (حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي) : واتە : خۆم لێی بە پاكی ڕاگرتووە ، جا ستەم ئەستەم و موستەحیلە لە حەقی خوای گەورەدا ، چونكە ئەوە سنوور بەزاندنە یان تەصەروف كردنە لە موڵكی كەسی تردا ، ئەو دووانەش ئەستەم و مەحاڵە لە حەقی خوای گەورەدا .

قَوْلُهُ تَعَالَى: «فَلَا تَظَالَـمُوا»؛ هُوَ بِفَتْحِ التَّاءِ؛ أَيْ: لَا تَتَظَالَـمُوا.

مەبەست لەو فەرموودەیەی خوای گەورە : (فَلَا تَظَالَـمُوا) : بە دانانی فەتحە لەسەر پیتی تائەکە ، واتە : (لَا تَتَظَالَـمُوا) .

وَقَوْلُهُ: «إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ»؛ هُوَ بِكَسْرِ الْـمِيمِ وَإِسْكَانِ الْـخَاءِ الْـمُعْجَمَةِ وَفَتْحِ الْيَاءِ؛ أَيْ: الْإِبْرَةُ، وَمَعْنَاهُ لَا يَنْقُصُ شَيْئًا.

مەبەست لە : (إِلَّا كَمَا يَنْقُصُ الْمِخْيَطُ) ئەویش بریتییە لە دانانی کەسرە لە ژێر میمەکە و سکون لە سەر خائەکە و فەتحە لەسەر یائەکە ، واتە : دەرزی ، وە ماناکەی ئەوەیە : کە هیچ کەم ناکات .

الْحَدِيثُ الخامس والعشرون: فەرموودەی بیست و پێنجەم :

«الدُّثُورِ»: بِضَمِّ الدَّالِ وَالثَّاءِ الْـمُثَلَّثَةِ؛ الْأَمْوَالُ، وَاحِدُهَا دَثْرٌ، كَفَلْسٍ وَفُلُوسٍ.

(الدُّثُورِ) : بە دانانی زەممە لەسەر پیتی دالەکە و (ثاء)ەکە ، واتە : سەروەت و سامان ، وشەی (دَثْرٌ) تاکەکەیەتی ، وەکو (فلس و فلوس).

قَوْلُهُ: «وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ»؛ هُوَ بِضَمِّ الْبَاءِ، وَإِسْكَانِ الضَّادِ الْـمُعْجَمَةِ، هُوَ كِنَايَةٌ عَنِ الْـجِمَاعِ إِذَا نَوَى بِهِ الْعِبَادَةَ، وَهُوَ قَضَاءُ حَقِّ الزَّوْجَةِ، وَطَلَبُ وَلَدٍ صَالِحٍ، وَإِعْفَافُ النَّفْسِ، وَكَفُّهَا عَنِ الْـمَحَارِمِ.

مەبەست لە : (وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ) ئەویش بە دانانی زەممەیە لەسەر بائەکە و سکون لە سەر پیتی (ضاد)ەکە ، ئەویش کینایەیە بۆ جووتبوون ، ئەگەر مەبەستی لێی پەرستن بێت ، کە ئەویش بە ئەنجام گەیاندنی حەقی خێزانە و داواکردنی منداڵێکی صاڵحانە و خۆپاراستنە و دوور خستنەوەیەتی لە حەرامکراوەکان .

الْحَدِيثُ السَّادس والعشرون: فەرموودەی بیست و شەشەم :

«السُّلَامَى»: بِضَمِّ السِّينِ وَتَخْفِيفِ اللَّامِ، وَفَتْحِ الْـمِيمِ، وَجَمْعُهُ سُلَامَيَاتٌ -بِفَتْحِ الْـمِيمِ- وَهِيَ الْـمَفَاصِلُ وَالْأَعْضَاءُ؛ وَهِيَ ثَلَاثُمِائَةٍ وَسِتُّونَ مِفْصَلًا، ثَبَتَ ذَلِكَ فِي «صَحِيحِ مُسْلِمٍ» عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ.

(السُّلَامَى) : بە دانانی زەممە لەسەر سینەکە و سووککردنی لامەکە ، وە فەتحە لەسەر پیتی میمەکە ، وە بە وشەی (سُلَامَيَاتٌ) کۆ دەکرێتەوە – کە میمەکە فەتحەی لەسەر بێت ، ئەویش برتییە لە جومگەکان و ئەندامەکان، کە ئەویش سێ سەد و شەست جومگەیە ، ئەوەش لە (صحیح مسلم) دا سابیت و جێگیر بووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) .

الْحَدِيثُ السَّابع والعشرون: فەرموودەی بیست و حەوتەم :

(النَّوَّاسُ): بِفَتْحِ النُّونِ وَتَشْدِيدِ الْوَاوِ.

(النَّوَّاسُ) : بە دانانی فەتحە لەسەر نونەکە و شەددە لەسەر واوەکە .

وَ(سَـمْعَان) بِكَسْرِ السِّينِ الْـمُهْمَلَةِ وَفَتْحِهَا.

(سِـمْعَان) بە دانانی کەسرە لە ژێرسینەکە یان فەتحە (هەردوو دەبێت).

قَوْلُهُ: «حَاكَ»: بِالْـحَاءِ الْـمُهْمَلَةِ والكاف؛ أَيْ: تَرَدَّدَ.

مەبەست لە : (حَاكَ) واتە : دوو دڵە لێی و موتەرەددیدە .

(وَابِصَةَ): بِكَسْرِ الْبَاءِ الْـمُوَحَّدَةِ.

(وَابِصَةَ) بە دانانی کەسرە لە ژێر بائەکە .

**الْحَدِيثُ الثَّامن والعشرون: فەرموودەی بیست و هەشتەم :**

(الْعِرْبَاضِ): بِكَسْرِ الْعَينِ، وَبِالْـمُوَحَّدَةِ.

(الْعِرْبَاضِ) بە دانانی كەسرە لە ژێر پیتی عەینەكە.

قَوْلُهُ: (ذَرَفَتْ): بِفَتْحِ الذَّالِ الْـمُعْجَمَةِ، وَالرَّاءِ؛ أَيْ: سَالَتْ.

مەبەست لە (ذَرَفَتْ) : بە دانانی فەتحە لەسەر پیتی (ذالِ) و رائەكە ، واتە: فرمێسكی پێدا هاتە خوارەوە.

قَوْلُهُ: «بِالنَّوَاجِذِ»؛ هُوَ بِالذَّالِ الْـمُعْجَمَةِ، وَهِيَ الْأَنْيَابُ، وَقِيلَ الْأَضْرَاسُ.

مەبەست لە (بِالنَّوَاجِذِ) : بریتییە لە ددانە كەڵپەكان ، وە دەڵێن : دانەخرێكان (كاكیلەكان).

و«الْبِدْعَةُ» مَا عُمِلَ عَلَى غَيْرِ مِثَالٍ سَبَقَ.

(الْبِدْعَةُ) : بریتییە لەوەی كە لەسەر جگە لە نمونەی پێشوو دەكرێت .

**الْحَدِيثُ التَّاسع والعشرون: فەرموودەی بیست و نۆیەم :**

و(ذِرْوَةُ السَّنَامِ): بِكَسْرِ الذَّالِ وَضَمِّهَا؛ أَيْ: أَعْلَاهُ.

(ذِرْوَةُ السَّنَامِ) : بە دانانی كەسرە لە ژێر (ذال) یان دانانی زەممە لەسەری (هەردوو دەبێت) ، واتە : بەشی سەرەوەی .

«مِلَاكُ الشَّيْءِ»: بِكَسْرِ الْـمِيمِ؛ أَيْ: مَقْصُودُهُ.

(مِلَاكُ الشَّيْءِ) : بە دانانی كەسەرە لەژێر میمەكە ، واتە : مەبەستەكەی .

قَوْلُهُ: «يَكُبُّ»؛ هُوَ بِفَتْحِ الْيَاءِ وَضَمِّ الْكَافِ.

مەبەست لە (يَكُبُّ) ئەویش بە دانانی فەتحە لەسەر پیتی یائەكە و زەممە لەسەر كافەكە .

الْحَدِيثُ الثَّلاثون: فەرموودەی سییەم :

(الْـخُشَنِيِّ) بِضَمِّ الْـخَاءِ وَفَتْحِ الشِّينِ الْـمُعْجَمَتَيْنِ، وَبِالنُّونِ، مَنْسُوبٌ إِلَى خُشَيْنَةَ -قَبِيلَةٌ مَعْرُوفَةٌ.

(الْـخُشَنِيِّ) : بە دانانی زەممە لەسەر پیتی خائەکە و فەتحە لەسەر شینەکە، دراوەتە پاڵ (خُشَيْنَةَ) هۆزێکی ناسراوە .

قَوْلُهُ: (جُرْثُومٌ): بِضَمِّ الجِيمِ المُعْجَمَةِ وَإِسْكَانِ الرَّاءِ بَيْنَهُمَا، وَفِي اسْمِهِ وَاسْمِ أَبِيهِ اخْتِلَافٌ كَثِيرٌ.

مەبەست لە (جُرْثُومٌ) : بە دانانی زەممە لەسەر پیتی جیمەکە و سکون لەسەر رائەکە ، وە لە ناوی خۆی و باوکیدا جیاوازییەکی زۆر هەیە .

قَوْلُهُ ﷺ: «فَلَا تَنْتَهِكُوهَا» انْتِهَاكُ الْحُرْمَةِ تَنَاوُلُهَا بِمَا لَا يَحِلُّ.

مەبەست لە (فَلَا تَنْتَهِكُوهَا) : پێشێلکردنی حورمەت ، ئەوەیە بە بێ حەڵاڵی ئەنجامی بدات و بیخوات.

الْحَدِيثُ الثَّانِي والثَّلاثون: فەرموودەی سی و دوو :

«وَلَا ضِرَارَ»؛ هُوَ بِكَسْرِ الضَّادِ المُعْجَمَةِ.

(وَلَا ضِرَارَ) : بە دانانی کەسرە لە ژێر پیتی (ضاد)ەکە.

الْحَدِيثُ الرَّابِع والثَّلاثون: فەرموودەی سی و چوار :

«فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ»؛ مَعْنَاهُ: فَلْيُنْكِرْ بِقَلْبِهِ.

(فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ) واتە : با بە دڵی ئینکاری لێ بکات .

«وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ»؛ أَيْ: أَقَلُّهُ ثَمَرَةً.

(وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ) : واتە : بەرهەمی لە هەموو کەمترە .

الْحَدِيثُ الخامس والثَّلاثون: فەرموودەی سی و پێنج :

«وَلَا يَخْذُلُهُ»: بِفَتْحِ الْيَاءِ وَإِسْكَانِ الخَاءِ وَضَمِّ الذَّالِ المُعْجَمَةِ.

(وَلَا يَخْذُلُهُ) بە دانانی فەتحە لەسەر یائەکە و سکون لەسەر خائەکەو زەممە لە سەر پیتی (ذال)ەکە .

«وَلَا يَكْذِبُهُ»؛ هُوَ بِفَتْحِ الْبَاءِ وَإِسْكَانِ الْكَافِ.

(وَلَا يَكْذِبُهُ) ئەویش بە دانانی فەتحە لەسەر بائەکە و سکونی کافەکە .

قَوْلُهُ: «بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّـرِّ»؛ هُوَ بِإِسْكَانِ السِّينِ الْـمُهْمَلَةِ؛ أَيْ: يَكْفِيهِ مِنَ الشَّرِّ.

مەبەست لە : (بِحَسْبِ امْرِئٍ مِنَ الشَّـرِّ) : ئەویش بە دانانی سکونە لەسەر سینەکە ، واتە : بەسییەتی ئەوەندە خراپەی هەبێت .

الْحَدِيثُ الثَّامن والثَّلاثون: فەرموودەی سی و هەشت :

قَوْلُهُ تَعَالَى: «فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْـحَرْبِ»؛ هُوَ بِهَمْزَةٍ مَمْدُودَةٍ؛ أَيْ: أَعْلَمْتُهُ بِأَنَّهُ مُحَارِبٌ لِي.

مەبەست لە : (فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْـحَرْبِ) : ئەویش هەمزەیەکی درێژکراوە (ممدودة)، واتە : ئاگاداری دەکەمەوە کەوا بەرانبەر من دەجەنگێت .

قَوْلُهُ تَعَالَى: «اسْتَعَاذَنِي»؛ ضَبَطُوهُ بِالنُّونِ وَبِالبَاءِ، وَكِلَاهُمَا صَحِيحٌ.

مەبەست لە : (اسْتَعَاذَنِي) بە نون ریوایەت کراوە هەروەها بە پیتی بائیش ریوایەت کراوە.

الْحَدِيثُ الأربعون: فەرموودەی چلەم :

«كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ، أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ»؛ أَيْ: لَا تَرْكَنْ إِلَيْهَا، وَلَا تَتَّخِذْهَا وَطَنًا، وَلَا تُحَدِّثْ نَفْسَكَ بِطُولِ الْبَقَاءِ فِيهَا، وَلَا بِالِاعْتِنَاءِ بِهَا، وَلَا تَتَعَلَّقْ مِنْهَا إِلَّا بِمَا لَا يَتَعَلَّقُ بِهِ الْغَرِيبُ فِي غَيْرِ وَطَنِهِ، وَلَا تَشْتَغِلْ فِيهَا بِمَا لَا يَشْتَغِلُ بِهِ الْغَرِيبُ الَّذِي يُرِيدُ الذَّهَابَ إِلَى أَهْلِهِ.

(كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ، أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ) واته : پشتی پێ مەبەستە و مەیکەرە نیشتمانی خۆت ، وە لە گەڵ خۆتدا قسە مەکە بەوەی زۆر تیایدا دەمێنیتەوە ، وە بایەخیشی پێ مەدە ، وە خۆت پەیوەست مەکە پێوە ئیللا وەکو ئەوەی کەسێکی غەریب خۆی پەیوەست دەکات بە جگە لە نیشتمانەکەی خۆیەوە ، وە خۆت بە شتێکەوە سەرقاڵ مەکە کە کەسی غەریب خۆی پێوەی سەرقاڵ ناکات و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ لای کەسوکارەکەی .

الْحَدِيثُ الثَّانِي والأربعون: فەرموودەی چل و دووەم :

«عَنَانَ السَّمَاءِ»: بِفَتْحِ الْعَيْنِ، قِيلَ: هُوَ السَّحَابُ، وَقِيلَ: مَا عَنَّ لَكَ مِنْهَا؛ أَيْ: ظَهَرَ إِذَا رَفَعْتَ رَأْسَكَ.

(عَنَانَ السَّمَاءِ) : بە دانانی فەتحە لەسەر پیتی عەینەکە ، دەڵێن : بریتییە لە هەور ، وە دەڵێن : ئەوەی بۆ تۆ دەرکەوتووە ، واتە ، هەموو ئەوەی کە دەیبینی کاتێک سەرت بەرز دەکەیتەوە .

قَوْلُهُ: «بِقُـرَابِ الأَرْضِ»: بِضَمِّ الْقَافِ وَكَسْرِهَا؛ لُغَتَانِ رُوِيَ بِهِمَا، وَالضَّمُّ أَشْهَرُ، مَعْنَاهُ: مَا يُقَارِبُ مِلْءَهَا.

مەبەست لە : (بِقُـرَابِ الأَرْضِ) : بە دانانی زەممە لەسەر پیتی قافەکە یان دانانی کەسرە لە ژێری (هەردوو دەبێت ) ، دوو زمانی جیاوازە بە هەردوو ریوایەت کراوە ، بەڵام زەممەکە بەناوبانگترە ، ماناکەی : نزیکە لەوەی پڕی بکات .

# فَصْـــلٌ
## بەشـــێک

اعْلَمْ أَنَّ الحَدِيثَ المَذْكُورَ أَوَّلًا «مَنْ حَفِظَ عَلَى أُمَّتِي أَرْبَعِينَ حَدِيثًا» مَعْنَى الحِفْظِ هُنَا: أَنْ يَنْقُلَهَا إِلَى الـمُسْلِمِينَ وَإِنْ لَمْ يَحْفَظْهَا، وَلَمْ يَعْرِفْ مَعْنَاهَا، هَذَا حَقِيقَةُ مَعْنَاهُ، وَبِهِ يَحْصُلُ انْتِفَاعُ الـمُسْلِمِينَ، لَا بِحِفْظِ مَا يَنْقُلُهُ إِلَيْهِمْ، وَاللهُ أَعْلَمُ بِالصَّوَابِ.

بزانە کەوا ئەو فەرموودەیەی لە پێشدا باسکرا : (مَنْ حَفِظَ عَلَى أُمَّتِي أَرْبَعِينَ حَدِيثًا) مانای (الحِفْظ) لێرەدا واتە بیگوازێتەوە بۆ موسڵمانان هەرچەندە لەبەریشی نەکردبێت و ماناکەیشی نەزانیبێت ، ئەمەش مانا تەواوەکەیەتی، وە بە ئەوە موسڵمانان سوودی لێ دەبینن ، نەک بە لەبەرکردنی ئەوەی دەیگوازێتەوە بۆیان ، خوای گەورەش زاناترە بە مانا راست و دروستەکە.

الْحَمْدُ للهِ الَّذِي هَدَانَا لِهٰذَا، وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللهُ، وَصَلَاتُهُ وَسَلَامُهُ عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ، وَآلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ، وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالَمِينَ.

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەوا هیدایەتی داین بۆ ئەم کارە ، وە هیدایەتمان وەرنەدەگرت ئەگەر خوای گەورە هیدایەتی نەدابێتین ، وە صەڵات و سەلامی خوای گەورە لەسەر گەورەمان موحەممەد و کەسوکار و هاوەڵانی ، وە سەلام لەسەر هەموو پێغەمبەران و سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان .

قَالَ مُؤَلِّفُهُ: فَرَغْتُ مِنْهُ لَيْلَةَ الْخَمِيسِ التَّاسِعِ وَالْعِشْرِينَ مِنْ جُمَادَى الأُولَى سَنَةَ ثَمَانٍ وَسِتِّينَ وَسِتُّمِائَةٍ.

**نوسەرەکەی دەفەرموێت : لەم نووسینە بوومەوە لە شەوی پێنج شەممە، بەرواری بیست و نۆیەمی مانگی جومادی یەکەمی ساڵی شەش سەد و شەست و هەشت .**

# کتێبی سێیەم : وانە گرنگەکان بۆ تێکڕای ئوممەت

# الكتاب الثَّالث: «الدُّروس المهمَّة لعامَّة الأمَّة»

لسماحة الشَّيخ: عبد العزيز بن عبد الله بن بازٍ رضي الله عنه

# مقدِّمـــــةُ
# پێشـــەکی

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ، وَصَلَّى اللَّهُ وَسَلَّمَ عَلَى عَبْدِهِ وَرَسُولِهِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ أَجْمَعِينَ.

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان ، وە دوارۆژ و دەرئەنجام تەنها بۆ خۆپارێزانە ، وە صەڵات و سەلام لەسەر بەندە و نێردراوی خۆی پێغەمبەرمان (محمد) و لەسەر هەموو ئال و هاوەڵانی بێت .

أَمَّا بَعْدُ؛ فَهَذِهِ كَلِمَاتٌ مُوجَزَةٌ فِي بَيَانِ بَعْضِ مَا يَجِبُ أَنْ يَعْرِفَهُ الْعَامَّةُ عَنْ دِينِ الْإِسْلَامِ، سَمَّيْتُهَا: «الدُّرُوسَ الْمُهِمَّةَ لِعَامَّةِ الْأُمَّةِ».

أما بعد ، ئەمە چەند باسێکی کورتە دەربارەی روونکردنەوەی هەندێ لەوەی کەوا پێویستە خەڵکی بە گشتی بیزانن دەربارەی دینی ئیسلام ، وە ناوم لێ ناوە (وانە گرنگەکان بۆ تێکڕای ئوممەت) .

وَأَسْأَلُ اللَّهَ أَنْ يَنْفَعَ بِهَا الْمُسْلِمِينَ، وَأَنْ يَتَقَبَّلَهَا مِنِّي، إِنَّهُ جَوَادٌ كَرِيمٌ.

وە داوا لە خوا دەکەم سوودی بۆ موسڵمانان هەبێت و لێم قبوڵ بکات ، هەر خۆی بەخشندە و میهرەبانە .

عَبْدُ الْعَزِيزِ بْنُ عَبْدِاللهِ ابْنِ بَازٍ

عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

# الدَّرْسُ الأَوَّلُ: سُورَةُ الْفَاتِحَةِ وَ قِصَارُ السُّوَرِ
# وانەی یەکەم: سورەتی (الفاتحة)و سورەتە کورتەکان

سُورَةُ الْفَاتِحَةِ وَمَا أَمْكَنَ مِنْ قِصَارِ السُّوَرِ؛ مِنْ سُورَةِ الزَّلْزَلَةِ إِلَى سُورَةِ النَّاسِ، تَلْقِينًا، وَتَصْحِيحًا لِلْقِرَاءَةِ، وَتَحْفِيظًا، وَشَرْحًا لِمَا يَجِبُ فَهْمُهُ.

سورەتی (الفاتحة) و ئەوەی دەتوانرێت لە سورەتە کورتەکان ، لە سورەتی (الزلزلة) تاوەکو سورەتی (الناس) ، خوێندنەوەی و چاککردنی خوێندنەوەی و لەبەرکردنی و راڤەکردنی ئەوەی پێویستە لێی تێ بگەین.

# الدَّرْسُ الثَّاني: أَرْكَانُ الإِسْلامِ
# وانەی دووەم: پایەکانی ئیسلام

**بَيَانُ أَرْكَانِ الْإِسْلَامِ الْخَمْسَةِ، وَأَوَّلُهَا وَأَعْظَمُهَا: شَهَادَةُ أَلَّا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، بِشَرْحِ مَعَانِيهَا، مَعَ بَيَانِ شُرُوطِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ.**

**ڕوونکردنەوەی پێنج پایەکەی ئیسلام:** یەکەمیان و مەزنترینیان: شایەتیدانە کەوا هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت و (محمد)یش (ﷺ) پێغەمبەر و نێردراوی ئەوە، بە ڕاڤەکردنی ماناکەی و ڕوونکردنەوەی مەرجەکانی (لا اله الا الله).

**وَمَعْنَاهَا: (لَا إِلَهَ) نَافِيًا جَمِيعَ مَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللَّهِ، (إِلَّا اللَّهُ) مُثْبِتًا الْعِبَادَةَ للهِ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ.**

**ماناکەی:** (لا اله) نەفی کردنی هەموو ئەوانەی لە جگە لە خوای گەورە دەپەرسترێت، (الا الله) سەلماندنی پەرستن بۆ خوای تاک و تەنها و بێ شەریک.

**وَأَمَّا شُرُوطُ (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) فَهِيَ:**

وە مەرجەکانی (لا اله الا الله) بریتین لە :

**١- الْعِلْمُ الْمُنَافِي لِلْجَهْلِ.**

١/ زانست و زانیاری کە نەفیکراوی نەزانینە .

٢- وَالْيَقِينُ الْمُنَافِي لِلشَّكِّ.

٢/ دڵنیایی و یەقین کە نەفیکراوی گومانە .

٣- وَالْإِخْلَاصُ الْمُنَافِي لِلشِّرْكِ.

٣/ ئیخلاص و دڵسۆزی کە نەفیکراوی شیرکە .

٤- وَالصِّدْقُ الْمُنَافِي لِلْكَذِبِ.

٤/ راستگۆیی کە نەفیکراوی درۆیە .

٥- وَالْمَحَبَّةُ الْمُنَافِيَةُ لِلْبُغْضِ.

٥/ خۆشەویستی کە نەفیکراوی رق و کینەیە

٦- وَالِانْقِيَادُ الْمُنَافِي لِلتَّرْكِ.

٦/ ملکەچبوون کە نەفیکراوی وازهێنانە .

٧- وَالْقَبُولُ الْمُنَافِي لِلرَّدِّ.

٧/ قایلبوون کە نەفیکراوی رەتکردنەوەیە

٨- وَالْكُفْرُ بِمَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللَّهِ.

٨/ کوفرکردن بەوەی لە جگە لە خوا دەپەرسترێت .

وَقَدْ جُمِعَتْ فِي الْبَيْتَيْنِ الْآتِيَيْنِ:

وە ئەو مەرجانە لەم دوو بەیتەدا کۆکراونەتەوە :

عِلْمٌ يَقِينٌ وَإِخْلَاصٌ وَصِدْقُكَ مَعْ    مَحَبَّةٍ وَانْقِيَادٍ وَالْقَبُولُ لَهَا

وَزِيدَ ثَامِنُهَا الْكُفْرَانُ مِنْكَ    بِمَاسِوَى الْإِلَهِ مِنَ الْأَشْيَاءِ قَدْ أُلِهَا

علمٌ يقينٌ و اخلاصٌ و صدقك مع　　محــبةٍ وانقيادٍ والقـــبولُ لها
وزيد ثامنها الكفران منك بـــما　　سوى الاله من الأشياء قد أُلها

مَعَ بَيَانِ شَهَادَةِ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَمُقْتَضَاهَا: تَصْدِيقُهُ فِيمَا أَخْبَرَ، وَطَاعَتُهُ فِيمَا أَمَرَ، وَاجْتِنَابُ مَا نَهَى عَنْهُ وَزَجَرَ، وَأَلَّا يُعْبَدَ اللَّهُ إِلَّا بِمَا شَرَعَ اللهُ وَرَسُولُهُ صلى الله عليه وسلم.

لەگەڵ ڕوونکردنەوەی شایەتیدانی (محمد رسول الله) و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە: باوەڕپێکردنی لەوەی هەواڵی داوە و گوێڕایەڵی کردنی ئەوەی فەرمانی پێکردووە و دوورکەوتنەوە لەوەی نەهی لێ کردووە و قەدەغەی کردووە ، وە نابێت خوای گەورە بپەرسترێت ئیللا بەو شێوەیە نەبێت کەوا ئەو دایرێژاوە .

ثُمَّ يُبَيِّنُ لِلطَّالِبِ بَقِيَّةَ أَرْكَانِ الْإِسْلَامِ الْخَمْسَةِ؛ وَهِيَ: الصَّلَاةُ، وَالزَّكَاةُ، وَصَوْمُ رَمَضَانَ، وَحَجُّ بَيْتِ اللَّهِ الْحَرَامِ لِمَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا.

ئەمجار ئەو دوای پێنج پایەکەی ئیسلام بۆ قوتابی ڕوون دەکاتەوە ، کە ئەوانیش بریتین لە : نوێژ و زەکات و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و حەججی ماڵی خوای گەورە بۆ هەرکەسێک توانای هەبێت بڕوات .

# الدَّرْسُ الثَّالث: أَرْكَانُ الإِيمَانِ

# وانەی سێیەم: پایەکانی ئیمان

أَرْكَانُ الْإِيمَانِ؛ وَهِيَ سِتَّةٌ:

أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ مِنَ اللَّهِ تَعَالَى.

## پایەکانی ئیمان شەش دانەن :

دەبێ باوەڕت هەبێت بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و رۆژی دوایی و باوەڕت هەبێت بە قەدەر چاک وخراپەکەی کە هەمووی لە خوداوەیە.

# الدَّرْسُ الرَّابِع: أَقْسَامُ التَّوْحِيدِ، وَأَقْسَامُ الشِّرْكِ
# وانەی چوارەم: بەشەکانی تەوحید و بەشەکانی شیرک

بَيَانُ أَقْسَامِ التَّوْحِيدِ، وَهِيَ ثَلَاثَةٌ: تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّةِ، وَتَوْحِيدُ الْأُلُوهِيَّةِ، وَتَوْحِيدُ الْأَسْمَاءِ، وَالصِّفَاتِ.

روونکردنەوەی بەشەکانی تەوحید، ئەویش سێ دانەن : تەوحیدی پەروەردگارێتی و تەوحیدی خوداوەندێتی و تەوحیدی ناو و صیفاتەکان .

أَمَّا تَوْحِيدُ الرُّبُوبِيَّةِ: فَهُوَ الْإِيمَانُ بِأَنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ الْخَالِقُ لِكُلِّ شَيْءٍ، وَالْمُتَصَرِّفُ فِي كُلِّ شَيْءٍ، لَا شَرِيكَ لَهُ فِي ذَلِكَ.

تەوحیدی پەروەردگارێتی : ئەویش بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی کە خوای گەورە دروستکاری هەموو شتێکە و موتەصەریفە (فەرمان ڕەوایە) لە هەموو شتێکدا ، لەو کارانەدا هیچ شەریکێکی نییە .

وَأَمَّا تَوْحِيدُ الْأُلُوهِيَّةِ: فَهُوَ الْإِيمَانُ بِأَنَّ اللَّهَ سُبْحَانَهُ هُوَ الْمَعْبُودُ بِحَقٍّ لَا شَرِيكَ لَهُ فِي ذَلِكَ، وَهُوَ مَعْنَى لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ؛ فَإِنَّ مَعْنَاهَا: لَا مَعْبُودَ حَقٌّ إِلَّا اللَّهُ؛ فَجَمِيعُ الْعِبَادَاتِ مِنْ صَلَاةٍ وَصَوْمٍ وَغَيْرِ ذَلِكَ يَجِبُ إِخْلَاصُهَا لِلَّهِ وَحْدَهُ، وَلَا يَجُوزُ صَرْفُ شَيْءٍ مِنْهَا لِغَيْرِهِ.

وە تەوحیدی خوداوەندێتی : ئەویش بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی کەوا خوای گەورە پەرستراوی بە حەقە هیچ شەریکێکی لەوەدا نییە ، ئەویش مانای (لا اله الا الله) یە ، جا ماناکای بریتییە لە : هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە ئیللا (الله) نەبێت ، جا هەموو پەرستنەکان لە نوێژ و ڕۆژوو و جگە لەوانە

پێویستە بە ئیخڵاصەوە بۆ خوای تاک و تەنها ئەنجام بدرێت ، وە نابێت هیچ یەکێک لەوانە بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدرێت .

وَأَمَّا تَوْحِيدُ الْأَسْمَاءِ وَالصِّفَاتِ: فَهُوَ الْإِيمَانُ بِكُلِّ مَا وَرَدَ فِي الْقُرْآنِ الْكَرِيمِ، أَوِ الْأَحَادِيثِ الصَّحِيحَةِ مِنْ أَسْمَاءِ اللَّهِ وَصِفَاتِهِ، وَإِثْبَاتُهَا لِلَّهِ وَحْدَهُ عَلَى الْوَجْهِ اللَّائِقِ بِهِ سُبْحَانَهُ مِنْ غَيْرِ تَحْرِيفٍ، وَلَا تَعْطِيلٍ، وَلَا تَكْيِيفٍ، وَلَا تَمْثِيلٍ، عَمَلًا بِقَوْلِ اللَّهِ سُبْحَانَهُ: ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ * ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ * لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ * وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ﴾ وَقَوْلِهِ : ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾.

**وە تەوحیدی ناو و صیفاتەکان:** بریتییە لە باوەڕبوون بە هەموو ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا یان لە فەرموودە دروستەکاندا هاتووە لە ناو و صیفاتەکانی خوای گەورە ، وە سەلماندنی بۆ خوای تاک و تەنها بە شێوەیەک لایەقی ئەو بێت بە بێ هیچ لادانێک و لەکارخستنێک و چۆنیەتیک و لێکچواندنێک، وەکو کار کردنێک بەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ * ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ * لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ * وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ﴾ وە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ﴾.

وَقَدْ جَعَلَهَا بَعْضُ أَهْلِ الْعِلْمِ نَوْعَيْنِ، وَأَدْخَلَ تَوْحِيدَ الْأَسْمَاءِ وَالصِّفَاتِ فِي تَوْحِيدِ الرُّبُوبِيَّةِ، وَلَا مُشَاحَّةَ فِي ذَلِكَ؛ لِأَنَّ الْمَقْصُودَ وَاضِحٌ فِي كِلَا التَّقْسِيمَيْنِ.

وە هەندێ لە زانایان تەوحیدیان کردووەتە دوو جۆرەوە ، وە تەوحیدی ناو و صیفاتەکانیان کردووەتە بەشێک لە تەوحیدی پەروەردگارێتی ، وە هیچ کێشەیەک لەوەدا نییە ، چونکە مەبەستەکە روونە لە هەردوو دابەشکردنەکەدا .

وَأَقْسَامُ الشِّرْكِ ثَلَاثَةٌ: شِرْكٌ أَكْبَرُ، وَشِرْكٌ أَصْغَرُ، وَشِرْكٌ خَفِيٌّ.

وە بەشەکانی شیرک سێ دانەن : شیرکی گەورە و شیرکی بچووک و شیرکی شاراوە .

فَالشِّرْكُ الْأَكْبَرُ: يُوجِبُ حُبُوطَ الْعَمَلِ، وَالْخُلُودَ فِي النَّارِ لِمَنْ مَاتَ عَلَيْهِ، كَمَا قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾،

جا شیرکی گەورە: هەموو کردەوەکانی خاوەنەکەی پووچەڵ دەکاتەوە و بە هەتا هەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە هەر کەسێک لەسەر ئەم جۆرە شیرکە بمرێت ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَوْ أَشْرَكُوا۟ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ﴾ واتە : لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر ئەو پەیامبەرانە (عليهم السلام) هاوبەشیان بۆخوا دانابا هەموو کارەکانیان سەرجەم پووچەڵ دەبوویەوە، باشە دەبێ حاڵی خەڵکانی تر چۆن بێت، ئەگەر هاوبەش و شەریك بۆخوا دابنێن؟)

وَقَالَ سُبْحَانَهُ: ﴿مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا۟ مَسَـٰجِدَ ٱللَّهِ شَـٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ وَفِى ٱلنَّارِ هُمْ خَـٰلِدُونَ﴾،

هەروەها فەرموویەتی : ﴿مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا۟ مَسَـٰجِدَ ٱللَّهِ شَـٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَـٰلُهُمْ وَفِى ٱلنَّارِ هُمْ خَـٰلِدُونَ﴾ واتە: بۆ خەڵکانی هاوبەشدانەر شیاوو ڕەوا نیە ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکانی خوا بۆ خۆشیان شایەتی بێباوەڕێتی خۆیان دەدەن، کارو ڕەفتاریان هی بێ بڕوا و بت پەرستانە، واتە: بێ بڕوا لێی ناوەشێتەوە مزگەوت ئاوەدان بکاتەوە، بۆهەمیشە کاروکردەوەی ئەمانە پووچە و بەردەوامیش لەئاگردان) .

وَأَنَّ مَنْ مَاتَ عَلَيْهِ فَلَنْ يُغْفَرَ لَهُ، وَالْجَنَّةُ عَلَيْهِ حَرَامٌ، كَمَا قَالَ اللَّهُ : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ﴾،

وە هەر کەسێک لەسەر شیرک بمرێت ئەوا خوای گەورە لێی خۆش نابێت، وە بەهەشتیشی لەسەر حەرامە ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ﴾ واتە : بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابوورێ و لەخوار شیرکەوە لەهەر گوناهێك دەبوورێ بۆ هەرکەسێك خۆی بیەوێت).

وَقَالَ سُبْحَانَهُ: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ﴾.

وە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ﴾.واتە : چاك بزانن كە هەركەسێك شەريك و هاوبەش بۆخوا دابنێ بێ شك خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەكا جێ و شوێنی ئاگرە. ستەمكارانیش هیچ جۆرە یارمەتی دەرێكیان بۆ نییەو رزگار نابن).

وَمِنْ أَنْوَاعِهِ: دُعَاءُ الْأَمْوَاتِ وَالْأَصْنَامِ، وَالِاسْتِغَاثَةُ بِهِمْ، وَالنَّذْرُ لَهُمْ، وَالذَّبْحُ لَهُمْ، وَنَحْوُ ذَلِكَ.

وە لە جۆرەکانی : داواکردن لە بت و مردووەکان ، وە هاوارکردن پێیان و نەزر کردن بۆیان و ئاژەڵ سەربرین بۆیان و لە نمونەی ئەوانە .

أَمَّا الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ: فَهُوَ مَا ثَبَتَ بِالنُّصُوصِ مِنَ الْكِتَابِ أَوِ السُّنَّةِ تَسْمِيَتُهُ شِرْكًا، وَلَكِنَّهُ لَيْسَ مِنْ جِنْسِ الشِّرْكِ الْأَكْبَرِ، كَالرِّيَاءِ فِي بَعْضِ الْأَعْمَالِ، وَالْحَلِفِ بِغَيْرِ اللَّهِ، وَقَوْلِ: مَا شَاءَ اللَّهُ وَشَاءَ فُلَانٌ، وَنَحْوِ ذَلِكَ.

وە **شیرکی بچووک :** هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە دەقەکانی قورئاندا یان سوننەتدا سەلمێنراوە کەوا ناوی لێ نرابێت شیرک ، بەڵام لە جۆر و جنسی شیرکی گەورە نییە ، وەکو رووپامایی لە هەندێ کردارەکاندا ، وە سوێند

خواردن بە جگە لە خوای گەورە ، وە وتنی : خوای گەورە و فلان ویستیان لێ بوو (ما شاء الله وشاء فلان) وە لە نمونەی ئەوانە .

لِقَوْلِ النَّبِيِّ ﷺ: «أَخْوَفُ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمُ الشِّرْكُ الْأَصْغَرُ»، فَسُئِلَ عَنْهُ، فَقَالَ: «الرِّيَاءُ»، رَوَاهُ الْإِمَامُ أَحْمَدُ، وَالطَّبَرَانِيُّ، وَالْبَيْهَقِيُّ، عَنْ مَحْمُود بْنِ لَبِيدٍ الْأَنْصَارِيِّ رضي الله عنه بِإِسْنَادٍ جَيِّدٍ، وَرَوَاهُ الطَّبَرَانِيُّ بِأَسَانِيدَ جَيِّدَةٍ، عَنْ مَحْمُود بْنِ لَبِيدٍ، عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ.

بە بەڵگە ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر ، قالوا : و ما الشرك الأصغر ، يا رسول الله(ﷺ) ؟ قال : الرياء)[1] واتە : ئەو شتەی لە هەموو شتێک زیاتر لێی دەترسم لێتان شیرکی بچووکە ، وتیان : ئایە شیرکی بچووک چییە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی : ریایە )

وَقَوْلِهِ ﷺ: «مَنْ حَلَفَ بِشَيْءٍ دُونَ اللَّهِ فَقَدْ أَشْرَكَ» رَوَاهُ الْإِمَامُ أَحْمَدُ بِإِسْنَادٍ صَحِيحٍ، عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رضي الله عنه، وَرَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ بِإِسْنَادٍ صَحِيحٍ مِنْ حَدِيثِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: «مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللهِ فَقَدْ كَفَرَ أَوْ أَشْرَكَ».

وە ئەو فەرموودەیەی : ((من حلف بشيء دون الله فقد أشرك)).واتە: هەر کەسێ سوێند بە شتێک بخوات لە غەیری خوا ئەوا شەریکی بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە.) ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە بە سەنەدێکی صەحیح لە عومەری کوڕی خەتتابەوە ، وە ئەبو داوود و ئەلتیرمیزی ریوایەتیان کردووە بە سەنەدێکی صەحیحەوە لە فەرموودەی ئیبن عومەرەوە لە پێغەمبەری خواوە کەوا فەرموویەتی : (مَنْ حَلَفَ بِغَيْرِ اللهِ فَقَدْ كَفَرَ أَوْ أَشْرَكَ) واتە : هەرکەسێک بە جگە لە خوا سوێند بخوات ئەوا کوفری کردووە یان شیرکی کردووە).

وَقَوْلِهِ ﷺ: «لَا تَقُولُوا: مَا شَاءَ اللَّهُ وَشَاءَ فُلَانٌ، وَلَكِنْ قُولُوا: مَا شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ شَاءَ فُلَانٌ» أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ بِإِسْنَادٍ صَحِيحٍ عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ الْيَمَانِ رضي الله عنه.

---

(١) صحيح : أخرجه أحمد (٤٢٨/٥) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع ) (١٥٥٥) .

وە ئەو فەرموودەیەی : (لا تقولوا : ما شاء الله وشاء فلان ، ولكن قولوا : ما شاء الله ثم شاء فلان) واتە : مەڵێن : خوا و فلان ویستیان لە سەر بوو ، بەڵکو بڵێن : خوای گەورە ویستی لەسەر بوو ئەمجار فلان). ئەبو داوود ڕیوایەتی کردووە بە سەنەدێکی صەحیح لە حوزەیفەی کوڕی ئەلیەمانەوە .

وَهَذَا النَّوْعُ لَا يُوجِبُ الرِّدَّةَ، وَلَا يُوجِبُ الْخُلُودَ فِي النَّارِ، وَلَكِنَّهُ يُنَافِي كَمَالَ التَّوْحِيدِ الْوَاجِبِ.

جا ئەم جۆرەیان خاوەنەکەی بە هەڵگەڕاوە ناژمێردرێت ، وە خاوەنەکەی بە هەتا هەتایی لە ئاگردا ناهێڵێتەوە ، بەڵام لە گەڵ کەمالی تەوحیدی واجیبدا جیاوازەو یەکناگرنەوە .

أَمَّا النَّوْعُ الثَّالِثُ: وَهُوَ الشِّرْكُ الْخَفِيُّ، فَدَلِيلُهُ قَوْلُ النَّبِيِّ ﷺ: «أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِمَا هُوَ أَخْوَفُ عَلَيْكُمْ عِنْدِي مِنَ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ؟» قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: «الشِّرْكُ الْخَفِيُّ، يَقُومُ الرَّجُلُ فَيُصَلِّي فَيُزَيِّنُ صَلَاتَهُ لِمَا يَرَى مِنْ نَظَرِ الرَّجُلِ إِلَيْهِ» رَوَاهُ الْإِمَامُ أَحْمَدُ فِي مُسْنَدِهِ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رضي الله عنه.

جۆری سێیەم: ئەویش شیرکی شاراوەیە ، بەڵگەش ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((ألا أخبركم بما هو أخوف عليكم عندي من المسيح الدجال ؟ قالوا : بلى يا رسول الله ، قال : الشرك الخفي ، يقوم الرجل فيصلي فيزين صلاته لما يرى من نظر الرجل إليه))[1] واتە : ئایە هەواڵتان پێ بدەم بەوەی لێی دەترسم تووشتان ببێت زیاتر لە مەسیحی دەججال ؟ وتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرمووی : شیرکی شاراوە ، کەسێک هەڵدەستێ نوێژ دەکات و نوێژەکەی دەڕازێنێتەوە لەبەر ئەوەی کەسیکیتر تەماشای دەکات ).

وَيَجُوزُ أَنْ يُقَسَّمَ الشِّرْكُ إِلَى نَوْعَيْنِ فَقَطْ: أَكْبَرَ وَأَصْغَرَ، أَمَّا الشِّرْكُ الْخَفِيُّ فَإِنَّهُ يَعُمُّهُمَا.

وە دەکرێت شیرک بکرێتە دوو جۆرەوە : گەورە و بچووک ، بەڵام شیرکی شاراوە ئەوا لە هەردوکیاندا هەیە .

---

(١) حسن : أخرجه ابن ماجه (٤٢٠٤) وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٢٦٠٧) .

فَيَقَعُ فِي الْأَكْبَرِ، كَشِرْكِ الْمُنَافِقِينَ؛ لِأَنَّهُمْ يُخْفُونَ عَقَائِدَهُمُ الْبَاطِلَةَ، وَيَتَظَاهَرُونَ بِالْإِسْلَامِ رِيَاءً، وَخَوْفًا عَلَى أَنْفُسِهِمْ.

جا لە شیرکی گەورەدا روودەدات ، وەکو شیرکی دووڕووەکان ، چونکە ئەوان عەقیدە پوچەڵەکەیان دەشارنەوە و بە رواڵەت خۆیان بە ئیسلام نیشان دەدەن لەبەر رووپامایی و ترس لە خۆیان .

وَيَكُونُ فِي الشِّرْكِ الْأَصْغَرِ؛ كَالرِّيَاءِ، كَمَا فِي حَدِيثِ مَحْمُودِ بْنِ لَبِيدٍ الْأَنْصَارِيِّ الْمُتَقَدِّمِ، وَحَدِيثِ أَبِي سَعِيدٍ الْمَذْكُورِ. وَاللهُ وَلِيُّ التَّوفِيقِ.

وە لە شیرکی بچووکدا روو دەدات ، وەکو روپامایی ، هەروەکو لە فەرموودەکەی (محمود بن لبید الانصاری ) پیشوودا هاتووە و فەرموودەکەی (ابوسعید) کە باسکرا ، خوای گەورە پشت و پەنامانە .

## الدَّرْسُ الخامس: الإِحْسَانُ
## وانەی پێنجەم: چاکەکاری (الاحسان)

رُكْنُ الْإِحْسَانِ، وَهُوَ: أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ.

پایەی ئیحسان : ئەویش ئەوەیە: ( خوای گەورە بپەرستیت هەروەکو ئەوەی دەیبینی وە ئەگەر تۆ ئەوت نەبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ ) .

## الدَّرْسُ السَّادس: شُرُوطُ الصَّلاةِ
## وانەی شەشەم: مەرجەکانی نوێژ

شُرُوطُ الصَّلَاةِ؛ وَهِيَ تِسْعَةٌ: مەرجەکانی نوێژ نۆ دانەن :

١- الْإِسْلَامُ.
١/ موسڵمان بێت

٢- وَالْعَقْلُ.
٢/ عاقڵ بێت

٣- وَالتَّمْيِيزُ.
٣/ تەمیزی هەبێت (واتە: توانای جیاکردنەوەی شتەکانی لە یەکتر هەبێت)

٤- وَرَفْعُ الْحَدَثِ.
٤/ لادانی (الحدث)

٥- وَإِزَالَةُ النَّجَاسَةِ.
٥/ نەهێشتن و لابردنی پیسی

٦- وَسِتْرُ الْعَوْرَةِ.
٦/ داپۆشینی عەورەت

٧- وَدُخُولُ الْوَقْتِ.
٧/ چوونە ناو کاتەوە

٨- وَاسْتِقْبَالُ الْقِبْلَةِ.
٨/ رووکردنە قیبلە

٩- وَالنِّيَّةُ.

٩/ نیەتی هەبێت .

## الدَّرْسُ السَّابع: أَرْكَانُ الصَّلاة
## وانەی حەوتەم: پایەکانی نوێژ

أَرْكَانُ الصَّلَاةِ، وَهِيَ أَرْبَعَةَ عَشَرَ: پایەکانی نوێژ چواردە دانەن :

١- الْقِيَامُ مَعَ الْقُدْرَةِ.

١/ راوەستان بە پێی توانا .

٢- وَتَكْبِيرَةُ الْإِحْرَامِ.

٢/ تەكبیرەی ئیحرام (واتە وتنی : الله اکبر بۆ دابەستنی نوێژ).

٣- وَقِرَاءَةُ الْفَاتِحَةِ.

٣/ خوێندنەوەی سورەتی (الفاتحة)

٤- وَالرُّكُوعُ.

٤/ کرنۆش بردن (الرکوع)

٥ - وَالِاعْتِدَالُ بَعْدَ الرُّكُوعِ.

٥/ راستبوونەوە لە پاش کرنۆش بردن

٦- وَالسُّجُودُ عَلَى الْأَعْضَاءِ السَّبْعَةِ.

٦/ سوژدە بردن لە سەر حەوت ئەندامەکە

٧- وَالرَّفْعُ مِنْهُ.

٧/ هەستانەوە لە سوژدەکە

٨- وَالْجَلْسَةُ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ.

٨/ دانیشتن لە نێوان دوو سوژدەکەدا

٩- وَالطُّمَأْنِينَةُ فِي جَمِيعِ الْأَفْعَالِ.

٩/ ئارامی و لە جووڵەکەوتن لە هەموو کردارەکاندا .

١٠ - وَالتَّرْتِيبُ بَيْنَ الْأَرْكَانِ.

١٠/ ڕێزبەندی لە نێوان پایەکاندا

١١- وَالتَّشَهُّدُ الْأَخِيرُ.

١١/ تەحیاتی کۆتایی

١٢- وَالْجُلُوسُ لَهُ.

١٢/ دانیشتن بۆ خوێندنی تەحیات

١٣- وَالصَّلَاةُ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ.

١٣/ صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ)

١٤- وَالتَّسْلِيمَتَانِ.

١٤/ هەردوو سەلامدانەوەکە.

# الدَّرْسُ الثَّامن: وَاجِبَاتُ الصَّلاةِ
# وانەی هەشتەم: واجیباتەکانی نوێژ

وَاجِبَاتُ الصَّلَاةِ، وَهِيَ ثَمَانِيَةٌ: واجیباتەکانی نوێژ هەشت دانەن :

١- جَمِيعُ التَّكْبِيرَاتِ غَيْرَ تَكْبِيرَةِ الْإِحْرَامِ.

١/ هەموو تەکبیراتەکان جگە لە تەکبیرەی ئیحرام .

٢- وَقَوْلُ: «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ» لِلْإِمَامِ وَالْمُنْفَرِدِ.

٢/ وتنی : (سمع الله لمن حمدة) بۆ ئیمام و کەسی تاک .

٣- وَقَوْلُ: «رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ» لِلْكُلِّ.

٣/ وتنی : (ربنا ولك الحمد) بۆ هەمووان .

٤- وَقَوْلُ: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ» فِي الرُّكُوعِ.

٤/ وتنی : (سبحان ربي العظيم) لە کرنۆشدا .

٥- وَقَوْلُ: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى» فِي السُّجُودِ.

٥/ وتنی : ( سبحان ربي الاعلى) لە سوژدەدا .

٦- وَقَوْلُ: «رَبِّ اغْفِرْ لِي» بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ.

٦/ وتنی : (رب اغفر لي) لە نێوان هەردوو سوژدەکەدا .

٧- وَالتَّشَهُّدُ الْأَوَّلُ.

٧/ تەحیاتی یەکەم .

٨- وَالْجُلُوسُ لَهُ.

٨/ دانیشتن بۆی .

## الدَّرْسُ التَّاسع: بَيَانُ التَّشَـهُّدِ
## وانەی نۆیەم: ڕوونکردنەوەی تەحیات

بَيَانُ التَّشَـهُّدِ، وَهُوَ: «التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ، وَالصَّلَوَاتُ، وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَلَّا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ».

تەحیات بەم شێوەیە : «التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ، وَالصَّلَوَاتُ، وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَلَّا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ».

ثُمَّ يُصَلِّي عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، وَيُبَارِكُ عليهِ؛ فَيَقُولُ: «اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ».

ئەمجار صەڵاوات دەداتە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) و نزای بەرەکەتی بۆ دەکات و دەڵێت : (اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صلّيت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد ، و بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم و على آل إبراهيم إنك حميد مجيد).

ثُمَّ يَسْتَعِيذُ بِاللَّهِ فِي التَّشَهُّدِ الْأَخِيرِ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ، ثُمَّ يَتَخَيَّرُ مِنَ الدُّعَاءِ مَا شَاءَ، وَلَا سِيَّمَا الْمَأْثُور مِنْ ذَلِكَ، وَمِنْهُ: «اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ، اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا، وَلَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي، إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ».

ئەمجار پەنا بە خوا دەگرێت لەتەحیاتی کۆتاییدا لە سزای جەهەنەم و سزای ناوگۆڕ و لە فیتنەی ژیان و مردن و فیتنەی مەسیحی دەججال ، ئەمجار بە ویستی خۆی دەپارێتەوە ، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە فەرموودەدا هاتوون ، لەوانە : (اللهم أعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك ، اللهم إني ظلمت نفسي ظلما كثيرا و لا يغفر الذنوب إلا أنت ، فاغفر لي مغفرة من عندك و ارحمني إنك أنت الغفور الرحيم).

أَمَّا فِي التَّشَهُّدِ الْأَوَّلِ فَيَقُومُ بَعْدَ الشَّهَادَتَيْنِ إِلَى الثَّالِثَةِ فِي الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ وَالْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ، وَإِنْ صَلَّى عَلَى النَّبِيِّ ﷺ فَهُوَ أَفْضَلُ؛ لِعُمُومِ الْأَحَادِيثِ فِي ذَلِكَ، ثُمَّ يَقُومُ إِلَى الثَّالِثَةِ.

بەڵام تەحیاتی یەکەم ئەوا لە پاش دوو شەهادەتەکە هەڵدەستێ بۆ رکاتی سێیەم لە نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا ، وە ئەگەر صەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوا باشترە ، لەبەر گشتگیری ئەو فەرموودانەی لەو بارەوە هاتوون ، ئەمجار هەڵدەستێ بۆ رکاتی سێیەم .

# الدَّرْسُ العاشر: سُنَنُ الصَّلاةِ
# وانەی دەیەم : سوننەتەکانی نوێژ

سُنَنُ الصَّلَاةِ، وَمِنْهَا: سوننەتەکانی نوێژ ، لەوانە:

١- الِاسْتِفْتَاحُ.

١/ دوعای دەست پێکردنی نوێژ (الاستفتاح)

٢- جَعْلُ كَفِّ الْيَدِ الْيُمْنَى عَلَى الْيُسْرَى فَوْقَ الصَّدْرِ حِينَ الْقِيَامِ، قَبْلَ الرُّكُوعِ وَبَعْدَهُ.

٢/ خستنە سەری ناودەستی راست لەسەر دەستی چەپ لەسەر سینگ لە کاتی وەستاندا ، لە پێش کرنۆش و پاش کرنۆش .

٣- رَفْعُ الْيَدَيْنِ مَضْمُومَتَيِ الْأَصَابِعِ مَمْدُودَةً حَذْوَ الْمَنْكِبَيْنِ، أَوِ الْأُذُنَيْنِ عِنْدَ التَّكْبِيرِ الْأَوَّلِ، وَعِنْدَ الرُّكُوعِ، وَالرَّفْعِ مِنْهُ، وَعِنْدَ الْقِيَامِ مِنَ التَّشَهُّدِ الْأَوَّلِ إِلَى الثَّالِثَةِ.

٣/ بەرزکردنەوەی هەردوو دەست بە ئەندازەی هەردوو شانەکان، یان هەردوو گوێیەکەی لە کاتی تەکبیرەی یەکەمدا و لە کاتی کرنۆشدا و هەستانەوە لە کرنۆش و لە کاتی هەستانەوە لە تەحیاتی یەکەم بۆ رکاتی سێیەم .

٤- مَا زَادَ عَنْ وَاحِدَةٍ فِي تَسْبِيحِ الرُّكُوعِ وَالسُّجُودِ.

٤/ زیاد وتنی تەسبیح لە جارێک لە کرنۆش و سوژدەدا .

٥- مَا زَادَ عَلَى قَوْلِ: «رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ» بَعْدَ الْقِيَامِ مِنَ الرُّكُوعِ، وَمَا زَادَ عَنْ وَاحِدَةٍ فِي الدُّعَاءِ بِالْمَغْفِرَةِ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ.

٥/ وتنی زیکری زیاتر لە (ربنا لك الحمد) لە پاش هەستان لە کرنۆش ، وە لە یەکجار زیاتر لە وتنی دوعا بە داوای لێخۆشبوون لە نێوان هەردوو سوژدەکەدا.

٦- جَعْلُ الرَّأْسِ حِيَالَ الظَّهْرِ فِي الرُّكُوعِ.

٦/ سەری بخاتە بەرانبەر بە پشتی لە کرنۆشدا .

٧- مُجَافَاةُ الْعَضُدَيْنِ عَنِ الْجَنْبَيْنِ، وَالْبَطْنِ عَنِ الْفَخِذَيْنِ، وَالْفَخِذَيْنِ عَنِ السَّاقَيْنِ فِي السُّجُودِ.

٧/ لەیەک دوور خستنەوەی هەردوو دەستی لە لاکانی و سکی لە هەردوو رانی و هەردوو رانی لە هەردوو لاقی لە سوژدەدا .

٨- رَفْعُ الذِّرَاعَيْنِ عَنِ الْأَرْضِ حِينَ السُّجُودِ.

٨/ بەرزکردنەوەی هەردوو باڵی لە زەوی لە کاتی سوژدەدا .

٩- جُلُوسُ الْمُصَلِّي عَلَى رِجْلِهِ الْيُسْرَى مَفْرُوشَةً، وَنَصْبُ الْيُمْنَى فِي التَّشَهُّدِ الْأَوَّلِ وَبَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ.

٩/ دانیشتنی نوێژخوێن لەسەر پێی چەپی بە راخراوی ، وەستاندنی پێی راستی لە تەحیاتی یەکەمدا و لە نێوان دوو سوژدەکە .

١٠- التَّوَرُّكُ فِي التَّشَهُّدِ الْأَخِيرِ فِي الرُّبَاعِيَّةِ وَالثُّلَاثِيَّةِ وَهُوَ: الْجُلُوسُ عَلَى مَقْعَدَتِهِ، وَجَعْلُ رِجْلِهِ الْيُسْرَى تَحْتَ الْيُمْنَى، وَنَصْبُ الْيُمْنَى.

١٠ / تەوەروک کردن لە تەحیاتی کۆتاییدا لە نوێژە چوار رکاتی و سێ رکاتیدا ئەویش بریتییە : دانیشتن لە سەر رانی و پێی چەپی بخاتە ژێر پێی راستی و وەستاندنەوەی پێی راستی .

١١- الْإِشَارَةُ بِالسَّبَّابَةِ فِي التَّشَهُّدِ الْأَوَّلِ وَالثَّانِي، مِنْ حِينِ يَجْلِسُ إِلَى نِهَايَةِ التَّشَهُّدِ، وَتَحْرِيكُهَا عِنْدَ الدُّعَاءِ.

١١/ ئاماژەکردن بە پەنجەی شایەتمان لە تەحیاتی یەکەم و دووەمدا ، لەو کاتەوە دادەنیشی تاوەکو کۆتایی تەحیاتەکە و جوڵاندنی لە کاتی دوعاکردندا.

١٢- الصَّلَاةُ وَالتَّبْرِيكُ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَآلِ مُحَمَّدٍ، وَعَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَآلَ إِبْرَاهِيمَ فِي التَّشَهُّدِ الْأَوَّلِ.

١٢/ صەڵاوات دان و دوعای بەرەکت بۆ محمد (ﷺ)و ئالی محمد (ﷺ)و لەسەر ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیم لە تەحیاتی یەکەمدا .

١٣- الدُّعَاءُ فِي التَّشَهُّدِ الْأَخِيرِ.

١٣/ دوعاکردن لە تەحیاتی کۆتاییدا .

١٤- الْجَهْرُ بِالْقِرَاءَةِ فِي صَلَاةِ الْفَجْرِ، وَصَلَاةِ الْجُمُعَةِ، وَصَلَاةِ الْعِيدَيْنِ، وَالِاسْتِسْقَاءِ، وَفِي الرَّكْعَتَيْنِ الْأُولَيَيْنِ مِنْ صَلَاةِ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ.

١٤/ دەنگ بەرزکردنەوە لە کاتی خوێندنی قورئاندا لە نوێژی بەیانی و نوێژی هەینی و نوێژی دووجەژنەکە و نوێژە بارانە و لە دوو رکاتە یەکەمەکەی نوێژی مەغریب و عیشا .

١٥- الْإِسْرَارُ بِالْقِرَاءَةِ فِي الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ، وَفِي الثَّالِثَةِ مِنَ الْمَغْرِبِ، وَالْأَخِيرَتَيْنِ مِنَ الْعِشَاءِ.

١٥/ دەنگ نزم کردنەوە لە کاتی خوێندنی قورئاندا لە نوێژی نیوەڕۆ و عەسردا و رکاتی سێیەم لە نوێژی مەغریب و دوو رکاتی کۆتایی نوێژی عیشا.

١٦- قِرَاءَةُ مَا زَادَ عَنِ الْفَاتِحَةِ مِنَ الْقُرْآنِ.

١٦/ خوێندنەوەی زیاتر لە (الفاتحة) لە قورئان .

مَعَ مُرَاعَاةِ بَقِيَّةِ مَا وَرَدَ مِنَ السُّنَنِ فِي الصَّلَاةِ سِوَى مَا ذَكَرْنَا، وَمِنْ ذَلِكَ: مَا زَادَ عَلَى قَوْلِ الْمُصَلِّي: «رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ» بَعْدَ الرَّفْعِ مِنَ الرُّكُوعِ فِي حَقِّ الْإِمَامِ، وَالْمَأْمُومِ، وَالْمُنْفَرِدِ؛ فَإِنَّهُ سُنَّةٌ.

لە گەڵ موراعات کردنی سوننەتەکانی نوێژ جگە لەوەی کە باسمان کرد، هەر لەوانە : وتنی زیاتر لە زیکری (ربنا لك الحمد) لە پاش هەستانەوە لە کرنۆش لە حەقی ئیمام و مأموم و تاکە کەسدا ، چونکە ئەوە سوننەتە .

وَمِنْ ذَلِكَ أَيْضًا: وَضْعُ الْيَدَيْنِ عَلَى الرُّكْبَتَيْنِ مُفَرَّجَتَيِ الْأَصَابِعِ حِينَ الرُّكُوعِ.

هەر لەوانە : دانانی هەردوو دەست لە سەر ئەژنۆ بە بڵاوە پێکردنی پەنجەکان لە کاتی کرنۆشدا .

## الدَّرْسُ الحادي عشر: مُبْطِلاتُ الصَّلاةِ
## وانەی یازدەیەم : پوچەڵكەرەوەكانی نوێژ

مُبْطِلَاتُ الصَّلَاةِ، وَهِيَ ثَمَانِيَةٌ: پوچەڵكەرەوەكانی نوێژ هەشت دانەن :

١- الْكَلَامُ الْعَمْدُ مَعَ الذِّكْرِ وَالْعِلْمِ، أَمَّا النَّاسِي وَالْجَاهِلُ فَلَا تَبْطُلُ صَلَاتُهُ بِذَلِكَ.

١/ قسەكردن بە قەصدی لە گەڵ ئەوەی لە یادی بێت و بزانێت ، بەڵام كەسێك لە بیری چووبێت یان نەزانێ ئەوا نوێژەكەی پوچەڵ نابێتەوە بەو كارەی .

٢- الضَّحِكُ.

٢/ پێكەنین

٣- الْأَكْلُ.

٣/ خواردن

٤- الشُّرْبُ.

٤/خواردنەوە

٥- انْكِشَافُ الْعَوْرَةِ.

٥/ دەركەوتنی عەورەت

٦- الِانْحِرَافُ الْكَثِيرُ عَنْ جِهَةِ الْقِبْلَةِ.

٦/ وەرچەرخانێكی زۆر لە رووی قیبلەوە.

٧- الْعَبَثُ الْكَثِيرُ الْمُتَوَالِي فِي الصَّلَاةِ.

٧/ زۆری گاڵتە و جوڵانەوەی زۆر و لە دوای یەک لە كاتی نوێژدا .

٨- انْتِقَاضُ الطَّهَارَة.

٨/ پوچەڵبونەوەی دەستنوێژ .

## الدَّرْسُ الثَّاني عشر: شُرُوطُ الْوُضُوءِ

## وانەی دوازدەیەم : مەرجەكانی دەستنوێژ

شُرُوطُ الْوُضُوءِ، وَهِيَ عَشَرَةٌ: مەرجەكانی دەستنوێژ دە دانەیە :

١- الْإِسْلَامُ.

١/ موسڵمان بوون

٢- وَالْعَقْلُ.

٢/ عاقڵ بوون

٣- وَالتَّمْيِيزُ.

٣/ تەمیزی هەبێت (واتە بتوانێت شتەكان لە یەک جیابكاتەوە)

٤- وَالنِّيَّةُ.

٤/ بوونی نیەت

٥- وَاسْتِصْحَابُ حُكْمِهَا بِأَلَّا يَنْوِيَ قَطْعَهَا حَتَّى تَتِمَّ طَهَارَتُهُ.

/٥ بەردەوام بوونی حوکمەکەی، بەوەی نیەتەکەی نەبڕێت تاکو دەستنوێژەکە تەواو دەکات .

٦- وَانْقِطَاعُ مُوجِبِ الْوُضُوءِ.

/٦ وازهێنان لەو شتانەی کە دەستنوێژ واجیب دەکات (پوچەڵکەرەوەکانی دەستنوێژ)

٧- وَاسْتِنْجَاءٌ أَوِ اسْتِجْمَارٌ قَبْلَهُ.

/٧ تارات کردن لە پێش دەستنوێژەکە بە ئاو یان بە بەرد.

٨- وَطُهُورِيَّةُ مَاءٍ وَإِبَاحَتُهُ.

/٨ ئاوەکە پاک بێت و حەڵاڵ بێت .

٩- وَإِزَالَةُ مَا يَمْنَعُ وُصُولَهُ إِلَى الْبَشَرَةِ.

/٩ لادانی ئەو شتەی کە دەبێتە ڕێگر بۆ گەیاندنی ئاوەکە بە پێست .

١٠- وَدُخُولُ وَقْتِ الصَّلاةِ فِي حَقِّ مَنْ حَدَثُهُ دَائِمٌ.

/١٠ کاتی نوێژەکە هاتبێت بۆ ئەو کەسانەی (حدث)ەکەیان بەردەوامە .

# الدَّرْسُ الثَّالث عشر: فُرُوضُ الْوُضُوءِ
# وانەی سیازدەیەم : فەرزەکانی دەستنوێژ

فُرُوضُ الْوُضُوءِ، وَهِيَ سِتَّةٌ: فەرزەکانی دەستنوێژ شەش دانەن :

١- غَسْلُ الْوَجْهِ؛ وَمِنْهُ الْمَضْمَضَةُ وَالِاسْتِنْشَاقَ.

١/ شوشتنی دەموچاو ، وە ئاوهەڵدانە دەم و لوت بەشێکە لەو .

٢- وَغَسْلُ الْيَدَيْنِ مَعَ الْمِرْفَقَيْنِ.

٢/ شوشتنی دەستەکان تاوەکو ئەنیشکەکان .

٣- وَمَسْحُ جَمِيعِ الرَّأْسِ؛ وَمِنْهُ الْأُذُنَانِ.

٣/ سڕینی هەموو سەر ، وە گوێیەکان بەشێکن لەو .

٤- وَغَسْلُ الرِّجْلَيْنِ مَعَ الْكَعْبَيْنِ.

٤/ شوشتنی هەردوو پێیەکان لە گەڵ قاپەڕەقەدا .

٥- وَالتَّرْتِيبُ.

٥/ ریزبەندی .

٦- وَالْمُوَالَاةُ.

٦/ (موالات) هەریەکەو لە دوای ئەویتر بێت بە بێ ئەوەی ناوبڕێک لە نێوانیاندا بێت .

**وَيُسْتَحَبُّ تَكْرَارُ غَسْلِ الْوَجْهِ، وَالْيَدَيْنِ، وَالرِّجْلَيْنِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، وَهَكَذَا الْمَضْمَضَةُ، وَالِاسْتِنْشَاقُ، وَالْفَرْضُ مِنْ ذَلِكَ مَرَّةٌ وَاحِدَةٌ، أَمَّا مَسْحُ الرَّأْسِ فَلَا يُسْتَحَبُّ تَكْرَارُهُ كَمَا دَلَّتْ عَلَى ذَلِكَ الْأَحَادِيثُ الصَّحِيحَةُ.**

وە موستەحەبە شوشتنی دەموچاو و هەردوو دەست و هەردوو پێ سێ جار دووبارە بکرێتەوە ، هەروەها ئاوهەڵدانە دەم و لوت ، وە فەرزیش تیایدا تەنها یەک جارە ، بەڵام سڕینی سەر ئەوا موستەحەب نییە دووبارە بکرێتەوە هەروەکو لە فەرموودە راست و درەستەکاندا هاتووە .

# الدَّرْسُ الرَّابع عشر: نَوَاقِضُ الْوُضُوءِ
# وانەی چواردەیەم: هەڵوەشێنەرەوەكانی دەستنوێژ

نَوَاقِضُ الْوُضُوءِ؛ وَهِيَ سِتَّةٌ: هەڵوەشێنەرەوەكانی دەستنوێژ ، شەش دانەن :

١- الْخَارِجُ مِنَ السَّبِيلَيْنِ.

١/ دەرچوونی هەرشتێک لە پاش و پێشەوە .

٢- وَالْخَارِجُ الْفَاحِشُ النَّجِسُ مِنَ الْجَسَدِ.

٢/ ئەو شتە زۆرە پیسەی لە جەستەوە دەردەچێت.

٣- وَزَوَالُ الْعَقْلِ بِنَوْمٍ أَوْ غَيْرِهِ.

٣/ نەمانی عەقڵ بە خەوتن یان جگە لەو .

٤- وَمَسُّ الْفَرْجِ بِالْيَدِ قُبُلًا كَانَ أَوْ دُبُرًا مِنْ غَيْرِ حَائِلٍ.

٤/ دەست لێدانی فەرج چ پێشەوە بێت یان پاشەوە بە بێ هیچ پەردەیەک.

٥- وَأَكْلُ لَحْمِ الْإِبِلِ.

٥/ خواردنی گۆشتی وشتر .

٦- وَالرِّدَّةُ عَنِ الْإِسْلَامِ، أَعَاذَنَا اللهُ وَالْمُسْلِمِينَ مِنْ ذَلِكَ.

٦/ هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام .

تَنْبِيهٌ هَامٌّ: أَمَّا غَسْلُ الْمَيِّتِ: فَالصَّحِيحُ أَنَّهُ لَا يَنْقُضُ الْوُضُوءَ، وَهُوَ قَوْلُ أَكْثَرِ أَهْلِ الْعِلْمِ؛

لِعَدَمِ الدَّلِيلِ عَلَى ذَلِكَ، لَكِنْ لَوْ أَصَابَتْ يَدُ الْغَاسِلِ فَرْجَ الْمَيِّتِ مِنْ غَيْرِ حَائِلٍ وَجَبَ عَلَيْهِ الْوُضُوءُ. وَالْوَاجِبُ عَلَيْهِ أَلَّا يَمَسَّ فَرْجَ الْمَيِّتِ إِلَّا مِنْ وَرَاءِ حَائِلٍ.

**ئاگادارییەکی گرنگ :** بەڵام شوشتنی مردوو : رای پەسەند ئەوەیە کە دەستنوێژ بەتاڵ ناکاتەوە ، ئەمەش قسەی زۆربەی زانایانە ، لەبەر نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لەسەری ، بەڵام ئەو کەسەی مردووەکە دەشۆرێـت ئەگەر دەستی بەر عەورەتی مردووەکە کەوت بە بێ هیچ پەردەیەک ئەوا دەستنوێژەکەی دەشکێت ، وە ئەوەی پێویستە لەسەری کە دەستی نەدا لە عەورەتی مردووەکە ئیللا لەسەروی پەردەیەکەوە نەبێت .

وَهَكَذَا مَسُّ الْمَرْأَةِ لَا يَنْقُضُ الْوُضُوءَ مُطْلَقًا، سَوَاءٌ كَانَ ذَلِكَ عَنْ شَهْوَةٍ، أَوْ غَيْرِ شَهْوَةٍ فِي أَصَحِّ قَوْلَيِ الْعُلَمَاءِ، مَا لَمْ يَخْرُجْ مِنْهُ شَيْءٌ؛ لِأَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَبَّلَ بَعْضَ نِسَائِهِ ثُمَّ صَلَّى وَلَمْ يَتَوَضَّأْ.

هەروەها ئەگەر دەستی بدات لە – دەستی- ئافرەت دەستنوێژ ناشکێنێت بە هیچ شێوەیەک ، جا ئەگەر هاتوو ئەو دەست لێدانە بە شەهەوەتەوە بوو یان بە بێ شەهوەت لە سەر رای پەسەندی زانایان ، ئەگەر هیچ شتێکی بە هۆیەوە دەرنەچێت ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەندێ لە خێزانەکانی ماچ کرد و نوێژی کرد و دەستنوێژی نەشوشتەوە .

أَمَّا قَوْلُ اللَّهِ سُبْحَانَهُ فِي آيَتَيِ النِّسَاءِ وَالْمَائِدَةِ: ﴿أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾، فَالْمُرَادُ بِهِ: الْجِمَاعُ، فِي الْأَصَحِّ مِنْ قَوْلَيِ الْعُلَمَاءِ، وَهُوَ قَوْلُ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، وَجَمَاعَةٍ مِنَ السَّلَفِ وَالْخَلَفِ، وَاللهُ وَلِيُّ التَّوْفِيقِ.

بەڵام ئەو ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ ﴿٤٣﴾ ﴾ ئەوا مەبەست لێی (جیماع)ـە لە سەر رای پەسەندی زانایان ، هەر ئەوەش قسەی (ابن عباس) و کۆمەڵێک لە زانایانی سەلەف و خەلەفە ، خوای گەورە پشت و پەنامانە.

# الدَّرْسُ الخامس عشر: التَّحَلِّي بِالأَخْلاقِ الْمَشْرُوعَةِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ

## وانەی پازدەیەم : خۆرازاندنەوە بە ئاکارە شەرعییەکان بۆ هەموو موسڵمانێک

التَّحَلِّي بِالْأَخْلَاقِ الْمَشْرُوعَةِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ، وَمِنْهَا: الصِّدْقُ، وَالْأَمَانَةُ، وَالْعَفَافُ، وَالْحَيَاءُ، وَالشَّجَاعَةُ، وَالْكَرَمُ، وَالْوَفَاءُ، وَالنَّزَاهَةُ عَنْ كُلِّ مَا حَرَّمَ اللَّهُ، وَحُسْنُ الْجِوَارِ، وَمُسَاعَدَةُ ذَوِي الْحَاجَةِ حَسَبَ الطَّاقَةِ، وَغَيْرُ ذَلِكَ مِنَ الْأَخْلَاقِ الَّتِي دَلَّ الْكِتَابُ أَوِ السُّنَّةُ عَلَى شَرْعِيَّتِهَا.

خۆرازاندنەوە بە ئاکارە شەرعییەکان بۆ هەموو موسڵمانێک ، لەوانە : ڕاستگۆیی و سپاردەپارێزی و داوێن پاکی (دەست و دەروون پاکی) و شەرم و بوێری (ئازایەتی) و سەخاوەت (بەخشندەیی) و وەفاداری و خۆپارێزی لە هەموو ئەوانەی خوای گەورە حەرامی کردووە ، چاک بوون لە گەڵ دەرهاوسێدا ، و یارمەتیدانی خاوەن پێداویستی بە پێی توانا و جگە لەوانە لەو ئاکار و ڕەوشتانەی کە قورئان یان سوننەت دەلالەتیان بۆ شەرعییەتی کردووە .

# الدَّرْسُ السَّادس عشر: التَّأَدُّبُ بِالآدَابِ الإِسْلامِيَّةِ

# وانەی شازدەیەم: دەستگرتن بە ئادابە ئیسلامییەکانەوە

**التأَدُّبُ بِالْآدَابِ الْإِسْلَامِيَّةِ، وَمِنْهَا: السَّلَامُ، وَالْبَشَاشَةُ، وَالْأَكْلُ بِالْيَمِينِ وَالشُّرْبُ بِهَا، وَالتَّسْمِيَةُ عِنْدَ الِابْتِدَاءِ، وَالْحَمْدُ عِنْدَ الْفَرَاغِ، وَالْحَمْدُ بَعْدَ الْعُطَاسِ، وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ إِذَا حَمِدَ اللَّهَ، وَعِيَادَةُ الْمَرِيضِ، وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ لِلصَّلَاةِ وَالدَّفْنِ، وَالْآدَابُ الشَّرْعِيَّةُ عِنْدَ دُخُولِ الْمَسْجِدِ أَوِ الْمَنْزِلِ وَالْخُرُوجِ مِنْهُمَا، وَعِنْدَ السَّفَرِ، وَمَعَ الْوَالِدَيْنِ، وَالْأَقَارِبِ، وَالْجِيرَانِ، وَالْكِبَارِ وَالصِّغَارِ، وَالتَّهْنِئَةُ بِالْمَوْلُودِ، وَالتَّبْرِيكُ بِالزَّوَاجِ، وَالتَّعْزِيَةُ فِي الْمُصَابِ، وَغَيْرُ ذَلِكَ مِنَ الْآدَابِ الْإِسْلَامِيَّةِ فِي اللُّبْسِ وَالْخَلْعِ وَالِانْتِعَالِ.**

دەستگرتن بە ئادابە ئیسلامییەکانەوە، لەوانە: سەلامکردن، rووخۆشی، خواردن و خواردنەوە بە دەستی راست، وە (بسم الله) کردن لە سەرەتاوەو سوپاسگوزاری خوای گەورە لە کاتی تەواوبونیدا (واتە: وتنی: الحمد لله)، وە (الحمد لله) کردن لە پاش پژمین، وە وڵامدانەوەی ئەو کەسەی (الحمد لله) دەکات لە پاش پژمین (واتە: پێی بگوترێت: یرحمک الله)، وە سەردانی نەخۆش، وە شوێنکەوتنی جەنازە بە مەبەستی نوێژکرن و بە خاک سپاردنی، وە ئادابە شەرعییەکان لە کاتی چوونە ژووورەوە بۆ مزگەوت یان بۆ ماڵ و دەرچوون لێیان، وە لە کاتی سەفەردا، وە لە گەڵ دایک و باوک و خزمان و هاوسێ و گەورە و بچووکدا، وە پیرۆز بایی کردن بە هۆی لە دایکبوونی منداڵی بچووکەوە و دوعای بەرەکەت بۆ ئەو کەسەی هاوسەرگیری دەکات، وە سەرەخۆشی کردن لە کاتی موصیبەتدا و جگە لەوانە لە ئادابە ئیسلامییەکان لە کاتی لەبەرکردن و داکەندنی پۆشاک و پێڵاو لە پێکردندا.

# الدَّرْسُ السَّابع عشر:
# التَّحْذِيرُ مِنَ الشِّرْكِ وَأَنْوَاعِ الْمَعَاصِي
# وانەی حەڤدەیەم: وریاکردنەوە لە شیرک و جۆرەکانی سەرپێچی

الْحَذَرُ وَالتَّحْذِيرُ مِن الشِّرْكِ وَأَنْوَاعِ الْمَعَاصِي.

وَمِنْهَا: السَّبعُ الْمُوبِقَاتُ الْمُهْلِكَاتُ؛ وَهِيَ: الشِّرْكُ بِاللَّهِ، وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ.

وریابوون و وریاکردنەوە لە شیرک و جۆرەکانی سەرپێچی :

لەوانە : حەوت تاوانە بە هەلاکەت بەرەکە ، کە ئەوانیش : شیرک بریاردانە بۆ خوای گەورە و جادوو (سیحر) و کوشتنی ئەو نەفسەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە ئیللا بە حەقی خۆی نەبێت ، وخواردنی سوو (ریبا) و خواردنی ماڵی هەتیو و هەڵاتن لە رۆژی رووبەرووبونەوەدا (پێشرەویدا) و بوختانی زینا کردن بۆ ئەو ئافرەتە ئیماندار و داوێنپاک و بێ ئاگایانە .

وَمِنْهَا: عُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ، وَقَطِيعَةُ الرَّحِمِ، وَشَهَادَةُ الزُّورِ، وَالْأَيْمَانُ الْكَاذِبَةُ، وَإِيذَاءُ الْجَارِ، وَظُلْمُ النَّاسِ فِي الدِّمَاءِ، وَالْأَمْوَالِ، وَالْأَعْرَاضِ، وَشُرْبُ الْمُسْكِرِ، وَلَعِبُ الْقِمَارِ ـ وَهُوَ: الْمَيْسِرُ ـ وَالْغِيبَةُ، وَالنَّمِيمَةُ، وَغَيْرُ ذَلِكَ مِمَّا نَهَى اللَّهُ عَنْهُ، أَوْ رَسُولُهُ ﷺ.

وە هەر لەوانە: رەنجاندنی دایک و باوک و بڕینی پەیوەندی خزمایەتی و شایەتیدانی بە درۆ و سوێندی درۆ و ئازاردانی دەرهاوسێ و ستەمکردن لە

خەڵکی لە بابەتی خوێن وسامان و ناموسدا ، وە خواردنەوەی بێهۆشکەرەکان و یاری کردنی قومار و غەیبەت کردن و دووزوانی و جگە لەوانەی کە خوای گەورە نەهی لێ کردووە یان پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

# الدَّرْسُ الثَّامن عشر:
# تَجْهِيزُ الْمَيِّتِ وَالصَّلاةُ عَلَيْهِ وَدَفْنُهُ

# وانەی هەژدەیەم : ئامادەکردنی جەنازە و نوێژکردن لەسەری و ناشتنی

وَإِلَيْكَ تَفْصِيلُ ذَلِكَ:

أَوَّلًا: يُشْرَعُ تَلْقِينُ الْمُحْتَضِرِ: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)؛ لِقَوْلِ النَّبِيِّ ﷺ «لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ»، رَوَاهُ مُسْلِمٌ فِي صَحِيحِهِ، وَالْمُرَادُ بِالْمَوْتَى فِي هَذَا الْحَدِيثِ: الْمُحْتَضِرُونَ، وَهُمْ مَنْ ظَهَرَتْ عَلَيْهِمْ أَمَارَاتُ الْمَوْتِ.

**یەکەم** : شەرعمان وا داوادەکات کەوا ئەو کەسەی دەکەوێتە گیانەڵاوە بە (لا اله الا الله) تەلقین بکرێت ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (لقنوا موتاكم : لا اله الا الله)[١]. واتە : تەلقینی مردووەکانتان بکەن بە (لا اله الا الله)) .

مەبەست لە (مردووەکانتان) ئەوانەی وان لەسەرەمەرگدا ، ئەوانش ئەو کەسانەن کە نیشانەکانی مردنیان لێ دەرکەوتووە .

ثَانِيًا: إِذَا تَيَقَّنَ مَوْتُهُ أُغْمِضَتْ عَيْنَاهُ وَشُدَّ لِحْيَاهُ؛ لِوُرُودِ السُّنَّةِ بِذَلِكَ.

**دووەم** : ئەگەر دڵنیا بوو لە مردنی ئەوا چاوەکانی لە یەک دەنرێت و هەردوو چەناکەی دەنرێنە یەک ، لەبەر بوونی سوننەت لەو بارەیەوە .

---

(١) (صحيح الموارد : ٧١٩)

ثَالِثًا: يَجِبُ تَغْسِيلُ الْمَيِّتِ الْمُسْلِمِ، إِلَّا أَنْ يَكُونَ شَهِيدًا مَاتَ فِي الْمَعْرَكَةِ فَإِنَّهُ لَا يُغَسَّلُ وَلَا يُصَلَّى عَلَيْهِ؛ بَلْ يُدْفَنُ فِي ثِيَابِهِ؛ لِأَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَمْ يُغَسِّلْ قَتْلَى أُحُدٍ وَلَمْ يُصَلِّ عَلَيْهِمْ.

سێیەم : پێویستە مردووی موسڵمان بشۆردرێت ، ئیللا مەگەر کەسەکە شەهید بێت و لە جەنگدا مردبێت ، جا ئەوە ناشۆردرێت و نوێژ لەسەری ناکرێت ، بەڵکو بە جلوبەرگەکەی خۆیەوە دەنێژرێت ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەهیدانی ئوحودی نەشۆرد و نوێژی لەسەر نەکردن .

رَابِعًا: صِفَةُ غَسْلِ الْمَيِّتِ: أَنَّهُ تُسْتَرُ عَوْرَتُهُ، ثُمَّ يُرْفَعُ قَلِيلًا وَيُعْصَرُ بَطْنُهُ عَصْرًا رَفِيقًا، ثُمَّ يَلُفُّ الْغَاسِلُ عَلَى يَدِهِ خِرْقَةً أَوْ نَحْوَهَا فَيُنَجِّيهِ بِهَا، ثُمَّ يُوَضِّئُهُ وُضُوءَ الصَّلَاةِ، ثُمَّ يَغْسِلُ رَأْسَهُ وَلِحْيَتَهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ أَوْ نَحْوِهِ، ثُمَّ يَغْسِلُ شِقَّهُ الْأَيْمَنَ، ثُمَّ الْأَيْسَرَ، ثُمَّ يَغْسِلُهُ كَذَلِكَ مَرَّةً ثَانِيَةً وَثَالِثَةً، يُمِرُّ فِي كُلِّ مَرَّةٍ يَدَهُ عَلَى بَطْنِهِ، فَإِنْ خَرَجَ مِنْهُ شَيْءٌ غَسَلَهُ، وَسَدَّ الْمَحَلَّ بِقُطْنٍ أَوْ نَحْوِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَمْسِكْ فَبِطِينٍ حُرٍّ، أَوْ بِوَسَائِلِ الطِّبِّ الْحَدِيثَةِ؛ كَاللَّزْقِ وَنَحْوِهِ، وَيُعِيدُ وُضُوءَهُ، وَإِنْ لَمْ يُنَقَّ بِثَلَاثٍ زِيدَ إِلَى خَمْسٍ، أَوْ إِلَى سَبْعٍ، ثُمَّ يُنَشِّفُهُ بِثَوْبٍ، وَيَجْعَلُ الطِّيبَ فِي مَغَابِنِهِ، وَمَوَاضِعِ سُجُودِهِ، وَإِنْ طَيَّبَهُ كُلَّهُ كَانَ حَسَنًا، وَيُجَمِّرُ أَكْفَانَهُ بِالْبَخُورِ، وَإِنْ كَانَ شَارِبُهُ أَوْ أَظْفَارُهُ طَوِيلَةً أَخَذَ مِنْهَا، وَإِنْ تَرَكَ ذَلِكَ فَلَا حَرَجَ، وَلَا يُسَرِّحُ شَعْرَهُ، وَلَا يَحْلِقُ عَانَتَهُ، وَلَا يَخْتِنُهُ؛ لِعَدَمِ الدَّلِيلِ عَلَى ذَلِكَ، وَالْمَرْأَةُ يُظْفَرُ شَعْرُهَا ثَلَاثَةَ قُرُونٍ، وَيُسْدَلُ مِنْ وَرَائِهَا.

چوارەم : چۆنیەتی شوشتنی مردوو : لە پێشان عەورەتی دادەپۆشرێت ، ئەمجار کەمێک بەرز دەکرێتەوە و سکی دەگوشرێت بە لەسەر خۆیی ، ئەمجار کەسی مردووشۆر پارچەیەکی پەڕۆ لە دەستی دەئاڵێنێ یان لە نمونەی ئەوەو پاکی دەکاتەوە ، ئەمجار دەستنوێژیکی بۆ دەگرێت وەکو دەستنوێژی نوێژ ، ئەمجار سەر و ریشی دەشۆرێت بە ئاو و سیدر و یان هاوشێوەی ئەوە ، ئەمجار لای راستی دەشۆرێت ، ئەمجار لای چەپی ، دیسان بۆ جاری دووەم و سێیەم دەیشۆرێت ، هەموو جارێک دەستی دەهێنی بەسەر سکیدا ، ئەگەر شتێکی لێوە دەرچوو ئەوا دەیشۆرێت ، وە جێگەکەی بە لۆکە یان نمونەی ئەوە دەبەستێ ، جا ئەگەر نەوەستاوە ئەوا بە قوڕی گەرم دەیبەستێ ، یان بە

هەر هۆکارێکی پزیشکی سەردەم ،وەکو لەزگە و نمونەی ئەوە ، وە دیسان دەستنوێژەکەی بۆ دووبارە دەکاتەوە ، وە ئەگەر بە سێ جار پاک نەبووەوە ئەوا زیادی دەکات بۆ پێنج جار ، یان بۆ حەوت ، ئەمجار بە پۆشاکێک وشکی دەکاتەوە ، ئەمجار بۆنی خۆش دەکاتە بنباخەڵی و بن رانەکانی ، وە جیگەی سوژدەکەی ، وە ئەگەر هەموو جەستەی بۆن خۆش بکات باشترە ، ئەمجار بە بخور کفنەکەی بۆنخۆش دەکات ، وە ئەگەر سمێڵی یان نینۆکەکانی درێژ بوون ئەوا کورتی دەکاتەوە ، وە ئەگەر بەو شێوەش جێی بهێڵێ ئەوا ئاساییە ، وە قژی داناهێنێ ، وە بەری ناتاشێـت ، وە خەتەنەی ناکات ، چونکە هیچ بەڵگەیەک لەو بارەیەوە نەهاتووە ، وە ئافرەت پرچەکەی دەکرێتە سێ پەلک و شۆڕ دەکرێـتەوە بە پشتی سەریدا .

خَامِسًا: تَكْفِينُ الْمَيِّتِ: الْأَفْضَلُ أَنْ يُكَفَّنَ الرَّجُلُ فِي ثَلَاثَةِ أَثْوَابٍ بِيضٍ لَيْسَ فِيهَا قَمِيصٌ وَلَا عِمَامَةٌ؛ كَمَا فُعِلَ بِالنَّبِيِّ ﷺ، يُدْرَجُ فِيهَا إِدْرَاجًا، وَإِنْ كُفِّنَ فِي قَمِيصٍ وَإِزَارٍ وَلِفَافَةٍ فَلَا بَأْسَ.

پێنجەم : کفن کردنی مردوو : باشتر وایە پیاو بە سێ پۆشاکی سپی کفن بکرێت کراس و عەمامەی (مێزەری) نەبێـت ، هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو شێوەیە کفن کرا ، دەخرێتە ناویەوە ، وە ئەگەر بە کراسێک و ئیزارێک و لیفافە (سەرپێچ) ێکدا کفن کرا ئەوا ئاساییە .

وَالْمَرْأَةُ تُكَفَّنُ فِي خَمْسَةِ أَثْوَابٍ: دِرْعٍ، وَخِمَارٍ، وَإِزَارٍ، وَلِفَافَتَيْنِ.

وە ئافرەتان لە پێنج پۆشاکدا کفن دەکرێت ، کراسێک و خیمارێک و ئیزارێک و دوو لیفافە.

وَيُكَفَّنُ الصَّبِيُّ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ إِلَى ثَلَاثَةِ أَثْوَابٍ، وَتُكَفَّنُ الصَّغِيرَةُ فِي قَمِيصٍ وَلِفَافَتَيْنِ.

وە منداڵان لە یەک تا سێ پۆشاکدا کفن دەکرێن ، وە منداڵی بچووک لە یەک قەمیص و دوو لیفافەدا کفن دەکرێن .

وَالْوَاجِبُ فِي حَقِّ الْجَمِيعِ ثَوْبٌ وَاحِدٌ يَسْتُرُ جَمِيعَ الْمَيِّتِ.

وە ئەوەی پێویستە (واجیبە) لە حەقی هەمووان‌دا بکرێت تەنها یەک پۆشاکە هەموو جەستەی مردووەکە داپۆشێت.

لَكِنْ إِذَا كَانَ الْمَيِّتُ مُحْرِمًا فَإِنَّهُ يُغَسَّلُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ، وَيُكَفَّنُ فِي إِزَارِهِ وَرِدَائِهِ أَوْ فِي غَيْرِهِمَا، وَلَا يُغَطَّى رَأْسُهُ وَلَا وَجْهُهُ، وَلَا يُطَيَّبُ؛ لِأَنَّهُ يُبْعَثُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُلَبِّيًا، كَمَا صَحَّ بِذَلِكَ الْحَدِيثُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ.

بەڵام ئەگەر مردووەکە لە ئیحرامدا بوو ئەوا بەئاو و سیدر دەشۆردرێت ،وە لە ئیزار و ریدائێکدا کفن دەکرێت یان جگە لەوانە ، وە سەر و دەموچاوی داناپۆشرێت ، وە بۆنخۆش ناکرێت ، چونکە ئەو بە تەلبیەوە لە رۆژی قیامەتدا زیندوو دەکرێتەوە (واتە : زیندوو دەکرێتەوە لە کاتێکدا دەڵێت : لبیک اللهم لبیک ...) ، هەروەکو لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هاتووە .

وَإِنْ كَانَ الْمُحْرِمُ امْرَأَةً كُفِّنَتْ كَغَيْرِهَا، وَلَكِنْ لَا تُطَيَّبُ، وَلَا يُغَطَّى وَجْهُهَا بِنِقَابٍ، وَلَا يَدَاهَا بِقُفَّازَيْنِ، وَلَكِن يُغَطَّى وَجْهُهَا وَيَدَاهَا بِالْكَفَنِ الَّذِي كُفِّنَتْ فِيهِ؛ كَمَا تَقَدَّمَ بَيَانُ صِفَةِ تَكْفِينِ الْمَرْأَةِ.

وە ئەگەر ئافرەتێک لە ئیحرامدا بوو ئەوە هەر وەکو ئافرەتانی تر کفن دەکرێت بەڵام بۆنخۆشی لێ نادرێت و دەموچاوی بە نیقاب داناپۆشرێت و بە دەستکێش دەستەکانی داناپۆشرێت ، بەڵام دەست و دەموچاوی بەو کفنەی کفنی پێکراوە دادەپۆشرێت ، هەروەکو لە پێشدا لە باسی کفنی ئافرەتاندا باسمان کرد .

سَادِسًا: أَحَقُّ النَّاسِ بِغَسْلِهِ وَالصَّلَاةِ عَلَيْهِ وَدَفْنِهِ: وَصِيُّهُ فِي ذَلِكَ، ثُمَّ الْأَبُ، ثُمَّ الْجَدُّ، ثُمَّ الْأَقْرَبُ فَالْأَقْرَبُ مِنَ الْعَصَبَاتِ فِي حَقِّ الرَّجُلِ.

**شەشەم** : شایستەترین کەس شایستە بێت بە شۆردنی و نوێژکردن لەسەری و بە خاکسپاردنی ئەو کەسەیە کە خۆی وەسێتی بۆ کردووە ، ئەمجار باوکی،

ئەمجار باپیری ، ئەمجار نزیکترین و نزیکترین لە (عەصەبات) لە حەقی پیاواندا .

وَالْأَوْلَى بِغَسْلِ الْمَرْأَةِ: وَصِيَّتُهَا، ثُمَّ الْأُمُّ، ثُمَّ الْجَدَّةُ، ثُمَّ الْأَقْرَبُ فَالْأَقْرَبُ مِنْ نِسَائِهَا.

وە بۆ شۆردنی ئافرەتان لە پێشترین کەس ئەو کەسەیە خۆی وەسێتی بۆ کردووە ، ئەمجار دایکی ئەمجار داپیری ئەمجار نزیکترین و نزیکترین لە ئافرەتان .

وَلِلزَّوْجَيْنِ أَنْ يَغْسِلَ أَحَدُهُمَا الْآخَرَ؛ لِأَنَّ الصِّدِّيقَ غَسَّلَتْهُ زَوْجَتُهُ، وَلِأَنَّ عَلِيًّا غَسَّلَ زَوْجَتَهُ فَاطِمَةَ ڤ.

وە ژن و مێرد بۆیان هەیە یەکتر بشۆرن ، چونکە (ابو بکر الصدیق) خێزانەکەی خۆی شۆشت و عەلی کوڕی ئەبو تالیب فاتیمەی خێزانی شوشت.

سَابِعًا: صِفَةُ الصَّلَاةِ عَلَى الْمَيِّتِ: يُكَبِّرُ أَرْبَعًا، وَيَقْرَأُ بَعْدَ الْأُوْلَى: الْفَاتِحَةَ، وَإِنْ قَرَأَ مَعَهَا سُورَةً قَصِيرَةً أَوْ آيَةً أَوْ آيَتَيْنِ فَحَسَنٌ، لِلْحَدِيثِ الصَّحِيحِ الْوَارِدِ فِي ذَلِكَ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄، ثُمَّ يُكَبِّرُ الثَّانِيَةَ وَيُصَلِّي عَلَى النَّبِيِّ ﷺ كَصَلَاتِهِ فِي التَّشَهُّدِ، ثُمَّ يُكَبِّرُ الثَّالِثَةَ، وَيَقُولُ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنَا، وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا، وَصَغِيرِنَا وَكَبِيرِنَا، وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الْإِسْلَامِ، وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الْإِيمَانِ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ، وَارْحَمْهُ، وَعَافِهِ، وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ، وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ، وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الْأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ، وَأَهْلًا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَعَذَابِ النَّارِ، وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ، وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ، اللَّهُمَّ لَا تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلَا تُضِلَّنَا بَعْدَهُ»، ثُمَّ يُكَبِّرُ الرَّابِعَةَ، وَيُسَلِّمُ تَسْلِيمَةً وَاحِدَةً عَنْ يَمِينِهِ.

حەوتەم : شێوازی نوێژکردن لەسەر مردوو : چوار (اللە أکبر) دەکات ، وە لە پاش یەکەم سورەتی (الفاتحة) دەخوێنێ ، وە ئەگەر سورەتێکی تری بچووک یان ئایەتێک یان دوو ئایەتی خوێند ئەوا شتێکی باشە ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە لە (ئیبن عەبباس) ەوە هاتووە ، ئەمجار (اللە اکبر)ی دووەم

دەكات وە صەڵاوات دەدات لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەروەكو ئەوەی لە تەحیاتدا هاتووە ، ئەمجار (الله أكبر)ی سێیەم دەكات و دەڵێت : (اللهم اغفر لحينا وميتنا،وشاهدنا وغائبنا ، وصغيرنا وكبيرنا ، وذكرنا وأنثانا ، اللهم من أحييته منا فأحيه على الاسلام ، ومن توفيته منا فتوفه على الايمان ،اللهم اغفر له وارحمه، وعافه واعف عنه، وأكرم نزله، ووسع مدخله، واغسله بالماء والثلج والبرد، ونقه من الخطايا كما ينقي الثوب الابيض من الدنس ، وأبدله دارا خيرا من داره، وأهلا خيرا من أهله ، وأدخله الجنة، وأعذه من عذاب القبر، و عذاب النار، وافسح له في قبره، ونور له فيه ، اللهم لا تحرمنا أجره ، ولا تضلنا بعده)

ئەمجار (الله أكبر)ی چوارەم دەكات و بە یەک سەلام بە لای راستدا سەلام دەداتەوە.

وَيُسْتَحَبُّ أَنْ يَرْفَعَ يَدَيْهِ مَعَ كُلِّ تَكْبِيرَةٍ.

وە موستەحەبە هەردوو دەستەكانی بەرزكاتەوە لە هەر (الله أكبر)ێكدا .

وَإِذَا كَانَ الْمَيِّتُ امْرَأَةً يُقَالُ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهَا... إلخ».

وە ئەگەر مردووەكە ئافرەت بوو ئەوا دەگوترێت : ( اللهم أغفر لها ....الخ).

وَإِذَا كَانَتِ الْجَنَائِزُ اثْنَتَيْنِ يُقَالُ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُمَا... إلخ».

وە ئەگەر دوو جەنازە بوون ئەوا دەگوترێت : ( اللهم أغفر لهما ..... الخ).

وَإِنْ كَانَتِ الْجَنَائِزُ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ قَالَ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُمْ... إلخ».

وە ئەگەر جەنازەكان لەوە زیاتر بوون ئەوا دەگوترێت :(اللهم أغفر لهم ..... الخ).

أَمَّا إِذَا كَانَ فَرَطًا فَيُقَالُ بَدَلَ الدُّعَاءِ لَهُ بِالْمَغْفِرَةِ: «اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ فَرَطًا وَذُخْرًا لِوَالِدَيْهِ، وَشَفِيعًا مُجَابًا، اللَّهُمَّ ثَقِّلْ بِهِ مَوَازِينَهُمَا، وَأَعْظِمْ بِهِ أُجُورَهُمَا، وَأَلْحِقْهُ بِصَالِحِ سَلَفِ الْمُؤْمِنِينَ، وَاجْعَلْهُ فِي كَفَالَةِ إِبْرَاهِيمَ عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ، وَقِهِ بِرَحْمَتِكَ عَذَابَ الْجَحِيمِ».

بەڵام ئەگەر مردووەکە منداڵ بوو ئەوا لە جێی دوعا کردن بۆی بە لێخۆشبوون ئەم دوعایە دەخوێندرێت : (اللهم اجعله فرطاً وذخراً لوالديه ، وشفيعاً مجاباً .اللهم ثقل به موازينهما وأعظم به أجورهما ، وألحقهُ بصالح سلف المؤمنين ، واجعلهُ في كفالة إبراهيم (عليه الصلاة والسلام)، وقه برحمتك عذاب الجحيم) .

وَالسُّنَّةُ أَنْ يَقِفَ الْإِمَامُ حِذَاءَ رَأْسِ الرَّجُلِ، وَوَسَطَ الْمَرْأَةِ، وَأَنْ يَكُونَ الرَّجُلُ مِمَّا يَلِي الْإِمَامَ إِذَا اجْتَمَعَتِ الْجَنَائِزُ، وَالْمَرْأَةُ مِمَّا يَلِي الْقِبْلَةَ، وَإِنْ كَانَ مَعَهُمْ أَطْفَالٌ قُدِّمَ الصَّبِيُّ عَلَى الْمَرْأَةِ، ثُمَّ الْمَرْأَةُ، ثُمَّ الطِّفْلَةُ، وَيَكُونُ رَأْسُ الصَّبِيِّ حِيَالَ رَأْسِ الرَّجُلِ، وَوَسَطُ الْمَرْأَةِ حِيَالَ رَأْسِ الرَّجُلِ، وَهَكَذَا الطِّفْلَةُ يَكُونُ رَأْسُهَا حِيَالَ رَأْسِ الْمَرْأَةِ، وَيَكُونُ وَسَطُهَا حِيَالَ رَأْسِ الرَّجُلِ، وَيَكُونَ الْمُصَلُّونَ جَمِيعًا خَلْفَ الْإِمَامِ، إِلَّا أَنْ يَكُونَ وَاحِدًا لَمْ يَجِدْ مَكَانًا خَلْفَ الْإِمَامِ فَإِنَّهُ يَقِفُ عَنْ يَمِينِهِ.

وە سوننەت وایە کە ئیمام بەرانبەر بەسەری پیاو بوەستێت ، وە بەرانبەر بە ناوەراستی ئافرەت بوەستێت ، وە ئەگەر چەند جەنازەیەک بوون ئەوا سوننەتە کە پیاوان لە لای ئیمامەوە بن و ئافرەتان لای قیبلەوە بن وە ئەگەر منداڵی کوڕیان لە گەڵدا بوو ئەوا لە نێوانیان دەبن (واتە : پیاوان ئەمجار منداڵانی کوڕ ئەمجار ئافرەتان ئەمجار منداڵی کچان) وە دەبێ سەری منداڵە کوڕەکان بەرانبەر بە سەری پیاوان بێت و ناوەڕاستی ئافرەتان بەرانبەر بە سەری پیاوان بێت و سەری منداڵە کچەکان بەرانبەر بە سەری ئافرەتان بێت و ناوەراستی منداڵە کچەکان بەرانبەر بە سەری پیاوان بێت ، وە نوێژخوێنان هەموویان لە پشتی ئیمامەوە دەبن ، ئیللا مەگەر نوێژخوێنەکە تەنها یەک کەس بێت ئەوا لە پشتییەوە ناوەستێ بەڵکو لە لای راستیەوە دەوەستێت .

ثَامِنًا: صِفَةُ دَفْنِ الْمَيِّتِ: الْمَشْرُوعُ تَعْمِيقُ الْقَبْرِ إِلَى وَسَطِ الرَّجُلِ، وَأَنْ يَكُونَ فِيهِ لَحْدٌ مِنْ جِهَةِ الْقِبْلَةِ، وَأَنْ يُوضَعَ الْمَيِّتُ فِي اللَّحْدِ عَلَى جَنْبِهِ الْأَيْمَنِ، وَتُحَلُّ عُقَدُ الْكَفَنِ، وَلَا تُنْزَعُ بَلْ تُتْرَكُ، وَلَا يُكْشَفُ وَجْهُهُ سَوَاءٌ كَانَ الْمَيِّتُ رَجُلًا أَوِ امْرَأَةً، ثُمَّ يُنْصَبُ عَلَيْهِ اللَّبِنُ، وَيُطَيَّنُ حَتَّى يَثْبُتَ وَيَقِيهِ التُّرَابَ، فَإِنْ لَمْ يَتَيَسَّرِ اللَّبِنُ فَبِغَيْرِ ذَلِكَ مِنْ أَلْوَاحٍ، أَوْ أَحْجَارٍ، أَوْ خَشَبٍ

يَقِيهِ التُّرَابَ، ثُمَّ يُهَالُ عَلَيْهِ التُّرَابُ، وَيُسْتَحَبُّ أَنْ يُقَالَ عِنْدَ ذَلِكَ: «بِاسْمِ اللَّهِ، وَعَلَى مِلَّةِ رَسُولِ اللَّهِ»، وَيُرْفَعُ الْقَبْرُ قَدْرَ شِبْرٍ، وَيُوضَعُ عَلَيْهِ حَصْبَاءٌ إِنْ تَيَسَّرَ ذَلِكَ، وَيُرَشُّ بِالْمَاءِ.

هەشتەم : شێوازی ناشتنی مردوو : ئەوەی لە شەرعدا هاتووە گۆڕەکەی قووڵ بکرێـت تاوەکو ناوەڕاستی (ناوقەدی) پیاوان ، وە لەحدێکی هەبێت بە رووی قیبلەوە ، وە مردووەکە بخرێتە ناو لەحدەکەوە لەسەر لای راستی ، وە گرێیەکانی کفنەکە دەکرێنەوە ، وە دەرناهێنرێت بەڵکو وازی لێ دەهێنرێت ، وە دەموچاوی ئاشکرا ناکرێت ئەگەر هاتوو مردووەکە ژن بێت یان پیاو بێت، ئەمجار خشتەکانی رێک دەخرێت بە سەردا ، ئەمجار بە قوڕ کەلێنەکانی دەگیرێت بۆ ئەوەی توند بێت و لە خۆڵیش بیپارێزی ، وە ئەگەر خشت نەبوو ئەوا بە شتی تر وەکو لەوحێک یان بەرد یان دار دادەپۆشرێت بۆ ئەوەی لە خۆڵەکە بیپارێزێ ، ئەمجار خۆڵ بە سەریدا دەکرێت ، وە موستەحەببە لەو کاتەدا بگوترێت : (بسم الله و علی ملة رسول الله) واتە : بە ناوی خوا و لە سەر میللەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ.) وە بە ئەندازەی بستێک قەبرەکە بەرز دەکرێتەوە ، وە چەند بەردێکی بچوکی دەخرێتە سەر ئەگەر هەبوو ئەمجار بە ئاوپەرژێن دەکرێت .

وَيُشْرَعُ لِلْمُشَيِّعِينَ أَنْ يَقِفُوا عِنْدَ الْقَبْرِ وَيَدْعُوا لِلْمَيِّتِ؛ لِأَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا فَرَغَ مِنْ دَفْنِ الْمَيِّتِ وَقَفَ عَلَيْهِ وَقَالَ: «اسْتَغْفِرُوا لِأَخِيكُمْ، وَاسْأَلُوا لَهُ التَّثْبِيتَ، فَإِنَّهُ الْآنَ يُسْأَلُ».

وە دروستە بۆ ئەوانەی هاتوون لە سەر قەبرەکە راوەستن و دوعا بۆ مردووەکە بکەن ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر لە ناشتنی مردوو بوایەتەوە لەسەری رادەوەستاو دەیفەرموو : ( استغفروا لاخیکم وسلوا له التثبیت فانه الآن يُسأل)[1]. واتە : داوای لێخۆشبوون بۆ براکەتان بکەن و داوای دامەزراوی بۆ بکەن چونکە ئێستا ئەو پرسیاری لێ دەکرێـت ) .

---

(١) حديث صحيح : صحيح أبي داود للألباني برقم (٢٧٥٨)

**تَاسِعًا: وَيُشْرَعُ لِمَنْ لَمْ يُصَلِّ عَلَيْهِ أَنْ يُصَلِّيَ عَلَيْهِ بَعْدَ الدَّفْنِ؛ لِأَنَّ النَّبِيَّ ﷺ فَعَلَ ذَلِكَ، عَلَى أَنْ يَكُونَ ذَلِكَ فِي حُدُودِ شَهْرٍ فَأَقَلَّ، فَإِنْ كَانَتِ الْمُدَّةُ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ لَمْ تُشْرَعِ الصَّلَاةُ عَلَى الْقَبْرِ؛ لِأَنَّهُ لَمْ يُنْقَلْ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ صَلَّى عَلَى قَبْرٍ بَعْدَ شَهْرٍ مِنْ دَفْنِ الْمَيِّتِ.**

**نۆیەم** : دروستە بۆ ئەو کەسانەی کە نوێژیان لەسەر نەکردووە نوێژی لەسەر بکەن لە پاش ناشتنی ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کارەی کردووە ، ئەوەش لە ماوەی مانگێکدا بێت یان کەمتر ، وە ئەگەر ماوەکە لەوە زیاتر بوو ئەوا دروست نییە نوێژ لەسەر قەبرەکە بکرێت ، چونکە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نەهاتووە لە پاش مانگێک لە ناشتنی مردوو نوێژی کردبێت .

**عَاشِرًا: لَا يَجُوزُ لِأَهْلِ الْمَيِّتِ أَنْ يَصْنَعُوا طَعَامًا لِلنَّاسِ؛ لِقَوْلِ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْبَجَلِيِّ الصَّحَابِيِّ الْجَلِيلِ رضي الله عنه: «كُنَّا نَعُدُّ الِاجْتِمَاعَ إِلَى أَهْلِ الْمَيِّتِ وَصَنْعَةَ الطَّعَامِ بَعْدَ الدَّفْنِ مِنَ النِّيَاحَةِ»، رَوَاهُ الْإِمَامُ أَحْمَدُ بِسَنَدٍ حَسَنٍ، أَمَّا صُنْعُ الطَّعَامِ لَهُمْ أَوْ لِضُيُوفِهِمْ فَلَا بَأْسَ، وَيُشْرَعُ لِأَقَارِبِهِ وَجِيرَانِهِ أَنْ يَصْنَعُوا لَهُمُ الطَّعَامَ؛ لِأَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَمَّا جَاءَهُ الْخَبَرُ بِمَوْتِ جَعْفَرِ بْنِ أَبِي طَالِبٍ رضي الله عنه فِي الشَّامِ أَمَرَ أَهْلَهُ أَنْ يَصْنَعُوا طَعَامًا لِأَهْلِ جَعْفَرٍ، وَقَالَ: «إِنَّهُ أَتَاهُمْ مَا يَشْغَلُهُمْ»، وَلَا حَرَجَ عَلَى أَهْلِ الْمَيِّتِ أَنْ يَدْعُوا جِيرَانَهُمْ أَوْ غَيْرَهُمْ لِلْأَكْلِ مِنَ الطَّعَامِ الْمُهْدَى إِلَيْهِمْ، وَلَيْسَ لِذَلِكَ وَقْتٌ مَحْدُودٌ فِيمَا نَعْلَمُ مِنَ الشَّرْعِ.**

**دەیەم** : دروست نییە کەسوکاری مردووەکە نان بۆ خەڵکی دروست بکەن، بە بەڵگەی ئەو ریوایەتەی لە (جریر بن عبدالله البجلی)یەوە هاتووە کە هاوەڵێکی بەرێزە و دەفەرموێت : (**كنا نعد الاجتماع الى أهل الميت وصنعة الطعام بعد الدفن من النياحة**) واتە : ئێمە کۆبوونەوەی خەڵکی لە لای کەسوکاری مردوو و دروستکردنی خواردن لە پاش ناشتنی بە شیوەنمان دەژمارد) بەڵام دروستکردنی خواردن بۆیان و بۆ میوانەکانیان ئەوا دروستە ، وە دروستە بۆ کەسوکار و هاوسێکانیان خواردنیان بۆ ئامادە بکەن ، چونکە کاتێ هەواڵی مردنی (جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب) لە شامەوە گەیشتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کردە کەسوکارەکەی خۆی کە خواردن بۆ ماڵی جەعفەر دروست بکەن ، وە فەرمووی : (**إنهم أتاهم ما يشغلهم**) واتە : ئەوان هەواڵێکیان

پێگەیشتووە کە سەرقاڵی کردوون)، وە ئاساییە کەسوکاری مردووەکە خەڵکی و هاوسێ بانگ بکەن بۆ ئەو نانەی کە بە دیاری بۆیان هێنراوە ، ئەوەی بزانین ئەو کارەش کاتێکی دیاری کراوی نییە لە شەرعدا .

حَادِيَ عَشَرَ: لَا يَجُوزُ لِلْمَرْأَةِ الْإِحْدَادُ عَلَى مَيِّتٍ أَكْثَرَ مِنْ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ، إِلَّا عَلَى زَوْجِهَا فَإِنَّهُ يَجِبُ عَلَيْهَا أَنْ تُحِدَّ عَلَيْهِ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا، إِلَّا أَنْ تَكُونَ حَامِلًا فَإِلَى وَضْعِ الْحَمْلِ؛ لِثُبُوتِ السُّنَّةِ الصَّحِيحَةِ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ بِذَلِكَ.

یازدەیەم : دروست نییە ئافرەت حیداد بگێرێت بۆ مردوو لە سێ رۆژ زیاتر ئیللا بۆ پیاوەکەی خۆی نەبێت ئەوا پێویستە لەسەری چوار مانگ و دە رۆژ حیدادی بۆ بگێرێ ، ئیللا مەگەر دووگیان بێت ئەوا ماوەکەی بە دانانی منداڵەکە تەواو دەبێت بە بەڵگەی جێگربوونی سوننەتی راست و دروست لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) .

أَمَّا الرَّجُلُ فَلَا يَجُوزُ لَهُ أَنْ يُحِدَّ عَلَى أَحَدٍ مِنَ الْأَقَارِبِ أَوْ غَيْرِهِمْ.

بەڵام پیاوان ئەوا دروست نییە بۆیان حیداد بۆ هیچ کەسێک بگێرن لە نزیکەکانیان یان جگە لەوان .

ثَانِيَ عَشَرَ: يُشْرَعُ لِلرِّجَالِ زِيَارَةُ الْقُبُورِ بَيْنَ وَقْتٍ وَآخَرَ لِلدُّعَاءِ لَهُمْ، وَالتَّرَحُّمِ عَلَيْهِمْ، وَتَذَكُّرِ الْمَوْتِ وَمَا بَعْدَهُ؛ لِقَوْلِ النَّبِيِّ ﷺ: «زُورُوا الْقُبُورَ؛ فَإِنَّهَا تُذَكِّرُكُمُ الْآخِرَةَ»، خَرَّجَهُ الْإِمَامُ مُسْلِمٌ فِي «صَحِيحِهِ».

دوازدەیەم : دروستە بۆ پیاوان سەردانی گۆڕستان بکەن لە ماوەی جارێکدا بە مەبەستی دوعاکردن بۆیان ، وە داوای بەزەیی هاتنەوەی خوای گەورە بکات بۆیان ، وە یادی مردن و ئەوەی لە پاش مردن دێت بکەن ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) هاتووە کە دەفەرموێت : (زوروا القبور فإنها تذكركم الآخرة) واتە : سەردانی گۆڕستان بکەن چونکە ئەوە دوارۆژتان دەهێنێتەوە یاد) .

وَكَانَ يُعَلِّمُ أَصْحَابَهُ إِذَا زَارُوا الْقُبُورَ أَنْ يَقُولُوا: «السَّلَامُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَاحِقُونَ، نَسْأَلُ اللَّهَ لَنَا وَلَكُمُ الْعَافِيَةَ، يَرْحَمِ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ».

وە هاوەڵانی خۆی فێرکردبوو ئەگەر رۆیشتن بۆ گۆڕستان ئەم دوعایە بخوێنن، (السلام عليكم أهل الديار ، من المؤمنين و المسلمين ، وإنا إن شاء الله بكم لاحقون، نسأل الله لنا ولكم العافية ، يرحم الله المستقدمين مناً والمستأخرين). واتە : سڵاوتان لێبێت ئەی خاوەن خانەکان –ئەهلی ئەم گۆڕستانە- لە ئیمانداران و موسڵمانان ، وە ئێمەیش بە ویستی خوا پێتان دەگەین ، داوا لە خوا دەکەین لە ئێمە و ئێوە ببورێت ، خوا بەزەیی بە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانماندا بێتەوە).

أَمَّا النِّسَاءُ فَلَيْسَ لَهُنَّ زِيَارَةُ الْقُبُورِ؛ لِأَنَّ الرَّسُولَ ﷺ «لَعَنَ زَائِرَاتِ الْقُبُورِ»، وَلِأَنَّهُنَّ يُخْشَى مِنْ زِيَارَتِهِنَّ الْفِتْنَةُ، وَقِلَّةُ الصَّبْرِ.

بەڵام ئافرەتان بۆیان نییە سەردانی گۆڕستان بکەن ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) : (لعن زائرات القبور) واتە : لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی سەردانی گۆڕستان دەکەن) .

هەروەها چونکە ترسی ئەوە هەیە لە سەردانەکەیاندا تووشی فیتنە بن و هەروەها ئارامگرتنیان کەمە .

وَهَكَذَا لَا يَجُوزُ لَهُنَّ اتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ إِلَى الْمَقْبَرَةِ؛ لِأَنَّ الرَّسُولَ ﷺ نَهَاهُنَّ عَنْ ذَلِكَ، أَمَّا الصَّلَاةُ عَلَى الْمَيِّتِ فِي الْمَسْجِدِ، أَوْ فِي الْمُصَلَّى فَهِيَ مَشْرُوعَةٌ لِلرِّجَالِ وَلِلنِّسَاءِ جَمِيعًا.

وە بۆیان نییە شوێنی جەنازە بکەون بۆ گۆڕستان ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی لێ کردوون بەو کارە ، بەڵام نوێژ کردن لە مزگەوت یان لە نوێژگە (مصلی) ئەوا دروستە بۆ پیاوان و ئافرەتان .

هَذَا آخِرُ مَا تَيَسَّرَ جَمْعُهُ، وَصَلَّى اللَّهُ وَسَلَّمَ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ، وَآلِهِ وَصَحْبِهِ.

ئەمە کۆتایی باسەکەیە کە ئەوەی توانرا کۆی بکەینەوە کۆمان کردەوە ، وصلى الله وسلم على نبينا محمدٍ وآله وصحبه .

# کتێبی چوارەم : سێ بنچینەکە و بەڵگەکانی

# الكتاب الرَّابع: «ثلاثة الأصول وأدلّتها»

للإمام المجدِّد: محمَّد بن عبد الوهَّاب التَّميميِّ رضي الله عنه

# المقدِّمــة

# پێشــەکی

اعْلَمْ - رَحِـمَكَ اللهُ - أَنَّـهُ يَـجِبُ عَلَـيْـنَـا تَعَـلُّمُ أَرْبَـعِ مَسَـائِلَ:

بزانە –ڕەحمەتی خوات لێ بێت - کەوا پێویستە لە سەرمان فێری چوار مەسەلە ببین :

الْأُولَى: العِـلْمُ؛ وَهُوَ: مَعْرِفَـةُ اللهِ، ومَعْرِفَـةُ نَبِيِّـهِ، ومَعْرِفَـةُ دِينِ الْإِسْلامِ بِالْأَدِلَّـةِ.

یەکەم: زانست: ئەویش بریتییە لە ناسینی خوای گەورە و ناسینی پێغەمبەرەکەی و ناسینی دینی ئیسلامە بە بەڵگەوە .

الثَّـانِـيَـةُ: الْعَـمَلُ بِـهِ.

دووەم : کارکردن پێی .

الثَّـالِـثَـةُ: الدَّعْوةُ إِلَيْـهِ.

سێیەم : بانگەوازکردن بۆی .

الرَّابِعَـةُ: الصَّبرُ علَى الْأَذَى فِـيه.

چوارەم : ئارامگرتن لەسەر ئازارکێشان لە پێناویدا.

والدَّليلُ قَوْلُهُ تعالَى: ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ۞ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۞ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ﴾ [العصر].

بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو سورەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (وَٱلۡعَصۡرِ * إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ * إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ )(العصر) واتە : سوێند بەکات و رۆژگار (١) کەبەڕاستی هەرچی ئادەمیزاد هەیە بەتایبەت ئەوانەیان کە تەکلیفیان لەسەرە لەزیانێکی گەورەدایە(٢) جگە ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کارە چاکەکانیان کردووە، وە وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بەهەق، کە هەمیشە پابەندی هەق بن و ماخولانی راستی بن وە وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بەسەبرو خۆڕاگریی لەسەر هەق و ئایینی خوا ) .

قالَ الشَّافِعِيُّ -$ تعالى-: «لَوْ مَا أَنْـزَلَ اللهُ حُجَّـةً على خَلْـقِهِ إلَّا هٰذِهِ السُّورَةَ، لَكَفَتْهُمْ».

پێشەوا (الشافعی) –رەحمەتی خوای لێبێت - فەرمویەتی : (ئەگەر خوای گەورە هیچ حوجەیەکی بۆ سەر دروستکراوەکانی دانەبەزاندبایە تەنها ئەم سورەتە نەبێت ئەوا بەسیان بوو )

وقَـالَ الْبُخَارِيُّ -$ تَعَالَى-: «بَـابٌ: الْعِـلْمُ قَـبْلَ الْقَـوْلِ وَالْعَـمَلِ؛ والدَّلِـيلُ قَـوْلُـهُ تَعَالَى: ﴿ فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ﴾ [محمد:١٩]؛ فَـبَدَأَ بِالْعِلْمِ» قَـبْلَ الْقَـوْلِ وَالْعَمَلِ.

وە بوخاری –رەحمەت خوای لێ بێت – فەرمویەتی : (بەشی : زانست لە پێش وتە و کردەوەوە)

وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ) (محمد ١٩) واتە : جا ئەی موحەممەد (ﷺ) ! ئەی ئینسان! بزانە کە بێگومان جگە لە(الله) هیچ پەرستراوێکی هەق نیە مافی پەرستنی بێ، دەسا تۆش لەسەر ئەو بیروباوەڕە سابت بەو، هەرگیز نەگۆڕێیت وە بۆ خۆت و ئیمانداران لە پیاوان و ژنان داوای لێبوردنی گوناهان بکە) .

جا بە زانست دەستی پێکرد لە پێش وتە و کردەوە.

اعْلَمْ ـ رَحِمَكَ اللهُ ـ: أَنَّهُ يَجِبُ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ ومُسْلِمَةٍ، تَعَلُّمُ ثَلَاثِ هٰذِهِ الْمَسَائِلِ، وَالْعَمَلُ بِهِنَّ:

بزانە -رەحمەتی خوات لێبێت- : کەوا پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی پیاو و ژن ئەم سێ مەسەلەیە فێر ببێت و کاریان پێ بکات .

الْأُولَى: أَنَّ اللهَ خَلَقَنَا، وَرَزَقَنَا، وَلَمْ يَتْرُكْنَا هَمَلًا؛ بَلْ أَرْسَلَ إِلَيْنَا رَسُولًا، فَمَنْ أَطَاعَهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ عَصَاهُ دَخَلَ النَّارَ.

یەکەم : خوای گەورە دروستی کردووین و رزق و رۆزی داوین و فەرامۆشی نەکردووین بەڵکو پێغەمبەرێکی بۆ ناردوین ، جا هەرکەسێک گوێڕایەڵی بکات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە و هەرکەسێک سەرپێچی بکات ئەوا دەچێتە ئاگرەوە .

والدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ رَسُولٗا شَٰهِدًا عَلَيۡكُمۡ كَمَآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ رَسُولٗا * فَعَصَىٰ فِرۡعَوۡنُ ٱلرَّسُولَ فَأَخَذۡنَٰهُ أَخۡذٗا وَبِيلٗا﴾ [المزمل:١٥-١٦].

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ رَسُولٗا شَٰهِدًا عَلَيۡكُمۡ كَمَآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ رَسُولٗا * فَعَصَىٰ فِرۡعَوۡنُ ٱلرَّسُولَ فَأَخَذۡنَٰهُ أَخۡذٗا وَبِيلٗا ) (المزمل) واتە : خۆ بەڕاستی ئێمە پەیامبەرێکمان (موحەممەد) (ﷺ) بۆ رەوانە کردوون، بۆتە شایەد بەسەرتانەوە کەهەرچیمان بەسەرا داوە پێی ڕاگەیاندوون، ئێوە هیچ بڕوبیانووێکتان نەماوە ، هەروەك چۆن بۆلای فیرعەونیش پەیامبەرێکمان (مووسا) )علیه السلام) ڕەوانە کرد، تاتێی بگەیەنێت(١٥) جا فیرعەون سەرپێچی کرد لەپەیامبەرەکەو لەفەرمانی دەرچوو و بڕوای نەهێناو داوای خوایەتی دەکرد..! ئینجا ئێمەش زۆر بەتوندی پێچامانەوەو قارمان لێگرت، ئەوەبوو خۆی و تاقمەکەی لە دەریادا خنکان. جا ئێوەش ئەی قورەیش ! بێدارو هۆشیار بن پێش ئەوەی قارتان لێبگرین(١٦)

الثَّانِيَةُ: أَنَّ اللهَ لَا يَرضَى أَن يُشْرَكَ مَعَهُ أَحَدٌ فِي عِبادَتِهِ، لَا مَلَكٌ مُقَرَّبٌ، وَلَا نَبِيٌّ مُرْسَلٌ.

دووەم : خوای گەورە رازی نابێت هیچ کەسێکی لە گەڵدا بکرێتە هاوەڵی لە پەرستنیدا نە فریشتەیەکی نزیککراو و نە پێغەمبەرێکی نێردراو .

والدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا﴾ [الجن:١٨].

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویّت : ( وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا (١٨)(الجن) واتە : (وە خوا وەحی بۆ کردوم کە بەڕاستی مزگەوتەکان تایبەتی خوان، جا لەگەڵ خوادا هاوارو هانا بۆ کەسی تر مەبەن، واتە: هەر خوا بپەرستن تیایانداو، وێنەو نیگاری بتانی تیا هەڵ مەواسن و هاواریش تەنها لەو بکەن).

الثَّالثَةُ: أَنَّ مَنْ أَطَاعَ الرَّسُولَ وَوَحَّدَ اللهَ، لَا يَجُوزُ لَه مُوَالَاةُ مَنْ حَادَّ اللهَ وَرَسُولَهُ، وَلَوْ كَانَ أَقْرَبَ قَرِيبٍ.

سێیەم : هەرکەسێک گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوای کرد(ﷺ) و خوای گەورەی بە تاک دانا دروست نییە بۆی دۆستایەتی و لایەنگیری ئەو کەسانە بکات کە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن هەرچەندە نزیکترین کەسە نزیکەکان بێت .

والدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ [المجادلة:٢٢]K

بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : (﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ (٢٢) المجادلة) واتە : هیچ کۆمەڵێ نابینیت کە باوەڕی بە خواو بە ڕۆژەکەی تر ببێت دۆستایەتی ئەوانە بکەن دژایەتی خواو پەیامبەرەکەی دەکەن ! هەرچەندە ئەوانە باوکیان ، یان کوڕو نەوەیان ، یا براو عەشرەتیان بن، بە کورتیی: مرۆڤی باوەڕدار نابێبە هیچ شێوەیەك دۆستایەتیبکا لە گەڵ دوژمنانی خواو پێغەمبەردا ئەگینا لەوان دەژمێردرێن ئەوانە - کەلەدۆستایەتی دوژمنانی خوا خۆئەپارێزن- کەسانێکن خوا ئیمان و باوەڕی لەنێودڵیاندا چەسپاندووە، بەهیچ شتێ لەق نابێت، وە پشتگیری کردوون بە سەرخستن لە لایەن خۆیەوە و لەپاشە ڕۆژیشدا ئەیانباتە نێو چەند باخاتێکی بەهەشتەوە کە جۆگە ئاوی زۆر لە ژێر درەختەکانیدا ئەڕوات بەهەتا هەتاییش تێیدا دەبن خوا لێیان خۆشنوود و ڕازیی بووە، ئەوانیش لە خوا ڕازیی بوون ئا ئەوانە گرووپەکەی خوان ئاگادار و هۆشیاربن! کە هەر گرووپەکەی خوان بەرەوەکان لەدونیاو، لەقیامەتدا) .

اعْلَمْ - أَرْشَدَكَ اللهُ لِطَاعَتِهِ -: أَنَّ الْحَنِيفِيَّةَ -مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ-: أَنْ تَعْبُدَ اللهَ وَحْدَهُ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ، وَبِذلِكَ أَمَرَ اللهُ جَمِيعَ النَّاسِ، وخَلَقَهُمْ لَهَا.

بزانە –خوای گەورە ڕێنموییت بکات بۆ گوێڕایەڵی خۆی- کەوا حەنیفیەتی میللەتی ئیبراهیم بریتییە لە :

خوای گەورە بپەرستیت بەتاک و تەنها و دینداری بە ئیخلاصەوە بۆ ئەو ئەنجام بدەیت ، هەر بەوەش خوای گەورە فەرمانی کردووەتە هەموو خەڵکی و هەر لەو پێناوەدا دروستی کردوون .

كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[الذاريات:٥٦]، وَمَعْنَى «يَعْبُدُونِ»: يُوَحِّدُونِ.

هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾[الذاريات:٥٦] وە مانای ((يَعْبُدُونِ)) : واتە : بە تەنها بمپەرستن .

وَأَعْظَمُ مَا أَمَرَ اللهُ بِه: التَّوْحِيدُ؛ وَهُوَ: إِفْرَادُ اللهِ بِالْعِبَادَةِ.

وە گەورەترین شت خوای گەورە فەرمانی پێکردبێت تەوحیدە ، ئەویش بریتییە لە : بە تاکدانانی خوای گەورەیە لە پەرستندا .

وَأَعْظَمُ مَا نَهى عَنْهُ: الشِّرْكُ، وَهُوَ: دَعْوَةُ غَيْرِهِ مَعَهُ.

وە گەورەترین شت خوی گەورە نەهی لێ کردبێت شیرکە ئەویش بریتیە لە : داواکردن و هاوارکردن لە جگە خوا لە گەڵ خوادا .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَٱعْبُدُوا ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِۦ شَيْـًٔا﴾ [النِّساء:٣٦].

بەڵگەیش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَٱعْبُدُوا ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِۦ شَيْـًٔا﴾ [النِّساء:٣٦].

فَإِذَا قِيلَ لَكَ: مَا الْأُصُولُ الثَّلَاثَةُ الَّتِي يَجِبُ عَلَى الْإِنْسَانِ مَعْرِفَتُهَا؟

جا ئەگەر پێیان وتی : ئایە ئەو سێ بنچینەیە چییە کەوا پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێک بیزانێت ؟

فَقُلْ: مَعْرِفَةُ الْعَبْدِ رَبَّهُ، وَدِينَهُ، وَنَبِيَّهُ مُحَمَّدًا ﷺ.

ئەوا بڵێ : ناسینی پەروەردگار و دینەکەی و پێغەمبەرەکەی (محمد) ە (ﷺ) لە لایەن بەندەوە .

# الأَصْـلُ الأَوَّلُ
# بنەمــای یەکەم

فَـإِذَا قِـيلَ لَكَ: مَنْ ربُّـكَ؟

وە ئەگەر پێیان وتی : پەروەردگارت کێیە ؟

فَقُـلْ: رَبِّـيَ اللهُ الَّـذِي رَبَّـانِي، وَرَبَّـى جَـمِيعَ العَالَمِينَ بِنِعَمِهِ، وَهُوَ مَعْبُودِي لَيْسَ لِي مَعْبُودٌ سِوَاهُ.

ئەوا بڵێ : پەروەرگاری من (الله) یە کە پەروەردەی کردووم و هەموو جیهانیانی پەروەردە کردووە بە نیعمەتەکانی ، هەر ئەویش پەرستراوی منە و جگە لەو پەرستراوی ترم نییە .

وَالدَّلِـيلُ قَـوْلُـهُ تَعَالَى: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾. وَكُـلُّ مَا سِوَى اللهِ عَالَـمٌ، وَأَنَا وَاحِدٌ مِنْ ذَلِكَ الْعَالَـمِ.

وە بەڵگەش لە سەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ (٢)الفاتحة) وە هەموو شتێک جگە لە (الله) بوونەوەر و دروستکراوە ، وە منیش یەکێکم لەو بوونەوەر و دروستکراوانە .

فَإِذَا قِيلَ لَكَ: بِـمَ عَرَفْتَ رَبَّـكَ؟

جا ئەگەر پێیان وتی : بە چی شتێک پەروەردگارەکەت ناسیوەوە ؟

فَقُلْ: بِآيَاتِـهِ وَمَخْلُوقَاتِـهِ.

ئەوا بڵێ : بە ئایەتەکانی و دروستکراوەکانی .

وَمِنْ آيَاتِـهِ: اللَّيلُ، وَالنَّهارُ، وَالشَّمسُ، وَالقَمَـرُ.

وە لە ئایەتەکانی شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ .

وَمِنْ مَخْلُوْقَاتِـهِ: السَّمٰوَاتُ السَّبـْعُ، وَالأَرَضُونَ السَّبْعُ وَمَنْ فِيـهِنَّ، وَمَا بَـينَـهُمَا.

وە لە دروستکراوەکانی حەوت ئاسمانەکە و حەوت زەوییەکە و ئەوەی تیایاندایە و ئەوەی لە نێوانیاندایە .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ [فصلت:٣٧].

بەڵگەش لەسەری ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ( وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ (٣٧)فصلت) واتە : (لە نیشانەکانی تاك و تەنیایی خوایە: شەوو ڕۆژو خۆرو مانگ، چونکە هەر یەکەیان بە چەند بەرنامەیەکی قەشەنگ و ڕێك و پێك دامەزراون و کاری خۆیان دەکەن ، دەسا ئێوەش نە بۆ خۆر سوژدە بەرن، وە نە بۆ مانگ، چونکە ئەوانە هەردوو دروستکراوی خودان و ئەوانیش سوژدە هەر بۆ ئەو دەبەن ، ئێوە سوژدە هەربۆ ئەو خودایە بەرن ئەوانی دروستکردووە ئەگەر دەتانەوێ بەهەقیانەت خودا بپەرستن.)

وَقَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ﴾ [الأعراف:٥٤].

وە ئەو ئایەتە كە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ (٥٤) الاعراف) واتە : (بەڕاستیی هەر خوای پەروەردگاری ئێوە بوو توانی ئاسمانەكان و زەویی لەماوەی شەش ڕۆژدا دروست بكات، ئەوسایش بەوشێوەیە كە شایستەو شیاوی زاتی خۆی بێت (جل جلاله) چووە سەر عەرشی فەرمانڕەوایی خۆی، ڕۆژ بە شەو دائەپۆشێ، ڕۆژیش بە پەلە دەكەوێتە شوێنی شەو پەروەردگارتان خۆرو، مانگ و، گشت ئەستێرەكانی دروستكرد هەموویشان لە ژێردەستی ئەودا ڕامكراون و، بە پێی یاسای ئەویش دێن و دەچن چاكیش بزانن! كە دروستكردن و تەگبیر و فەرمانی بۆ بە ڕێوەبردنی هەموو بوونەوەر، هەر بەدەستی ئەوە زۆر بە بەرەكەت و گەورەیە خوایەك كە پەروەردگاری گشت جیهانە)

وَالرَّبُّ هُوَ الْمَعْبُودُ.

وە پەروەردگار ئەو كەسەیە كە دەپەرسترێت (پەرستراوە ) .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ * ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ [البقرة:٢١-٢٢].

وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعْبُدُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمْ وَٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ * ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ فِرَٰشًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزْقًا لَّكُمْ ۖ فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ (٢٢)البقرة) واتە : ئەی خەڵكینە!

تەنها پەروەردگاری خۆتان بپەرستن کە ئێوەو پێشووەکانی ئێوەی لەنەبوون دروستکردووە چونکە ئاوا پەرستنێك هێزی پارێزگاری دروست دەکاو، بەڵکو ئێوەش خۆ بپارێزن (٢١) خوایەکی وایە زەوی بۆ ئامادەکردوون و کردوویەتی بە ڕایەخ تا بەئاسانی لە سەری بژین و بەلای سەرووشتانەوە -وەك گومەزیی و کۆشك- ئاسمانی ڕاگرتووە لەو حەوایشەوە ئاوێکی بۆ باراندن ئینجا بەو بارانە جۆرەها میوەو ڕۆزی بۆ فەراهەم هێنان و شینی کرد جاکەوابوو ئێوەش چاك بیپەرستن و، هیچ جۆرە هاوبەشێکی بۆدامەنێن و، تەنها یاساو بەرنامەکەی ئەو وەرگرن دەخۆ خۆیشتان چاك دەزانن کە ئەوجۆرە بتانە هیچیان بەدەست نیەو، تەنها خوای گەورەیە ڕۆزیی و دارایی و سامانتان دەداتێ(٢٢)

قَالَ ابْنُ كَثِيرٍ -$ تَعَالَى-: «الْخَالِقُ لِهَذِهِ الْأَشْيَاءِ؛ هُوَ الْمُسْتَحِقُّ لِلْعِبَادَةِ».

ابن كثير – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرموێت : دروستکاری ئەم شتانە هەر ئەوە شایەنی پەرستن بێت .

وَأَنْوَاعُ الْعِبَادَةِ الَّتِي أَمَرَ اللهُ بِهَا: - مِثْلُ: الْإِسْلَامِ، وَالْإِيمَانِ، وَالْإِحْسَانِ؛ وَمِنْهَا: الدُّعَاءُ، وَالْخَوْفُ، وَالرَّجَاءُ، وَالتَّوَكُّلُ، وَالرَّغْبَةُ، وَالرَّهْبَةُ، وَالْخُشُوعُ، وَالْخَشْيَةُ، وَالْإِنَابَةُ، وَالِاسْتِعَانَةُ، وَالِاسْتِعَاذَةُ، وَالِاسْتِغَاثَةُ، وَالذَّبْحُ، وَالنَّذْرُ، وَغَيْرُ ذَلِكَ مِن أَنْوَاعِ الْعِبَادَةِ الَّتِي أَمَرَ اللهُ بِهَا- كُلُّهَا للهِ تَعَالَى.

وە جۆرەکانی پەرستن کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە : وەکو ئیسلام و ئیمان و ئیحسان ، وە هەر لەوانە : پاڕانەوە (الدعاء) و ترس (الخوف) و تکاکردن (الرجاء ) و پشت بەستن (التوکل ) و حەزکردن و ئارەزووکردن (الرغبة ) و ترس و بیم (الرهبة) و ملکەچی وتەسلیم بوون (الخشوع) و ترس (الخشية) و گەڕانەوەو پەشیمان بوونەوە (الانابة) و کۆمەک خوازی (الاستعانة) و هانابردنەبەر (الاستغاثة) و سەربڕین (الذبح ) و نەزر (النذر) ، وە جگە لەوانە

لە جۆرەکانی خواپەرستی کەوا خوای گەورە فەرمانی پێکردووە ، هەمووی دەبێ بۆ خوا بێت .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴾ [الجن:١٨].

وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا (١٨)الجن) واتە : وە خوا وەحی بۆکردوم کە بەڕاستی مزگەوتەکان تایبەتی خوان، جا لەگەڵ خوادا هاوارو هانا بۆ کەسی تر مەبەن، واتە: هەر خوا بپەرستن تیایانداو، وێنەو نیگاری بتانی تیا هەڵ مەواسن و هاواریش تەنها لەو بکەن)

فَمَنْ صَرَفَ مِنهَا شَيْـئًـا لِغَـيْـرِ الله؛ فَهُوَ مُشْرِكٌ كافِـرٌ.

جا ئەگەر کەسێک هەر یەکێک لەو پەرستنانە بۆ جگە لە خوا ئەنجامدا ئەوا کەسێکی موشریکی بێباوەڕە .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾ [المؤمنون:١١٧].

بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ (١١٧)المؤمنون) واتە : ئەوەی لە گەڵ خوادا هانا بۆ خوایەکی تر دەبات و، دەیپەرستێ هیچ بەڵگەیەکیش نیە لە سەر شیاوی بۆ پەرستنایە تی ئەوە هەر پرسینەوەی کارو کردەوەکانی لای پەروەردگاریەتی، وە نایگەیەنێت بە بەختیاری، چونکە کافرو بێباوەڕە ، دەی خۆ بێباوەڕەکان هەرگیز بەختیارو ڕزگار نابن، بەڵکو تەنها بڕواداران پیرۆزو بەختیار ئەبن) .

وَفِي الْحَدِيثِ: «الدُّعَاءُ مُـخُّ الْعِـبَادَةِ».

وە لە فەرموودەیەكدا هاتووە: (الدعاء مخ العبادة)[١]

والدَّليلُ قولُهُ تَعالَى: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ [غافر:٦٠].

وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرمویێت: (وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِىٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِى سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ (٦٠)غافر) واتە: و پەروەردگارتان فەرمووی:داوا لە من بكەن و لە من بپاڕێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە، بێگومان ئەوانەی خۆ بە گەورە دەزانن لە پەرستنم بە تەنیا بێگومان بە سەرشۆڕی و بە بچووكی دەچنە دۆزەخەوە.)

وَدَلِيلُ الـخَوْفِ؛ قولُهُ تَعالَى: ﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ﴾ [آل عمران:١٧٥].

وە بەڵگەی ترس ئەو ئایەتەیە كە دەفەرموێت: (فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (١٧٥)آل عمران) واتە: جا ئەگەر باوەڕتان بەهێزە، لەوان مەترسن، لەخۆم بترسن)

وَدَلِيلُ الرَّجاءِ؛ قَولُهُ تَعالَى: ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا﴾ [الكهف:١١٠].

وە بەڵگەی تكاكردن (الرجاء) ئەو ئایەتەیە كە دەفەرموێت: (فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا (١١٠)الكهف) واتە: ئینجا هەركەسێك لەئێوە ئومێدی بەگەیشتنی دیداری پەروەردگاری خۆی هەبێ لەدواڕۆژدا با كاری چاك وكردەوەی دروست ئەنجام بدات وە لە پەرستنی پەروەردگاری خۆیدا هیچ كەسێك نەكاتە هاوتاو هاوبەشیی و رووپامایی نەكات، چونكە خوا تەنها دڵسۆزیی وئیخلاس وەرئەگرێ، نەڕیياو رووپامایی وشیرك و هاوبەش دانان..

---

(١)قال الشيخ الألباني: ( ضعيف ) انظر حديث رقم: ٣٠٠٣ في ضعيف الجامع

وَدَلِيلُ التَّـوَكُّلِ؛ قَولُهُ تَعَالَى: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾ [المائدة:٢٣]،

وە بەڵگەی پەناگرتن (التوکل) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: (وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾ [المائدة:٢٣]، وَقَوْلُـهُ تَعَالَى: (٢٣) المائدة) واتە : و دەبێ بۆ سەرکەوتنش تەنها پشت بەخوا ببەستن، ئەگەر ئێوە بڕوای ڕاستەقینەتان هەیە)

وَقَوْلُـهُ تَعَالَى: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ﴾ [الطلاق:٣].

وە ئەو ئایەتە : (وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ(الطلاق: ٣) واتە: وە هەرکەسێك پشت بەخوا ببەستێ دوای بەکار هێنانی هۆکار، ئەوە تەنیا خوای بەسەو کاروباری بۆ ئاسان دەکات)

وَدَلِيلُ الرَّغْبَةِ، وَالرَّهْبَةِ، وَالْخُشُوعِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴾ [الأنبياء:٩٠].

وە بەڵگەی ڕەغبەت و ترس و ملکەچی وتەسلیمبوون (الرغبة و الرهبة و الخشوع) ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : (إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ (٩٠) الأنبياء) واتە : چونکە ئەوان هەموویان لە کاری خێرو چاکەدا بەردەوام پەلەو تالوکەیان دەکرد هەمیشە لەبەر هیوای میهرەبانی و ڕەحمەتی ئێمەدا نزایان دەکرد، وە لەترسی دۆزەخ هاواریان دەکرد لە ئاست ئێمە هەمووکات خۆ بەکەم زان و ملکەچی کارو فەرمانی ئێمە بوون.)

وَدَلِيلُ الْـخَشْيَـةِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِي ﴾ [البقرة:١٥٠].

وە بەڵگەی ترس (الخشية) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (فَلَا تَخۡشَوۡهُمۡ وَٱخۡشَوۡنِي (البقرة -١٥٠) واتە : دەسا ئێوە لەو پیلانی ستەمکارانە

مەترسن و گوێ بۆ قسەشیان مەگرن دەبێ هەر لەخۆم بترسن، لە من شەرم بکەن و پەیڕەوی لەم پەیامبەرەی منە بکەن و، هەر لەسەر ئەو ڕووگە تازەیەش بن)

وَدَلِيلُ الْإِنَابَةِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ ﴾ الآية [الزمر:٥٤].

وە بەڵگەی گەڕانەوە (الانابة) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ (٥٤)الزمر) واتە : بگەڕێنەوەو بۆلای خواوەندتان و ملکەچی فەرمانی ئەوبن)

وَدَلِيلُ الِاسْتِعَانَةِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾[الفاتحة:٥]،

وە بەڵگەی پەناگرتن (الاستعانة) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: (إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ (٥) الفاتحة) واتە : خوایە تەنها هەر ئەتۆ دەپەرستین، تەنیا بەرنامەو پرۆگرامەکەی تۆمان لاپەسەندە، هەر گوێ ڕایەڵ و ملکەچی تۆ دەبین، وە تەنها هەر لەتۆ داوای یارمەتیی و کۆمەك دەکەین، تەنها ئەتۆی کەبتوانی لەرۆژە سەختەکاندا یارمەتیمان بدەیت و سەرمان خەیت بەسەر دوژمنی خۆت و ئێمەدا)

وَفِي الْحَدِيثِ: «إِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللهِ».

وە لە فەرموودەیەکدا هاتووە : (إذا استعنتَ فأستعن بالله)[1] واتە : وە ئەگەر پەنات گرت ئەوا تەنها پەنا بە خوا بگرە .

وَدَلِيلُ الِاسْتِعَاذَةِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴾،

وە بەڵگەی (الاستعاذة) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ (١)الفلق) واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) ! بڵێ: پەنا دەبەمە

---

(١) قال الشيخ الألباني : ( صحيح ) انظر حديث رقم : ٧٩٥٧ في صحيح الجامع .

بەر پەروەردگاری سپیایی بەرەبەیان، ئەو خوایەی کەپەردەی نەبوونی لەت کردوو بوونەوەری لێدەرهێنا )

وَقَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾.

وە دەفەرموێت : (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ (١)الناس) واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) !(ئەی موسڵمان !) بڵێ: پەنا ئەبەمە بەر پەروەردگاری خەڵك)

وَدَلِيلُ الِاسْتِغَاثَةِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَٱسْتَجَابَ لَكُمْ﴾ الْآيَةَ [الأنفال:٩].

وە بەڵگەی فریادرەسی (الاستغاثة) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: (إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَٱسْتَجَابَ لَكُمْ (٩) الأنفال) واتە : وەبیر بێنن ئەودەمە کەنارەحەت ودڵ نیگەران بوون و، هاناتان بۆپەروەردگارتان برد ، ئەوا پەروەردگارتان وەڵامی دانەوە) .

وَدَلِيلُ الذَّبْحِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَالَمِينَ * لَا شَرِيكَ لَهُۥ﴾ [الأنعام:١٦٢-١٦٣].

وە بەڵگەی سەربڕین (الذبح) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت : (قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَالَمِينَ * لَا شَرِيكَ لَهُۥ (الأنعام -١٦٢-١٦٣) واتە : دیسان بڵێ: بە ڕاستی نوێژ و حەج و قوربانیی و ژیان و مردنم گشت هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەکانە (١٦٢) کە هیچ هاوەڵێکی بۆ نییە....)

وَمِنَ السُّنَّةِ [قَوْلُهُ ﷺ]: «لَعَنَ اللهُ مَن ذَبَحَ لِغَيْرِ اللهِ».

وەلە سوننەتدا هاتووە : (لعن الله من ذبح لغير الله)[١] واتە : خوای گەورە لەعنەتی کردووە لەو کەسەی بۆ جگە لە خوا سەردەبڕێت ).

---

(١) قال الشيخ الألباني : ( صحيح ) انظر حديث رقم : ٥١١٢ في صحيح الجامع

وَدَلِيلُ النَّـذْرِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿يُوفُونَ بِٱلنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُۥ مُسْتَطِيرًا﴾ [الإنسان:٧].

وە بەڵگەی (نەزر) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێـت : (يُوفُونَ بِٱلنَّذْرِ وَيَخَافُونَ يَوْمًا كَانَ شَرُّهُۥ مُسْتَطِيرًا (٧) الانسان) واتە : بۆیە ئەم پاداشەیان هەیە، چونکە لە دونیادا هەر شتێ نەزر بکەن و بڕیاری لە سەر بدەن لە کارێکی چاکە، وەفای پێ دەکەن و پێی هەڵ ئەسن، بێ کەم و کورتی. وە لە ڕۆژێك ئەترسن کە زیانەکەی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە) .

# الأَصْلُ الثَّانِي: مَعْرِفَةُ دِينِ الإِسْلامِ بِالأَدِلَّةِ
# بنەمای دووەم: ناسینی دینی ئیسلام بە بەڵگەکانەوە

وَهُوَ: الِاسْتِسْلَامُ للهِ بِالتَّوْحِيدِ، والانْقِيَادُ لَه بِالطَّاعَةِ، والْبَرَاءةُ مِنَ الشِّرْكِ وَأَهْلِهِ.

ئەویش بریتییە لە: تەسلیم بوون بۆ خوای گەورە بە تەوحید، وە ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵی، وە بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان).

وَهُوَ ثَلَاثُ مَرَاتِبَ: الْإِسْلَامُ، وَالْإِيمَانُ، وَالْإِحْسَانُ.

ئەویش سێ پلەیە: ئیسلام و ئیمان و ئیحسان.

وَكُلُّ مَرْتَبَةٍ لَهَا أَرْكَانٌ.

وە هەر پلەیەک چەند پایەیەکی هەیە.

فَأَرْكَانُ الْإِسْلَامِ خَمسَةٌ: شَهَادَةُ أَلَّا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، وَإِقَامُ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءُ الزَّكَاةِ، وَصَوْمُ رَمَضَانَ، وَحَجُّ بَيْتِ اللهِ الْحَرَامِ.

جا پایەکانی ئیسلام پێنج دانەن: شایەتی دان بەوەی کە هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت بە هەق جگە لە خوای گەورە، وە (محمد) (ﷺ) پێغەمبەر و نێردراوی ئەوە و ئەنجامدانی نوێژ و زەکات دان و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و حەجکردنی ماڵی خوا.

فَدَلِيلُ الشَّهَادَةِ: قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُو۟لُوا۟ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ [آل عمران:١٨]، وَمَعنَاهَا: لَا مَعْبُودَ بِحَقٍّ إِلَّا اللهُ.

جا بەڵگەی شایەتیدان (الشهادة) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾ (١٨)آل عمران) واتە : خوا لەرێگەی دروستکراوەکانیەوە شایەتی دەدا - خۆهەر خۆی بەسە بۆ شایەتی- پاشان فریشتەو زاناکانیش شایەتی دەدەن کە: بێجگە لەخۆی هیچ پەرستراوێکی شیاوی راستەقینە نییە گشت کاتێکیش لە نێوان بوونەوەردا، دادپەروەری راگرتووە دووبارە غەیرە خۆی، هیچ پەرستراوێکی تر نییە ، باڵادەست و زاڵە، کارجوان و کارزانە، بۆیە هەمیشە بەدادگەرانە لەنێو گشت بوونەوەردا ئەجووڵێتەوە) .

وە ماناکەی : هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە ئیللا (الله) نەبێت .

«لَآ إِلَٰهَ» نَافِيًا جَمِيعَ مَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ.

(لا اله) نەفی هەموو پەرستراوێکی تیادایە لە جگە لەخوا بپەرسترێت .

«إِلَّا ٱللَّهُ» مُثْبِتًا الْعِبَادَةَ للهِ وَحْدَهُ. لا شَرِيكَ لَه فِي عِبادتِـهِ؛ كَمَا أَنَّـهُ لَا شَرِيكَ لَهُ فِي مُلْكِـهِ.

(الا الله) سەلماندنی پەرستنی بۆ خوای تاک و تەنهاو بێ شەریکی تیادایە لە پەرستنیدا ، هەروەها هیچ شەریکێکی نییە لە موڵکەکەیدا .

وَتَفْسِيرُهَا الَّذِي يُوَضِّحُها؛ قَولُهُ تَعَالَى: ﴿ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦٓ إِنَّنِي بَرَآءٞ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ * إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُۥ سَيَهۡدِينِ * وَجَعَلَهَا كَلِمَةَۢ بَاقِيَةٗ فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ﴾ [الزخرف:٢٦-٢٨]،

وە تەفسیرەکەی کە بە جوانی روونی دەکاتەوە ، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦٓ إِنَّنِي بَرَآءٞ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ * إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي فَإِنَّهُۥ

سَيَهۡدِينِ * وَجَعَلَهَا كَلِمَةَۢ بَاقِيَةٗ فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ (٢٨)(الزخرف) واته : كاته وە بیر بێنە ئەی موحەممەد(ﷺ) كە ئیبراهیم (علیه السلام) بـــە باوك و گەلەكـــەی خۆی وت: بێگومان من لەو خوایانەی كە ئێوە ئەیانپەرستن، بێزارو بەریم(٢٦) جگە لەو خوایەی كە دروستی كردووم، جابە ڕاستی ئەویش ڕێنموونیم ئەكات بۆ ڕێگەی ڕاست و دروست(٢٧) كارێكی كرد كە ئەو وشەیە، (وشەی یەكخواپەرستیی) - پاش خۆیشی- لە نەوەكانییدا هەر بمێنێت ، تا بەڵكو بگەڕێنەوە بۆلای خوا.. بەڵێ پەیامبەران و پەیڕەوانیان ، هەردەم هەواڵیان داوە بۆ چەسپاندنی وشەی (لا إله إلا الله)، دەبێ پاش خۆشیان هەر ئەوە لەسەر زارو لەناو دڵی پەیڕوان و نەوەكانیاندا بێ(٢٨)

وَقولُهُ: ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ﴾ [آل عمران:٦٤].

وە خوای گەورە دەفەرموێت : (قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ (٦٤)آل عمران) واته: ئەی پێغەمبەر! (ﷺ) بەخاوەن نامەكان بڵێ: وەرن با ئێمەو ئێوە لەسەر و شەو بەرنامەیەك سووربین كە بۆ هەردوولامان چوونیەكەو یەكسانەو، پەیامبەرانیش هەموو هاودەنگ بوون لەسەری و، واز لەو تەفرەقەیە بێنن وەرن با جگە لەخوا كەسێكی تر نەپەرستین و، هیچ شتێكیش نەكەینە شەریك و هاوبەشی هەندێكیشمان لەباتی خوا نەكەینە خواو بپەرستڕێن، واتە: لەنافەرمانی خوا گوێ بیستی یەكدی نەبین، ئینجا ئەگەر هەر ڕوویان لەو قسە ڕاستەیە وەرگێڕاو بۆ یەكتاپەرستیی نەهاتن بەدەمتانەوە، بەراشكاوی پێیان بڵێن: دەسا ئێوە بەشایەت بن و بزانن كە بەڕاستیی ئێمە

موسڵمان و ملكەچی بڕیارەكانی خواین و، سووریشین لەسەر دینی خۆمان و، خواش تاك و تەنیایەو، ئیتر نە عوزەیر خوایەو، نەعیسایش).

وَدَلِيلُ شَهَادَةِ أَنَّ مُحمَّدًا رَسُولُ الله؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ﴾ [التوبة:١٢٨].

وە بەڵگەی شایەتیدان كەوا (محمد) (ﷺ) پێغەمبەری خودایە ، ئەو ئایەتەیە كە دەفەرموێت : (لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ (١٢٨) التوبة) واتە : سوێند بەخوا هەر لەخۆتان پەیامبەرێكی پایە بەرزتان بۆ هات و چاك دەیناسن لەكێیە هەر نارەحەتییەكتان توش بێت زۆر سەختە لایی و پێی سەخڵەت دەبێ زۆریش سوورە لەسەر بڕوا هێنانتان بەرامبەر بە بڕواداران زۆر دڵسۆزو بە بەزەیی و دلۆڤانە)

وَمَعْنى شَهَادَةِ أَنَّ مُحمَّدًا رَسُولُ الله: طَاعَتُهُ فِيمَا أَمَرَ، وَتَصْدِيقُهُ فِيمَا أَخْبَرَ، وَاجْتِنَابُ مَا عَنْهُ نَهَى وَزَجَرَ، وَأَلَّا يُعْبَدَ اللهُ إلَّا بِمَا شَرَعَ.

و مانای شایەتیدان كە (محمد) (ﷺ) پێغەمبەری خودایە : گوێڕایەڵی كردنی لەوەی فەرمانی پێكردووە ، وە بە راست زانینی ئەوەی هەواڵی دەربارەی داوە ، وە دووركەوتنەوە لەوەی نەهی لێكردووە و ڕێگری لێكردووە ، وە خوای گەورە نەپەرسترێت ئیللا بەوە شەرعە نەبێت كە ئەو هێناویەتی.

وَدَلِيلُ الصَّلاةِ، والزَّكاةِ، وَتَفْسِيرِ التَّوْحِيدِ؛ قَوْلُهُ تعالَى: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ﴾ [البينة:٥].

وە بەڵگەی نوێژ و زەكات و تەفسیری تەوحید ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت : (وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ

ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ (٥)البينة) واتە : لە هەمان کاتا لە (تەورات و ئینجیل)دا فرمانیان پێ نەدرابوو بەوە نەبێ کە بەتەواوی هەموو خواپەرستن و سەر بۆ ئەو دانەوێنن و ئایینی خالیس هەر بۆ ئەو دابنێن و لەهەموو ئایینێکی هیچ و پوچ لابدەن و بەتێرو تەسەل نوێژەکانیان بکەن لەماڵ و سامانیان زەکات بدەن بەو شێوەیەی بۆیان روون کراوەتەوە وەهەر ئەو خوا پەرستیی و یەکلا بوونەوەیەو نوێژو زەکات دانەیە ئایینی پایەدارو راستە، ئاوا فرمانیان پێکرابوو، کەچی ئەوان جیابوونەوەو بوونە چەند دەستەیەك)

وَدَلِيلُ الصِّيَامِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴾ [البقرة:١٨٣].

وە بەڵگەی رۆژوو، ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت : ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ (١٨٣)البقرة) واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بزانن رۆژووی مانگی رەمەزانتان لەسەر نووسراوەو فەرز کراوەتە سەرتان هەروەکو لەسەر ئەوانەی لەپێشتانەوە بوون بڕیاردراو نووسرا، دیارە هەر هۆزو ئوممەتێك ، جۆرێ رۆژووی بووە بەڵکو بە تەقوا بن و سنوورەکانی خوا بپارێزن و دەرگای گوناح لەخۆ داخەن و دەرگای هەموو خێرێ لەخۆ واز بکەن) .

وَدَلِيلُ الحَجِّ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ [آل عمران:٩٧].

وە بەڵگەی حەج ، ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت : (وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ (٩٧) آل عمران) واتە : خوا حەجی کەعبەی بڕیارداوە لەسەر مەردم، لەسەر ئەوەی توانای رێگای هەبێ و هەرکەسێکیش باوەڕی بەو حەجە نەبێ، ئەوە باچاك

بزانێ کە کافرو بێ باوەڕە، بەراستیی خوایش لەتەواوی خەڵکانی جیهان، نەك تەنها هەر لەوان، بێ نیازە!.)

الـمَرْتَـبَـةُ الثَّـانِـيَـةُ: الْإِيـمَانُ؛ وَهُوَ: بِضْعٌ وَسَبْعُونَ شُـعْـبَـةً، أَعْلَاهَا قَوْلُ: لَا إِلَـهَ إِلَّا اللهُ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ، وَالْـحَيَاءُ شُـعْـبَـةٌ مِنَ الإِيمَانِ.

پلەی دووەم : ئیمان ، ئەویش حەفتاو ئەوەندە لقە ، بەرزەکەی وتنی (لا اله الا الله)یە و نزمەکەی لادانی ئازارێکە لەسەرە رێگا ، وە (حەیا)ش لقێکە لە ئیمان .

وَأَرْكَانُـهُ سِتَّـةٌ:

أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَالْيَوْمِ الآخِرِ، وَبِالْقَدَرِ خَـيْرِهِ وَشَرِّهِ [كُلُّهُ مِنَ اللهِ].

وە پایەکانی شەش دانەن :

ئیمانت هەبێت بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و رۆژی دوایی و ئیمانت هەبێت بە قەدەر خەیرەکەی وشەڕەکەی .

وَالدَّلِيلُ عَلَى هٰذِهِ الْأَرْكَانِ السِّتَّـةِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ﴾ [البقرة:١٧٧].

وە بەڵگەش لەسەر ئەم شەش پایە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ (١٧٧-البقرة) واتە : چاکەو چاکەکاریی هەر ئەوە نیە ئێوە -جولەکەو گاور- کاتی نوێژ- روو لە خۆرهەڵات بکەن، یان خۆرئاوا، ئەگەر لەرووی گوێرایەڵیەوە نەبێ بۆ فەرمانی خوا، دیارە رووکردنە (مەسجیدولحەرام)یش هەروایە ، بەڵکو چاکەی راست و دروست ئەمەیە کە

باوەڕی راستەقینەی بەخواو بەرۆژی دوایی و بەفریشتەو بەکتێبی ئاسمانی و بەپەیامبەرانی خوا هەبێ)

**وَدَليلُ القَـدَرِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ﴾ [القمر:٤٩].**

وە بەڵگەی قەدەر ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ (٤٩)(القمر) واتە : بەراستی ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازەیەکی دیاریکراو درووستکردووە).

**الـمَرْتَبـةُ الثَّـالِثَـةُ: الْإِحْسَانُ -رُكْنٌ واحِدٌ- وَهُوَ: أَن تَعبُـدَ اللهَ وَحْدَهُ كَأَنَّـكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَم تَـكُنْ تَرَاهُ فَـإِنَّـهُ يَرَاكَ.**

**پلەی سێیەم : ئیحسان (چاکەکاری):** یەک پایەیە ، ئەویش : ( خوای گەورە بپەرستیت هەروەکو ئەوەی دەیبینی وە ئەگەر تۆ ئەوت نەبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ ) .

**وَالدَّليلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ ﴾ [النحل:١٢٨].**

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ (١٢٨)(النحل) واتە : بەراستیی خواش لەگەڵ ئەوانەدایە کەخۆ پارێزو بەتەقوان و ئەوانەش چاکەکارو چاکەخوازن، ئەم لەگەڵ بوونەش تەنها خوا خۆی باش دەزانێت چۆن دەبێت) .

**وَقَوْلُهُ: ﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ * ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ * وَتَقَلُّبَكَ فِى ٱلسَّٰجِدِينَ * إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾ [الشعراء:٢١٧-٢٢٠].**

وە دەفەرموێت : ( وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ * ٱلَّذِى يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ * وَتَقَلُّبَكَ فِى ٱلسَّٰجِدِينَ * إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ (٢٢٠)(الشعراء) واتە : تەنها هەر بە خوای زۆر زاڵ و بەدەسەڵات و زۆر میهرەبان پشت ببەستە، چونکە هەرگیز ئەو دەس

لە دۆستانی خۆی بەرنادا (٢١٧) ئەو خوایەی کە تۆ دەبینێ کاتێ بەئێوارە ئەوەستی بۆ نوێژ بە کۆمەڵ ﴿وەیان بەتەنها لە شەوگاردا (٢١٨) هەڵسوکەوتت لەناو ڕیزی سوژدە بەرانا دەبینێ ، واتە: ئەگەر هەر خۆت بیت، یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا بیت، ئەو هەر ئەتبینێ و، چاوی لێتەوەیە (٢١٩) بەڕاستی هەر ئەویشە زۆر ژنەوا، هەموو چپەیەك ئەبیستێ، زۆریش بە ئاگاو زانایە، بەهەموو جموجوڵێکیان (٢٢٠).

وقَوْلُهُ: ﴿ وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُواْ مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ ﴾ [يونس:٦١] الآيَةَ.

وە دەفەرموێت : ( وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُواْ مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ (٦١) يونس) واتە : وە تۆ لەهیچ کارێکدا نابی و هیچ شتێ لەقورئانیان بەسەرا ناخوێنیت و ئێوەش ئەی مرۆڤ ! هیچ کارێ ئەنجام نادەن مەگەر ئێمە بەسەرتانەوە ئاگادارین، واتە: هەر شتێك دەکەن و، بەهەر جۆرێ دەیکەن ، ئێمە لێی بەئاگاین هەر ئەوکاتە دەست بەکارەکەتان دەکەن و بۆی ڕۆدەچن)

وَالدَّلِيلُ مِنَ السُّنَّةِ: حديثُ جِبْرَائِيلَ الْمَشْهُورُ، عَنْ عُمَرَ ﷺ، قالَ: بَيْنَما نَحنُ جُلُوسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ﷺ ذَاتَ يَوْمٍ، إِذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ، شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيابِ، شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعْرِ، لَا يُرَى عَلَيهِ أَثَرُ السَّفَرِ، وَلَا يَعْرِفُهُ مِنَّا أَحَدٌ، حَتَّى جَلَسَ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَأَسْنَدَ رُكبَتَيْهِ إِلَى رُكْبَتَيْه، وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ، وَقالَ: يَا مُحَمَّدُ؛ أَخْبِرْنِي عَنِ الْإِسْلَامِ.

وە بەڵگە لەسەر ئەم بابەتە لە سوننەتدا : فەرمودە بەناوبانگەکەی (جبریل)ە کە لە عومەرەوە هاتووە دەفەرموێت : واتە: لە کاتێکدا ئێمە ڕۆژێک لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووین لە پڕێکدا کابرایەک هاتە ژوورەوە ، جلوبەرگێکی زۆر سپی لە بەردابوو وە قژێکی زۆر ڕەشی هەبوو، وە شوێنەواری سەفەری پێوە دیار نەبوو ، وە هیچ کەسێک لە ئێمە ئەوی نەدەناسی تاکو نزیک پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشت هەردوو ئەژنۆی توند

کرد لە هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە هەردوو لەپی خستە سەر هەردوو رانی و فەرمووی : ئەی (محمد) (ﷺ) پێم بڵێ ئیسلام چییە ؟

فَقَالَ: «الْإِسْلَامُ: أَنْ تَشْهَدَ أَلَّا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ البَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيهِ سَبِيلًا»، فَقَالَ: صَدَقْتَ -فَعَجِبْنا لَهُ، يَسْأَلُه ويُصَدِّقُه!

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : ((ئیسلام ئەوەیە کە شایەتی بدەیت کەوا جگە لە (الله) هیچ خوایەکی تر نییە شایەنی پەرستن بێت بە حەق و (محمد) یش (ﷺ) نێردراوی خوایە و نوێژەکانت بە رێک و پێکی ئەنجام بدەیت و زەکاتی ماڵەکەت بدەیت و رۆژووی مانگی رەمەزان بگریت و حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانات هەبوو )) کابرا فەرمووی : راست دەکەیت . فەرمووی : ئێمەیش سەیرمان پێهات پرسیاری لێ دەکات و هەر خۆیشی بە راستی دەخاتەوە ،

قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِيمَانِ.

فەرمووی : ئەی پێم بڵێ ئیمان چییە ؟

قَالَ: «أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكُتُبِه، وَرُسُلِهِ، وَاليَوْمِ الآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ»، قالَ: صَدَقْتَ.

ئەویش فەرمووی : ((ئیمان ئەوەیە باوەڕی تەواو بهێنیت بە خوای گەورە و فریشتەکانی و کتێبە ئاسمانییەکان و هەموو پێغەمبەران و رۆژی دوایی و وە باوەڕیش بە قەزاو قەدەر بهێنیت چ خەیر بێت یان شەڕ)) : فەرمووی : راست دەکەیت .

قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِحْسَانِ.

فەرمووی : ئەی پێم بڵێ چاکە( ئیحسان) چییە ؟

قَالَ: «أَنْ تَـعْـبُدَ اللهَ كَأَنَّـكَ تَراهُ، فإِنْ لَـمْ تكُنْ تَراهُ فَإِنَّـهُ يَرَاكَ».

ئەویش فەرمووی : ((ئەوەیە بە شێوەیەک خودا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە دەیبینی خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینی ئەوا باش بزانە ئەو تۆ دەبینێ))

قَـالَ: فَـأَخْبِرْنِي عَنِ السَّاعَةِ.

فەرمووی : پێم بڵێ قیامەت کەی دێت ؟

قَالَ: «ما الـمَسْؤُولُ عَنها بأعْلَمَ مِنَ السَّائِـلِ».

فەرمووی:((ئەو کەسەی کە پرسیاری لێ دەکرێت لە پرسیارکەر زاناتر نییە))

قالَ: أَخْبِرْني عَنْ أَمَارَاتِهَا.

فەرمووی : کەوایە نیشانەکانم پێ بڵێ ؟

قَالَ: «أَن تَـلِـدَ الأَمَـةُ رَبَّـتَها، وَأنْ تَـرَى الـحُفاةَ العُراةَ العالَـةَ رِعاءَ الشَّاءِ، يَـتَـطَاوَلُونَ في البُـنْـيَانِ».

فەرمووی : ((لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە : کەنیزەک گەورەو خاوەنی خۆی لێوە لە دایک ببێت ، وە خەڵکانێکی پێ پەتی رووت و هەژار و شوانی مەڕ پێشبڕکی بکەن لە بەرز کردنەوەی کۆشک و خانووەکانیاندا))

قَالَ: فَمَضَى؛ فَلَبِثْنَا مَلِيًّـا، فَقَالَ ﷺ: «يَا عُـمَرُ؛ أَتَـدْرِي مَنِ السَّائِـلُ؟»

.. (عمر) دەڵێت : پاش ئەوە کابرا هەڵسا و ڕۆیشت و ماوەیەک ڕاماین، ئەمجار پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : ((ئەی (عمر) ئایا دەزانی ئەو پرسیارکەرە کێ بوو ؟))

قُلْتُ: اللهُ وَرَسُولُه أَعْلَمُ. قَالَ: «هَذَا جِبْرِيلُ، أَتَـاكُمْ يُعلِّمُـكُمْ أَمْرَ دِيـنِكُمْ».

گوتم : خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) باشتر دەزانن ، فەرمووی : (( ئەوە (جبریل) بوو ، هاتبوو بۆ ئەوەی لە دینەکەتان شارەزاتان بکات )).

## الأَصْلُ الثَّـالِثُ: مَعْرِفَـةُ نَبِـيِّـكُمْ مُحَمَّـدٍ ﷺ
## بنچینەی سێیەم: ناسینی پێغەمبەرتان (محمد) (ﷺ)

وَهُوَ محمَّدٌ بْنُ عَبـدِ الله بْنِ عبْـدِ الـمُطَّلِبِ بْنِ هاشِمٍ، وَهَاشِمٌ من قُـرَيْشٍ، وَقُرَيْشٌ مِنَ الْعَرَبِ، وَالعَربُ مِن ذُرِّيَّـةِ إسْماعِيلَ بْنِ إبْراهِيمَ الـخَلِـيلِ -عَلَيْـهِ وَعَلَى نَبِـيِّـنا أَفْضَلُ الصَّلاةِ والسَّلامِ.

ناوی پیرۆزی : محمد ی کوڕی عبدالله ی کوڕی عبدالمطلب ی کوڕی هاشم ، وهاشم یش لە قورەیشە ، وەقورەیشیش لە عەرەبە و عەرەبیش لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی خەلیلە ، صەڵات و سەلام لە سەر خۆی و پێغەمبەرمان بێت .

وَلَهُ مِنَ الْعُـمُرِ ثَـلاثٌ وَسِتُّونَ سَنَـةً -مِنهَا أَرْبَـعُونَ قَبْلَ النُّـبُـوَّةِ، وَثَـلَاثٌ وَعِشْرُونَ نَبِـيًّـا رَسُولًا.

تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو ، چل ساڵی پێش پێغەمبەرایەتی بوو و بیست و سێ ساڵی پێغەمبەرو نێردراو بوو .

نُـبِّـئَ بِـ(اقْـرَأْ)، وأُرْسِلَ بِـ(الْمُدَّثِّـرِ)، وَبَـلَـدُهُ مَكَّـةُ، [وَهَاجَرَ إِلَى الْمَدِينَةِ].

بوو بە (نبي ) بە سورەتی (إقرأ) وە بوو بە (رسول) بە سورەتی (المدثر) ، شارەکەی شاری مەککە بوو پاشان کۆچی کرد بۆ مەدینە

بَعَـثَـهُ اللهُ بِالنِّـذَارَةِ عَنِ الشِّرْكِ، وَيَـدْعُو إِلَى التَّـوْحِيـدِ.

خوای گەورە ڕەوانەی کرد بۆ وریاکردنەوە لە شیرک و بانگەوازی بۆ تەوحید دەکرد .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُه تَعَالَى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ * قُمْ فَأَنذِرْ * وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ * وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ * وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ *وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ * وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ﴾ [المدثر:١-٧].

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمویێت: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ * قُمْ فَأَنذِرْ * وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ * وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ * وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ *وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ * وَلِرَبِّكَ فَٱصْبِرْ (٧)المدثر) واتە: ئەی ئەوەی جلکی خەوت بەخۆوە پێچاندووە! ئەی پێغەمبەر!(ﷺ) (١) هەستە، لە ناو نوێنەکەت خەڵکی بێباوەڕ بێدار بکەرەوەو بترسێنە لەسزای خوا (٢) وە پەروەردگاری خۆت بە گەورە بگرە (٣) وە بەرگ و کاڵات خاوێن بکەرەوە،(٤) لە هەموو گوناح و جۆرە کارێکی ناپوخت و ناپەسەند گەڕێ(٥) وەشتێك مەبەخشە بۆ ئەوەی زۆرترت دەسکەوێت، واتە: منەت بەسەریانداو مەکە و چاوەڕوانی زۆریان لێ مەکە(٦) و لە بەر ڕەزامەندی پەروەردگارت خۆگربە لەبەرامبەر ئازارو هەڕەشەی هۆزەکەتدا(٧).

وَمَعْـنَى ﴿قُمْ فَأَنذِرْ﴾: يُـنْـذِرُ عَنِ الشِّـرْك، وَيَـدْعُـوَ إِلَى الـتَّـوْحِيـدِ.

وە مانای (قُمْ فَأَنذِرْ) خەڵکی ئاگادار بکاتەوە لە شیرک و بانگیان بکات بۆ تەوحید .

﴿وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ﴾ أَيْ: عَظِّمْهُ بِالـتَّـوْحِيـدِ.

(وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ) واتە : بە مەزنی ڕاگرە بە تەوحید.

﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ﴾ أَيْ: طَـهِّـرْ أَعْمَالَـكَ عَنِ الشِّرْك.

(وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ) واتە : کارەکانت لە شیرک پاک بکەرەوە .

﴿وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ﴾ الرُّجْـزُ: الْأَصْنَـامُ. وَهَجْـرُهَا: تَـرْكُـهَا، وَالبَـرَاءَةُ مِنْـهَا وَأَهْلِـهَا.

(وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ) الرجز : واتە بتەکان ، وە (هجرها) واتە وازهێنان لێیان و بەریبوون لێیان ، لە خۆیان و ئەهلەکەیان .

أَخَذَ عَلَى هٰذَا عَشرَ سِنِينَ يَدْعُو إِلَى التَّوْحِيدِ، وَبَعْدَ العَشْرِ عُرِجَ بِهِ إِلَى السَّمَاءِ، وَفُرِضَتْ عَلَيهِ الصَّلَوَاتُ الخَمْسُ، وَصَلَّى فِي مَكَّةَ ثَلَاثَ سِنِينَ، وَبَعْدَهَا أُمِرَ بِالْهِجْرَةِ إِلَى المَدِينَةِ.

لە سەر ئەم کارە دە ساڵ مایەوە خەڵکی بانگ دەکرد بۆ تەوحید ، لە پاش دە ساڵ خوای گەورە بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان ، وە پێنج نوێژەکەی لەسەر فەرز کرا ، لە مەککە سێ ساڵی نوێژی کرد و لە پاش ئەوە فەرمانی پێکرا کەوا کۆچ بکات بۆ مەدینە

وَالْهِجْرَةُ: الِانْتِقَالُ مِنْ بَلَدِ الشِّرْكِ إِلَى بَلَدِ الإِسْلَامِ.

وە هیجرەت (کۆچکردن) : بریتییە لە گواستنەوە لە وڵاتی شیرکەوە بۆ وڵاتی ئیسلام .

وَالْهِجْرَةُ فَرِيضَةٌ عَلَى هٰذِهِ الْأُمَّةِ مِنْ بَلَدِ الشِّرْكِ إِلَى بَلَدِ الإِسْلَامِ، وَهِيَ بَاقِيَةٌ إِلَى أَنْ تَقُومَ السَّاعَةُ.

وە هیجرەت فەرزە لەسەر ئەم ئوممەتە لە وڵاتی شیرکەوە بۆ وڵاتی ئیسلام، ئەویش بەردەوام ماوەتەوە تاوەکو رۆژی قیامەت .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَا ۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا * إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا * فَأُوْلَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا﴾ [النساء:٩٧-٩٩].

بەڵگەش لە سەر ئەمە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُواْ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓاْ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُواْ فِيهَا ۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا * إِلَّا

ٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلۡوِلۡدَٰنِ لَا يَسۡتَطِيعُونَ حِيلَةٗ وَلَا يَهۡتَدُونَ سَبِيلٗا * فَأُوْلَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعۡفُوَ عَنۡهُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورٗا (٩٧- ٩٩)(النساء) واتە: بێگومان ئەوانەیان کە فریشتە گیانیکێشان، لەکاتێکدا ناهەقییان لەخۆیان کرد، چونکە (دار الشرك) یان بەجێ نەهێشت و کۆچیان نەکرد بۆنیشتمانی ئیمان (مەدینە) بەرلەوە ئەڵێن: باشە ئێوە لەکوێبوون، بۆچی لێرە کۆچتان نەکردو لەگەڵ موشریکەکاندا مانەوە ؟! ئەڵێن: ئێمە لەو وڵاتەی مەککەدا بێ دەوسەڵات و لاوازکرا بووین، نەمان دەتوانی بۆهیچ لایە کۆچ بکەین و بەناچاریی هەر لەوشوێنە ماینەوە ، فریشتەکان ئەڵێن: ئایا زەویی خوا فراوان و ئاواڵە نەبوو تا لەوێ کۆچ بکەن و بڕۆنە جێگایەکی ترو، بەئازادانە خواپەرستی خۆتانتان کردبا؟ جا لەقیامەتدا ئەنواو جێگایان جەحەننەمەو، ئەویش چارەنووسێکی نالەبارو خراپە (٩٧) ئەو پیاوو ژن و منداڵانە نەبێ کە توانای هیچ خۆدەربازکردنێکیان نییە و شارەزای ڕێگەش نین و ڕێ دەرناکەن (٩٨) جا بێگومان خوا لەوانە ئەبووڕێ و خوا هەمیشە گوناە پۆشی لێبوردەیە، لەخاوەن بیانوانیش بیانوو وەردەگرێت.(٩٩) .

وَقَوۡلُهُ تَعَالَى: ﴿يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ أَرۡضِي وَٰسِعَةٞ فَإِيَّٰيَ فَٱعۡبُدُونِ﴾ [العنكبوت:٥٦].

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : (يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّ أَرۡضِي وَٰسِعَةٞ فَإِيَّٰيَ فَٱعۡبُدُونِ (٥٦)) واتە : ئەي ئەو بەندانەم بڕواتان هێناوە بەڕاستی زەویی من پان و فروانە، ئەگەر لە (مەککە)ئەزیەت دەکرێن، دەسا کۆچ بکەن و بچنە (مەدینە) وە یان بۆ هەر جێگایەکی تر، ئیتر بۆ هەر لەمەککە دانیشتوون و قبووڵی ئەو گش ئازارو بێزارە دەکەن؟ سا ئەگەر نەتاندەتوانی لە جێگەی بە ئازادانە پەرەستش بکەن بگوێزنەوە بۆ جێگەیەکی تر سا هەر لەوێ پەرەستشی من بکەن )

قَالَ البَغَوِيُّ $ تَعَالَى: «سَبَبُ نُزُولِ هَذِهِ الآيَةِ: فِي الْمُسْلِمِينَ الّذِينَ بِمَكَّةَ لَمْ يُهاجِرُوا، ناداهُمُ اللهُ بِاسْمِ الإيمانِ».

(البغوی ) دەفەرمویێت : هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو موسڵمانانە بوو كە لە مەككە مابوونەوە و هیجرەتیان نەكردبوو ، خوای گەورە بە ناوی ئیمانەوە بانگی ئەوانی كردووە)

وَالدَّلِيلُ عَلَى الـهِجْرَةِ مِنَ السُّنَّـةِ؛ قَوْلُهُ ﷺ: «لَا تَنقَطِعُ الْهِجْرَةُ حَتَّى تَنْقَطِعَ التَّـوْبَـةُ، وَلَا تَنْقَطِـعُ التَّـوْبَـةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا».

وە بەڵگەش لە سوننەتدا دەربارەی هیجرەت ئەو فەموودیەیە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمویێت : (لا تنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة ، ولا تنقطع التوبة حتى تطلع الشمس من مغربها)[١] واتە : هیجرەت كۆتایی پێ نایەت و نابڕێتەوە تاوەكو تەوبە نەبڕێتەوە و كۆتایی پێ نەیەت ، وە تەوبەش كۆتایی پێ نایەت ونابڕێتەوە تاوەكو رۆژ لە رۆئاواوە دەرنەچێت )

فَلَـمَّا اسْتَقَـرَّ بِـالْمَدِينَـةِ؛ أُمِرَ بِـبَـقِـيَّـةِ شَرائِـعِ الْإِسْلَامِ -مِثْـلُ: الزَّكَاةِ، وَالصَّوْمِ، وَالـحَجِّ، وَالْـجِهَادِ، وَالْأَذَانِ، وَالْأَمرِ بِالـمَعْرُوفِ وَالنَّـهْيِ عنِ الْـمُنْـكَرِ- أَخَـذَ عَلى هٰـذَا عَشْرَ سِنِـينَ.

كاتێ لە شاری مەدینە جێگیر بوو فەرمانی كرد بە ئەودوای شەریعەتەكانی ئیسلام ، وەكو : زەكات و رۆژوو و حەج و جیهاد و بانگدان و فەرمان كردن بە چاكە و نەهی كردن لە خراپە و جگە لەوانە لە شەریعەتەكانی تری ئیسلام . بەم كارە بۆ ماوەی دە ساڵ بەردەوام بوو .

وَبَعْدَهَا تُـوُفِّـيَ -صَلَوَاتُ اللهِ وَسَلَامُهُ عَلَيْهِ- وَدِينُـهُ بَاقٍ، وَهٰـذَا دِينُـهُ، لَا خَيرَ إِلَّا دَلَّ الْأُمَّـةَ عَلَيْهِ، وَلَا شَرَّ إِلَّا حَـذَّرَهَا مِنْـهُ.

وە لە پاش ئەوە كۆچی دوایی كرد -صەڵات و سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت- ، وە دینەكەی ماوەتەوە ، ئەمەش دینەكەیەتی ، هیچ خەیرێک نییە ئیللا نیشانی ئوممەتەكەی داوە ، وە هیچ خراپەیەک نییە ئیللا ئوممەتەكەی لێ ئاگادار كردووەتەوە .

---

(١) قال الشيخ الألباني : ( صحيح ) انظر حديث رقم : ٧٤٦٩ في صحيح الجامع

وَالْخيرُ الَّذِي دَلَّ عَلَيهِ: التَّوْحِيدُ، وَجَمِيعُ مَا يُحبُّـهُ اللهُ وَيَرْضَاهُ.

وە ئەو خەیرەی کە ڕێنمویی کردووین بریتییە لە تەوحید و هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە پێی خۆشە و پێی ڕازییە .

وَالشَّرُّ الَّذي حَذَّرَ مِنْـهُ: الشِّرْكُ، وَجَمِيعُ ما يَكْرَهُـهُ اللهُ وَيَـأْباهُ.

وە ئەو شەڕەی کە ئاگاداری کردووینەتەوە بریتیە لە شیرک و هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە پێ ناخۆشە و پێی ڕازی نییە .

بَعَـثَـهُ اللهُ إِلَى النَّـاسِ كَافَّةً، وَافْـتَرَضَ طَاعَتَـهُ عَلَى جَمِيعِ الثَّـقَـلَـيْنِ - الْـجِنِّ وَالْإِنْسِ-؛ وَالدَّليـلُ قَولُهُ تعالَى: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا﴾ [الأعراف:١٥٨].

خوای گەورە پێغەمبەری بۆ هەموو خەڵکی ڕەوانە کرد ، وە گوێڕایەڵی خۆی فەرز کردووە بە سەر هەموو (الثقلين)دا واتە : مرۆڤ و جنۆکەکان، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ( قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا (١٥٨) الاعراف) واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ! بڵێ: ئەی خەڵکینە! چاك بزانن کە: من پەیامبەرو نێردراوی خوام بۆلای سەرجەم ئێوە) .

وَأَكمَلَ اللهُ بِهِ الدِّينَ؛ وَالدَّليلُ قَولُهُ تَعَالَى: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَـٰمَ دِينًا﴾ [المائدة:٣].

وە خوای گەورە دینەکەی پێ تەواو و کامل کرد ، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَـٰمَ دِينًا (٣) المائدة) واتە : وا لەئەمرۆوە بەرنامەو ئایینەکەتانم بەپایان گەیاند، واتە: لەبارەی ئاقیدەو جیهادەوە، لەبارەی حەڵاڵ و حەرامەوە، هەموو شتێکم بۆ تەواوکردن وە نیعمەت و بەخششی خۆمم بۆ

تەواوکردن سەرم خستن بەسەر دوژمنانتاناو ڕێنماییم کردن بۆ ڕێگەی ڕاست، ئیتر نەپێویست بە پێغەمبەرێ تر هەیەو، نە قورئانێکی دیکە ئیسلامیشم بەبەرنامەو ئایین بۆ هەڵبژاردن و نابێ هیچ کاتێك لێی لابدەن و خۆکلا بکەن)

وَالدَّلِيلُ عَلَى مَوْتِهِ ﷺ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ * ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ﴾ [الزمر:٣٠-٣١].

بەڵگەش لەسەر مردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ * ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ (٣١)الزمر) واتە: بەڕاستی ئەی موحەممەد (ﷺ) ئەمریی و، ئەوانیش هەر ئەمرن، واتە: لەداهاتوودا هەمووتان ئەمرن، جا ئەو کاتە خوا دادگایی ئەکات و هەق و ناهەق دەرئەکەوێ (٣٠) پاشان ئێوە لە ڕۆژی قیامەتیشدا لەلای پەروەردگارتاندا دەمەقاڵێ و کێشمەکێش دەکەن(٣١)

وَالنَّاسُ إِذَا مَاتُوا يُبْعَثُونَ.

وە خەڵکی ئەگەر مردن ئەوا زیندوو دەکرێنەوە .

والدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ﴾ [طه:٥٥].

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : (مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ (٥٥)طه) واتە : لە سەرەتاوە ئێوەمان هەر لەو زەوییە دروستکرد وە لەودا دوای مردن ئەتانگێڕینەوە بۆ گڵ وە جارێکی تر لەودا ئەتانهێنینەوە دەرو زیندووتان ئەکەینەوە).

وقَوْلُهُ تعالَى: ﴿وَاللَّهُ أَنبَتَكُم مِّنَ الْأَرْضِ نَبَاتًا * ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا﴾ [نوح:١٧-١٨].

وە دەفەرموێت : (وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا * ثُمَّ يُعِيدُكُمۡ فِيهَا وَيُخۡرِجُكُمۡ إِخۡرَاجٗا (١٨)نوح) واتە: وە خوای تاك و تەنیایە ئێوەی لە توخمەکانی زەوی رواندونی بەرواندن وەك رووەك و گیا (١٧) پاشان - دوای مردنتان- ئەتانگێڕێتەوە بۆ ناوی و لەوێ بەفەرمانی خۆی ئەشاردرێنەوە و ئەتانهێنێتەوە دەرێ ، لە زەوی بەدەرهێنان، واتە: زیندووتان ئەکاتەوەو بەدادگەرانەش پاداش و تۆڵەتان دەست ئەکەوێتەوە(١٨) .

وَبَعْدَ البَعْثِ مُحَاسَبُونَ وَمَجْزِيُّونَ بِأَعْمَالِـهِمْ.

وە لە پاش مردن لێپرسنەوەیان لە گەڵدا دەکرێت و پاداشتی کردەوەکانیان وەردەگرن .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ بِمَا عَمِلُواْ وَيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ بِٱلۡحُسۡنَى﴾ [النجم:٣١].

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : (لِيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَسَٰٓـُٔواْ بِمَا عَمِلُواْ وَيَجۡزِيَ ٱلَّذِينَ أَحۡسَنُواْ بِٱلۡحُسۡنَى (٣١)النجم) واتە: لەپاشە رۆژدا پاداشی بەدکاران بداتەوە بەکارەکانیان و پاداشتی چاکەکارانیش بداتەوە بە پاداشتێکی چاکتر).

وَمَنْ كَذَّبَ بِالْبَعْثِ كَفَرَ.

وە هەر کەسێک باوەڕی بە زیندووبوونەوە نەبێت ئەوا کوفری کردووە .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ﴾ [التغابن:٧].

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : (زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ (٧)التغابن) واتە : ئەوانەی کافرو بێ بڕوا بوون گوتیان : هەرگیزپاش مردن زیندوو ناکرێنەوە! پێیان بڵێ

ئەی پێغەمبەر (ﷺ)! بەڵێ سوێند بە پەروەردگارم بێگومان لە گۆڕەكانتاندا دەر ئەهێنرێن و زیندوو ئەكرێنەوە پاشان لەهەر كارو كردەوەیەك ئەنجامتان داوە ئاگادار دەكرێن، لەگەورەو لە بچووك، و هەر بەوەش پاداشت دەدرێنەوە ئەوەیش بۆ خوا كارێكی ئاسانە، چونكە ئێوە خۆتان ئەزانن كە لەسەرتاوە شتێك نەبوون و وجوودتان نەبوو، پاشان دروستیكردن و بوون، باشە ئیتر چۆن ناتوانێ زیندووتان بكاتەوە؟!)

وَأَرْسَلَ اللهُ جَمِيعَ الرُّسُلِ مُبَشِّرِينَ وَمُنْـذِرِينَ؛ وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ....﴾ [النساء:١٦٥].

خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی رەوانە كردووە موژدەدەر و ترسێنەرن، بەڵگەش لە سەر ئەوە ئەو ئایەتەیە كە دەفەرموێـت: ( رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ... (١٦٥) النساء) واتە: گشتیان پێغەمبەری مژدەدەرو ترسێنەر بوون)

وَأَوَّلُـهُمْ نُوحٌ ع. وَآخِـرُهُمْ مُحَمَّـدٌ ﷺ، وَهُوَ خَاتَمُ النَّبِيِّينَ، [لَا نَبِيَّ بَعْدَهُ.

یەكەمیان (نوح)ە .وە دواییینیان (محمد) ە (ﷺ) ئەویش كۆتا پێغەمبەرە (هیچ پێغەمبەرێک لە پاش ئەو نییە)

وَالدَّلِيـلُ عَلَى أَنَّ أَوَّلَـهُمْ نُوحٌ ع؛ قَوْلُهُ تعالَى: ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ﴾ [النساء:١٦٣].

بەڵگەش لەسەر ئەوە كە یەكەمیان (نوح) ە ئەو ئایەتەیە كە دەفەرموێت: (إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦ (١٦٣) النساء) واتە : ئێمە وەحیمان بۆ تۆ كرد، هەروەكو بۆ (نووح) و پێغەمبەرانی دوای ئەویشمان كرد).

وَكُلُّ أُمَّـةٍ بَعَثَ اللهُ إِلَيهَا رَسُولًا - مِنْ نُوحٍ إِلَى محمَّـدٍ- يأْمُرُهُمْ بِعِبادَةِ اللهِ وَحْدَهُ، وَيَنْـهَاهُمْ عَنْ عِـبَادَةِ الطَّاغُوتِ.

وە هەموو ئوممەتێک خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ رەوانە کردووە ، هەر لە (نوح)ەوە تاوەکو (محمد) (ﷺ) فەرمانیان پێ دەکات بە پەرستنی خوای تاک و تەنها و نەهی لێکردوون لە پەرستنی تاغوت .

والدَّلِيلُ قَولُهُ تَعَالَى: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾ [النحل:٣٦].

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ( وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ (٣٦) النحل) واتە : بۆناو هەموو ئوممەت و نەتەوەیەك لەهەموو سەردەمێکدا پەیامبەرێکمان ناردووە بۆ ئەوە پێیان بڵێ: تەنها خوا بپەرستن و لە(تاغووت) و یاسا پوچەڵەکان دووربن ) .

وَافْتَرَضَ اللهُ عَلَى جَمِيعِ العِبَادِ: الكُفْرَ بِالطَّاغُوتِ، وَالْإِيمَانَ بِاللهِ.

وە خوای گەورە فەرزی کردووەتە سەر هەموو بەندەکان کوفر بە تاغوت بکەن و ئیمان بە خوا بهێنن .

قَالَ ابْنُ القَيِّمِ -$ تَعَالَى-: «وَمَعْنَى الطَّاغُوتِ: مَا تَجَاوَزَ بِهِ العَبْدُ حَدَّهُ -منْ مَعْبُودٍ، أَوْ مَتْبُوعٍ، أَوْ مُطَاعٍ».

ابن القيم فەرموویەتی : (تاغوت : هەرچی شتێک بەندە لە سنووری خۆی پێی دەرچێت لە پەرستراو (معبود) وشوێنکەوتەکراو (چاولێکراو) –متبوع- و گوێڕایەڵکراو (مطاع)) .

وَالطَّواغِيتُ كَثِيرَةٌ، وَرُؤُوسُهُمْ خَمْسَةٌ:

وە تاغوتەکان زۆرن ، سەرەکییەکانیان پێنج دانەن :

إِبْلِيسُ -لَعَنَهُ اللهُ-.

ئیبلیس -لەعنەتی خوای لێ بێت- .

وَمَنْ عُبِـدَ وَهُوَ رَاضٍ.

وە هەرکەسێک بپەرسترێت و خۆی پێی رازی بێت .

وَمَنْ دَعَا النَّـاسَ إِلَى عِبَادَةِ نَـفْسِهِ.

وە هەرکەسێک بانگی خەڵکی بکات بۆ پەرستنی خۆی .

وَمَنِ ادَّعَى شَيْـئًا مِنْ عِلْمِ الْغَيْبِ.

وە هەرکەسێک بانگەشەی شتێک بکات لە زانینی عیلمی غەیب .

وَمَنْ حكَمَ بِغَـيْـرِ ما أَنزَلَ اللهُ.

وە هەرکەسێک حوکم بکات بە جگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە .

والدَّليلُ قَولُهُ تَعالَى: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ﴾ [البقرة:٢٥٦].

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : (لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ (٢٥٦) البقرة) واتە : لەم دینی ئیسلامەدا داسەپاندن و ناچارکردن و زەبرو زەنگ نیە ب ۆدینداریی و وەرگرتنی ئایینی ئیسلام ، چونکە بێگومانە کەرێگای چاك و راست لە رێگای ناڕاست و کوفرو تووله رێگاکان لێك جیاکراوەتەوە و ئاشکراو نمایانە، جا لەبەر ئەوە نایەوێ زۆر لە هیچ کەسێك بکرێت بۆ ئیسلامبوون و هەر کەسەش بەمەیلی خۆیەتی ، ئینجا هەرکەسێك باوەڕی بە (تاغوت) نەبێت، دیارە تاغووت ئەو کەسەیە کە لە سنووری خوا دەرچێ و، بەرنامە چەوتەکان قبووڵ کا، جا هەرکەس خۆی لەو جۆرە شتانە دوورگرت و باوەڕی بەخوا هێنا ئەوە بێگومانە دەستی بە هەنگڵ و بەهۆکارێکی پتەوو قایمەوە گرتووە )

وَهَـٰذَا مَعْنَى «لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ».

ئەمەش مانای (لا اله الا الله)یە .

وَفِي الْـحَدِيثِ: «رَأْسُ الأَمرِ: الإِسْلامُ، وعَمُودُهُ: الصَّلاةُ، وَذِرْوةُ سَنَـامِـهِ: الْـجِهادُ فِي سَبيلِ اللهِ».

وە لە فەرموودەدا هاتووە : (رأس الأمر الإسلام ، وعموده الصلاة ، وذروة سنامه الجهاد في سبيل الله)[١] . واتە : سەری کار و مەسەلەکە ئیسلامە و کۆڵەکەکەی نوێژە و لوتکەی هەرە بەرزی جیهادە لە پێناوی خوای گەورەدا .

---

(١) (صحيح) السلسلة الصحيحة (١١٢٢) للالباني .

# كتێبی پێنجەم: چوار بنەماكە

# الكتاب الخامس: «القواعد الأربع»

للإمام المجدِّد: محمَّد بن عبد الوهَّاب التَّميميِّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ

وَبِهِ نَسْتَعِينُ

# المقدِّمـــة
# پێشـــەکی

أَسْأَلُ اللهَ الكَرِيمَ، رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ: أَنْ يَتَوَلَّاكَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، وَأَنْ يَجْعَلَكَ مُبَارَكًا أَيْنَمَا كُنْتَ.

داوا لە خوای بەخشندە و خاوەنی عەرشی مەزن دەکەم کە خۆی ئاگاداریت بکات لە دونیا و دوارۆژدا ، وە بتکاتە کەسێکی پیرۆز لە هەر کوێیەک بیت.

وَأَنْ يَجْعَلَكَ مِمَّنْ إِذَا أُعْطِيَ شَكَرَ، وَإِذَا ابْتُلِيَ صَبَرَ، وَإِذَا أَذْنَبَ اسْتَغْفَرَ؛ فَإِنَّ هَؤُلَاءِ الثَّلَاثَ عُنْوَانُ السَّعَادَةِ.

وە بتگێڕێ لەو کەسانەی ئەگەر پێیان بدرێت سوپاسگوزار دەبن ، وە ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەیەک هات ئارام دەگرێ ، وە ئەگەر تاوانێکی کرد داوای لێخۆشبوون دەکات ، جا ئەو سێ شتە ناونیشانی بەختەوەرین .

اعْلَمْ - أَرْشَدَكَ اللهُ لِطَاعَتِهِ -: أَنَّ الْحَنِيفِيَّةَ -مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ-: أَنْ تَعْبُدَ اللهَ وَحْدَهُ مُخْلِصًا لَهُ الدِّينَ؛ وَبِذَلِكَ أَمَرَ اللهُ جَمِيعَ النَّاسِ؛ وَخَلَقَهُمْ لَهَا.

بزانە –خوای گەورە ڕێنمویت بکات بۆ گوێڕایەڵی خۆی - : حەنیفیەت میللەتەکەی ئیبراهیمە : بریتیە لەوەی خوای گەورە بە تاک و تەنها بپەرستیت و ئیخلاصی دینەکە بۆ ئەو بێت ، هەر بەوەش خوای گەورە فەرمانی کردووەتە هەموو خەڵکی ، وە هەر لەو پێناوەشدا دروستی کردوون .

كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [الذاريات:٥٦].

هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ (٥٦) الذاريات) واتە : و من هەر بۆیە جنۆکەو ئادەمیم دروستکردووە بمپەرستن و بمناسن)

فَإِذَا عَرَفْتَ أَنَّ اللهَ خَلَقَكَ لِعِبَادَتِهِ: فَاعْلَمْ أَنَّ الْعِبَادَةَ لَا تُسَمَّى عِبَادَةً إِلَّا مَعَ التَّوْحِيدِ؛ كَمَا أَنَّ الصَّلَاةَ لَا تُسَمَّى صَلَاةً إِلَّا مَعَ الطَّهَارَةِ.

جا ئەگەر زانیت خوای گەورە تۆی دروست کردووە بۆ پەرستنی ئەو ، ئەوا باش بزانە کە پەرستن پێی ناگۆترێت پەرستن ئیللا لە گەڵ تەوحیددا نەبێت ، هەروەکو چۆن نوێژ پێی ناگۆترێت نوێژ ئیللا لە گەڵ تەهارەت و دەستنوێژدا نەبێت.

فَإِذَا دَخَلَ الشِّرْكُ فِي الْعِبَادَةِ فَسَدَتْ؛ كَالْحَدَثِ إِذَا دَخَلَ فِي الطَّهَارَةِ.

جا ئەگەر شیرک چووە ناو پەرستنەوە ئەوا پووچەڵی دەکاتەوە ، وەکو (پوچەڵکەرەوەی دەستنوێژ) چۆن دەچێتە ناو دەستنوێژەوە – پوچەڵی دەکاتەوە-

فَإِذَا عَرَفْتَ أَنَّ الشِّرْكَ إِذَا خَالَطَ الْعِبَادَةَ أَفْسَدَهَا، وَأَحْبَطَ الْعَمَلَ، وَصَارَ صَاحِبُهُ مِنَ الْخَالِدِينَ فِي النَّارِ: عَرَفْتَ أَنَّ أَهَمَّ مَا عَلَيْكَ: مَعْرِفَةُ ذَلِكَ؛ لَعَلَّ اللهَ أَنْ يُخَلِّصَكَ مِنْ هَذِهِ الشَّبَكَةِ، وَهِيَ الشِّرْكُ بِاللهِ.

جا ئەگەر زانیت کەوا شیرک تێکەڵی پەرستن بوو ئەوا پووچی دەکاتەوە و کارەکان هەڵدەوەشێنێتەوە ، وە خاوەنەکەی دەبێتە یەکێک لەوانەی بە هەتا هەتایی لە ئاگردا دەمێننەوە ، ئەوا ئەو کاتە دەزانیت کەوا گرنگترین شت پێویستە لەسەرت ناسینیەتی ، بۆ ئەوەی خوای گەورە لەو تۆڕە رزگارت بکات ، ئەویش هاوەڵ بڕیاردانە لە گەڵ خوادا .

الذي قال الله تعالى فيه: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴾ [النساء:٤٨].

کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت : ( إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ (٤٨)النساء) واتە : بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابوورێ و لە خوار شیرکەوە لەهەر گوناهێك دەبوورێ بۆ هەرکەسێك خۆی بیەوێت) .

وَذَلِكَ بِمَعْرِفَةِ أَرْبَعِ قَوَاعِدَ ذَكَرَهَا اللهُ تَعَالَى فِي كِتَابِهِ.

ئەویش بە زانینی چوار بنەما دەبێت ، خوای گەورە لە کیتابەکەیدا باسی کردووە .

# الْقَاعِدَةُ الأُولَى
## بنەمای یەکەم

**أَنْ تَعْلَمَ: أَنَّ الْكُفَّارَ الَّذِينَ قَاتَلَهُمْ رَسُولُ اللهِ ﷺ؛ مُقِرُّونَ بِأَنَّ اللهَ هُوَ الْخَالِقُ الرَّازِقُ، الْمُحْيِي الْمُمِيتُ، الْمُدَبِّرُ لِجَمِيعِ الْأُمُورِ، وَأَنَّ ذَلِكَ لَمْ يُدْخِلْهُمْ فِي الْإِسْلَامِ.**

بزانیت کەوا ئەو بێباوەڕانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوشتاری لە گەڵ کردن دانیان بەوەدا دەنا کەوا خوای گەورە دروستکار و بەڕێوەبەرە ، کەچی ئەوە نەیانی هێنایە ناو ئیسلامەوە.

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾ [يونس:٣١].

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَمَن يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ ٱلْمَيِّتَ مِنَ ٱلْحَىِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ (٣١)یونس) واتە : بڵێ: کێ لەم ئاسمان و زەوییەدا رزق و ڕۆزیتان دەداتێ ؟ کێیە دروستکەرو خاوەنی ئەو گوێ و چاوانەتان؟ ئەی کێیە زیندوو لەمردوو دەردێنێ ؟ و مردوو لە زیندو دەردەکا؟ وە کێیە زۆر بەوردیی بۆ کاروباری ئەم دونیایە نەخشە دەکێشێ ؟ بەزوویی لەوەڵامی هەموو ئەمانەدا دەڵێن: هەرخوایە هەموو ئەوانە دەکات بڵێ: دەسا بۆ لە خوا خۆ ناپارێزن و ناترسن؟ )

# الْقَاعِدَةُ الثَّانِيَةُ
## بنەمای دووەم

**أَنَّهُمْ يَقُولُونَ: مَا دَعَوْنَاهُمْ وَتَوَجَّهْنَا إِلَيْهِمْ، إِلَّا لِطَلَبِ الْقُرْبَةِ وَالشَّفَاعَةِ.**

ئەوان دەڵێن : ئێمە داوامان لێیان نەکردووە و رووومان لێیان نەکردووە ئیللا لەبەر داواکردنی خۆنزیک کردنەوە و شەفاعەت نەبێت .

فَدَلِيلُ الْقُرْبَةِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ﴾ [الزمر:٣].

بەڵگەی خۆ نزیککردنەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمووێت : (وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلْفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ (٣)(الزمر) واتە : ئەوانەی کە لەباتی خوا چەند دۆس و بتێکیان بۆ خۆیان گرتووە، وەبەبێ هیچ بەڵگەیەکیش ئەڵێن: ئێمە هەر بۆ ئەوە ئەو بتانە دەپەرستین، کە لەخوامان نزیك بکەنەوەو ، تکامان بۆ بکەن لای، کەچی ئەگەر پێیان بوترایە: ئەی کێ ئێوەی دروستکردووە؟ ئەی کێ ئاسمانەکان و زەوی وەدیهێناوە؟ لەوەڵامدا ئەڵێن: هەر (الله)یە، ئیتر پێیان ئەوترا: ئەی بۆچی خوا بەتاك و تەنیا ناپەرستن؟ وشەی (ما نعبدهم..) وەڵامیان بوو ، جا با هەر وابکەن بێگومان خوا هەق و ناهەق جیا ئەکاتەوەو، بڕیاری خۆی دەربارەی ئەو دوو بەرەکیەی نێوانیان دەدات، ئەو کات موسڵمانان ئەچنە بەهەشتەوەو، بێ بڕوایانیش بۆ دۆزەخ ئەنێردرێن دیارە ئەو جۆرە کەسانە

گومڕاو سەر لێشێواون ، خۆبەڕاستی خوایش مرۆی درۆزن و سپڵە ڕێنوێن ناکا) .

وَدَلِيلُ الشَّفَاعَةِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾ [يونس:١٨].

وە بەڵگەی شەفاعەت ، ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ (١٨)یونس) واتە : وە لە باتی خوایش چەند شتێکی وا دەپەرستن کە: نە دەتوانن زیانێکیان پێ بگەیەنن و، نە سوودێکیان پێ ببەخشن دەشڵێن : ئەوانە -دەیانپەرستین- لای خوا تکاکارمان دەبن، واتە: بۆ ئەو مەبەستە ئێمە ئەیانپەرستین) .

وَالشَّفَاعَةُ شَفَاعَتَانِ: شَفَاعَةٌ مَنْفِيَّةٌ، وَشَفَاعَةٌ مُثْبَتَةٌ.

شەفاعەتیش دوو شەفاعەتە: شەفاعەتێکی نەفیکراو و شەفاعەتێکی سەلمێنراو.

فَالشَّفَاعَةُ الْمَنْفِيَّةُ: مَا كَانَتْ تُطْلَبُ مِنْ غَيْرِ اللهِ فِيمَا لَا يَقْدِرُ عَلَيهِ إِلَّا اللهُ.

وە شەفاعەتی نەفیکراو : بریتییە لەو شەفاعەتەی کە لە جگە لە خوا داوا دەکرێت لە شتێکدا کە هیچ کەسێک توانای لەسەر نییە جگە لە خوای گەورە نەبێت .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا شَفَٰعَةٞۗ وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ [البقرة:٢٥٤].

بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا شَفَٰعَةٞۗ وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ (٢٥٤)البقرة) واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە!

ببەخشن هەندێك لەو ماڵ و سامانەی پێیانداون پێش لە هاتنی ڕۆژێك هیچ کڕین و فرۆشتنێکی تێدا نییە(تا بەماڵ خۆتان بکڕنەوە) هەروەك هیچ دۆستیی و تکاو شەفاعەتێك سوودی نابێ. و هەر کافر و بێ باوەڕان ناهەقیکارو ستەمکارن، چونکە هەر ئەوانن بە تەواوی لە سنوور دەرچوون و لەخوا یاخی بوون) .

وَالشَّفَاعَةُ الْمُثْبَتَةُ: هِيَ الَّتِي تُطْلَبُ مِنَ اللهِ.

وە شەفاعەتی سەلمێنراو : بریتییە لەو شەفاعەتەی کە لە خوا داوا دەکرێت .

وَالشَّافِعُ مُكْرَمٌ بِالشَّفَاعَةِ.

وە شەفاعەتکار ڕێزلێگیراوە بە شەفاعەتەکەی .

وَالْمَشْفُوعُ لَهُ: مَنْ رَضِيَ اللهُ قَوْلَهُ وَعَمَلَهُ بَعْدَ الْإِذْنِ.

وە ئەوەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت : ئەو کەسەیە کە خوای گەورە لە گفتار و کرداری ڕازییە و لە پاش ئیزنی خۆی .

كَمَا قَالَ تَعَالَى: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ﴾ [البقرة:٢٥٥].

هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : (مَن ذَا ٱلَّذِى يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ (٢٥٥)(البقرة) واتە : کێ بێت- لە ڕۆژی دواییدا- بتوانێ شەفاعەت بکات لای ئەو، هەتا ئەوخۆی مۆڵەتی نەدا؟ دیارە کە هەتا ئەوخۆی مۆڵەت نەدات، هیچ کەسێك ناتوانێ تکا بکات) .

# الْقَاعِدَةُ الثَّالِثَةُ
# بنەمای سێیەم

**أَنَّ النَّبيَّ ﷺ ظَهَرَ عَلَى أُنَاسٍ مُتَفَرِّقِينَ فِي عِبَادَاتِهِمْ:**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتێکدا لە ناوخەڵکیکدا دەرکەوت و ڕەوانە کرا کە ئەوان جیاوازبوون لە پەرستنەکانیاندا :

**مِنْهُم: مَنْ يَعْبُدُ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ.**

تیایاندا هەبوو : خۆر و مانگیان دەپەرست

**وَمِنْهُم: مَنْ يَعْبُدُ الْمَلاَئِكَةَ.**

وە تیایاندا هەبوو : فریشتەی دەپەرست.

**وَمِنْهُم: مَنْ يَعْبُدُ الْأَنبِيَاءَ وَالصَّالِحِينَ.**

وە تیایاندا هەبوو : پێغەمبەران و پیاوچاکانیان دەپەرست.

**وَمِنْهُم: مَنْ يَعْبُدُ الْأَشْجَارَ وَالْأَحْجَارَ.**

وە تیایاندا هەبوو : دار و بەردیان دەپەرست.

**وَقَاتَلَهُمْ رَسُولُ اللهِ ﷺ، وَلَمْ يُفَرِّقْ بَيْنَهُمْ.**

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گەڵ هەموویاندا کوشتاری کردو هیچ جیاوازیەکی نەکرد لە نێوانیاندا .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ وَقَـٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ﴾ [الأنفال:٣٩].

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَقَـٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ (٣٩)الانفال) واتە : هەتا كوفرو شیرك لەبندێ و بە هەتا هەتایی كۆتایی دێ و دینداریی هەر بۆ خوا دەبێ، ئێوەش ئەی موسڵمانان! بەردەوام بەجەنگ بێن لەگەڵیان )

وَدَلِيلُ الشَّمْسِ وَالْقَمَرِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ [فصلت:٣٧].

وە بەڵگەی خۆر و مانگ ، ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ (٣٧)فصلت) واتە: لە نیشانەكانی تاك و تەنیایی خوایە: شەوو رۆژو خۆرو مانگ، چونكە هەر یەكەیان بە چەند بەرنامەیەكی قەشەنگ و رێك و پێك دامەزراون و كاری خۆیان دەكەن ، دەسا ئێوەش نە بۆ خۆر سوژدە بەرن، وە نە بۆ مانگ، چونكە ئەوانە هەردوو دروستكراوی خودان و ئەوانیش سوژدە هەر بۆ ئەو دەبەن ، ئێوە سوژدە هەر بۆ ئەو خودایە بەرن ئەوانی دروستكردووە ، ئەگەر دەتانەوێ بەهەقیانەت خودا بپەرستن).

وَدَلِيلُ الْمَلاَئِكَةِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرْبَابًا ﴾ [آل عمران:٨٠].

وە بەڵگەی فریشتە ، ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت : ( وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرْبَابًا (٨٠)ال عمران) واتە : فەرمان بە هیچ كامیشتان

نادەن بچن فریشتەو پێغەمبەران بکەنە خواو بیانپەرستن، خوا چۆن کەسێ دەکاتە پەیامبەر لەملاو لەولاوە بڵێت لەگەڵ خوادا منیش، وەیان فلانیش بپەرستن)

وَدَلِيلُ الْأَنبِيَاءِ: قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾ [المائدة:١١٦].

وە بەڵگەی پێغەمبەران ، ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَـٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَـٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ قَالَ سُبْحَـٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ ۚ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ ۚ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ ۚ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّـٰمُ ٱلْغُيُوبِ (١١٦)المائدة) واتە : ئەو کاتەش وە بیربێنە کە خوای کارزان لە ڕۆژی قیامەتدا بە عیسای کوڕی مەریەم دەڵێ: ئەرێ تۆ بەو خەڵکەت گوت کە لە جیاتی خوای تاك و تەنیا خۆت و دایکت بکەنە دوو خوا ؟! عیسایش دەڵێ: خوایە ! من هەمیشە تۆبە پاك و خاوێن ڕائەگرم و، هەرگیزیش بۆ من ناشێ شتێکی ناڕاست و ناشیاوی وا بەرامبەر بە تۆ بڵێم ، ئەگەر ئەو قسەیەم کردبێ، بێ شك تۆ خۆت دەزانی ، هەرچی لەناخی مندایە تۆ ئەیزانیت ، بەڵام من دەربارەی ئەوەی لە نەفس و زاتی تۆدایە شتێکی ئەو تۆ نازانم ، بە ڕاستیی تەنها هەر خۆتی بەهەموو نادیارەکان زانایت) .

وَدَلِيلُ الصَّالِحِينَ: قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ۚ ﴾ [النساء:٥٧].

وە بەڵگەی پیاوچاکان ، ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ

عَذَابَهُۥٓ (٥٧)الاسراء) واتە : ئەوانەی ئەوان دەیانپەرستن و هاناو هاواریان بۆ دەبەن، بۆنموونە: (جوولەکە بۆ عوزەیر، گاور بۆ عیسا، موشریکەکان بۆ فریشتە) خۆیشیان هەتا بەخواوە نزیکتربن ، هێشتا هەر لە هۆیەك دەگەڕێن کە خۆیانی زیاتر لە پەروەردگار پێ نزیك بکەنەوە، ئیتر ئێوە چۆن ئەوانە دەپەرستن ؟! بەئومێدی ڕەحمەت و میهرەبانی ئەو (پەروەردگار)ەن و لەتۆڵەو سزایشی دەترسن، بەڵێ خوا پەرستی دەبێ لە نێوان هیواو ترسدا بێت) .

وَدَلِيلُ الْأَشْجَارِ وَالْأَحْجَارِ؛ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ * وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴾ [النجم:١٩-٢٠].

وە بەڵگەی دار و بەرد ، ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ * وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ (٢٠)النجم) واتە : هەواڵی لات و عوززاو سییەمەکەی تریان (مەنات)م بدەنێ ئایا کچی خوان ئەی خوانەناسان؟! ئەوانە سێ بتەکە بوون لە (تائیف و غەتفان و مەککە)دا ئەپەرستران) .

وَحَدِيثُ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: «خَرَجْنَا مَعَ النَّبِيِّ ﷺ إِلَى حُنَيْنٍ وَنَحْنُ حُدَثَاءُ عَهْدٍ بِكُفْرٍ، وَلِلْمُشْرِكِينَ سِدْرَةٌ يَعْكُفُونَ عِنْدَهَا وَيَنُوطُونَ بِهَا أَسْلِحَتَهُمْ، يُقَالُ لَهَا: ذَاتُ أَنْوَاطٍ، فَمَرَرْنَا بِسِدْرَةٍ؛ فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللهِ؛ اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ...» الْحَدِيثَ.

وە فەرموودەکەی (ابو واقد الليثي) کە دەفەرموێت : (لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووین بۆ حونەین ، لە کاتێکدا ئێمە تازە لە کوفر رزگارمان بوو بوو ، موشریکەکانی دارێکیان هەبوو (داری کنار) لە بەتەنیشتیەوە دەمانەوە و چەکەکانیان (تیرو شمشێرەکانیان) پێدا هەڵدەواسی بە مەبەستی بەرەکەت : پێیان دەگوت : (ذات أنواط) ، ئێمەش بە تەنیشت دار کنارێکەوە رۆیشتین ، وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ذات أنواط)ێک بۆ ئێمە دیاری بکە هەروەکو چۆن ئەوان (ذات أنواط)یان هەیە ....) فەرموودەکە .

# الْقَاعِدَةُ الرَّابِعَةُ
# بنەمای چوارەم

أَنَّ مُشْرِكِي زَمَانِنَا أَغْلَظُ شِرْكًا مِنَ الْأَوَّلِينَ؛ لِأَنَّ الْأَوَّلِينَ يُشْرِكُونَ فِي الرَّخَاءِ وَيُخْلِصُونَ فِي الشِّدَّةِ، وَمُشْرِكُو زَمَانِنَا شِرْكُهُمْ دَائِمًا فِي الرَّخَاءِ وَالشِّدَّةِ.

موشریکەکانی سەردەمی خۆمان شیرکەکەیان توندتر و خراپترە لە موشریکە پێشووەکان ، چونکە موشریکە پێشووەکان لە کاتی فەرحانیدا شیرکیان دەکرد و لە کاتی تەنگانەدا ئیخلاصیان هەبوو ، بەڵام موشریکەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان شیرکەکەیان بەردەوامە ، لە کاتی تەنگانە و فەرحانیدا.

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴾ [العنكبوت:٦٥].

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ (٦٥) العنكبوت) واتە : لەکاتی خۆشیی و ئاسایشدا دەبینی ئەو خەڵکەیە بێ باوەڕن و نکوڵیی قیامەت دەکەن، کەچی کاتێ سواری کەشتی ئەبن و ترسی نقوم بوونیان لێ دەنیشێت زۆر بەکوڵ سەر دائەنێن و ملکەچی و یەکلابوونەوەی خۆیان بۆ خوا دەرئەبڕن و تەنها لەو داوا ئەکەن و، باسی بتەکان نامێنێ، بەڵام کاتێ ڕزگاریان دەکاو دەگەنە وشکانی ، دووبارە دەچنەوە سەر بیرە پووچەڵەکەی خۆیان و بەهەمان جۆر شەریك و هاوەڵ بۆ خوا دادەنێن ) .

وَاللهُ سُبْحَانَهُ أَعْلَمُ، وَصَلَّى اللهُ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ.

والله اعلم وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم

# کتێبی شەشەم : هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام

# الكتاب السَّادس: «نواقض الإسلام»

للإمام المجدِّد: محمَّد بن عبد الوهَّاب التَّميميِّ رَحِمَهُ ٱللَّهُ

اعْلَمْ أَنَّ مِنْ أَعْظَمِ نَوَاقِضِ الْإِسْلَامِ عَشَرَةٌ:

بزانە کەوا هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام (دە) هەڵوەشێنەرەوەن:

## الْأَوَّلُ: یەکەم:

الشِّرْكُ فِي عِبَادَةِ الله.

شیرک بریاردان لە خواپەرستیدا

قَالَ تَعَالَى: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ﴾ [النساء:٤٨].

خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ﴿٤٨﴾ النساء﴾ واتە: (بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابوورێ و لەخوار شیرکەوە لەهەر گوناهێك دەبووریٚ بۆ هەرکەسێك خۆی بیەوێت)

وَقَالَ: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ﴿٧٢﴾﴾ [المائدة].

وە دەفەرمویت: ﴿إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ﴿٧٢﴾ المائدة﴾ واتە: (چاك بزانن کە هەرکەسێك شەریك و هاوبەش بۆخوا دابنێ بێ شك خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەکا جێ و شوێنی ئاگرە، ستەمکارانیش هیچ جۆرە یارمەتی دەرێکیان بۆ نییەو رزگار نابن.)

وَمِنْهُ: الذَّبْحُ لِغَيْرِ الله؛ كَمَنْ يَذْبَحُ لِلجِنِّ، أَوْ لِلْقَبْرِ.

وەهەر لەوانە: ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خوا ، وەکو ئەوەی کەسێک بۆ جنۆکە یان بۆ گۆڕێک –ئاژەڵێک- سەرببڕێت

## الثَّانِي: دووەم :

مَنْ جَعَلَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللهِ وَسَائِطَ؛ يَدْعُوهُمْ، وَيَسْأَلُهُم الشَّفَاعَةَ، وَيَتَـوَكَّلُ عَلَيْهِمْ= كَفَرَ إِجْمَاعًا.

هەرکەسێک لە نێوان خۆی و خوای گەورەدا چەند نێوەندێک دابنێ و لێیات بپارێتەوە و داوای شەفاعەتیان لێ بکات و پشتیان پێ ببەستێ ، ئەوا بەو کارەی بە کۆڕای زانایان کوفری کردووە ..

## الثَّالِثُ: سێیەم :

مَنْ لَمْ يُكَفِّرِ الْمُشْرِكِينَ، أَوْ شَكَّ فِي كُفْرِهِمْ، أَوْ صَحَّحَ مَذْهَبَهُمْ = كَفَرَ إِجْمَاعًا.

هەرکەسێک موشریکەکان بە کافر نەزانێت ، یان گومانی بوو لە کافر بوونیان ، یان مەزهەبەکەیانی بە راست زانی ، ئەوا کوفری کردووە .

## الرَّابِعُ: چوارەم :

مَنْ اعْتَقَدَ أَنَّ غَيْرَ هَدْيِ النَّبِيِّ ﷺ أَكْمَلُ مِنْ هَدْيِهِ، أَوْ أَنَّ حُكْمَ غَيْرِهِ أَحْسَنُ مِنْ حُكْمِهِ -كَالَّذِينَ يُفَضِّلُونَ حُكْمَ الطَّوَاغِيتِ عَلَى حُكْمِهِ-؛ فَهُوَ كَافِرٌ.

هەرکەسێک باوەڕی وا بێت کەوا جگە لە هیدایەتی پێغەمبەر تەواوترە لە هیدایەتی ئەو ، یان حوکمی جگە لەو باشترە لە حوکمەکەی – وەکو ئەوانەی فەزڵی حوکمی تاغوتەکان دەدەن بە سەر حوکمەکەیدا – ئەوا کەسێکی کافرە.

## الخَامِسُ: پێنجەم :

مَنْ أَبْغَضَ شَيْـئًا مِمَّا جَاءَ بِهِ الرَّسُولُ ﷺ -وَلَوْ عَمِلَ بِهِ-؛ كَفَرَ إِجْمَاعًا.

هەرکەسێک رقی ببێت لە شتێک لەوەی کە پێغەمبەری خوا هێناویەتی ، هەرچەندە کاری پێبکات ئەوا کوفری کردووە.

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ۝٩﴾ [محمَّد].

بەڵگەیش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ( ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ۝٩﴾ [محمَّد].) واتە : چونکە ئەو قورئانە پیرۆزەی کە بۆ سەر پێغەمبەری خوا دابەزی ئەوان پێیان ناخۆش بوو ڕقیان لە قورئان بوو بۆیە خوای گەورە کردەوەکانی بەتاڵ کردنەوە)

## السَّادِسُ: شەشەم :

مَنِ اسْتَهْزَأَ بِشَيْءٍ مِنْ دِينِ اللهِ، أَوْ ثَوَابِهِ، أَوْ عِقَابِهِ = كَفَرَ.

هەرکەسێ گاڵتە بکات بە شتێک لە دینەکەی پێغەمبەر یان پاداشتی خوای گەورە یان سزاکەی ئەوا کوفری کردووە

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ۝٦٥ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ﴾ [التوبة].

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ۝٦٥ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ۝٦٦ التوبة﴾
واتە : (پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخواو ئایەتەکانی و بە پێغەمبەرەکەی کردبوو؟ (٦٥) بڵێ: بڕوبیانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە(٦٦)).

## السَّابِعُ:حەوتەم :

السِّحْرُ-وَمِنْهُ: الصَّرْفُ وَالْعَطْفُ-. فَمَنْ فَعَلَهُ أَوْ رَضِيَ بِهِ = كَفَرَ.

جادوو ، هەر لەوانە لەیەک جیاکردنەوە و سۆز (لە یەک نزیک کردنەوە)، جا هەرکەسێ ئەو کارەی کرد یان پێی ڕازی بوو ئەوا کوفری کردووە

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ﴾ [البقرة:١٠٢].

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۝١٠٢﴾ البقرة واتە : (وە لەهەمان كاتدا هەر كەسێكیان فێری جادوو دەكرد لە سەرەتاوە پێیان دەگوت: ئەم كارەی ئێمە تەنها بۆ تاقیكردنەوەو فێر بوونی جیاكردنەوەی (موعجیزە) و(سیحرە) و لەلایەن خواوە نێردراوین، كەوابوو ئاگادار بە! خۆت كافر مەكە و فێری جادوو نەبیت ).

## الثَّامِنُ: هەشتەم :

مُظَاهَرَةُ الْمُشْرِكِينَ وَمُعَاوَنَتُهُم عَلَى الْمُسْلِمِينَ.

كۆمەك كردنی موشریكەكان و یارمەتیدانیان لە دژی موسڵمانان .

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝٥١﴾ [المائدة].

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە كە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ۝٥١﴾ المائدة واتە : (و هەر كەسێكیشتان دۆستایەتییان لەگەڵ بكاو، بیانكا بەیارمەتیدەرو دۆستی خۆی، وە یان هاوكاریی و هاورێییان بكات ، بێ شك ئەوكەسە هەر لەوانەو بەوان دادەنرێ، ئەگەرچی بەناسنامەیش موسڵمان بێت بیگومان خوا هیدایەت و رێنمایی گەلی ناهەق و ستەمكار ناكات ) .

## التَّاسِعُ: نۆیەم:

مَنْ اعْتَـقَدَ أَنَّ بَعْضَ النَّاسِ يَسَعُهُ الخُرُوجُ عَنْ شَرِيعَةِ مُحَمَّدٍ ﷺ -كَمَا وَسِعَ الخَضِرَ الخُرُوجُ عَنْ شَرِيعَةِ مُوسَى عليه السلام-؛ فَهُوَ كَافِرٌ.

هەرکەسێ باوەڕی وابێت کەوا هەندێ کەس بۆیان هەیە لە شەریعەتەکەی محمد دەرچن، هەروەکو چۆن (خضر) بۆی بوو لە شەریعەتەکەی موسا دەرچێت ، ئەوا کافرە .

## العَاشِرُ: دەیەم:

الإِعْرَاضُ عَنْ دِينِ اللهِ، لَا يَتَعَلَّمُهُ وَلَا يَعْمَلُ بِهِ.

پشت کردن لە دینی خوای گەورە ، نە فێری دەبێت و نە کاری پێ بکات.

وَالدَّلِيلُ قَوْلُهُ تَعَالَى: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ ۚ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴿٢٢﴾﴾ [السجدة].

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ ۚ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴿٢٢﴾ السجدة﴾ واتە : کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە بەئایەتەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاریی دەکرێت کەچی ڕوویان لێوەرچەرخێنێت؟ ئەوانە تاوانبارن، بەڕاستی ئێمەش تۆڵە لە تاوانباران ئەسێنین.)

وَلَا فَرْقَ فِي جَمِيعِ هَـٰذِهِ النَّوَاقِضِ بَيْنَ الهَازِلِ وَالجَادِّ والخَائِفِ، إِلَّا الْمُكْرَه.

وە هیچ جیاوازیەک نییە لەم هەڵوەشێنەرەوانەدا لە نێوان کەسێک بە گاڵتەوە بیکات و کەسێک بە ڕاستی بیکات و کەسێکی ترساودا و ئیللا کەسێکی ناچار نەبێت.

**وَكُلُّهَا مِنْ أَعْظَمِ مَا يَكُونُ خطَرًا، وَأَكْثَرِ مَا يَكُونُ وُقُوعًا، فَيَنْبَغِي لِلْمُسْلِمِ أَنْ يَحْذَرَهَا، وَيَخَافَ مِنْهَا عَلَى نَفْسِهِ،**

وە هەر هەمووی لە گەورەترین شتە ترسناکەکانە ، وە لە هەمووی زیاتر روودەدات ، بۆیە پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان لێی بە ئاگا بێت ، وە لێی بترسێت لەسەر خۆی

**نَعُوذُ بِاللهِ مِنْ مُوجِبَاتِ غَضَبِهِ وَأَلِيمِ عِقَابِهِ.**

، پەنا دەگرین بە خوا لەوەی غەزەبی خۆی و سزا سەختەکەی بە سەرماندا پێویست دەکات.

**وَصَلَّى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ.**

وصلى الله على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه وسلم

# کتێبی حەوتەم : شەش بنچـینەکە

# الكتاب السابع: الأصـول السـتة

للإمام المجدد شيخ الإسلام محمد بن عبد الوهاب ( رحمه الله تعالى )

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

قال الشيخ محمد بن عبد الوهاب - رحمه الله - :

من أعجب العجاب وأكبر الآيات الدالة على قدرة الملك الغلاب ؛ ستة أصول بيَّنَها الله تعالى بياناً واضحاً للعوام فوق ما يظن الظانون ، ثم بعد هذا غلط فيها كثير من أذكياء العالم وعقلاء بني آدم إلا أقلَّ القليل .

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب -ڕەحمەتی خوای لێ بێ- دەفەرموێت:

لە سەیرترین شتە سەیرەکان و گەورەترین نیشانە کە بەڵگەن لەسەر توانای خوای پادشای زاڵی دەسەڵاتدار ، شەش بنەمایە کە خوای گەورە ڕوونی کردووەتەوە بە ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکرا لەسەرووی ئەوەی کە گومان لێکەران گومانی لێ دەکەن ، لەپاش ئەمەش زۆربەی زیرەکەکانی جیهان و ژیرەکانی نەوەی ئادەم هەڵەیان تیایدا کردووە، ئیللا کەمێکی کەم نەبێ.

## الأصل الأول :

إخلاص الدين لله وحده لا شريك له ، وبيان ضده الذي هو الشرك بالله ، وكون أكثر القرآن في بيان هذا الأصل من وجوه شتى ، بكلام يفهمه أبلد العامة ،

### بنچینەی یەکەم:

دەبێ عیبادەت و خواپەرستی بە دڵسۆزی و نیازپاکییەوە تەنها بۆ خوا بێت ، تاک و تەنها و بێ هاوەڵە ، وە ڕوون کردنەوەی دژەکەی کە هاوبەش

بڕیاردانە بۆ خوای گەورە ، وە زۆربەی قورئان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بنەمایە هاتووە بە چەندین شێوازی جیاواز ، بە قسە و وتەیەک کە نەزانترین کەسی خەڵکی ماناکەی دەزانێت

ثم لما صار على أكثر الأمة ما صار ، أظهر لهم الشيطان الإخلاص في صورة تنقص الصالحين ، والتقصير في حقهم ، وأظهر لهم الشرك بالله في صورة محبة الصالحين واتِّباعهم

پاشان ئەوەی ڕوویدا بەسەر زۆربەی ئەم ئوممەتەدا ڕوویدا ، شەیتان وێنەی دڵسۆزی خۆی لەسەر شێوەی کەمکردنەوەی پایەی پیاوچاکان و کورتڕەوی لە مافەکانیاندا نیشانی ئەواندا ، وە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورەی لەسەر وێنەی خۆشویستنی پیاوچاکان و شوێنکەوتنی ئەوان دەرخست.

## الأصل الثاني :

أمر الله بالاجتماع في الدين ونهى عن التفرق فيه ، فبين الله هذا بياناً شافيا تفهمه العوام ، ونهانا أن نكون كالذين تفرقوا واختلفوا قبلنا فهلكوا ، وذكر أنه أمر المرسلين بالاجتماع في الدين ، ونهاهم عن التفرق فيه .

### بنچینەی دووەم:

خوای گەورە فەرمانی کردووە بە یەکدەنگی لە دینەکەیدا، وە نەهی کردووە لە جیابوونەوەو دووبەرەکی تیایدا ، خوای گەورە ئەمەی بە شێوەیەک ڕوون کردووەتەوە کە خەڵکی عەوامیش لێی تێدەگات ، وە نەهی لێمان کردووە وەکو ئەوانەی پێش خۆمان ببین ، بوون بە کۆمەڵ کۆمەڵ و پشتیان لەیەک کرد بۆیە خوای گەورە لەناوی بردن ، وە خوای گەورە باسی ئەوەی کردووە کەوا فەرمانی بە پێغەمبەران کردووە کە یەکدەنگبن لە دینەکەدا و نەهی لێ کردوون دووبەرەکی تیایدا بکەن ،

**ويزيده وضوحاً ما وردت به السنة من العجب العجاب في ذلك ، ثم صار الأمر إلى أن الافتراق في أصول الدين وفروعه هو العلم والفقه في الدين ، وصار الأمر بالاجتماع في الدين لا يقولُه إلا زنديق أو مجنون !**

ئەو باسەش زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە لە سوننەتدا بەسەیرترین شێوە باسکراوە ، پاشان کارەکە وای لێهاتووە کە دووبەرەکی لە بنەما و لقەکانی دیندا بووەتە زانست و فیقهـ لە دیندا ، وە کاری یەکدەنگی لە دیندا وای لێ هاتووە هیچ کەسێ نایڵێت ئیللا کەسی زەندیق یان شێت نەبێت.

## الأصل الثالث :

**أن من تمام الاجتماع : السمع والطاعة لمن تأمر علينا ، ولو كان عبدا حبشيا ، فبـيَّن الله لهُ هذا بياناً شافياً كافياً بوجوه من أنواع البيان شرعاً وقدراً ، ثم صار هذا الأصل لا يُعرف عند أكثر ممن يدعي العلم فكيف العمل به ؟!**

### بنچینەی سێیەم:

لە کامل بوونی کۆدەنگی و ئیجتیماع ئەوەیە : گوێبیستی و گوێڕایەڵی ئەو کەسەی دەبێتە دەسەڵاتدار بەسەرمانەوە ، هەرچەندە کۆیلەیەکی حەبەشیش بێت ، خوای گەورە ئەم باسەی ڕوون کردووەتەوە بە ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکراو ڕوون بەچەند شێوەیەک لە شێوەکانی ڕوونکردنەوە هەم وەکو شەرع هەم وەکو قەدەر ، پاشان ئەم بنەمایە وای لێهاتووە کە زۆرێک لەوانەی بانگەشەی زانست دەکەن نایزانن ، چ جا کار پێ کردنی؟

## الأصل الرابع :

بيان العلم والعلماء ، والفقه والفقهاء ، وبيان من تشبه بهم وليس منهم . وقد بين الله هذا الأصل في أول سورة البقرة من قوله : ﴿ يَا بَنِي إِسْرائيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُم ﴾ (البقرة: من الآية٤٠) ، إلى قوله قبل ذكر إبراهيم - عليه السلام - : ﴿ يَا بَنِي إِسْرائيلَ اذْكُرُوا ﴾ (البقرة: من الآية١٢٢) كالآية الأولى

### بنچینەی چوارەم:

ڕوونكردنەوە و ناسینی زانست و زانایان و فیقهـ و فەقیهەكان بۆ خەڵكی، وە ڕوونكردنەوەی ئەوانەی كە خۆیان بە زانایان دەشوبهێنن و كەچی لەوانیش نین ، خوای گەورە ئەم بنەمایەی لەسەرەتای سورەتی (البقرة) ڕوون كردووەتەوە لەو ئایەتەوە كە دەفەرموێت : [ يَا بَنِي إِسْرائيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُم ﴾ (البقرة: من الآية٤٠)] واتە : ئەی نەوەكانی ئیسرائیل یادی ئەو نیعمەتانەی من بكەنەوە كە ڕژاندم بەسەرتاندا، كە پێغەمبەرو كتابم بۆ ناردن و لە فیرعەون ڕزگارم كردن، وە جۆرەها نیعمەتی تر)[١]

تاكو ئەو ئایەتەی پێش باسكردنی ئیبراهیم – علیه السلام- : [ يَا بَنِي إِسْرائيلَ اذْكُرُوا ﴾ (البقرة: من الآية١٢٢)] وەكو ئایەتی یەكەم ،

، ويزيده وضوحاً : ما صرَّحتْ به السنة في هذا من الكلام الكثير البيِّن الواضح للعامي البليد ، ثم صار هذا أغرب الأشياء ! وصار العلم والفقه هو البدع والضلالات ، وخيار ما عندهم : لبس الحق بالباطل ! وصار العلم الذي فرضه الله على الخلق ومدحه ، لا يتفوه به إلا زنديق أو مجنون ! وصار من أنكره وعاداه وصنف في التحذير منه والنهي عنه ؛ هو الفقيه العالم !! .

وە زیاتر ڕوون دەبێتەوە : ئەوەی سوننەت بە ڕاشكاوی باسی كردووە لەم بارەوە لە چەندین فەرموودەی ڕوون و ئاشكرا – تەنانەت- بۆ كەسی عەوامی

---

(١) هەموو تەفسیرەكان لە (تەفسیری ڕێبەر) وەرگیراوە .

گێلی نەزان ، پاشان ئەمە بووەتە نامۆترین شت ، تا وای لێ هاتووە کە زانست و فیقهـ بووەتە بیدعەو گومڕایی، وە باشترین بژاردە کە هەیانبێ : تێکەڵکردنی حەقە بە ناحەق ، وە وای لێهاتووە ئەو زانستەی کەخوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر خەڵکی پیایدا هەڵناوە ، هیچ کەسێ نایڵێت ئیللا کەسێکی زەندیق یان شێت نەبێ ، وە وای لێهاتووە ئەو کەسەی کە ئینکاری لێ دەکات و دژایەتی دەکات و کتێبی نووسیوە دەربارەی ورياکردنەوەی خەڵکی لێی و نەهی کردن لێی بووەتە کەسێکی فەقیهـ و زانا.

## الأصل الخامس :

بيان الله سبحانه للأولياء ، وتفريقه بينهم وبين المتشبهين بهم من أعداء الله المنافقين والفجار . ويكفي في هذا آية في سورة ( آل عمران ) ، وهي قوله تعالى : ﴿ قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ ﴾ (آل عمران:٣١) ،

### بنچینەی پێنجەم:

ڕوونکردنەوەی خوای گەورە بۆ دیاری کردنی صیفاتی ئەولیاکانی خۆی وە جیاکردنەوەیان لە گەڵ ئەو کەسانەی خۆیان دەچوێنن بە ئەوان لە دوژمنانی خوای گەورە ، دووڕووەکان و خراپەکاران ،

وە بۆ ئەم باسە ئەو ئایەتەی سورەتی (ال عمران) بەسە کە دەفەرموێت : ﴿قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ ﴾ (آل عمران:٣١) واتە : ئەی محمد پێیان بفەرمە: ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش ئەوێ).

والآية التي في المائدة وهي قوله تعالى : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ﴾ (المائدة: من الآية٥٤)

وە ئەو ئایەتەی سورەتی (المائدة) كە دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ ﴾ (المائدة: من الآية٥٤). واتە : ئەی باوەڕداران هەر كەسێك لە ئێوە لە دینەكەی خۆی پاشگەز بێتەوە هەڵگەڕێتەوە).

وآية في سورة يونس وهي قوله : ﴿ أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ * الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ ﴾ (يونس:٦٢-٦٣) ،

وە ئەو ئایەتەی سورەتی (یونس) كە دەفەرموێت : ﴿ أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ * الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ ﴾ (يونس:٦٢-٦٣). واتە : ئاگادار بن و بزانن كە بەڕاستی ئەولیاو دۆستان و خۆشەویستانی خوای گەورە هیچ ترسێكیان لەسەر نییە لە داهاتوویاندا لە قیامەتدا ، وە هیچ خەفەتێكیش ناخۆن لەوەی كە بەجێیان هێشتووە لە دونیا چونكە خوای گەورە باشترو چاكتریان پێ دەبەخشێت(٦٢) ئەو كەسانەن كە باوەڕدارو ئەهلی تەوحیدن بەتاك و تەنها خوای گەورە ئەپەرستن و یەكخواپەرستن وە تەقوای خوای گەورە ئەكەن و خۆیان لە تاوان ئەپارێزن (٦٣).

ثم صار الأمر عند أكثر من يدعي العلم وأنه من هُداة الخلق ، وحفاظ الشرع ، إلى أن الأولياء لا بد فيهم من ترك اتباع الرسل ، ومن تبعهم فليس منهم ! ولا بد من ترك الجهاد، فمن جاهد فليس منهم ! ولا بد من ترك الإيمان والتقوى ! فمن تعهد بالإيمان والتقوى ، فليس منهم ! يا ربنا نسألك العفو والعافية ، إنك سميع الدعاء .

پاشان كارەكە وای لێهاتووە لای زۆربەی ئەو كەسانەی بانگەشەی زانست دەكەن و ڕێنمایی خەڵكی دەكەن و پارێزەری شەرعن ، كەوا ئەولیاكان پێویستە وازیان لەشوێنكەوتنی پێغەمبەران هێنابێ، وە هەركەسێ شوێنی پێغەمبەران بكەوێ ئەوا لەوان نییە.

وە پێویستە وازی لە جیهاد هێنابێت ، وە هەركەسێ جیهاد بكات ئەوا لەوان نییە، وە پێویستە واز لە ئیمان و تەقوا هێنابێت ، وە هەر كەسێ دەستی بە ئیمان و تەقواوە گرتبێت ئەوا لەوان نییە.

ئەی پەروەردگارا ... داوای لێ خۆشبوون و سەلامەتیت لێ دەکەین ، هەر تۆ بیسەری نزاکانی .

## الأصل السادس:

ردُّ الشبهة التي وضعها الشيطان ، في ترك القرآن والسنة ، واتباع الآراء والأهواء المتفرقة المختلفة ، وهي : أن القرآن والسنة لا يعرفهما إلا المجتهد المطلق ؛ والمجتهد هو: الموصوف بكذا و كذا ، أوصافاً لعلها لا توجد تامة في أبي بكر وعمر !

### بنچینەی شەشەم:

وەڵامدانەوەی ئەو گومانانەی کە شەیتان دایناوە ، بۆ وازهێنان لە قورئان و سوننەت ، وە شوێنکەوتنی بۆچوون و ئارەزووە ناکۆک و جیاوازەکان، گومانەکەش ئەوەیە : قورئان و سوننەت هیچ کەسێ لێی تێناگات ئیللا موجتەهیدێکی ڕەها نەبێ ، وە موجتەهیدیش ئەو کەسەیە کە : دەبێت ئەم سیفاتانەو ئەو سیفاتانەی تێدا بێت ، بەچەند سیفەتێک کە ڕەنگە بەتەواوەتی لە ئەبو بەکر و عومەریشدا نەبێ !

فإن لم يكن الإنسان كذلك ؛ فلْيُعرِضْ عنهما فرضاً حتماً لا شك ولا إشكال فيه ، ومن طلب الهدى منهما ؛ فهو إما زنديق ، وإما مجنون ، لأجل صعوبة فهمهما !!

جا ئەگەر مرۆڤ ئاوا نەبوو ، ئەوا با پشتیان لێ بکات وەکو فەرز لەسەری بەبێ گومان و دوو دڵی، وە ئەگەر کەسێک داوای هیدایەتیان لێ بکات –واتە لە قورئان و سونەت- ئەوا یان کەسێکی زەندیقە وە یان شێتە لەبەر گرانی تێگەیشتن لێیان !!

فسبحان الله وبحمده : كم بيَّن الله سبحانه شرعاً وقَدَرَاً ، خلقاً وأمراً في رد هذه الشبهة الملعونة من وجوه شتى ، بلغت إلى حدِّ الضروريات العامة . ولكن اكثر الناس لا يعلمون .

پاكی و بێ گەردی بۆ خوای گەورە و سوپاس و ستایش بۆ ئەو ، خوای گەورە چەند ئەمەی ڕوونكردۆتەوە لە شەرع و قەدەردا ، بە دروستكردن و فەرمان كردن لە وەڵامی ئەم گومانە نەفرەت لێكراوەدا لە چەند ڕوویەكی جیاوازەوە كە دەگاتە سنووری زەرورەتە گشتیەكان ، بەڵام زۆربەی زۆری خەڵكی نایزانن.

قال تعالى : ﴿لَقَدۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَىٰٓ أَكۡثَرِهِمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ٧ إِنَّا جَعَلۡنَا فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ أَغۡلَٰلٗا فَهِيَ إِلَى ٱلۡأَذۡقَانِ فَهُم مُّقۡمَحُونَ ٨﴾، إلى قوله : ﴿فَبَشِّرۡهُ بِمَغۡفِرَةٖ وَأَجۡرٖ كَرِيمٍ ١١﴾ (يس:٧-١١) .

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَقَدۡ حَقَّ ٱلۡقَوۡلُ عَلَىٰٓ أَكۡثَرِهِمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ٧ إِنَّا جَعَلۡنَا فِيٓ أَعۡنَٰقِهِمۡ أَغۡلَٰلٗا فَهِيَ إِلَى ٱلۡأَذۡقَانِ فَهُم مُّقۡمَحُونَ ٨ وَجَعَلۡنَا مِنۢ بَيۡنِ أَيۡدِيهِمۡ سَدّٗا وَمِنۡ خَلۡفِهِمۡ سَدّٗا فَأَغۡشَيۡنَٰهُمۡ فَهُمۡ لَا يُبۡصِرُونَ ٩ وَسَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ١٠ إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكۡرَ وَخَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِۖ فَبَشِّرۡهُ بِمَغۡفِرَةٖ وَأَجۡرٖ كَرِيمٍ ١١﴾ یس:٧ – ١١ ) واتە : وە وتەو سزا لەسەر زۆربەی كافرانی قوڕەیش جێبەجێ بوو ئەوانەی لەسەر كوفر مردن ، لەبەر ئەوەی خوای گەورە ئەیزانی ئەوان ئیمان ناهێنن و لەسەر كوفر ئەمرن (٧) ئێمە لەناو ئاگری دۆزەخدا كۆت و زنجیرمان خستۆتە گەردنیان و تا چەناگەیان كۆت و زنجیر كراوە وە سەریان بەرز بۆتەوە (٨) وە لە پێش و پاشیاندا بەربەستمان داناوە بۆ ئەوەی كە ئیمان نەهێنن لەبەر ئەوەی شایەنی ئیمان هێنان نین و لووتبەرزو خۆبەگەورەزان و عینادن ، وە پەردەشمان داوە بە چاویاندا تا حەق نەبینن وە ئەوان ئەو حەقە كە لەلایەن خوای گەورەوە هاتووە نایبینن و سودی لێ نابینن (٩) وە یەكسانە بۆ ئەوان ئایا ئاگاداریان بكەیتەوە یان نا ئەوان ئیمان ناهێنن، چونكە خوای گەورە مۆری داوە بەسەر دڵیاندا (١٠) تەنها ئاگاداركردنەوەی تۆ كەسانێك سوودی لێ ئەبینن كە شوێنی ئەو زیكرە كەوتوون كە قورئانی پیرۆزە، وە لە خوای گەورە ئەترسێن لە نهێنیدا ، وە موژدە بدە بەو كەسانە بە لێخۆشبوونی خوای گەورەو ئەجرو پاداشتێكی زۆر باش و جوان و چاك (١٠).

# نـــاوەڕۆک

**الكتاب الأوَّل: تفسير سورة الفاتحة وآية الكرسيِّ وقصار السُّور من الزلزلة إلى النَّاس....٧**

[تفسير سورة الفاتحة وهي سورةٌ مكِّيَّةٌ]............................................٩

[تفسير آية الكرسيِّ]..........................................................................١٨

[تفسير سورة إذا زلزلت وهي مدنيَّةٌ] ..................................................٢٣

[تفسير سورة العاديات وهي مكِّيَّةٌ] ....................................................٢٦

[تفسير سورة القارعة وهي مكِّيَّةٌ]........................................................٣٠

[تفسير سورة ألهاكم التَّكاثر وهي مكِّيَّةٌ] ..............................................٣٣

[تفسير سورة والعصر وهي مكِّيَّةٌ]........................................................٣٦

[تفسير سورة الهمزة وهي مكِّيَّةٌ] .........................................................٣٨

[تفسير سورة الفيل وهي مكِّيَّةٌ]...........................................................٤١

[تفسير سورة لإيلاف قريشٍ وهي مكِّيَّةٌ]...............................................٤٣

[تفسير سورة الماعون وهي مكِّيَّةٌ]........................................................٤٥

[تفسير سورة الكوثر وهي مكِّيَّةٌ] .........................................................٤٨

[تفسير سورة قل يا أيُّها الكافرون وهي مكِّيَّةٌ] ......................................٥٠

[تفسير سورة النَّصر وهي مدنيَّةٌ] .........................................................٥٢

[تفسير سورة تبَّت وهي مكِّيَّةٌ] ............................................................٥٥

[تفسير سورة الإخلاص وهي مكِّيَّةٌ].......................................................٥٨

[تفسير سورة الفلق وهي مكِّيَّةٌ] ...........................................................٦٠

[تفسير سورة النَّاس وهي مدنيَّةٌ] ..........................................................٦٢

کتێبی دووەم : چل فەرموودەکەی نەوەوی...............................................٦٥

**الكتاب الثَّاني: «الأربعون في مباني الإسلام وقواعد الأحكام» المشهور بـ: «الأربعون النَّوويَّة»** ...... ٦٥

المقدِّمـــــة ...... ٦٧
الحديث الأوَّل ...... ٧٢
الحديث الثَّاني ...... ٧٣
الحديث الثَّالث ...... ٧٦
الحديث الرَّابع ...... ٧٧
الحديث الخامس ...... ٧٨
الحديث السَّادس ...... ٧٩
الحديث السَّابع ...... ٨٠
الحديث الثَّامن ...... ٨١
الحديث التَّاسع ...... ٨٢
الحديث العاشر ...... ٨٣
الحديث الحادي عشر ...... ٨٤
الحديث الثَّاني عشر ...... ٨٥
الحديث الثَّالث عشر ...... ٨٦
الحديث الرَّابع عشر ...... ٨٧
الحديث الخامس عشر ...... ٨٨
الحديث السَّادس عشر ...... ٨٩
الحديث السَّابع عشر ...... ٩٠
الحديث الثَّامن عشر ...... ٩١
الحديث التَّاسع عشر ...... ٩٢
الحديث العشرون ...... ٩٤
الحديث الحادي والعشرون ...... ٩٥

الحديث الثَّاني والعشرون ........ ٩٦
الحديث الثَّالث والعشرون ........ ٩٧
الحديث الرَّابع والعشرون ........ ٩٨
الحديث الخامس والعشرون ........ ١٠١
الحديث السَّادس والعشرون ........ ١٠٢
الحديث السَّابع والعشرون ........ ١٠٣
الحديث الثَّامن والعشرون ........ ١٠٥
الحديث التَّاسع والعشرون ........ ١٠٦
الحديث الثَّلاثون ........ ١٠٨
الحديث الحادي والثَّلاثون ........ ١٠٩
الحديث الثَّاني والثَّلاثون ........ ١١٠
الحديث الثَّالث والثَّلاثون ........ ١١١
الحديث الرَّابع والثَّلاثون ........ ١١٢
الحديث الخامس والثَّلاثون ........ ١١٣
الحديث السَّادس والثَّلاثون ........ ١١٤
الحديث السَّابع والثَّلاثون ........ ١١٦
الحديث الثَّامن والثَّلاثون ........ ١١٨
الحديث التَّاسع والثَّلاثون ........ ١١٩
الحديث الأربعون ........ ١٢٠
الحديث الحادي والأربعون ........ ١٢١
الحديث الثَّاني والأربعون ........ ١٢٢
الخـــاتمـــة ........ ١٢٣
**بَابُ الإِشَارَاتِ إِلَى ضَبْطِ الأَلْفَاظِ الْـمُشْكِلَاتِ** ........ ١٢٥
فَصْــــــلٌ ........ ١٤١

**الكتاب الثَّالث: «الدُّروس المهمَّة لعامَّة الأمَّة»**..........................................١٤٣
مقـدِّمــــــةٌ..............................................................................١٤٥
الدَّرْسُ الأَوَّلُ: سُورَةُ الْفَاتِحَةِ وَ قِصَارُ السُّوَرِ..........................................١٤٦
الدَّرْسُ الثَّاني: أَرْكَانُ الإِسْلامِ..........................................................١٤٧
الدَّرْسُ الثَّالث: أَرْكَانُ الإِيْمَانِ.........................................................١٥٠
الدَّرْسُ الرَّابع: أَقْسَامُ التَّوْحِيدِ، وَأَقْسَامُ الشِّرْكِ.........................................١٥١
الدَّرْسُ الخامس: الإِحْسَانُ..............................................................١٥٧
الدَّرْسُ السَّادس: شُرُوطُ الصَّلاةِ ........................................................١٥٨
الدَّرْسُ السَّابع: أَرْكَانُ الصَّلاةِ..........................................................١٥٩
الدَّرْسُ الثَّامن: وَاجِبَاتُ الصَّلاةِ ........................................................١٦١
الدَّرْسُ التَّاسع: بَيَانُ التَّشَـهُّدِ...........................................................١٦٢
الدَّرْسُ العاشر: سُنَنُ الصَّلاةِ ...........................................................١٦٤
الدَّرْسُ الحادي عشر: مُبْطِلاتُ الصَّلاةِ ..................................................١٦٧
الدَّرْسُ الثَّاني عشر: شُرُوطُ الْوُضُوءِ....................................................١٦٨
الدَّرْسُ الثَّالث عشر: فُرُوضُ الْوُضُوءِ ..................................................١٧٠
الدَّرْسُ الرَّابع عشر: نَوَاقِضُ الْوُضُوءِ .................................................١٧٢
الدَّرْسُ الخامس عشر: التَّحَلِّي بِالأَخْلاقِ الْمَشْرُوعَةِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ .........................١٧٤
الدَّرْسُ السَّادس عشر: التَّأَدُّبُ بِالآدَابِ الإِسْلامِيَّةِ.........................................١٧٥
الدَّرْسُ السَّابع عشر: التَّحْذِيرُ مِنَ الشِّرْكِ وَأَنْوَاعِ الْمَعَاصِي...............................١٧٦
الدَّرْسُ الثَّامن عشر: تَجْهِيزُ الْمَيِّتِ وَالصَّلاةُ عَلَيْهِ وَدَفْنُهُ ..............................١٧٨
**الكتاب الرَّابع: «ثلاثة الأصول وأدلّتها»**................................................١٨٩
المقدِّمــــة ..............................................................................١٩١
الأَصْـلُ الأَوَّلُ ..........................................................................١٩٧

الأَصْلُ الثَّـاني: مَعْرِفَـةُ دِينِ الإِسْلامِ بِالأَدِلَّـةِ ........................................ ٢٠٧
الأَصْلُ الثَّـالِثُ: مَعْرِفَـةُ نَبِـيِّكُمْ مُحَمَّدٍ ﷺ ........................................ ٢١٧

**الكتاب الخامس: «القواعد الأربع»** ........................................ ٢٢٩
المقـدِّمـــة ........................................ ٢٣١
الْقَـاعِدَةُ الأُولَى ........................................ ٢٣٤
الْقَـاعِدَةُ الثَّـانِيَةُ ........................................ ٢٣٥
الْقَـاعِدَةُ الثَّـالِثَةُ ........................................ ٢٣٨
الْقَـاعِدَةُ الرَّابِـعَةُ ........................................ ٢٤٢

**الكتاب السَّادس: «نواقض الإسلام»** ........................................ ٢٤٣
الأَوَّلُ: ........................................ ٢٤٥
الثَّانِي: ........................................ ٢٤٦
الثَّالِثُ: ........................................ ٢٤٦
الرَّابِعُ: ........................................ ٢٤٦
الخَامِسُ: ........................................ ٢٤٦
السَّادِسُ: ........................................ ٢٤٧
السَّابِعُ: ........................................ ٢٤٧
الثَّامِنُ: ........................................ ٢٤٨
التَّاسِعُ: ........................................ ٢٤٩
العَاشِرُ: ........................................ ٢٤٩

**الكتاب السابع: الأصـول الســتة** ........................................ ٢٥١
الأصل الأول : ........................................ ٢٥٣
الأصل الثاني : ........................................ ٢٥٤
الأصل الثالث : ........................................ ٢٥٥

الأصل الرابع :.......................................................................................٢٥٦
الأصل الخامس :....................................................................................٢٥٧
الأصل السادس: .................................................................................٢٥٩